تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کوردەکان

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی

حەسەن ئەرفەع
و. سەردار محەمەد

www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

کوردەکان

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی

حەسەن ئەرفەع
و. سەردار محەمەد

سلێمانی 2001

- ناوی کتێب : کوردەکان
- بابەت : مێژوویی
- نووسینی : حەسەن ئەرفەع
- وەرگێڕانی : سەردار محەمەد
- هەڵەچنی چاپ : نیشتمان محەمەد
- مۆنتاژ : ئاسۆ سەعید
- تیراژ : 750 دانە
- چاپی یەکەم : 2001 / سلێمانی
- ژمارەی سپاردن : 89 ی 2001
- کۆمپیوتەر و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (115)

پێڕست:

هەڵوێستەیەك
پێشەكی نوسەر
بەشی یەکەم: کورتەباسێکی مێژوویی کورد
1- گەلی کورد-خاکی کوردستان-زمانی کوردی
2- کورد بەر لەئیسلام
3- کورتە باسێکی مێژووی کورد لەپاش ئیسلامەوە تا سەدەی نۆزدە.
4- کورتە باسێکی مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەوە تا پەیمانی سیڤەر.
بەشی دووەم: کوردەکانی تورکیا
1- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.
2- یاخیبوون لەکوردستانی باکوردا (ئیحسان نوری پاشاو جەلالیەکان).
3- سەید ڕەزای دەرسیم.
4- سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بەکورد.
بەشی سێهەم: کوردەکانی ئێران
1- ئیسماعیل ئاغای شوکاک (سمکۆ).
2- یاخیبوونی کوردەکان لەئوستانی کوردستاندا.
3- یاخیبوونی محەمەد رەشید خان.
4- کۆماری مەهاباد 1945-1946.
5- هەلومەرجی ئێستای کوردەکانی ئێران.
بەشی چوارەم: کوردەکانی عێراق
1-شێخ مەحمودی حەفید.
2-شێخ ئەحمەدی بارزانی.
3-مەلا مستەفای بارزانی.
4-شۆڕشی کوردو خەباتی دژ بە دەوڵەتی عێراق.
بەشی پێنجەم: ئاکامگیری
سەرچاوەکان

هەڵویستەیەك:

((ژاك بێرن))ی مێژوونووس دەنوسێ :

(لەگێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا، پێویستە ئەم نمونەیە بکرێ بەسەر مەشق، کاتێك مرۆڤ لە ژوورێکدایەو بخوازێ کەشو هەوای ئەو ژوورە ڕاڤە بکات، ئەگەر بۆ نمونە ببێژێت هەوای ژوورەکە (گەرمە) یا (ساردە)، دیارە ئەوە داوەرییەکی تایبەتی خۆیەتی، ڕەنگە کەسێکی دی پێچەوانەی ئەم تێڕوانینەی هەبێ، بەڵام کاتێك بۆ نمونە کە گوتی هەوای ژوورەکە (20 پلەیە)، ئیدی ئەمە چ گومانێك لەو مەسەلەیەدا ناهێڵێتەوە، چونکە ئەو کەسە هەمان ئەو ڕاستییەی دەربڕیوە کە هەیە، ئیدی هەستکردن بە ساردی یا گەرمی هەر کەسەو پەیوەندی بەخۆوەیەتی).

ئایا (حەسەن ئەرفەع) لەگێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی کوردا و لەنوسینی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا بەو ڕەوشە کاری کردووە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکدانەوەو لێخورد بوونەوەی خوێنەرە.

سەردار محەمەد

پێشەکی نوسەر

خوێنەر بەلایەوە سەیر دەبێ، چۆن دەکرێ ئەفسەرێکی ئێرانی کە چەندین ساڵ لەناوچە سنوورییەکاندا لەگەڵ کوردەکاندا جەنگابێ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی واقیعی و بێ لایەنانە لەبارەی کوردەوە بنوسێتو، باس لەهەلومەرجی ژیان و داخوازی و ئارەزووەکانیان بکاتو، هیچ چەشنە سۆزو لایەنگرییەکیش بەرامبەر بە وڵاتەکەی خۆی پیشان نەدات، کە پتر لەیەك ملیۆن کوردی تیادا نیشتەجێیە (پێم وایە ئەگەر سەر ژمێرییەکی دروست لەم بارەوە ئەنجام بدرێ، هەرچۆنێك بێت، بەبێ دانانی لوڕەکانیش بەکورد، ژمارەی کوردەکانی ئێران لەدوو ملیۆن پتر دەبێ، تەنانەت ئەگەر بەتەنها ئەوانەش وەحساب بێن کە لەسەر زەمینی ڕەسەنی خۆیاندا نیشتەجێن).

نوسەر پێی وایە لەئەستۆ گرتنی ئەم ئەرکە گەلێك دژوارە، هەر لەبەر ئەوە، لەهەر جۆرە هەڵوێستگیرییەك کە ڕەنگە بەلایەنگری سیاسی یا ئەخلاقی دابنرێ، یا لەهەر چەشنە سۆزو خواستێك کە ڕەنگە لەگەڵ هەڵوێست و بەرژەوەندی وڵاتەکەیدا هاوکۆك بێت، خۆی بەدوورگرتووەو، تەنها پشتی بەتێزی ئاشکراو نکۆڵی لێنەکراوی مێژوویی بەستووە.

بەمجۆرە ئومێدەوارە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەپیشاندانی زەمینەی

پێشینەی دیرۆکی کورد و ئەو ڕووداوانەی کە هەنووکە لەکوردستاندا ڕووئەدەن، بۆ ئەو کەسانە بەسوود بێ کە پەیوەندیدارن بەدۆزی کوردەوە، هەروەها باشتر ئەم میللەتەش بەبیروڕای گشتی بناسێنێت.

نوسەر بەهۆی گەشتی فراوان و ژیان بەسەر بردن لەنێو هۆزو تیرەکانی کوردا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە لەنزیکەوە بە شێوە ژیانی ئەوان ئاشنا بێت و هەست بە ئیحساسی هاودەردی بکات لەخۆیدا سەبارەت بەم چیانشینە دلێرو ئازادیخوازو سەرکەش و جوامێرانە، کە لەگێرمەو کێشەی بەردەوامدا بووە لەگەڵیاندا.

لەناخی دڵەوە سەبارەت بەدۆستی ئازیزم خاتوو (نێرگس مکلیپ) کە بەلوتفی هەرچی زیادەوە لەتایپ کردنی لاپەڕە دەستنوسەکاندا یارمەتی دام سوپاسگوزارم، هەروەها سوپاسی هاوڕێیانی کوردم دەکەم، بەتایبەتی هێژا (عەبدولقادر سەبری) کە زانیارییەکی قووڵی دەربارەی دیرۆکی کوردو ڕووداوەکانی هەنوکەی کوردستان هەیەو لەم کارەدا دڵسۆزانە یارمەتیدام.

تاران-ئابی 1965

حەسەن ئەرفەع

بەشی یەکەم
کورتە باسێکی مێژوویی کورد

1-گەلی کورد-خاکی کوردستان-زمانی کوردی

دەپێشدا پێویستە ئەوە بزانین کە بە چ خەڵکێك دەوترێ کورد، دیارە لەئاکامی جیاوازی نەژاد و بەهۆی هێرش و لەشکرکێشی بێ ئەژمارەوە ، دژوارە دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە هەریەك لە گەلانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر بەکام نەژادن.

بەڵام سەبارەت بەکورد:

1-یەکەم پێوانە بۆ شوناسی کوردان، ئاخاوتن بەدوو شێوە زاری سەرەکی کوردی‌یە، (زازا) لەباکور و (کرمانجی) لەناوەڕاست و باشوری کوردستاندا[1]. پێویستە لەهجەی (گۆران)یش بخرێتە خانەی کرمانجییەوە، کە لەدەوروبەری

---

[1] نوسەر لەم بارەوە بەهەڵەدا چووە، هەرچەند دابەشکردنی شێوە زارەکانی کوردی باسو خواسێکی زۆری لەسەرکراوە، بەڵام مامۆستا (فواد حەمە خورشید) لەم بارەوە پێی وایە کە (واقعیترین دابەشکردنی شێوە زارەکانی کوردی کە لەگەڵ تێزی ئاشکرای زمانەوانی و جوگرافیاییدا بگونجێ بریتی‌یە لە:

1-کرمانجی سەروو

2-کرمانجی ناوەڕاست

3-کرمانجی خواروو

4-گۆرانی

کە هەر دیالەکتێکیش لەمانە بەشێوەیەکی گشتی چەند لق و بەشە دیالەکتێکیان لێدەبێتەوە).

(اللغة الكردية و التوزيع الجغرافي للهجاتها، فؤاد حمه خورشيد/ بغداد 1983)

کرماشاندا پێی ئەدوێن.

2–ڕەنگە لە هەموو شتێك گرنگتر ئەو هەستە نەتەوەییە بێت کە خۆیان بەکورد دەزانن. ئەو ئێلە کوردانەی کە لەناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئێران و ئازەربایجانی رۆژهەلاتدان، وێرای ئەسڵی ڕەگەزی هاوبەشیشیان، زۆربەیان زاری کوردی و شێوە ژیانی نەتەوەی خۆیان فەرامۆش کردووە و پەیوەندییان بە کوردەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەلاتی تورکیا و باکور و ڕۆژ هەلاتی عێراقەوە نەماوە، لەبەر ئەوە ناکرێ ئەوانە بەڕەگەزە پێکهێنەرەکانی میللەتی ئێستای کورد دابنرێن.

سەبارەت بەسەرزەمینی ڕەسەنی کوردان گەلێك تێزی جیاواز هەن. بەلام زۆربەی هزرڤانانی ئەنترۆپۆلۆجی دەربارەی ئەم مەسەلەیە هاوبیرو کۆکن کە کورد ئاوێتەیەکە لەگەلانی مادو خەڵکی ڕەسەنی مەڵبەندی کوردستانی ئێستا، کە لەهەموویان گرنگتر گزنییەکانن.

ئەم گەلە لەوە بەدوا کەوتۆتە بن دەستی گەلانی ئەرمەنی[2]، ئاشوری[3]، عەرەب[4]، تورك[5]و، تورکمان[6] و ئێرانییەوە. بەلام هەموو ئەوانەی لەخۆیدا

---

[2] ئەرمەن: لەئەقوامی هندۆئەورووپین، لەدێرزەماندا لە(کیلکیا) دا پاشانشینی ئەرمینیایان دامەزراند، لەسالانی 1915 و 1916 دا قەتلوعامێکی زۆریان لێکرا، یەکێکە لەو گەلە دێرینانەی کە بەدرێژایی مێژووی پڕ لەسەختی و دژواریی مۆرکی نەتەوەیی خۆی پاراستووە، خاوەنی دێرینترین کەنیسەی ئەرسزۆکسی سەر بەخۆیانن.(و)

[3] ئاشوری: لەئەقوامی سامی و لەگەلە دێرینەکانی میزۆپۆتامیان، لەسەردەمە کۆنەکاندا خاوەنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بوون، لەسەرەتای سەرهەڵدانی مەسیحیدا بۆ سەر ئایینی مەسیحی وەرگەڕان، بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئاسورییەکان لەسەرتاسەری ئێران و عێراق و سوریاو لوبنان و ولاتانی ئەورپاو ئەمریکای باکوردا پەرتەوازە بوون.(و)

[4] عەرەب: لەئەقوامی سامی و مەسکەنی ڕەسەنیان یەمەن و حیجاز بوو، بەحوکمی هەلومەرجی جوگرافیایی ناوچەکەیان کاری سەرەکییان شوانکارەیی و چادر نشینی بوو، بەتوندی وابەستەی نەریتی خێڵەکی وبت پەرستی بوون، بەلام ئایینی ئیسلام وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتوری

تواندۆتەوە. هەرچەند تیپە فیزیکییەکانی ئەوان بەهۆی قوڵی و شێوەی ئەم ئاوێتە بوونەوە لەگەڵ یەکدیدا جیاوازن.

بەمجۆرە ئەو مەڵبەندەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە کورد پێکدێت، بەشێوەیەکی گشتی شاخاوییە، لەڕۆژهەڵاتەوە لەبناری ڕۆژهەڵاتی کێوەکانی زاگرۆسەوە دەستپێدەکاو بەگۆمی ورمیێ کۆتایی دێ، کە کۆچەرانی تورکی ئازەربایجانی لەوێدا نیشتەجێن. لێرەشەوە ڕوەو باشورو سنوری نێوان هەمەدان و سنە درێژ دەبێتەوە، لەباشوریشەوە لەپاش تێپەڕین بەدەوروبەری کرماشان و کەرکوکدا بە موسڵ کۆتایی دێ، پاشان ڕوەو باکور تا ماردین و وێران شارو ئورفە درێژ دەبێتەوە، ئەم هێڵە لەباکورەوە ڕوەو مەلاتییەو ڕوباری فورات درێژ دەبێتەوەو بە کەمالیە دەگات، ئەم بەشانەی باکوری خاکی کوردستان، کە بەتەنها کوێستانەکانی مورگان داغ و هارال داغ دەگرێتەوە و ڕوەو ئەرزنجان و ئەرزرۆم درێژ بۆتەوەو بەچیاکانی ئارارات (ئاگری داغ) دەگات، بەسنوری سروشتی نێوان تورکەکان لەباکور و کوردەکان لەباشور دادەنرێ.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لەدەرەوەی ئەم سنورانەدا ژیان

عەرەبدا، کە کاریگەرییەکی قوڵی کردە سەر ڕەهەندی جوگرافیاو مێژووی عەرەب. (و).

[5] تورك: چەند تیرەو ئێلێکی کۆچەری ناوچەی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و دەریای ئۆراڵ و چیاکانی ئائیدا بوون، دابەش ئەبوون بەسێ ئێلی (ویغورو کرلوك و ئەغوەز)ەوە پاشان هەندێکیان ڕوەو ڕۆژئاواو ئەوبەری ڕوبار کۆچیان کردو هەندێکیشیان ڕوەو ڕۆژهەڵات و لەئەنادۆڵدا نیشتەجێ بوون، سەدەی یانزەهەم بە سەدەی دەسەڵاتی تورکەکان دادەنرێ کە فەرمانڕەواییان بەسەر ڕوبەرێکی فراوانی ئاسیا دەکرد و هەموو ئاوەدانی و سیمایەکی شارستانی ئەم ناوچانە لە ژێر سمی ئەسپەکانیاندا وێران بوو.(و)

[6] تورکمان: لەتیرە تورکەکانی ئێلی ئەغوەزن، لەسەدەی حەوتەمدا بەرەو ناوچەی جەیحون و قەرەقوم کۆچیان کرد، سەرزەمینی تورکمانەکان دەکەوێتە ناوچەی نێوان دەریای خەزەر و ئێران وئەفغانستان و ئۆزبەکستان و کازا خستانەوە.(و)

بەسەر دەبەن. بەڵام وێڕای ئەوەش لەناوخۆی ئەم مەڵبەندەشدا لەهەندێك ناوچەدا بەبەراورد لەگەڵ تورکەکاندا، کوردەکان بەکەمینە دادەنرێن.

ڕێگای چوونە نێو ئەم مەڵبەندە شاخاوییە، بەچەند دەرەیەکدا تێدەپەڕێ، کە هەندێکیان گەلێك فراوانن، بەڵام تەنانەت ئەم دەرانەش بەچەندین کێوی بەردەڵان و چەتوون دەورەدراون و بەچەند دەربەندێکی باریك وتەنگ کۆتاییان دێ. بەجۆرێك کە تەنانەت ڕێگای چوونە نێو ئەوانەوە لەهاوینانیشدا دژوارە. بەتایبەتی لەزستاندا بەبەفرێکی زۆر دەئاخنرێن.

لەم ناوچانەدا زۆربەی ئەو چەرەگەو پاوەنەی کە لەبناری کێوەکان و ترۆپکی چیاکاندا هەڵکەوتوون و لەکاتی توانەوەی بەفردا گژوگیا دایاندەپۆشێ، بەهۆی تاشە بەردو بەردەڵانی هەڵدێرو هەڵەمووتی چوار دەوریانەوە تەنها ڕێگای گەشتن پێیان تولە ڕێی باریکە. دەمەو هاوین کە چەند بەشێکی بناری کێوەکان دەبنە پووش و ڕووت دەبنەوە، دەبێ مەڕومالات کە سامانی سەرەکی کوردان پێکدێنن، بۆ لەوەڕگای کوێستانە بەرزەکان ببرێن. بەمجۆرە خاوەنی ئەم مەڕومالاتە ناچار بەجۆرێك لەژیانی گەڕۆك و خێڵەکی دەوارنشین دەبن، کەبریتی‌یە لەسەرکەوتنە سەر کەژو کێوەکان لەهاویندا و هاتنە خوارەوە بۆ پێدەشتەکان لەدەمەو زستاندا.

مادەکان و پارسییەکان (تیرەگەلی ئەقوامی ئێرانی) لەباکورەوە واتە لە قەفقاس و ئەوبەری دەریای خەزەرەوە هاتوون، ئەم کۆچوڕەوە بەلانی کەمەوە هەزار ساڵی خایاندووەو پێدەچێ لەشێوەی گروپی بچووکدا لەهەزاران ساڵی بەر لەزاییندا ئەنجام درابێ. بەمجۆرە بەهێوری لەنێو خەڵکی ڕەسەنی ئەم ناوچانەدا جێگیر بوون و، بەسەریاندا زاڵبوون و لەنێو خۆیاندا تواندویانەتەوەو کولتوری باڵاتری ئەوانیان لەناوبرد، پاشان لەم ناوچانەدا وەك چینێکی ڕابەرو جەنگاوەریان لێهاتووە. پێئەچێ پێشڕەوی ئەوان ڕووەو ڕۆژئاوا بەهۆی تایفەیەکی دیکەوە کە ڕەنگە ئیبرییەکان[7] بن ڕاوەستێنرابێت.

---

[7] ئیبریی: بەڕەچەڵەکی گورجیەکان دادەنرێن، هەنوکە یەکێ لەو سێ شێوەزارەی کە گورجییەکان پێی ئەدوێن بە ئیبریایی ناودەبرێ. شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەکەوێتە ناوچەی نێوان چیاکانی قەوقاز و ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە.(و)

ئەم ئیبریانە سەرەنجام ناوچەكانی باشوری قەفقاسیان داگیركرد و دەوڵەتی (كلدە)یان Colchido دامەزراند. هەر بەپێی ئەم تێزانە، ئەرمەنیەكانیش لەرۆژئاواوە هاتن و ناوچەی (ئورارتو)یان[8] داگیركرد و لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچانەو پاشان لەگەڵ كوردەكاندا تێكەڵ بوون.

لەهەموو ئەم تێزانە شیاوتر ئەوەیە، كە ئەو ناوچانەی لەرۆژهەلاتی زاگرۆسدا هەڵكەوتوون و هەنوكە بەشی باكوری ئێران پێكدێنن، پاشتر بووە ئامانجی هێرشی ئەو پەلاماردەرانەی كە دواتر بەناوی كوردەوە ناسران.

بەلام بەهۆی كوێستانی چەتوون و سەختەوە، ئەوان ڕێڕەوی تێپەڕینی ئاسانتری وەك پەڕینەوە بەناوچەی ئێستای (ماكز-ئیشكریت)ی ئەرزڕۆمیان هەڵبژارد كە لەگەڵ بەرهەڵستی چەند خێڵێكی بێهێزتردا ڕووبەڕوو بوونەوە و بە مجۆرەش بەئاسانی بەسەر ئەو چیانشینە جەنگاوەرانەدا زاڵبوون.

لەنوسینەكانی سۆمەریدا (2000 پ.ن) باس لەوڵاتێك كراوە بەناوی (كارداكا)وە، كە پێئەچێ لەوە بەدوا پاشای ئاشوری (تیكلات پیلاسەر) لەگەڵ خێڵەكانی (گۆتی)دا جەنگی بێت. (زەینەفون)[9] باس لەو تیرەو هۆزانە دەكات كە بەناوی (كاردۆ)وە بوون و ڕێپێوانی ئەویان بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست خستە مەترسییەوە.

بە گوێرەی نوسینی مێژوو نووسان و جوگرافیا ناسانی عەرەبی وەك

---

[8] ئورارتو: لەدێر زەماندا دەوڵەتی ئورارتو خاوەنی شارستانیەكی هاوشانی ژیاری ئاشورییەكان بوو، نوسینەكانی سەردەمی ئورارتو لەمێژوودا بەناوبانگن، ناوچەی ئورارتو دەكەوتە نێوان چیاكانی قەوقاز و دەریای خەزەر و ئەنادۆلەوە. لەنێوان سالانی (1270-750 پ.ن)دا دەوڵەتی ئورارتو فەرمانڕەوایی دەكرد.(و)

[9] زەینەفون: (355-450پ.ن) مێژوو نووس و فەیلەسوف و سەرداری ئەسینایی، سەركردەی (دە هەزار) گریكە كە لەكاتی كشانەوەیدا لەئێران، خاوەنی كتێبی (ئەناباسیس). (و)

(بلازری[10] و تەبەری [11] و ابن اثیر [12]) ئەو هۆزانەی کە بە ناوی کوردەوە ناسران، پتر ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ڕووباری بۆتان و کەنارەکانی باکوری دیجلەیان تا جزیرێ (جزیرەی ابن عومەر) داگیرکرد.

لەپاش مێژوو نووسانی عەرەب، زۆر لەرۆژهەلاتناسانی ئەورووپا لە سەدەی نۆزدە و بیستدا هەوڵیاندا لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی شوێنەوار ناسی و ئەنترۆپۆلۆجییەوە ڕەگو ڕەچەڵەکی کورد دیاری بکەن. شێوە زارەکانی زمانی کوردیش بە ووردی خرانە بەر تۆژینەوە وسەرەنجام ئاشکرا بوو کە ئەم شێوە زارانە بە گشتی لە هاوشێوەی فارسی نوێ دەچن و ڕەنگە خاوەنی ڕیشەیەکی هاوبەش بن کە ئەویش زمانی پەهلەوی وساسانییە. فرەچەشنی تیپە فیزیکی‌یەکانی ئەو کوردانەی کەلەم ناوچانەدا دەژین، ژمارەیەکی خستە سەر ئەو باوەڕەی کە پێدەچێت پاشماوەی نەژادێکی فەوتاوی دێرین بن کە لە سەردەمێکدا لەو سەرزەمینەدا نیشتەجێ بوون.

دیسان چەندین تێزی دیکە لەلایەن دەوڵەتە دەسەلاتدارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە خرایە ڕوو تاکو ئەسڵی نەژادی کورد ببەنەوە سەر ڕەچەڵەکی میللەتانێکی دیکەی وەك تورك وئەوانی دی. بەلام ئەم تێزانە لە بنچینەدا لە ڕووی ویست وبەرژەوەندی سیاسییەوە دەربڕاون و لە ڕوانگەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجییەوە نرخ وبەهایەکی ئەوتۆیان نییە.

هەربەو جۆرەی فەرماندەی شۆڕشی ئێستای کوردستانی عێراق، (مەلا مستەفا) ووتویەتی (کوردەکان کەسانێکن کە بەر لە هەموو شتێك هەست

---

[10] بلازری (ئەحمەد بن یەحیا): مێژوو نووسی عەرەبە، لەساڵی 892زدا وەفاتی کرد، لەکتێبە گرنگەکانی (فتوح بلدان) و (انساب الاشراف).(و)

[11] تەبەری (محمد بن جدیر): بەناوبانگترین مێژوو نووسی موسڵمانە، لە 923ز دا وەفاتی کرد، لەکتێبە گرنگەکانی (تأریخ الامم و الملوك). (و)

[12] ابن اثیر (عز الدین أبو الحسن علی): (1160–1234) مێژوو نووسی ناوداری عەرەبە لەکتێبە گرنگەکانی (کامل فی التأریخ) و (اولی الابصار). (و)

دەكەن كوردن، هەر بەو جۆرەی كە فەرەنسییەك هەست بە فەرەنسی بوونی خۆی دەكات، یا ئەڵمانییەك).

جگە لەم هەستەش. گەورەترین خاڵی هاوبەشی نەتەوەیی كورد، زمانی كوردی‌یە، كە بە شێوەزاری زازا (لە توركیا و ئازەربایجانی ئێران)و، شێوەزاری كرمانجی (لەناوچەكانی هەكاری توركیاو كوردستانی ئێران و باكوری عێراق) و شێوەزاری گۆرانی (لە ناوچەی كرماشانی ئێران) دا پۆلێن دەكرێ. شێوەزاری كرمانجی كە لە لایەن نزیك بە نیوەی كوردەوە قسەی پێدەكرێ، لەسێ وڵاتی (توركیا-ئێران-عێراق)دا بە شێوەزاری ئەدەبی نیوە رەسمی دادەنرێ و لە وڵاتی عێراقدا لە سەردەمی داگیركردنی ئەو وڵاتەوە لە لایەن هێزەكانی ئینگلیزە وە تا ئێستا لە خوێندگا سەرەتایی وئامادەییەكاندا دەخوێندرێت. زازا و گۆرانی تەنها لە ئاخاوتندا بە كاردێ. شێوەزاری گۆرانی تا ڕادەیەكی زۆر لە (لوڕ)ی دەچێ و لوڕیش هاوشێوەی فارسی ئێستایە.

شێوەزاری كرمانجی لەهجەیەكی بە پێزو دەوڵەمەندە و كتێبەكانی پەخشان و شیعر بە ئەلف وبێی عەرەبی بەم شێوە زارە چاپ دەكرێ. هەروەها كتێبەكانی خوێندنیش لە ناوچە كوردنشینەكانی عێراقدا بەم شێوەزارە دەخوێندرێ. زاراوەی سیاسی و ئیدارییان لە بنەڕەتدا لە عەرەبی یا لە فارسییەوە وەرگرتووە.

دەتوانین بڵێین كە زازا لەرێی كرمانجەكانەوە وكرمانجی لەرێی گۆرانەكانەوە و گۆرانی لە رێی كوردەكانەوە لەیەكدی تێدەگەن، هەر بەو جۆرەی كە (دەری)[13] لە لایەن فارسی زمانانەوە قابیلی تێگەشتنە. لە ڕووی ڕێزمانیشەوە كوردی و فارسی تا ڕادەیەك ڕێزمانێكی چوون یەكیان هەیە.

چەند ووشەو زاراوەیەكی زۆر كەمی زمانی توركی، لە زاری كوردیدا بوونی هەیە، مەگەر شێوەزاری (زازا) كە لە ناوچەكانی دەرسیمدا پێی دەئاخاڤن.

---

[13] -دەری:لە لقەكانی زمانی فارسی‌یە، زمانی هاوبەشی میللی و ئەدەبی تاجیكەكانی تاجیكستان و ئەفغانستانە. (و)

لە ڕووی ئاینەوە جگە لە نزیکەی (50000) خێزانی ئێزیدی[14](یا شەیتان پەرست) یا (تاوس پەرست). زۆربەی هەرەزۆری کوردان سونیو شافعی مەزهەبن. لە ناوچەکانی دەوروبەری کرماشانیشدا ژمارەیەك كوردی شیعە مەزهەب هەن، کە لە نێو ئەواندا کۆمەڵێکیان (سینهادی)یا (عەلی ئیلاهی)ن، ئەم ڕێبازە توندڕەوترین تیرەی پەیڕەوی شیعەگەرین و ئیمامی عەلی زاوا و ئامۆزای محەمەد و خەلیفەی چوارەمی موسڵمانان، وەك عیسای مەسیح بە بەرجەستە کردنێك لە پەروەردگار دەزانن، ژماریەك لەم تیرەیەش لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن.

2-کورد بەر لە ئیسلام

بە گوێرەی هەندێك سەرچاوە (Noldek 1879)[15]ئەوئێلە کوردانەی کە لەسەردەمی شانشینی ساسانیدا[16] لە ناوچەکانی ناوەڕاست وباشوری ئێراندا دەژیان، بە هۆی پەلامار و داگیرکاری ئێرانییەکان وجموجوڵی دانیشتوانەوە ڕوەو باکوری ڕۆژئاوا ڕەویان کرد، لەسەرزمینی (Kurdu)دا نیشتەجێ بوون و

---

[14] ئێزیدی: مەسکەنی ئەسڵی ئێزیدیەکان شنگار و شێخان ودەوربەری شاری موسڵە، لە سوریا وقەفقاسیشدا ژمارەیەك ئێزیدی هەن، جەوهەری ئاییني ئێزیدی نهێنییەکی شاراوەیە، باوەڕیان بە خوداوەند و مەلەك تاوس و دۆناودۆن بوونی روحە، مەرقەدی شێخ ئادی لە گوندی لالشدا گەورەترین شوێنی پیرۆزیانە وسەرۆکی روحیشیان هەر لەوێدا دەژی، سەرداری دەسەڵاتی دنیاییمیرەو پیاوانی ئاییینیش دابەش دەبن بەسەر (شێخ-پیر-قەواڵ-فەقیر-کۆچاك-مورید)دا، (مەسحەفا ڕەش) و(جەلوە)کتێبی پیرۆزی ئێزیدیانەو، چەند جەژنێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. (و)

[15] -نۆلدکە: (1836-1930) بەناوبانگترین ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانییە ، خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەیە لە زمانەکانی (سریانیو عەرەبی وفارسی)دا .(و)

[16] -پاشایەتی ساسانی: لە بنەڕەتدا بە ناوی (ساسان)ی رابەریانەوە دامەزراوە، بنەماڵەیەکی فارس بوون، لە نێوان ساڵەکانی (22-651ز)دا فەرمانڕەواییان بەسەر ناوچەیەکی فراواندا کرد لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا، بە ناوبانگترین پاشاکانی ئەردە شیری یەکەم وشابوری دووەم وکیسرا ئەنوشیروانن، هێرشی هێزەکانی ئیسلام تەفروتونای کردن و ناوی لە مێژوودا کوێرکردنەوە. (و)

لەگەڵ کوردەکانی ئەوێدا ئاوێتەبوون و ناوی ئەوانیان پەسەندکرد. ئەم خێڵانە پێشتر بە ناوی (مەرسی)ەکانەوە دەناسران و لە جەنگە بەردەوامەکانی نێوان ساسانییەکان و ئەشکانییەکان (پارسییەکان) لەگەڵ ڕۆمە بیزەنتییەکاندا[17] بەشدار دەبوون، جاروبار لەگەڵ ئێرانییەکاندا وهەندێك جار لەگەڵ ڕۆمەکان وسەردەمێکیش لەگەڵ هەردوو ولاتدا لە جەنگدا بوون. بەشێك لە خێڵ وتیرەکانی ئەوان لایەنگری ئێرانییەکانیان دەکرد و بەشێکی دیکەشیان لایەنگری ڕۆمەکان بوون. هەندێ جاریش بەخواستی خۆیان لە (لژیۆن)ەکانی[18] ڕۆمدا بە شێوەی کرێگرتە و جاشێتی ناونوسییان دەکرد و لە لەشکرکێشی وکارە جەنگییەکانی بالقان و ئەفریقا وئاسیای بچوکدا بەشدار دەبوون (تیتوس لیویوس[19]، پولی بیوس[20]). لە سەدەی چوارەمی زاییندا لەلای ئەرمەنییەکان بە ناوی (کارچخ)ەوە دەناسران. ئەم ناوە ناوی ئەو مەڵبەندە بوو کە ناوچەی دەشتەکانی سەلماسی ئێستا و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای (زەخیمە)ی نزیك چۆلە مێرگی دەگرتەوە.

بە پێی سەرزەمین وشێوەزاری ناوچەیی (Korduene) یا (Kerducci) کوردەکان لە کۆندا ناوی (کاردۆخ) یا (کاردیخ) یان لەخەڵکی ڕەسەن و خۆجێی نیشتەجێی ئەو مەڵبەندە ناوە. ئەم ناوی (کورد)ەی ئێستا لە پاش هێرش و پەلاماردانی عەرەب بۆ سەر ئەم مەڵبەندە بەوان گوتراوە وکۆی

---

[17] -بیزەنتی: دەوڵەتی بیزەنتی لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا دامەزرا، لە پێشدا بە مەبەستی ڕوو بە ڕووبوونەوە لە دژی فارسەکان دامەزرا، پاشان ڕۆڵێکی گرنگی لە ناکۆکییەکانی نێوان کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆژئاوا و کەنیسەی ئەرسۆزکسی ڕۆژهەڵاتدا گێڕا، لە ساڵی 1453دا محەمەد فاتح قوستەنتینەی پایتەختی بیزەنتینەی داگیرکرد و لە بەردەم عوسمانییەکاندا تێکشکان. (و)

[18] -لژیۆن: یەکەیەکی سەربازی بوو لە دەوڵەتی ڕۆمانی کۆندا، کە لە 6000 سەرباز پێکدەهات. (و)

[19] -تیتوس لیویوس (59پ.ز-17ز) مێژوونووسی لاتینی بە ناوبانگ، زۆربەی ژیانی بۆ نوسینی (مێژووی دەوڵەتی ڕۆمانی) تەرخان کرد. (و)

[20] -پولی بیوس (210-125پ.ز) مێژوو نوسی بە ناوبانگی گریك، بە نرخترین نوسینەکانی سەبارەت بە سیستەمی ئیداری و کۆمەڵایەتی ڕۆمایە.(و)

ئەوانیش بەپێی دەستوری ڕێزمانی عەرەبی بە (اکراد) ناو دەبرێن. بەڵام هەنوکە لە بەر گەلێك هۆ، خودی کوردەکان بۆ ناوهێنانی خۆیان کۆی (کوردان) پەسەند دەکەن. زۆربەی هۆز و تیرە کوردەکان لە ناوی کورد بێ خەبەر بوون و تەنها بە ناوی ئێل و تیرەکەیانەوە خۆیان دەناساند وەك هەورامییەکان یا پشدەرییەکان وئەوانی دی.

(دیارە بە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نوێی کوردەوە هەموو کورد کەم تا زۆر هەستیان بە ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان کردووە).

بە گویرەی مێژووی شەرەفنامە کۆنترین هۆز و تیرەی کورد باجناوی و بوتییەکانن، کە ئەم ناوانە بە هۆی سەرزەمینی باجان و بۆتانەوە بەسەرئەواندا بڕاوە.

گەلێك ئەفسانە دەربارەی ئەسڵی ڕەگەزی کوردان گوتراوە، کە بەهۆی خورافی بوونیانەوە، پێویست بە باسکردن ناکات .

هاوکات لەگەڵ هێرشی عەرەبەکاندا ئەو سەرزەمینەی (بەهۆی چەند تیرەو هۆزێکەوە کە دوا تر بە ناوی کوردەوە ناسران، کرایە جێی ئارامگرتن و نیشتەجێ بوون) بووە مەیدانی ململانێی نێوان ساسانییەکان و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی. پاشانشینی ئەرمەنستانیش جاروبار سەر بە شاکانی ساسانی و سەردەمێکیش ملکەچی ڕۆمەکان و هێندێك جاریش سەربەخۆبوون. هەرچەند ئەرمەنی و ئاشورییەکان هەر لە مێژەوە بۆ سەر ئایینی مەسیحی وەرگەڕان ، بەڵام کوردەکان پتر لە ئێرانییەکانەوە نزیك بوون و زۆربەیان زەردەشتی[21] بوون و زۆربەشیان لە کاتێکدا کە خۆیان بە

---

[21] زەردەشتی:زەردەشت پێغەمبەر و ئاڤێستا کتێبی پیرۆزیانە باوەڕیان بەوەیە کە خوای چاکە و ڕوناکی (ئوهرامزدا) و خوای شەڕ و تاریکی (ئەهریمەن) هەمیشە لە ململانێدان و سەرەنجام ئوهرامزدا سەردەکەوێ ، پیاوی دینییان بە (موبەد) ناو دەبرێ، لای زەردەشتییەکان پاکژی جەستە هێندەی پاکیزەگی ڕوح گرنگە. مەرگی مرۆڤ لایان گەورەترین سەرکەوتنی ئەهریمەنە بەسەر مەخلوقەکانی ئوهرامزدا دا، لەکاتی نوێژکردندا ڕوودەکەنە خۆر لەدەمی هەڵاتندا یا ڕوودەکەنە ئاو و ئاگر کە هەرسێیان بە قیبلەی پیرۆزی زەردەشتی دادەنرێ، ڕۆژی پێنج نوێژ دەکەن، مردووەکانیان نانێژن دەیبەنە شوێنێکی تایبەتەوە کە بە (دخمە) ناو دەبرێ و

زەردەشتی ناودەبرد لەسەر بیروباوەڕە کۆنەکانی خۆیان وەك خـۆر پەرستی وچەند بیروباوەڕێکی ئایینی دی مابونەوە.

سەردابێکی تەنگ و باریکە، یاخود دەیبەنە شوێنێکی بەرزەوە تاببێتە خۆراکی قەل و داڵ، چەند جەژنێکی تایبەت بەخۆیان هەیە . (و)

3-کورتەباسێکی مێژووی کورد لە پاش ئیسلامەوە تا سەدەی نۆزدە.

هاوکات لەگەڵ هەڵکشان و هێرشی عەرەبەکان بەرەو باکور، لەشکری عومەری کوڕی خەتاب[22] لە نێوان سالآنی (634-644) ی زایینیدا ناوچەکانی (هەولێر-موسڵ-نەسیبەین) یان داگیرکرد کە ئەم ناوچانە لە نێو ئەو چیایانەدا هەڵکەوتبوون کە مەڵبەندە کوردنشینەکانیان لە باشورەوە دەپاراست. لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان[23] دا (644-656) تێکڕای ئەو ناوچانە تا چیاکانی قەفقاس لە لایەن موسڵمانەکانەوە داگیر کران.

کوردەکان بە خێرایی تەسلیم بوون و ئایینی ئیسلامیان قبوڵ کرد. ئەم قبوڵ کردنە هۆکەی ئەوە بوو کە عەرەبەکان خۆیان لە تایبەتمەندی و شێوە ژیانی ئەوان هەڵنەقورتاند و هیچ هەوڵێکیشیان بۆ ئارامگرتن و جێگیر بوون لەسەر زەمینی ئەواندا نەدا و بەمەڵبەندی ئەواندا تێپەڕین. وێڕای ئەوەش دادپەروەری ئایینی ئیسلام دەرفەتی بە هیچ کەسێك نەئەدا، بە تایبەتی بەو ئەسحابانەی کە دەمارگیرترین موسڵمان بوون بۆ پەیڕەوکردن لە یاساکانی ئیسلام، دەست لە ژیانی هیچ نەتەوەیەك وەردەن. جگە لەوەش ئەو هۆکارەی کە خێرایی بەخشی بە پەسەندکردنی ئایینی پیرۆز لەلایەن ئەوانەوە، دۆزینەوەی حەقیقەتی ئاشکرا و عەدالەتی یاساکانی ئیسلام بوو بۆیان، کە

---

[22] عومەری کوڕی خەتاب:دووەم خەلیفەی ڕاشدین بوو، لە نێوان سالآنی (634- 644 ز) دا خەلیفە بوو، لە ڕۆژگاری خەلافەتی عومەردا سوپای ئیسلام ئیمپراتۆریەتی ساسانی تێکشکان وبەشێکی بەرفراوانی لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی فەتح کرد. لە 644زدا لەلایەن مەوا لییەکی فارسەوە کوژرا. (و)

[23] عوسمانی کوڕی عەفان:سێهەم خەلیفەی ڕاشدین بوو، لە نێوان سالآنی(644-656 ز) دا خەلیفەبوو، لە بنەماڵەی (بەنی ئومەییە)بوو، قورئانی کۆکردەوە، لە ئاکامی ئاژاوەی نێوان موسڵماناندا لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. (و)

زانایان و وموغانی (موبەدان) ئەم میللەتە بە قووڵایی دەریای فکردا ڕۆچوون و لەگەڕان بە دوای گەوهەری حەقیقەتدا، بەزوویی ڕەوا بوونی ئەم ئایینەیان بۆ میللەتی خۆیان ئاشکراکرد.

هەروەها لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەویدا[24]، وڵاتی کوردستان بەشێك بوو لە قەڵەمڕەوی خەلافەت، ناوچەکانی دەرسیم ومەلاتییەش لە لایەن هۆزە کوردەکانەوە داگیرکران.

لەو ڕۆژگارەدا، لە کاتێکدا کە سەرۆك هۆزەکانی کورد لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیاندا تێدەکۆشان، لە فتوحاتی ئیسلامیشدا بەشدار دەبوون. کاتێك عەباسییەکان[25] بە کۆمەکی ئێرانییەکان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، بە دوای مەرگی (هارون ئەلڕەشید)دا، بە هۆی ململانێی

[24] -خەلافەتی ئەمەوی: معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دامەزرێنەری خەلافەتی ئەمەوی بوو، لە پاش کوژرانی ئیمامی عەلی، خۆی بە خەلیفەی موسڵمانان ناوبرد وبەپێچەوانەی خەلافەتی ڕاشدینەوە سیستەمی جێنشینی لە باوکەوە بۆ کوڕ کردە نەریتی حوکم کردن، بنەماڵەی ئەمەوییەکان لە نێوان ساڵانی 660–750 زدا فەرمانڕەواییان کرد، دیمەشقیان کردە پایتەختی خۆیان. (و)

[25] -خەلافەتی عەباسی: ئەبوعەباس دامەزرێنەری خەلافەتی عەباسی بە دروشمی گەڕانەوە بۆ بنەماپاکژەکانی ئیسلام، بە پشتیوانی ئەبو مسلمی خۆراسانی شۆڕشی لە دژی ئەمەوییەکان بەرپاکردو بەرەو ئەندەلوس دەریپەڕاندن و جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، عەباسییەکان شەجەرەی نەسەبی خۆیان دەبردەوە سەر عەباسی مامی پێغەمبەر، لە نێوان ساڵانی 750–1258دا فەرمانڕەواییان کرد، پایتەختی خەلافەتیان لە دیمەشقەوە گواستەوە بۆ بەغدا، لە هێرشی بێئامانی هۆلاکۆخاندا، عەباسییەکان قەتل وعام کران و بەغداش وێران کرا. (و)

(ئـەمین)[26] و (مـەئمون)[27]ی کوڕێـوە، دەسـەڵاتی خەلیفـەکان لـە ناوچـەکانی کوردستاندا ڕووی لە بێهێزی و کزی کرد.

(حسێن بەرزکانی) کە سەرۆکی یەکێ لە ئێلە کوردەکان بوو، خۆی کردە فـەرمانڕەوای کوردستانی ڕۆژهـەڵات، ودینـەوەرو هەمـەدان و نەهاوەندیشـی داگیر کـردو، لـە سـەدەی دەیـەمی زاییـندا (959) میرنشـینی (حەسـنەوی) دامەزران، کە لەدوای خۆی (ناسرەدین بەدر حەسنەوی) کوڕی (979–1014) و (زوهیرەدین هیلالی کوڕی بەدر)ی کوڕەزای (1014–1015) فەرمانڕەواییان کرد.

ئـەم بنەماڵەیـە سـەر بـە خەلافـەتی عەباسـی بـوون و بـە سـەرزارەکی پەیڕەوییان لە (ئال بویهی) دەکرد، بەڵام (ئال بویهی) هیچ کات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە قەڵەمڕەوی حەسنەوییەکاندا دەسەڵاتدار نەبوون، تا سەردەمی (شەمس ئەلدەولەی دیلەمی)کە (زوهرەدین)ی لە حوکمداری خست و ئـەو سەرزەمینەی خستە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی.

بویهییـەکان لـە سەرەتادا لـە سـەر زەمینـی گەیلانـەوە ڕابوون و لـە نێـوان ساڵانی (932–1055) دا فـەرمانڕەواییان کـرد و شـیعە مەزهـەب بـوون، ئـەوان زۆربەی ئێران و عێراق وناوچە کورد نشینەکانیان داگیرکرد. سێ کوڕەکەی (بویهیـە)، مـەعز ئەلدەولـە (ئەحمـەد)، عـەماد ئەلدەولە (عـەلی)، روکـن ئەلدەولـە (حەسەن) ئەم ناوچانەیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد. روکن ئەلدەولـە دەستی بەسەر ناوچەکانی باکوردا گرت کە چەند بەشێکی کوردستانیشی دەگرتـەوە.

---

[26] ئـەمین (787–813ز) خەلیفـەی شەشـەمی عەباسـیبوو، لـە 809دا بـووە خەلیفـە، دایکی زوبەیدەی کچی ئەبو جەعفەری مەنسور بوو، لەگـەڵ مـەئمونی برایدا لەسـەر دەسەڵات لە ململانێدا بوون. (و)

[27] –مـەئمون (788–833ز) خەلیفـەی حەوتـەمی عەباسـییەکان بـوو، دایکـی کـە نیزەکێکی فارس بوو، لەبەر ئەوە ئێرانییەکان لە شەڕی دژ بە ئەمینی برایدا پشتیان گرت، کە بەغدای داگیر کرد ئەمینی بـرای کوشـت، لەسـەردەمی مـەئموندا ئـەدەب وفەلسەفەو وەرگێڕان گەشەی کرد.(و)

مەعز ئەلدەولە چووە بەغدا و ویڕای شیعە بوونیشی فەرمانی خەلافەتی گرتە دەست و بووە پێشەوای مەزهەبیی عەباسییەکان و لە هەمان کاتیشدا خەلیفەی کردە ئامرازی دەست خۆی. ئەم بارودۆخە تا هاتنی (توغرل بەگی سەلجوقی)[28] بۆ بەغدا درێژەی کێشا، کە لە ساڵی (1055ز) دا بە غدای داگیرکرد و خەلیفە ئەلقائمی لە دەست (خەسرەو فەیروزی بویهی) ڕزگار کردو بە خۆی وەك پارێزەری خەلافەت بووە جێنشینی ئەو.

لە ساڵی (990) زدا، پاش مەرگی (کوردباد) فەرمانڕەوای دەستنیشانکراوی خەلیفە (ئەبو عەلی مەروان)ی برازای دەسەڵاتی ناوچەکانی دیار بەکر، میافارقین (سلیڤان)، ئامێدو نەسیبەینی گرتە دەست، کە لە پاش مەرگی عەزد ئەلدەولە لە (983) دا لە چنگی ئال بویهی هاتبووە دەر.

هەرچەند بنەماڵەی مەروانییەکان بەسەر زارەکی خۆیان سەر بە خەلیفەکانی عەباسی پیشان ئەدا، بەڵام لە پاش مەرگی (ئەبو عەلی مەروان)، براو جێنشینەکەی ڕووی لە عەباسییەکان وەرگێڕا و چووە پاڵ فاتمی‌یەکان[29] ئەوانیش لە پاداشتی ئەوەدا حوکمڕانێتی حەلەبیان پێبەخشی و لە بن ڕکێفی حوکمڕانانی حەمدانی[30] عەرەب هێنرایە دەر.

---

[28] -توغرل بەگی سەلجوقی: سەردار و دامەزرێنەری بنەماڵەی سەلجوقییەکان بوو، لە 1063زدا وەفاتی کرد. (و)

[29] -فاتمییەکان: بنەماڵەیەکی شیعەی ئیسماعیلی بوون، بە ڕەچەڵەك خۆیان دەبردەوە سەر عەلی کوڕی ئەبو تالب و فاتیمەی خێزانیو،کچی پێغەمبەر، لە نێوان ساڵانی 909-1171زدا دەوڵەتیان دامەزران، دە پێشدا لە تونسدا و پاشان لەسەرتاسەری باکوری ئەفریقا و میسردا، شاری قاهیرەیان دروست کرد و نفوزی خۆیان بەسەر سوریا و فەلەستین و لوبناندا بەرفراوان کردەوە، ڕۆشنبیری ئیسلامیی لەسەردەمی فاتمییەکاندا پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوەدی.(و)

[30] -دەوڵەتی حەمدانی: حەمدانی کوڕی حەمدون، شێخی خێڵی تەغلب، دامەزرێنەری بوو، لە 829زدا عەبدوڵڵای کوڕی وسەیف ئەلدەولەی کوڕەزای

هەرچەند مەروانییەکان و حەسنەوییەکان لە ڕەچەڵەکدا کوردن، بەڵام بە عەرەب لە قەڵەم دراون، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە خەلیفەکان بوون و لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیاندا زمانی عەرەبییان وەك زمانی ئیداری بە کاردەهێنا.

هەرچەند ئەم ناوچانە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (ئەبو ناسر ئەحمەد) دا (1011–1061) بە ئارامی بەڕێوە دەچوون، بەڵام لەم ماوەیەدا دوو جار لەلایەن تورکمانەکانی ئەغوەزەوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماردان، کە بەر لە هێرشی سەلجوقییەکان بوو، کە لە پاش تێپەر بوونیان بە خاکی ئێراندا، هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عەرەب و بێزەنتییەکان.

لە ساڵی 1071 دا، نەسری کوڕی ئەبو ناسر ملی بۆ دەسەڵاتی (ئەلب ئەرسەلان) کەچ کرد و لە ساڵی 1085دا مەنسوری کوڕی نەسر بە ناچار ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەمەلەکشای کوڕی ئەلب ئەرسەلان سپارد. کە (ابن جبیر)ی سەرکردەی ، دیار بەکر و جزیرەشی داگیرکرد. مەنسور لە ساڵی 1090 زاییندا وەفاتی کرد. بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە، ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوا لە لایەن دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتەوە ئیدعای خاوەندارێتی دەکرا و داگیرکران. هەر لەوسەردەمەدا بە هۆی هێرش و پەلاماردانی تورکە سەلجوقی وتیرە تورکمانەکانی دیکەوە، چەند هۆز و تیرەیەکی کورد ملکەچکردنیان بۆ دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەلات قبولْ کرد. لەبەرئەوەی ئیدی چ ئومێدێکیان بە عەباسییەکان نەما بوو کە سنووری دەسەڵاتیان لە دەوروبەری بەغدا تێنەدەپەڕی.

لەگەڵ ئەوەی کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتی تورك و تورکمانەکاندا (کە ئەمانیش خۆیان تیرەیەکن لە تورکەکان بەڵام ڕەسەنتر)بوون. وێڕای ئەوەش

قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتەیان بەرفراوان کرد و حەلەبیان کردە پایتەخت، لە 991زدا فاتمییەکان دەوڵەتەکەی لێزەوتکردن. (و)

هەرگیز تورکەکان جورئەتی ئەوەیان نەکرد لە ناوچە کورد نشینەکاندا نیشتەجێبن.

لە پاش ئەوەی تورکەکان، ئازەریەکانیان لە نێو خۆیاندا تواندەوە، بە کۆمەڵ بە ناوچە کوردنشینەکاندا تێپەڕین و لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و کەنارەکانی سەردەریای سپی ناوەڕاستدا نیشتەجێبوون.

لەم ناوچانەدا لەگەڵ دانیشتوانی پێشتریدا واتە ئەقوامی (کاپادوکیا، بێزەنتییەکان، لیدییەکان، بیسانییەکان) وئەوانی دیکەدا ئاوێتە بوون و ئەوانەیان کرد بە تورك. تواندنەوەی ئەم گەلانە کەمتر لە دووسەد ساڵی خایاند.

بێ توانایی تورکەکان و نەمانەوە وجێگیر نەبوونیان لە نێو ئەو چیا و کوێستانانەدا کە زێد و مەسکەنی کوردانی دڵڕەق و بێبەزەیی بوو، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەو ناوچە فراوانەی نێوان دوو ناوچەی تورك نشینی ئازەربایجان و ئەنادوڵی، لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا مایەوە. کە لەو مەڵبەندەدا کوردەکان تا ئێستا توانیویانە زمان‌ودابو نەریت و ڕەوشی ژیانی سەربەخۆی خۆیان بپارێزن، بێ ئەوەی پەی بە چەمکی سەربەخۆیی سیاسی ببەن، یا توانای چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و بەرپرسیارێتیان هەبێت. بەمجۆرە هەر لە دۆخی یاخیگەری‌و بێ یاساییدا ماونەتەوە.

هەرچەند هەم حەسنەوییەکان و هەم مەروانییەکان لە بنەماڵەیەکی کوردی ڕەسەن بوون وبە سەر بەشێکی فراوانی وڵاتی کوردستاندا فەرمانڕەواییان دەکرد، بەڵام ئێستا کوردەکان بە دەگمەن ناویان دەهێنن، بەڵکو پتر شانازی بە سەرکردەی دلێری خۆیان (سەلاحەدینی ئەیوبی)یەوە دەکەن، وێڕای ئەوەی سنووری قەڵەمڕەوی حکومەتی ئەو گەلێك فراوانتر بوو لە قەڵەمڕەوی مەروانییەکان و حەسنەوییەکان، بەڵام بایەخی‌بە کورد بوونی خۆی‌نەداو، قەڵەمڕەوی حکومەتەکەشی پتر لە ناوچە غەیرە کورد نشینەکان پێکدەهات،

زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەدەر لە دەسەڵات و سنووری حکومەتی ئەودا بوون.

سەلاحەدین لە ساڵی(1136ز) دا لە تکریت ، کە دەکەوێتە سەر کەناری دیجلەو باکوری سامەڕاوە، لەدایك بوو. لە خزمەت (ئەتابەکی زەنگی)دا، کە یەکێك بوو لە سەلجووقییەکانی سوریا دەستی بەکارکرد، پاشان لە حەلەبدا بووە جێنشینی ئەو، زەنگی لەوە بەدوا بەرەنگاری خاچپەرستەکان[31] بۆوە لە فەلەستین و ئەنتاکیا دا. نورەدینی کوڕی ئەتابەکی زەنگی پاش ماوەیەك سەلاحەدینی بەیاوەری لەگەڵ شێرکۆی مامیدا نارد بۆ میسر، تا فەرمانڕەوای میسریی هاوپەیمانی کە (شاهوار) ناوێك بوو بگێڕنەوە بۆ پایە و دەسەڵاتی خۆی، کە لەلایەن یەکێك لەدوژمنەکانییەوە لە میسردا دەرپەڕێندرا بوو. لەم کاتەدا میسر لە ژێر فەرمانی (ئەبو مەحمود عەبدوڵڵا)ی خەلیفەی فاتمیدا بوو. شێرکۆ وسەلاحەدین ناچار بوون لەگەڵ ئەودا پەیوەندی دۆستانەیان هەبێ. خاچپەرستەکان درکیان بەوە کردبوو کە یەکگرتنی میسر و سوریا بە مانای کارەسات دەبێ بۆیان. هێرشیان کردە سەر لەشکری سوریا، شێرکۆ کە لەو دەمەدا کرابووە فەرماندەری میسر لە پاش چەند مانگ وەفاتی کرد، سەلاحەدین لەشکری خاچپەرستانی لە سوریا دا تێکشکان. لە پاش مەرگی خەلیفەی فاتمی لە ساڵی (1171ز) دا میسری کردە بەشێك لە قەڵەمڕەوی خەلافەتی عەباسی. سەلاحەدینی ئەیوبی لە پاش مەرگی (نورەدین زەنگی) ئەربابی، سوریای بە ناوی جێنشینی ئەوەوە (الفتاح) داگیرکرد و پاشان بە

---

[31] هێرشی خاچپەرستەکان: ئەو لەشکر کێشی و هێرشانەن کە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا پێیهەستان لە نێوان ساڵانی(1096–1291)، بە ئامانجی دەستبەسەراگرتنی ئورشەلیم و زەوییە پیرۆزەکانی فەلەستین، لەبەر ئەوە بەو ناوەوە ناونرا کە چەك و جلوبەرگی جەنگاوەرانی مەسیحی نیشانەی خاچی پێوەبوو، هێرشی خاچپەرستەکان دابەش دەکرێ بە 8 لەشکر کێشییەوە.(و)

خۆی بووە حوکمڕانی ئەوێندەر و قەڵەمڕەوی حکومەتی خۆی تا میسر بەرفراوان کردەوە، هەروەها حیجاز و نیمچەدورگەی عەرەبیشی خستە سەر قەڵەمڕەوی حکومەتی خۆی و قودسیشی لەژێر ڕکێفی هێزە خاچپەرستەکان ڕزگار کرد. ئەو لەگەڵ ریتشاردی شێردڵیشدا[32] جەنگاو سەرەنجام خاچپەرستەکانی ناچار کرد کە سەرتاسەری خاکی فەلەستین بەجێبێڵن، تەنها چەند قەڵایەکی جەنگی نەبێ کە لە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا بوون.

سەلاحەدین لە ساڵی 1193ی زاییندا لە دیمەشقدا وەفاتی کردو لە پاش مەرگیشی ئیمپراتۆریەتەکەی لە نێوان کوڕەکانیدا دابەش کرا.

(ئەفزەل) حکومەتی دیمەشقی گرتە دەست، (عەزیز) حکومەتی قاهیرە و (زوهێر)یش حکومەتی حەلەب. پاشان حکومەتی ئەوان کەوتە دەست سەرانی ناوچەیی و تەنها حەلەب تا ساڵی 1390 لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەیوبییەکاندا مایەوە.

عەگیدی وجوامێری و مەزنایەتی و تایبەتمەندییە جەنگییەکانی سەلاحەدین، ئەوی کرد بە یەکێك لە قارەمانە ئەفسانەییەکانی جیهانی ئیسلام. لە ڕاستیدا دەبێ کوردان شانازی بەوەوە بکەن کە ئەم پیاوە مەزنە سەر بە نەژادی ئەوانە.

پاش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی، کە ڕووبەری حوکمڕانییان هێندەی ڕوبەری هەردوو دەوڵەتی پارسییەکان و ساسانییەکان دەبوو، هەموو ئەو ناوچانەشی دەگرتەوە کە کوردەکانی تیادا نیشتەجێ بوو، چەند لقێکی جیاوازی ئەم بنەماڵەیە لە کرمان و ئەنادۆڵ، و سوریا و عێراقدا حکومەتیان دەکرد. سەلجوقییەکانی عێراق کە سەرئێلی ئەوان (مەحمودی کوڕی

---

[32] ریچاردی شێر دڵ: ریچاردی یەکەمی پاشای ئینگلتەرا (1189–1199) ، لە سێهەم هێرشی خاچپەرستەکاندا بەشداری کرد و سەرەنجام لە نزیکەوە لەگەڵ سەلاحەدینی ئەیوبیدا پەیوەندی پەیدا کرد. (و)

مەلەکشا)یە، بەسەر بەشێك لە کوردستاندا فەرمانڕەواییان کرد لە نێوان ساڵانی (1117–1194)دا.

{شایانی باسە، ناوی (کوردستان) لەسەردەمی (مەلەکشا) یا (سوڵتان سەنجەری سەلجوقی)ەوە بەکار هێنرا، پێشتر زۆربەی ناوچە کوردنشینە سەرەکییەکان بە (مەڵبەندی چیانشین) ناودەبران} .

بەڵام لە سەردەمی سەلاحەدین و پاش ئەویشدا بەشێکی گەورەی ناوچە کوردنشینەکان لە ژێر سایەی حکومەتی ئەتابەکان[33] (برایان)ی سەلجوقیدا بوو. کە لەسەردەمی خودی سەلجوقییەکانەوە بە فەرمانڕەوای ئەم ناوچانە دادەنران و پاش هەرەسهێنانی ئەم بنەماڵەیەش بۆ خۆیان بە سەربەخۆیی حوکمڕانیان دەکرد.

هەموو ئەتابەکانی تورك هەرچەند کە لە حوکم کردندا سەربەخۆیی تەواویان هەبوو، بەڵام بەسەرزارەکی پەیڕەوییان لە خەلیفەکانی عەباسی دەکرد. ئەو ئەتابەکانەی کە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا حوکمڕانیان کرد بریتین لە:

1–نەوەکانی سبك تکین (1144–1232) لە دەوروبەری ئەربیل (هەولێر) دا فەرمانڕەواییان کرد. کە یەکەمین ئەتابەکی ئەوان زەینەدین عەلی کوچەکی کوڕی سبك تکینە.

2–ئورتوکییەکان (1101–1312) کە یەکەمین حوکمڕانی ئەوان (ئارتوك)ە،

---

[33] ئەتابەك: بەمانای لە (جێی باوك)دێ، مەلەکشاه یەکەم کەس بوو ئەم نازناوەی بە (نیزام مەلیك)ی وەزیری خۆی بەخشی. ئەتابەکەکان لەسەرەتادا ئەرکی پەروەردە کردنی میروشازادەکانیان لە ئەستۆدا بوو. پاشان ئەم نازناوە بە فەرماندە سەربازییەکانیش دەبەخشرا، لەسەدەی دوانزەدا ئەتابەکەکان ئەمیرەکانی سەلجوقیان لە کار خست و بەخۆیان دەسەڵاتیان گرتە دەست، لە ئازەربایجان و موسڵ و دیمەشق دا فەرمانڕەواییان کرد. (و)

بەسەر دیاربەکرو بۆ ماوەیەکیش بەسەر حەلەب و ماردیندا حوکمڕانیان کرد.

3-شاکانی ئەرمەنی (1100-1207) کە موسالهناقبتی‌یە : لە کاتی حوکمڕانی ئەم میرانە دا (کە هەموویان بە هۆی نزیکی و گەشت کردنەوە بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان، ببوون بە عەرەب)هیچ کات کوردەکان هەوڵ و کۆششێکیان لە پێناو یەکبوون‌و، دامەزراندنی حکومەتی خۆیاندا ئەنجام نەدا، بەڵام زمانی کوردی وەك زاری ئاخاوتن لە نێو خەڵکیدا مایەوە. هەرچەند زاری بەڕێوەبردن و ئەدەبیات عەرەبی بوو، هێندێك جاریش فارسی‌و تورکی بوو.

لەم سەردەمەدا، ئیشوکاری میرەکانی کورد ببووە شەڕو پێك هەڵپژان لەگەڵ یەکتریدا، کە هێندێك جار لە نێو خۆیاندا لە دژی یەکدی یەکیان دەگرت. هێندێك جاریش خێڵە بێهێزەکان ملیان ڕادەکێشا بۆ خێڵە بە هێزەکان.

هێرشی مەغۆلەکان[34] بە فەرماندەیی کوڕەکانی جەنگیزخان بۆ سەر ئێران و بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی تێکشکانی بەرگری جەلالەدین خوارزم مشاو تەفروتوناکردنی ئەو بوو.

جەلالەدین (کە پێشتر بەدەست خودی جەنگیزخان تێکشکابوو، قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی خۆی لە خوارزم وڕۆژهەڵاتی ئێراندا لەکیس چوو بوو، ماوەیەك بوو لە ڕۆژئاوای ئێراندا حوکمڕانی دەکرد) سەرقاڵی جەنگە

---

[34] مەغۆل: سەرزەمینی ئەسڵی مەغۆلە زەردپێستەکان ناوچەی نێوان باکوری چین و دەریای خەزەرو دەشتی سیبریا و کێوەکانی هیمالایا بوو، کە خەریکی شوانکارەیی و ئەسپ سواری بوون، لە نێو ئێلی (قیات) دا (تموچین) ناوێك کە دواتر نازناوی (جەنگیزخان)ی لێنرا، بووە سەرئێل و هۆزەکانی هاونەژادی خۆی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە، پاشان لەشکر کێشی مەغۆلەکان بە فەرماندەیی جەنگیزخان و کوڕەکانی سەرتاسەری ناوچەی نێوان چین و دەریای ڕەشی ڕاچڵەکان.(و)

ناوخۆییەکان بوو لەگەڵ ئەتابەکان و سەرۆکە بچووکەکانی ناو خۆی ئێراندا. مەغۆلەکان چەند شارێکی سەرەکی وەك قەزوێن و هەمەدان و تەوریزیان داگیرو وێران کرد، بەلام لەو کاتەدا نەچوونە نێو ناوچەکانی کوردستانەوە.هەر چەند ئەم ناوچانەش بەناو لەژێر سایەی حوکمی مەغۆلەکاندا بوون . لە ساڵی 1213دا جەلالەدین خوارزمشا لە کوێستانەکانی دیار بەکردا بە دەستی کوردێك کوژرا.

لە پاش مەرگی جەنگیزخان، لە رۆژگاری (ئۆگتای قائان)ی جێنشینیدا، ئەرکی بەرفراوان کردنەوەی دەسەلاتی مەغۆلی بەسەر ئێران و سەرتاسەری ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە (هۆلاکۆ خان)ی برا بچوکی سپارد. هۆلاکۆخان سەرتاسەری دەشتە نزمەکانی ئێرانی داگیرکرد، و دەستی گرت بەسەر قەلاکانی (ئیسماعیلی)ەکاندا[35]، کە زۆربەیان لە کوێستانەکانی

---

[35] –ئیسماعیلی: تەریقەتێکی سەر بە شیعەگەرییە، لە پاش ئیمام (جەعفەری سادق) ئیمامی شەشەمی شیعەکان، (ئیسماعیل)ی کورە گەورەی ئیمام جەعفەریان بە ئیمامی حەوتەم و دوائیمامی شیعەکان دەزانی، لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زاییندا لە باشوری عێراقدا لە ژێر فەرماندەیی (حەمدانی قرمطی)دا چالاکییان دەکرد. ئەم لقە بە ناوی (قرامطە)وە ناوبانگی دەرکرد، لە سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی سیانزەهەم جێ‌پێی خۆیان لە عێراق و یەمەن و بەتایبەتی لە (بەحرێن) دا کردەوە. لەسەدەی دەیەمدا (910ز) عوبەیدوڵلای کوری محەمەد کە رەچەڵەکی خۆی دەبردەوە سەرفاتمەی خێزانی ئیمامی عەلی و کچی پێغەمبەر بنەماڵەکەی خۆی بە بنەماڵەی (فاتمی)ناوبردو لە باکوری ئەفەریقا و میسردا فەرمانرەواییان کرد. بەلام ئەو جودایی و کەرتبوونەتێکدەرەی کە بزوتنەوەی ئیسماعیلییەکانی لاوازکرد. لەئاکامی مەرگی (مستەنسر) دوا خەلیفەی فاتمیدا بوو، ئیسماعیلییەکانی میسر (مستەعلی) کوریان بە جێنشینی ئەو دەزانی و ئیسماعیلییەکانی ئێران و سوریاش ئیدعای خەلافەتی (نزار)ی کورەگەورەی موستەنسریان پێقبوڵ بوو. بەمجۆرە ئیسماعیلییەکان بوون بە دوولقی (مستەعلی) و (نزاری)ەوە نزارییەکان لە قەلاکانی ئێران و سوریا دا بوون و بە ناوی (حەشاشین)ەوە ناوبانگیان دەرکرد کە هۆلاکۆ لەو

ئەلبورزدا بوون و ویرانی کردن، دوا میری ئەوانیشیان (روکن ئەلدین) یا (خورشا)یان بەدیل گرت و کوشتیان. پاشان بە ناوچەکانی هەمەدان و کرماشاندا تێپەرین و چوونە بەغداوە سیوحەوتەمین خەلیفەی عەباسییان (ئەلمعتەسد باللە)یان بەدیل گرت و کوشتیان، بەمجۆرە لە (1258) دا کۆتاییان بە خەلافەتی ئیسلامی هێنا.

لەم کاتەدا هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە مەترسی هێرشی مەغۆلدا بوون. لە سالی 1259دا دوو لەشکر لەسێ لەشکری مەغۆل لە ئازەربایجاندا، کە بارەگای هۆلاکۆ بوو، ڕوەو سوریا حەرەکەتیان کرد. ئەم لەشکرانە بە ناوچە کورد نشینەکاندا تێپەڕین و ڕوویان کردە ڕۆژهەلاتی گۆلی وان و نەسیبەین و هەموو (جزیری)یان داگیرکرد، کوردەکان بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد، لەبەر ئەوە قەتلوعامێکی ئەوتۆ ڕوویندا. تەنها لە میافارقین لە نزیکی دیار بەکردا، میرێکی کوردی ئەیوبی (کامیل محەمەد) بۆ ماوەیەکی کورت بەرگری کرد، پاشان بە ناچاری خۆی دابە دەستەوە و خودی ئەو و زۆربەی خەلکی شاریش قەتلوعام کران.

لەسالی 1262زاییندا یەکێك لە نەوەکانی ئەتابەکی موسل بە ناوی (بەدرەدین لۆلۆ)ەوە کە سەر بە مەغۆلەکان بوو، لەگەل دوژمنانی مەغۆلدا واتە لەگەل سولتانەکانی مەمالیك[36]دا یەکیگرت و بەرەنگاری لەشکری مەغۆل بۆوە، بەلام لەشەڕدا تێکشکاو، شاریش بە فەرمانی هۆلاکۆ تالان کرا و

ناوچانەدا تەفروتونای کردن، بەلام نزارییەکان لە پەناو پەسێودا درێژەیان بە بیروباوەڕی خۆیان داو لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە رابەرەکەیان بە (ئاغاخان) ناو دەبرا.(و)

[36] -مەمالیك: بریتی بوون لەو تورك وچەرکەس و مەغۆلە کۆیلانەی کە ئەیوبییەکان لە شەڕوکاری سەربازیدا بەکاریان دەهێنان، دواتر هەندێ لەسەرکردەکانیان جلەوی دەسەلاتیان گرتە دەست لە میسرداو، دووبنەمالەی مەمالیکی (بەحری) و (بورجی) یان دامەزران.(و)

موڵکەکانی بەدرەدین لۆلۆش خرایە سەر قەڵەمڕەوی موڵکەکانی مەغۆل.

لەم کاتەدا ئاسیای بچووک کە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی، مەڵبەندێکی کوردنشین بوون، لەژێر سایەی حوکمی سەلجوقییەکانی ڕۆمدا بوو،کە لە نێوان سالآنی 1077تا1300 بە سەرئەم ناوچانەدا فەرمانڕەواییان کرد. هەرچەند ئەم بنەماڵەیە بە سەرزارەکی سەر بە مەغۆلەکان بوون، بەلاّم بەڕەسمی سەربەخۆ بوون و تەنانەت زۆربەی کات سەرقاڵی شەڕە ناوخۆییەکانی نێوان خۆیان بوون. سەرەنجام بەشێك لەم موڵکانە لەلایەن کەیکاوسی دووەمەوە دەستی بەسەردا گیرا و بەشێکی دیکەشی بە قزل ئەرسەلانی چوارەم بڕا.

بەلاّم کوردەکان نەیانتوانی لەم سەردەمەدا سوود لە ناکۆکی و ململانیٚی نێوان دوژمنەکانیان وەرگرن و سەربەخۆبن، بەڵکو تەنها بەوە دڵخۆش و ڕازیبوون کە جاروبار ئەربابەکانیان دەگۆڕا.

لەساڵی 1297 دا کوردەکان شاری ئەربیل (هەولێر)یان گەمارۆ دا و چوون بە هانای لەشکری مەغۆلەوە، تا دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرن کە زۆربەی دانیشتوانەکەی ئاسوری بوون، گەرەکیان بوو زۆربەیان قەتلوعام بکەن. کوردەکان بە هۆی موسڵمان بوونیانەوە لەو دەمەوەی کە ئیلخانی مەغۆل (غازان مەحموود) بووە موسڵمان، لەگەڵ مەغۆلدا هاوکارییان دەکرد، لە ماوەی دووەمین چارەکی سەدەی چواردەی زاییندا، بنەماڵەی ئێلخانی[37] مەغۆل بە هۆی ململانێی نێو خۆیانەوە بێهێز بوون و دەسەلاّت کەوتە دەست ئەمیرانی مەغۆلەوە کە لە هەموویان گرنگتر (حەسەنی مەزن) و(ئەمیر چۆپان) بوون. لە ساڵی 1349دا بنەماڵەی ئێلخانەکان تەفروتونابوون. پاش ئەوەی ئەمیر حەسەنی چۆپان حکومەتێکی لە ئازەربایجاندا پێکەوە نابوو بە دەستی قپچاق

[37] بنەماڵەی ئێلخانی مەغۆلی لە نێوان ساڵانی (1256–1336) دا بەسەر ئێراندا فەرمانڕەواییان کرد.(و)

خانی مەغۆل (كە یەكێك بوو لە مەغۆلەكانی روسیا)كوژرا. شێخ ئادەمی جەلایری لە پاش یاخیبوونێكی كورت تەوریزی خستە سەر قەڵەمڕەوی موڵكەكانی خۆی، لەپاش ئەویش، (ئوەیسی حسێن) دەسەڵاتی گرتە دەست ولە پاش مەرگی (ئەمیر حسێن سەدر) یش لە ساڵی 1382دا قەڵەمڕەوی جەلایرییەكان[38] لە نێوان هەردوو برا سوڵتان ئەحمەد و بایەزید دا دابەشكرا و ناوچە كورد نشینەكان درایە دەست بایەزید.

لەم بارودۆخەدا تیرەیەكی توركمان كە بە (قەرەقۆینلو)[39]ناسراون، حكومەتێكیان لە كوردستاندا دامەزراند و سنووری دەسەڵاتیان تا ناوچەكانی گۆمی ورمێ پەلی هاویشت، سەرەنجام تەوریزو بەغدادیشیان خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆیان . تیرەیەكی توركمانی دیكە كە (ئاق قۆینلو)ن[40] پاشەكشێیان بە هێزی قەرە قۆینلو كرد و عێراق وئازەربایجان و كوردستانیشیان خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆیان.

پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ كە لە رۆژگاری هێرش و داگیركاری

---

[38] –جەلایرییەكان: بنەماڵەیەكی مەغۆل بوون. حەسەنی مەزن (شێخ حەسەنی جەلایری) دامەزرێنەری بوو، لە نێوان ساڵانی (1339–1411)دا لە عێراقدا فەرمانڕەواییان دەكرد، بەغدایان كردە پایتەختی خۆیان و سنوری دەسەڵاتیان تا ئازەربایجان بەرین دەبۆوە. بنەماڵەی قەرەقۆینلو تەفروتونای كردن. (و)

[39] –قەرە قۆینلو: (مەڕی ڕەش) بنەماڵەیەكی توركمان بوون لە نێوان ساڵانی (1375–1468) بەسەر بەشێك لە ئێران و ئاسیای ناوەڕاست و ئازەربایجان و كوردستاندا فەرمانڕەواییان كرد، لەلایەن هێزەكانی (ئاق قۆینلو)ەوە تێكشكان. (و)

[40] –ئاق قۆینلو: (مەڕی سپی) بنەماڵەیەكی دیكەی توركمان بوون، لە پاش لەشكر كێشی مەغۆلەكان ناوچەی نێوان دیار بەكر و فوراتیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، پاشان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (قەرە قۆینلو)یان خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆیان، دەسەڵاتیان لەسەدەی چواردەوە تا 1502ز، درێژەی كێشا، لەم ساڵەدا لە لایەن سەفەوییەكانەوە لەناوبران. (و)

سەلجوقییەکانەوە لە ساڵی 1055دا تا هەرەسهێنانی حوکمی عەباسییەکان، پێکڕای ئەم میرنشینانە لەژێر دەسەڵاتی میرەکانی تورکدا بوون و لەڕێگای جەنگاوەرانی خۆیانەوە فەرمانڕەواییان بەسەر خەڵکیدا دەکرد، ئەم کارەیان بە ناوی خەلافەتەوە بەڕێوە دەبرد. ئەم میرانە زمانی فارسی و عەرەبی فێرببوون و لە کاروباری بەڕێوەبردنی مەملەکەتی خۆیاندا بە کاریان دەهێنان، بەڵام لە پاش هێرشی مەغۆلەکانەوە زاری جەغتائی بووە زاری سیاسەت و حوکم کردن.

بنەماڵەی ئاق قۆینلو لەسەردەمی (ئۆزۆن حەسەن) دا بە ترۆپکی هێز و دەسەڵاتی خۆیان گەیشتن، ئەم میرە کیژی ئیمپراتۆری بێزەنتی مارەکرد کە (مارتا)ی ناوبوو (دواتر بە حەلیمە ناوبرا)، پاشان کیژی ئەم خانمە لە سوڵتان حەیدەری سەفەوی مارە دەبڕێ و دەبێتە دایکی شا ئیسماعیلی سەفەوی کە بنەماڵەی سەفەوییەکانی[41] لە ئێراندا دامەزران.

لە کۆتایی سەدەی چواردەی زایینیدا، داگیرکەرێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە پەیدا بوو کە سەرتاسەری ئێرانی خستە بەرهێرش و پەلاماردان ئەویش ئەمیر تەیموری گورگانی بوو. ئەمیر تەیمور پاش داگیرکردنی ماردین و دیاربەکر، دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا گرت. لەراستیدا کوردەکان لەم هێرش و پەلامارەدا کەمتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زیانیان لێکەوت، لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا زۆربەیان دەوارنشین بوون و لە کوێستانە دوور دەست و

---

[41] —سەفەوییەکان: لە بنەڕەتدا بە ناوی شێخ سەفەدین ئەردەبیلی باپیرە گەورەیانەوە ناوبران، کە پێشەوای سۆفییەکانی ئازەربایجان بوو، سەفەوییەکان کۆتاییان بە دەسەڵاتی بنەماڵە تورکمانەکان لە ئێران وعێراق دا هێنا و دەوڵەتی سەفەوییان دامەزران، تەورێزیان کردە پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی، مەزهەبی شیعەیان کردە مەزهەبی رەسمی ئێران. لە نێوان ساڵانی 1492–1735دا فەرمان ڕەواییان کرد.(و)

دەرە قایمەکاندا دەژیان، ناوچە شار نشینەکانی ئەم مەڵبەندە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرمەنی و ئاسوری نشین بوون.

لەم کاتەدا کوردەکان خاوەنی سوپایەکی تۆکمەو ڕێکخراو نەبوون، پتر لە ڕێگای شەڕی گەریلایی و زەبروەشاندن و هەڵاتنەوە پارێزگارییان لە خۆیان دەکرد.

لە ساڵی 1402دا، ئەمیر تەیمور هێرشی کردە سەر ئەنادۆڵ و شکستێکی سەختی بەسەر یڵدرم بایەزیدا هێنا. لەم هێرشەدا تەیمور سەربەخۆیی بۆ حەوت میرنشینی بە ناوبانگی تورک (لەکۆی نۆ میرنشین کە بایەزید خستبویە سەر موڵکەکانی خۆی) نوێ کردەوە.

پاش ماوەیەکی کەم تەیمور گەڕایەوە بۆ ئەوبەری ڕوبار[42]، لە ساڵی 1405دا لە شاری ئەترار دا لە کاتێکدا کە سەرگەرمی داگیرکردنی چین بوو وەفاتی کرد. جێنشینەکانی ئەو بۆ ماوەیەك لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و تورکستاندا حوکمڕانییان کرد و سەرەنجام بە دەستی ئەمیرەکانی شەیبانی کە لە دەشتەکانی سیبریاوە هاتبوون تەفروتوناکران و شا ئیسماعیلی سەفەویش (محەمەد زوهیر ئەبن بابر)ی لە تورکستاندا دەرپەڕاندو ناوبراو لە ناوچەکانی ئەفغانستان و کابولدا بنەماڵەی تەیموری وئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هندی دامەزران. واتە پاش ماوەیەك هندیشی خستە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی.

ئەو سەرزەمینەی کە ئەو کات بە کوردستان بە ناوبانگ بوو، بەشێکی بە جزیرێ ناودەبراو بەشێکی دیکەشی بە ئەردەڵان.

هێندێك جار لە ژێر حوکمڕانی جەلایرییەکان و سەردەمێکیش لەژێر دەسەڵاتی ئاق قۆینلو و جاروباریش لەژێر حوکمڕانی تەرە قۆیونلوەکاندا بوو.

---

[42] ـمەبەست لە ئەوبەری ڕوباری جەیحونە (ئاموداریا) لە ئاسیای ناوەڕاستدا کە سەمەرقەندو بوخارا و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئۆزبەکستان دەگرێتەوە.(و)

ئەم بنەماڵانە خۆیان بە ئێرانی ناو دەبرد. كوردەكانیش ئەوكات خۆیان بە ئێرانی دادەنا، هەرچەند لە نێو خۆیاندا یەكنەبوون و بەسەر چەند میرنشینێكدا دابەش ببوون.

لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی شا ئیسماعیلی سەفەویدا كۆتایی بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی (جەلایر وئاق قۆینلو وقەرە قۆینلو) هێنرا و بنەماڵەیەكی نوێ هاتە سەركار.

لەم كاتەدا كوردەكان خۆیان بە ئێرانی ناو دەبردو وەك هەموو گەلانی دیكەی ئێرانی، خۆیان لە چارەنوسی خاكی ئێراندا بە هاوبەش و بەشدار دەزانی و ڕێزیان لە كولتور و ئەدەبیاتی فارسی دەگرت. پاش بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی سەفەوی، سەرپێچی كردن بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران لە نێو كوردەكاندا سەریهەڵدا. هۆی ئەم یاخیگەریە ڕوون و ئاشكرایە ، چونكە شا ئیسماعیلی سەفەوی كە بە خۆی لە بنەماڵەی سادات و ئەولادی ئیمام موسای كازم بوو، مەزهەبی شیعەی (كە لەو دەمەدا لە ئێراندا كەمینەبوو) بەسەر هەموو ئەو ئێرانیانەی دیكەدا زاڵ كرد كە پەیڕەوی مەزهەبە جیاوازەكانی بوون، كوردەكانیش كە زۆر بەیان سونی مەزهەب بوون، دەرهەق بە ئێران هەستیان بە نامۆیی و بێگانەیی كردو كەوتنە داوێنی سوڵتانەكانی عوسمانییەوە[43].

---

[43] عوسمانییەكان: بنەماڵەیەكی تورك بوون، دەوڵەتەكەیان بە ناوی (عوسمانی كوڕی توغرل)ەوە ناوبراوە كەیەكەم ڕابەری گەورەیان بوو، بەرەچەڵەك دەچنەوە سەربیابان نشینەكانی ئاسیای ناوەڕاست، پاش ئەوەی هاتنە سەر ئایینی ئیسلام، هێزێكی گەورەیان پێكەوەناو هێرشیان كردە سەر ئەنا دۆڵۆ، لە نێوان ساڵانی (1326-1516) میرنشینیان پێكهێناو لە (1516-1924)دا دەوڵەتی خەلافەتیان دامەزران. لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەكەمدا (1520-1566)دا دەوڵەتی عوسمانی گەشتە ترۆپكی دەسەڵاتی خۆی لە ڕووی سیستەمی ئیدارە و هێزی سوپاوە، سوڵتان سەلیم شاری بلگراد و وڵاتی هەنگاریای داگیركرد، ئابلۆقەی ڤێنای پایتەختی نەمسای دا ولە باشوری ئەڵمانیاشدا پێشڕەوی كرد، كوردستان و بەشێك لە ئێران و بەغداشی

پاش تێکشکانی تورکانی ئاق قۆینلو لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە، کە لەگەڵ یەکدیدا لە پێناو دەست بەسەراگرتنی میرنشینی (قەرەجان)دا لە جەنگ و ململانێدا بوون، تورکانی ئاق قۆینلو ڕوەو ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان پاشەکشێیان کرد.

لەسەردەمی بایەزیدی دووەمی جێنشین و کوڕی (محەمەد فاتح) دا سنووری دەسەلاتی عوسمانی لە دەوروبەری قەلەمڕەوی خاکی ئێران نزیک بۆوە کە پاشتر بنەماڵەی سەفەوی تیادا دامەزرا.

شا ئیسماعیلی سەفەوی دەیویست پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبێ، بەڵام بایەزید لەگەڵ نوێنەرانی ئەودا کە بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە بایەزید چووبوونە ئەستەنبوڵ بە سوکایەتییەوە ڕەفتاری لەگەڵ کردن و بایەخی پێنەدان. بەدوای ئەم ڕووداوەدا تۆوی جەنگ وکینە ودوژمنایەتی لە نێوان دوو دەوڵەتدا چێنرا.

سوڵتان بایەزید بە هۆی ئەو هێرش و جەنگانەی کە لەگەڵ پاشاکانی ئەوروپادا هەیبوو، سەبارەت بە داگیرکردنی ناوچەکانی کوردستان و ئەرمەنستان هێندە بە ئارەزوو نەبوو، کە ئەو کات چرای بنەماڵەی ئاق قۆینلو لە وێدا ڕووی لە خامۆشیو کوژانەوە دەکرد. پاش ئەو سوڵتان سەلیمی کوڕی بڕیاریدا سنوورەکانی قەلەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی نە تەنها لە ئەوروپادا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتو باشوریشدا بەرفراوان بکاتەوە. لە پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەی پڕ لە هەڕەشە و دوژمنانە لەگەڵ شا ئیسماعیلدا، سوڵتان سەلیم بڕیاریدا بەرەو ڕۆژهەڵات ببزوێ، پاش تێکشکانی تیرە پەرت و بڵاوەکانی کورد، لە سوپای ئێرانییەکان نزیک بوەوەو لە پێدەشتی چاڵدێراندا

لە ئێران و بەغداشی داگیرکرد، قەلەمڕەوی دەسەلاتی عوسمانییەکان گەلێك فراوان بوو، چەندین سەدە سوڵتانەکانی عوسمانی فەرمانڕەواییان بەسەر بەشێك لە ئاسیاو باکوری ئەفەریقا و ناوچەی بالکان دا، کرد.(و)

شکستێکی سەختی بەسەر شا ئیسماعیلدا هێنا. ئەم تێکشکانە پتر بە هۆی هەڵەی شا ئیسماعیلەوە بوو، کە لە بری ئەوەی سەربازانی لەشکرەکەی لە ناوچە بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی چاڵدێراندا جێگیر بکات ئەوانی بۆ نێو دەشتەکان ڕاپێچ کرد. پاش ئەم تێکشکانە بارودۆخی کوردەکان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات، زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی کورد بە بەڵێنەکانی سوڵتانی عوسمانی لەخشتەبران، ولایەنی هاوەڵانی سونی مەزهەبی خۆیان گرت.

مەلەکشا ئەمیر حەسەن دووبارە دەستی گرتەوە بەسەر (سرت)دا کەلەلایەن ئێرانییەکانەوە لەوێدا دەرپەڕێندرا بوو، ئەحمەد بەگ لە (میافارقین)، محەمەد بەگ لە (ساسۆن)، قاسم بەگ لە (ئاجیل)، جەمشید بەگ لە (پاتو)دا، خۆیان دایە پاڵ تورکەکان، و گەشتنە سەر سنووری حکومەتی ناوچەکانی موسڵ و جزیریٚ وئەربیل. بەمجۆرە 25کەسایەتی لە سەرۆك هۆزە سەرەکییەکانی کورد چوونە پاڵ تورکە عوسمانییەکانەوە وسەرتاسەری ناوچەکانی ئەربیل و کوێستانەکانی زاگرۆس و موسڵ و دیاربەکر بەیەکجارەکی لە ئێران جیابوونەوە. مەسەلەی سنوورەکان هەمیشە ڕوو لە گۆڕان بوو. هەرچەند لە ڕۆژگاری شا طهماسب وشاعەباسدا ئێرانییەکان بۆ ماوەیەك تا ناوچەکانی موسڵیان بەدەستەوەبوو. بەڵام لەپاش جەنگی نێوان سوڵتان مورادو شاسەفی لە ساڵانی (1633–1640)دا تەواوی ئەم ناوچانە بوون بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەم کاتەوە تا ئێستا ئەم سنوورانە تا ڕادەیەك وەکو خۆی ماوەتەوە. لەم شەڕوکێشانە دا کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی لایەنی تورکیان گرت، جگە لە کوردستانی باشور، کە دەسەڵاتدارانی ئەو مەڵبەندە کوردە بەشێوەیەکی هەلپەرستانە هەندێك جار ملیان بۆ ئێران کەچ دەکرد و هەندێك جاریش بۆ عوسمانییەکان.

جەنگ و دوژمنایەتی بەردەوامی نێوان ئێران و عوسمانییەکان وبەشداری کاریگەری کوردان لەم جەنگانەدا ورده ورده سەرنجی ئەوانی بۆ گرنگی

سیاسی خۆیان ڕاکێش کرد و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا بە جۆرێك بوو کە پێئەچیٚ تابە ئەمڕۆش بە میرات مابێتەوەو کاری پێبکرێت. بەم شێوەیە کە هەرکات جەورو ستەمی هەریەك لەدوو دەوڵەتی ئێران یا عوسمانی بە مەبەستی باج سەندن لە ڕادەبەدەر ناڕەوا بوایە، ئەوان یاخی دەبوون و ئەگەر بەڕێکەوت سەر کەوتنێکیان وەدەستبهێنایە تێدەکۆشان بە باشترین شێوە سوود لەم سەرکەوتنەیان وەرگرن و چەند مافێکی تری پیٚدەستەبەر بکەن.لەکاتی تێکشکانیشدا لە سنوورە نەپارێزراوو بیٚ چاودێرییەکانی یەکێك لەو دوو دەوڵەتە دەپەڕینەوەو لە نێو ئێلە کوردە کۆچەرەکانی دەوڵەتەکەی دیکە دا نیشتەجیٚ دەبوون، تا هەلێکی هەمواریان بۆ دەڕەخسا.

ڕاڤەو شیکاری ژیان و گوزەرانی ئەوکاتی کوردەکان لە کتێبی (شەرەفنامە)ی میر شەرەفخانی بەتلیسی‌دا باسکراوە کە لەساڵی 1596دا بە فارسی نوسراوە.

لەو ڕۆژگارەدا کوردستان بەسەر چەند میرنشینێکدا دابەش ببوو، دانیشتوانی ئەم میرنشینانە لە شارو گوندەکان و هۆزە کوردەکانی هاوسیٚی ئەوان پێکدەهات، لە هەندێك گوندیشدا خێزانە کورد و مەسیحییەکان لە پالٚ یەکدا دەژیان. سەرۆك هۆزەکان کە بە (دەرەبەگ)یا (خوانین) ناودەبران، خاوەنی گوند و ناوچە کشتوکاڵییەکان بوون. وەرزێرو ڕەنجبەرانی کوردیش لە خزمەت ئەواندا کاریان دەکرد و هەلومەرجی کشتوکاڵی و دەرەبەگایەتی وەك ڕۆژگاری بارۆن ومیرەکانی ئەورووپای چەرخەکانی ناوەڕاست وابوو، سەرۆکە گەورەکان، سەرۆکە بچووکترەکانیان لەژێر فەرماندا بوو، ئەو هەلومەرجەی ئەوان لە کۆنفیدراسیۆنێك دەچوو کە لەسەرۆك هۆزە بچوکترەکان پێکدەهات، وەك چەرخی ناوەڕاستی ئەورووپا وابوو. بەمجۆرە ئۆرگانی سیاسی ئەم تیرە و هۆزانە پتر کارکردی فیودالی بوو.

هەم لە تورکیا وهەم لە ئێرانیشدا سەرۆکی هەمیشەیی تیرە و هۆزەکان (سەرۆکایەتی بنەماڵە بە شێوەی میراتی) یەك بە دوای یەکدا لە ناوچوون و سەرۆکەکانی ئەوان لەلایەن دەوڵەتەوە دادەنرا. بە گوێرەی مێژووی شەرەفنامە بنەماڵەی میرەکانی کورد بریتی بوون لە:

1-میرەکانی جزیری کە خۆیان بەنەوەی خەلیفەکانی ئەمەوی دەزانی (دیارە ئەم مەسەلەیە لەو ڕۆژگارەدا جۆرێك بوو لە خۆ هەڵکێشان کە ئەمیرەکان و خەڵکی دیکە خۆیان بە عەرەب بزانن و شانازی بەم مەسەلەیە وە بکەن و تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەش شەجەرەی بنەماڵەیی ساختەیشیان بۆ خۆیان دروست دەکرد).

2-میرەکانی دەڤەری موش وئیسبرد کە لە ناوچەی (هینس)ەوە هاتبوون.

3-میرەکانی شیروان لە نزیکی بۆتان وسیرت. کە لە نەوەکانی بنەماڵەی ئەیوبی کورد بوون.

4-کوردەکانی روزاجی لە ناوچەکانی عەرەب تفلیس و ساسۆندا، لە میرەکانی گورجستان بوون. پاشان دووبرا کە خۆیان بە نەوەی بنەماڵەی ساسانی ناودەبرد لە ناوچەی ئەخلاتدا دەسەڵاتیان گرتە دەست. بە دلیس و ساسۆنیان داگیرکرد. لەکاتی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی سەلجوقی وئاق قۆینلو تا سەردەمی شا ئیسماعیل، هەژدە کەس لە میرەکانی ئەم بنەماڵەیە حوکمڕانییان کرد و کاتێك کە سوڵتان سلێمانی یەکەم دەیویست ئەم ناوچەیە بکات بە پاشکۆی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەژدەهەمین ئەمیری ئەوان شەمسەدین بەتلیسی پەنای بردە بەر ئێران (دووەم شازادەی پەنابەرە لای بنەماڵەی سەفەوی، لە پاش ئەمیر همایۆنشای هند)، شەرەفەدین خانی بەتلیسی کوڕی ئەوە، کە مێژوونوسی شەرەفنامەیە.

5-ئەمیرەکانی ساسۆن کە خۆیان بەنەوەی عیزەدین شێرکۆ دەزانی و فەرمانڕەواییان بەسەر هۆزەکانی شیراوی، بابوسی،ساسۆنی و تا موکیدا

دەکرد، سەرەنجام چوونە پاڵ میرەکانی (روزاگی)ەوە.

6-میرەکانی سویدی کە خۆیان بە نەوەی بەرمەکییەکان (وەزیرە ئێرانییەکانی هارونە رەشید) دەزانی.

7-ئەمیرانی پازوکی کە دابەش ببوون بە دوو تیرەی، خالید بەگلو و چاکربەگلو داو، خۆیان دابووە پاڵ میرەکانی بەدلیسەوە، و لە ڕۆژگاری سەڵتەنەتی شاتەهماسبی یەکەمدا سەر بەئێران بوون.

8-ئەمیرانی مەردانی کە خۆیان بە نەوەی خەلیفەکانی عەباسی دەزانی.

9-ئەمیرانی چمشگزك.

10-ئەمیرانی حەسەن کیفە خۆیان بە پاشماوەی بنەماڵەی ئەیوبی دەزانی، کاتێك ئاق قۆینلو ناوچەکەی داگیرکرد. ئەمیر حەسەنی کیفە کە ئەمیر مەلەك خالید ناوێك بوو بۆ ماوەیەك پەنای بردە بەر (حەما) و پاشان بڕیاری گەڕانەوەی دا و تا بە دەسەڵات گەیشتنی عوسمانییەکان ئەم ناوچەیەی بەدەستەوە بوو.

11-ئەمیرانی سلێمانییە کە خۆیان بە نەوەی بنەماڵەی ئەمەوی دەزانی. ناوچەی خوخ تا دەوروبەری دیجلەیان بە دەستەوە بوو.

12-ئەمیرانی ئەرزاقی کە لەسورياوە هاتبوون و عەرەبی عەلەوی (مەزهەبێکی سەر بە عەلی ئیلاهی) بوون، پاشان بوونە تورکمان و چوونە نێو ئاق قۆینلووەکانەوە.

13-ئەمیرانی کیلیس کە لە دەستو پێوەندەکانی دەرباری ئەیوبی بوون و چوونە ناوچەی ئەنتاکیا و بەشێوەی دەوارنشینی ژیانیان دەگوزەران.

14-لەنێوان ناوچەی جزیرێ وکۆیەدا. لەیەکەمین میرەکانی هەکاری بە گوێرەی شەرەفنامە، ناوی ئەمیر عێزەدین شێر براوە کە لە بەرامبەر ئەمیر تەیموردا بەرگری لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی کرد.

15-ناوچەی مەحمودی لە باکوری هەکاری. لەم ناوچەیەدا لەسەرەتادا

ئێزیدییەکان و پاشان مەروانییەکان لە نێوان ساڵانی (1378–1469)دا فەرمانڕەواییان کرد.

16–تایفەی دنبلی کە زێدی ئەسڵی ئەوان ناوچەی بۆتانە. پاشان لە ناوچەی زۆر ئاباد لە باکوری ڕۆژئاوای (خوی) دا نیشتەجێ بوون. ئەم خێڵە بەسەر بەشێك لە ناوچەی شەمزینانیشدا فەرمانڕەواییان کرد، پاشان ناوچەی (خوی) لەلایەن شاتەهماسبی سەفەوییەوە بەوان سپێردرا، لەسەردەمی شاسلێمانیشدا ناوچەی باجەری لە ڕۆژئاوای ورمێ خرایە سەر قەڵەمڕەوی ئەوان (ئێستا ئەم تایفەیە ناوی نەماوە).

17–سەرانی برادۆست. کە لە کوردانی گۆران و نەوەی حەسنەوی بوون (959–1015)، تیرەیەك لەم خێڵە لە سۆمای (ڕۆژئاوای ورمێ) دا و تیرەیەکی دیکەشیان لە تراگۆرۆ دا قەڵادار و حوکمڕان بوون (ناودارترین میری ئەوان ئەمیر خانی یەك دەست (خانی لەپ زێڕین)ە کە جەنگی قەڵای دمدمی ئەو بەناوبانگ و دیرۆکییە).

18–ئەستینیەکان کە لە سەرەتا دا لە ناوچەی شەمزیناندا نیشتەجێبوون و پاشان لە ناوچەی مسکونی هەرکیدا جێگیربوون.

19–زرزا.

20–ترزا لە باشوری ناوچەی هەکاری.

21–لە ناوچەی ئامێدیدا لە پاڵ یەکێك لەقەڵا کۆنەکانی ئەتابەك عمادەدینی زەنگیدا کە دامەزرێنەری ئەتابەکانی موسڵ بوو (1127–1262)، شاری ئامێدی دروست کرا.

22–تاسینی یا(داسنی)، یەکێك لە هۆزە گەورەکانی ئێزیدی بوون لە دەورو بەری هەولێردا.

23–ناوچەی سۆران. یەکێك لە عەرەبەکانی بەغدا کە لەگەڵ دەستو پێوەندەکانی خۆیدا پەنای برد بووە بەر ئەم ناوچەیە، قەڵای (وان)ی لە

ڕۆژهەڵاتی ڕەواندوز دا دروست کرد.

24-میرەکانی بابان کە چەند تایفە وتیرەیەکیان دەگرتەوە، ئەوان لە سەرەتادا لە ناوچەی زێی بچوکدا بە دەوارنشینییەوە ڕۆژگاریان دەگوزەران، بەڵام لە ساڵی 1784دا شاری (سلێمانی)یان دروست کردو تیایدا نیشتەجێبوون.

25-ئەمیرانی موکری کە لە باشوری گۆمی ورمێدا نیشتەجێبوون و لە ئەسڵدا بەشێك بوون لە تایفەی بابان.

26-ئەردەڵان. (کە بریتی بوو لە ناوچەکانی سنە، سەقز، هەورامان، ژاورود، تا سنووری شارەزوور، لە باشوری قەسری شیرینەوە، تا سنوری کرماشان، لە ڕۆژهەڵاتەوە کلیائی، ئەسنفدئاباد، چەرداور، گرویس) پاشان ئەم ناوچەیە بە ناوی کوردستانەوە ناوبراوە و لە قەڵەمڕەوی ئێراندایە وتێکڕای دانیشتوانی کوردن، گەلێك لەو هۆزە کوردانەی گرتۆتەوە کە لە مێژەوە لەم مەڵبەندەدا نیشتەجێبوون، لە حەوت سەد ساڵ لەمەوبەرەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە میرەکانی ئەردەڵان بە شێوەی میراتی و پشتاوپشت حوکمڕان بوون.

27-ئێڵی گەڵباخی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی تورکانی (الناجیو) دابوون (بە پێی دیرۆکی کورد ئەم ئێلە لە ڕۆژگاری کۆندا گەلێك مەزن بوون و ماڵ وحاڵی ئەوان بە نزیکەی پەنجا هەزار ڕەشماڵ مەزەندە دەکراو لە نێوان ناوچەی باکوری سنە و دەوروبەری قەسری شیرین و شارەزووردا کوێستان و گەرمیانیان دەکرد).

28- کەڵهوڕ. (لەسەردەمی ڕەزاشاوە بە باوندپور ناوبراون) ئەم خێڵە بە گوێرەی شەرەفنامە، خۆیان بەوەچەی گودرزی کوڕی گیو قارەمانی ئەفسانەیی (شاهنامە) دەزانن (هەروەها بە پێی ئەو سەرچاوەیە سەر حەڵقەی ئاشقان فەرهادی قوڵنگ وەشێنی کێوهەڵکەن سەر بەم خێڵە بووە)، لە نێوان کرماشان و خانەقیندا بەدەوارنشینی ژیانیان دەگوزەران.

لە کتێبی شەرەفنامەدا زۆر باس لە کوردەکانی ئێران نەکراوە (لە بەشەکانی داهاتوودا باس لەوان دەکرێ).

بۆ ڕێگرتن و بەربەست دانان لەبەردەم هێرشی ئۆزبەك و هۆزە تورکەکانی ئەوبەری ڕوباردا، شا عەباسی یەکەم[44] چەند هۆزێکی کوردی ناوچەی ئەردەڵانی بەرەو خۆراسان ڕاگواست. ئەم هۆزانە لە ناوچە کوێستانیەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی خۆراسان و دەشتەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا نیشتەجێ کران. ئەوان هەنوکە گشت پەیوەندییەکی خۆیان بە خاکی کوردستانی دایکیانەوە لە دەستداوە و بوون بە شیعە و گەلێك ووشەو زاراوەی تورکی و ئۆزبەکیش تێکەڵ بە زمانی ئەوان بووە.

بە درێژایی مێژوو کوردەکان هەمیشە خەڵکێکی بەدین و باوەڕدار و تاکخواز بوون و گەلێك حەزیان بە تێفکرین لە کاروباری ئایینی وتەسەوف و عیرفانی بووە. هەرچەند زۆربەی هەرە زۆریان سونی شافعی مەزهەب بوون وهەن، بەڵام دامەزرێنەری چەندین تەریقەتی سۆفیگەریشن کە دوا تەریقەتی مەزهەبی ئەوان بارزانییەکانە لە لایەن شێخ ئەحمەدی بارزانی برای مەلا مستەفاوە دامەزراوە. هەر بەمجۆرە بوو کە یەکێك لە کوردەکان بە ناوی مەلیك ئەحمەد پاشاوەکە لە لایەن سوڵتان مورادی چوارەمەوە لە ساڵی 1638 دا کرا بووە فەرمانداری دیاربەکر، یەکێك لە شێخە کوردەکانی بە ناوی شێخ

---

[44] شاعەباسی یەکەم (1585–1626) یەکەم کاری شاعەباس لە کاتی هاتنە سەرکاریدا لەناوبردنی سەردارانی سەرکەشی ناوخۆ بوو، 15 هەزار کوردی ڕاگواست و لە کێوەکانی قەرەتەپەی خۆراساندا نیشتەجێی کردن، تا پارێزگاری لە سنورەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێرانیان پێبکات، شاعەباس لە کۆتایی تەمەنیدا لە کوڕەکانی بەد گومان بوو، سەفیمیرزای کوڕەگەورەی کوشت، چاوی هەموو کوڕەکانی دیکەی کوێر کرد، لە پاش خۆی سام میرزای کوڕەزای بووە جێنشینی. (و)

محەمەدەوە ڕاسپارد تا بانگەشەی مەهدی بوون بکات و خەڵکێکی زۆریشی لە دەور کۆبۆوە. تا ئەم ئاشوبە لە لایەن والی موسڵەوە دامرکایەوە و مەهدی ساختەش دەستگیر کرا.

لە ساڵی 1719 دا ئەفغانییەکان هەمەدانیان گەمارۆدا، بەڵام یەکێك لە سەرۆکەکانی کورد کە (فندون) ناوێك بوو بە سوپایەکەوە، بەمەبەستی جەنگ لەگەڵ لەشکری محەمەد ئەفغاندا ڕووی کردە هەمەدان، بەڵام ناچار بە پاشەکشێکراو چووەپاڵ تورکەکان.

لەساڵی 1726دا، دووەم داگیرکەری ئەفغان (ئەشرەف) توانی لە ئازەربایجاندا تورکانی عوسمانی تێکبشکێنێ کە لەژێر فەرماندەیی دوو میری کوردی ئەیوبیدا بوون بە ناوی حەسەن پاشاو ئەحمەد پاشاوە. ئەم تێکشکانە لە ئاکامی خیانەتکاری میرێکی کوردا بوو کە لە لایەن ئەفغانەکانەوە دەمچەور کرابوو.

لەساڵی 1726دا لەشکری تورك دەستدرێژییەکی نوێیان کردە سەر سنوورەکانی ئێران. لەم کاتەدا ئەشرەف بە هۆی هەڕەشەکانی شاتەهماسبەوە کەوتبووە مەترسییەوە، بەناچار پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکاندا مۆرکرد.بەپێی ئەم پەیماننامەیە هەموو ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان و هەمەدان بە هاوبەشی بەڕێوە دەبران.

سەرهەڵدانی نادر[45] و شەڕەکانی ئەو لەگەڵ ئەفغانییەکاندا کە بووە هۆی

---

[45] _نادر شا (نادر قلی ئەفشار)، (1688–1747). سەر بە تیرەیەکی ئێلی ئەفشار بوو، فەرماندەی سوپای شاتەهماسب بوو پاشان شاتەهماسبی لە کارخست و شاعەباسی سێهەمی کوڕی تەهماسبی کردە پاشا، کە منداڵێکی شیرە خۆرەبوو، لە 1735 بە خۆی بووە شای ئێران و هەموو دوژمنایناوخۆ و دەرەوەی تێکشکان، ماوەی حوکمڕانی نادر گۆشاوگۆشە لەشەڕو کوشتار و خوێنڕێژی تەنانەت چاوی کوڕە جێنشینەکەی خۆشی کوێر کرد، سەرەنجام بەدەستی فەرماندەسەربازییەکانی خۆی کوژرا. (و)

دەرپەڕاندنی ئەوان و مۆڵەت نەدان بە جێپێ قایمکردنی عوسمانییەکان لە ئێراندا ، نادر بە خۆی بەغداشی داگیرکرد و گشت خاکە زەوتکراوەکانی لە چنگی ئەوان هێنایەدەر.

لەم نێوەدا هەندێك لە کوردەکان لایەنی ئێران و هێندێکیشیان لایەنی عوسمانییەکانیان دەگرت. تالە کۆتاییدا پەیمانی ئاشتی لە نێوان دوو دەوڵەتدا مۆرکراو سنووری نێوان دوو دەوڵەت بە پێی ڕێکەوتننامەی 1636 دیاری کرانەوە.

لە پاش مەرگی نادر شا و برازاکانی (کە بۆ ماوەیەك ببونە جێنشینی ئەو) تایفەی (زەند) کە بە کورد دا ئەنرێ نزیکەی 44 ساڵ بەسەر بەشێکی فراوانی ئێراندا حکومەتیان کرد.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەی زایینیدا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە هۆی جەنگەوە لەگەڵ ڕوسیادا، ڕووی لە بێهێزی کرد. ئێرانیش کە لە مێژ بوو بە هۆی مەرگی نادرشاوە تووشی پشێوی ولاوازی ببوو، ئاغا محەمەد خانی قاجار[46] بووە شای ئێران . لەم بارودۆخ وهەلومەرجەدا، زۆربەی میرەکانی کورد لە دەوڵەتی تورکیا ناڕازی بوون و پاڵیان دا بە ئێرانەوە.

ئاغا محەمەد خان لە ساڵی 1798دا لە کاتی گەمارۆ دانی قەڵای شوشدا بەدەستی نۆکەرەکانی خۆی کوژرا. باباخانی برازای، بەناوی فەتحعەلی شاوە سەڵتەنەتی گرتە دەست. هەر لەم ڕۆژگارەدا هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا

---

[46] –ئاغا محەمەد خانی قاجار: (1742–1797) دامەزرێنەری دەوڵەتی قاجارە، لە 1786 بووە شای ئێران، تارانی کردە پایتەختی دەوڵەتی قاجار، لەبەرئەوەی ئاغا محەمەد خان لە هەرەتی لاویدا بە هۆی شکستی ئێلەکەیەوە لەشەڕدا خەسێنرابوو، لەبەرئەوە برازاکەی بووە جێنشینی. (و)

لە لایەن روسیاوە کەوتنەبەر دەستدرێژی و پەلاماردان. تورکیا لە ساڵی 1805وە تا 1812، ئێران لە ساڵی 1804 وە تا 1813 وێڕای ئەوەش تەنانەت ئەم واقیعە تاڵەش نەیتوانی ئەم دوو دەوڵەتە لە پێناو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمنی هاوبەشیاندا یەکبخات. بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە پشێوی و نا ئارامی بە شێوەیەکی بەردەوام لە ناوچە کورد نشینەکاندا درێژەی کێشا.

4- کورتە باسێکی مێژووی کورد لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا پەیمانی سیڤەر.

لە ساڵی 1809 دا ناوچەی شارەزوور و سلێمانی، لەژێر فەرمانڕەوایی یەکێك لە میرەکانی باباندا بوو بە ناوی عەبدولرەحمان پاشاوە. کە بەهۆی نەیارییەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا پەنای بردە بەر فەتحعەلی شا، بەڵام لە ئەنجامی ڕاسپێری و بەکارهێنانی نفوزی فەتحعەلی شا لەدەرباری عوسمانیدا، دووبارە حکومەتی بابانی گرتەوە دەست. کوڕە گەورەکەی شا بە ناوی محەمەد عەلی میرزا دەولتشاوە بووە فەرماندەی ئێران لە ناوچەی کوردستاندا کە هەموو ناوچەی ئەردەلان و کرماشان و سلێمانی دەگرتەوە. ئێران لەسەر ئەم ناوچەیە لەگەڵ دەرباری عوسمانیدا لە مشتومڕو ناکۆکیدا بوو (لە کۆتایدا ئەم ناوچەیە وێڕای داگیرکاری محەمەد عەلی میرزاش خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی).

بە هۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پاشای بەغداوە بەرامبەر بە عەبدولڕەحمان پاشا کە هێشتا پڕ لە کینەو دوژمنایەتی بوو، ناوبراو جارێکی تر پەنای بردەوە بەر دەرباری ئێران. لەم کاتەدا سلێمان پاشای زاوای پاشای بەغدا بە لەشکرێکی سی هەزار نەفەرییەوە بە مەبەستی سەرکوتکردنی عەبدولڕەحمان پاشا کەوتەڕێ. عەبدولرەحمان پاشا بە پشتیوانی ئەو سوپایەی کە لە ئێرانەوە بە هانایەوە هاتبوون، لەشکری

عوسمانی تێکشکان. هەروەها ئێرانییەکان، لەشکری عوسمانییان لە ناوچەی بایەزید دا (ناوچەیەکە کە لە نێوان ساکور و توپراق قەڵادا) تێکشکان و لە ئاکامی ئەم تێکشکانە دا تا دەوروبەری وان و بەتلیس و شارەبانی نزیکی بەغدا کەوتە بن دەستی ئێرانییەکانەوە.

لە ساڵی 1826دا، پەیمانی ئاشتی ئەرزرۆم لە نێوان دوو دەوڵەتدا مۆرکرا، ئەم پەیمانە سنوورەکانی گەڕانەوە بۆ دۆخی ساڵی 1639و، تەنیا ناوچەی زەهاب درا بە دەوڵەتی ئێران .

دوو دەوڵەت کە خاوەنداریێتی شاری سلێمانییان لە بارودۆخێکی نا دیاردا ڕاگرتبوو. پاشتر کوێستان و گەرمیان کردنی ئێلەکانی وەلد بەگی، قوبادی، باباجانی کە لە دۆخی کۆچەریدا ژیانیان بەسەر دەبرد، هێندەی نەمابوو دووبارە ئاگری شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتدا هەڵگیرسێنێتەوە. تا لە کۆتایدا بە ناوبژیوانی دوو دەوڵەتی روس و ئینگلیز پەیمانی دووەمی ئەرزرۆم لە ساڵی1842دا مۆرکرا و شاری سلێمانی بە یەکجارەکی خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەی زەهابیش لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا دابەشکرا.

ئەو سیاسەتە ڕیفۆرم خوازانەیەی کە لەلایەن سوڵتان مەحمودی دووەمەوە (ساڵەکانی 1808–1839 دەگرێتەوە) بە ئامانجی داسەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی و بێهێزکردنی دەسەڵاتی میرە ناوخۆییەکان وەگەڕخرابوو، بووە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەك ناڕەزایی لە نێو سەرانی هۆزە کوردەکاندا. پاش تێکشکانی هێزی عوسمانی لە ساڵی 1832 دا لە ناوچەی حەلەب وحمص دا، سەرکردە کوردەکانی وەك ئەمیر بەدرخان[47]، سەعید بەگ،

---

[47] –ئەمیر بەدر خان(1802–1868) لە جزیریێ پایتەختی میرنشینی بۆتان هاتۆتە دنیاوە، بنەماڵەی بەدرخان بە دەسەڵاترین بنەماڵەی دەرەبەگایەتی کورد بوون،

ئیسماعیل بەگ، محەمەد پاشای ڕەواندوز[48] یەك بە دوای یەكدا یاخی بوون و شۆڕشیان وەڕێخست. محەمەد پاشای ڕەواندوز دەست و برد ناوچەکانی هەولێر و کۆیەو رانیە و ئاکرێی داگیرکرد، بەڵام بەهۆی یەکنەبوون وپەرت و بڵاوی و ڕەوینەوەی هاوکاری کردن لە نێو میرو سەرانی کوردا، کە هەر یەکە و بۆ بەرژەوەندی خۆی دەجەنگا، هێشتا ویست وداخوازی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە لەلای ئەوان سەریهەڵنەدا بوو. لە ساڵی 1835 دا محەمەدپاشای ڕەواندوز بە سەختی لەلایەن ڕەشید پاشاوە تێکشکا و بە یاوەری 50کەس لە سەرۆك هۆزە ناودرەکان کە لە شۆڕشدا بەشداربوون، وەك بارمتە گواسترانەوە بۆ ئەستەنبول. ئەمیر بەدرخان کە فەرمانڕەوای بۆتان بوو، کۆنفدراسیۆنێکی لە سەرۆك هۆزەکان پێکهێناو بۆ ماوەیەك بەسەر ناوچەکانی دیاربەکر، سیورك ، ویران شار، سیرت، سلێمانی و تەنانەت لە سابلاغ

بەدرخان بە دوای مردنی باوکیدا لە 1821دا بووە جێنشینی، لە 1840دا ناوچەی نێوان وان ودیار بەکروموسڵی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و ڕووبەڕووی تورکە عوسمانییەکان بۆوە، بەڵام پاشان تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و مەسیحییەکان و لابەردانی یەزدانشێری فەرماندەی بەشی ڕۆژهەڵاتی هێزەکانی کورد بۆ تورکەکان، تێکشکانی بەدرخانی بە دواوە بوو، بەدرخان دوور خرایەوە بۆ کریت و پاشان بۆ دیمشق، لە وێدا وەفاتی کرد. (و)

[48] –ممحەمەد پاشای ڕەواندوز: لە ساڵی 1813 دا بووە میری میرنشینی سۆران، سنوری ئەم میر نشینە لە جزیرەوە تا زێی بچووك بەرین دەبۆوە ، میر دیوارەکانی شاری ڕەواندوزی قایم کرد، کارخانەی دروستکردنی شمشێر و تفەنگ و گوللە و تۆپی دامەزران. گەرەکی بوو کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنی، لە 1836 دا عوسمانییەکان میرنشینەکەیان داگیرکرد، لە کاتی گەڕانەوەیدا لە ئەستەمبوڵ لە 1837 دا لە ترابزۆن دا بە دەستی نۆکەرەکانی سوڵتان کوژرا، بە (پاشای کۆرە) بە ناوبانگە، کوشتارێکی زۆری لە ئێزیدییەکان کرد. (و)

(مەهاباد)یشدا حکومڕانیتی کرد. بەلام ئەمیر بەدرخانیش بە هۆی پەرتەوازەیی هێزو تواناکانی کورد و ڕەوینەوەی پشتیوانی پێویستی هۆزە کوردەکانەوە، لەلایەن دەولەتی عوسمانییەوە تێکشکا. هەروەها (نورالله بەگ)ی ئەمیری هەکاریش هەر بەو دەردە چوو، کە چەندین سال ئاسورییەکانی ئەم ناوچەیەی قەتلوعامو تالان کردبوو. پاشان هەم (نورالله بەگ) وهەم ئەمیر بەدرخانیش دوورخرانەوە.

بەلام برازاکەی ئەمیر بەدرخان یاخیبوونێکی نوێی لە ناوچەی بۆتاندا وەڕێخست. کە لە سالی 1829دا، پاش زنجیرەیەك کاری سەربازی درێژخایەن ئەویش تێکشکا.

لە جەنگەی شەڕەکانی 1829–1853ی نێوان عوسمانییەکان و روسیادا، دەولەتی روسیا گەلێك هەولیدا کوردەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. بەلێنی ئۆتۆنۆمی پێدان و هێزێکی لە کوردەکان پێکەوەنا کە ئەفسەرانی روسی مەشقی پێدەکردن.

لە سالی 1877دا لە کاتێکدا کە سوپای روس و عوسمانی لە دەوروبەری وان و ئەرزرۆمدا لەشەڕدا بوون، کوڕانی ئەمیر بەدرخان لە ناوچەی هەکاریدا شوڕشێکی نوێیان وەڕێخستو، تەنیا پاش کۆتاییهاتنی جەنگ بوو کە دەولەتی عوسمانی توانی ئەوان تێکبشکێنێت.

بەمجۆرە شەڕ تا سالی 1937 درێژەی کێشا. کوردەکانی تورکیا بە شێوەیەکی بەردەوام پاش هەر شۆڕش و شکستێك، یاخیبوونێکی دیکەیان هەلدەگیرساندوو خوازیاری پاراستنی دەسەلاتی خۆیان بوون لە ناوچەکانی خۆیاندا، ئەو ڕۆژگارە هێشتا بیری سەربەخۆیی هەموو کوردستان (کوردانی ئێران و عوسمانی) بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوا ئەواندا سەری

هەڵنەدا بوو ، بەڵكو وادیارە بنەمای بیری سەربەخۆیی كوردستانی گەورە لەلایەن ڕوسەكانەوە، لە پاش جەنگی 1876ی دژ بە عوسمانیدا بە هێوری لە نێو میللەتی كوردا تەشەنەی كرد.

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلا (1880)

لـە سـاڵی 1880دا بـوو کـە یـەکێك لـە شـێخە کوردەکـان بـە نـاوی شـێخ عوبـەیدوڵلای نەهری‌یـەوە کەوتـە فکـری هێنانەکایـەی کوردسـتانی گـەورەو وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە ژێر چاودێری سوڵتانی عوسمانیدا.

تورکەکان لە دەسپێکی کاردا، پشتیوانیان لێکرد و کەوتنە هاندانی شێخ عوبەیدوڵلا، بەو ئومێدەی لەم ڕێگایەوە بتوانن ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا و هەموو ناوچـە کوردنشـینەکانی ئـێران بخەنــە ژێــر دەســەڵاتی خۆیانــەوە. شـێخ عوبەیدوڵلا کوڕی شێخ تەهایە و لە کوردەکانی ناوچەی ئورامارى کوردستانی تورکیایە، لـە شـێخە گـەورەکانی بنەماڵـەی تەسـەوفی نەقشـبەندی و خـاوەن مورید و پەیڕەوانێکی فراوان بوو، پاش کۆکردنـەوەی چەندین هـەزار چەکدار لـە جـەنگاوەرانی هۆزەکـانی کـورد و موریدەکـانی خـۆی. چـووە ناوچـەی سابلاغەوە (مـەهاباد). لـەم کاتـەدا گـەلێك لـە هـۆزە کوردەکـانی دیکـەی وەك باشـی، مـەنگوڕ، زرار، گوریك لـە کوردەکانی ئێران چوونـە پـاڵ ئـەم هـێزەوە، بـەمجۆرە هێزەکـەی شێخ ڕوەو میاندواو دەستیان کـرد بـە پێشـڕەوی‌و، لـەم ناوچەیەدا کەوتنە کوشتاری شیعەکان و شاری ورمێیان گەمارۆدا، لـەم کاتـەدا سێ بە تالیۆن لـە سوپای ئێران لـە ورمێدا بوو کـە بە زەحمـەت لـە بەرامبـەر هێزەکانی شێخدا بەرگرییان پێدەکرا. پاشان شێخ بە مەبەستی داگیرکردنی تەورێز ڕوە و مەراغـە پێشـڕەوی کـرد. بـەڵام لـە وێدا، لەگـەڵ هـێزی 12 هـەزار نەفـەری سوپای ئێراندا ڕووبەڕووبۆوەو جەنگێکی سەخت لـە نێوان هـەردوو لادا بەرپا بوو.

هۆزەکـانی کـورد کـە بـە ئومێـدی تـاڵان و ڕاوڕووت چووبوونـە پـاڵ شـێخ

عوبەیدوڵلاوە ئەویان بە جێهێشت و شێخ بە ناچاری ڕوەو سنورەکانی تورکیا کشایەوە. بەهۆی نارەزایی توندی دەوڵەتی ئێرانەوە، (باب عالی) شێخ عوبەیدوڵلای دەستگیر کرد و گواستیەوە بۆ ئەستەنبوڵ. پاش ماوەیەك شێخ عوبەیدوڵلا لە ئەستەنبوڵ هەڵات، بەڵام دووبارە دەستگیر کرایەوە و دوورخرایەوە بۆ (مەکە) تا لە ساڵی 1882دا لە (مەکە)دا وەفاتی کرد.

سوارەی حەمیدیە و جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918)

لە ساڵی 1891دا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876-1909) بڕیاریدا چەند یەکەیەکی سوارەی نیزامی چریکی لە ناوچەی کوردستاندا پێکبێنێت کە (تیپ ، فەوج، بەتالیۆن) بگرێتە خۆ و کەم تا زۆر لە شێوەی قەزاقەکانی روسیدا بێت، تا لەم ڕێگایەوە هۆزە نەسرەوت و سەربزێوەکان بخاتە ژێر جۆرێك لە نەزم و ڕێکخستنەوە، سەرباری ئەوەش تا جۆرە پەیوەندییەکی مەعنەوی لە نێوان خۆی و کوردەکاندا بەدیبێنێت. فەرماندەی فەوج و بەتالیۆنەکان لە نێو سەرۆك خێڵە بچوکترەکاندا هەڵبژێرا بوو، فەرماندەیی تیپەکان بەسەرۆك خێڵە گەورەکان سپێردرا بوو. ئەم ئەفسەرانە جل وبەرگی سەربازییان نە دەپۆشی مەگەر لە ڕۆژانی ڕێو ڕەسمی ڕێپێوانی سەربازی رەسمیدا، بەڵام بە پێی پلەی نیزامیان موچەیان پێدەدرا، بەمجۆرە ڕێ لە کاری دژ بە دەوڵەتی ئەوان دەگیرا.

فەوج و بە تالیۆنەکان خاوەن ئەرکانی فەرماندەیی ئاسایی بوون کە بە فەرماندەی ڕاستەقینەی ئەوان وەحساب دەهاتن. بەمجۆرە سوڵتان عەبدولحەمید چەند سەرکەوتنێکی دەستەبەرکرد وتەنانەت لە کاتی شۆڕشی (تورکە لاوەکان)دا، یەکێك لە سەرانی ئەم هۆزانە ئیبراهیم پاشاقلی (لە ناوچەی ویران شار)دا بە ناوی سوڵتانەوە دەستی گرت بەسەر شاری

(دیمەشق)دا . لە ساڵی 1908دا، لە پاش لە کارخستنی سوڵتان عەبدولحەمید وهاتنە سەرکاری ڕژێمی مەشروتەدا، دەوڵەتی نوێی تورکیا کەوتە هاندانی خێڵە عەرەبەکانی شام، کە هەمیشە لەگەڵ کوردا لە ناحەزی ودوژمنایەتیدا بوون، تا لە گەڵ ئیبراهیم پاشا دا بجەنگێن. ئیبراهیم پاشا لە ساتەوەختی کشانەوەدا کوژرا. سەبارەت بەم مەسەلەیە پێویستە ببێژین کە کوردەکان لەشەڕی کوێستانیدا بە شێوەیەکی گشتی گەریلای کارامە و لێهاتوون بەلاّم لەشەڕی دەشتدا، مێرخاسی جەنگی خۆیان لەدەست ئەدەن.

ئەز بە خۆم (نوسەر) چەندین جار ئەم سەرگوزەشتەیەم دیتووە. پاش شۆرشەکانی 1908 و 1909 ناوی سوپای حەمیدییە گۆڕا بە (عەشیرەت ئالاّی لەری) (جەنگە عەشایرییەکان). لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (1914-1918) دا، کوردەکان سەبارەت بە دەوڵەتی تورکیا دڵسۆزو ئەمەکدار بوون.

لە ئاکامی هاندانی دەوڵەتی روسیادا، ئەرمەنییەکان کە لە هاوسێی کورد و تورکە موسڵمانەکان وەڕس وناڕازی بوون، کەوتنە فکری خۆسازدان بۆ سەربەخۆبوون. هەرچەند ژمارەی ئەرمەنییەکان تەنها نزیکەی لەسەدا (سی) دانیشتوانی کوردستانیان پێکدەهێنا، بەلاّم ئەم بەشە لە کوردستان، لە ڕۆژگاری کۆندا بەشێك بوو لە حکومەتی پاشانشینی ئەرمەنستانی گەورە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هێزەکانی حەمیدیەی کورد بەهاندانی سوڵتان دەستیان کرد بە کوشتاری ئاسورییەکان، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئاسوری و ئەرمەنییەکانیش لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە نهێنی لەلایەن روسیاوە چەکدار کرابوون، ئەم ڕووداوانە شەڕوپێکدادانی چەکدارانەی نێوان دوولایەنی لێکەوتەوە. هەڵکشانی ئەم شەڕوپێکهەڵپژانە تەنانەت ئەستەنبوڵیشی گرتەوە و کۆڵهەلگری بەندەرەکان کە زۆر بەیان کورد بوون کەوتنە کوشت و بڕی مەسیحییەکان.

لە ساڵی 1914دا. لە کاتی هێرشی مەینەتباری دەوڵەتی روسیا دا بۆ سەر سنوورەکانی تورکیا، ستونەکانی لەشکری روسیا لەلایەن پێشەنگی

ئۆرگانیزمەنە کراوی ئەرمەنییەوە هەم لە ئەرمەنستانی روسیا وهەم لە ئەرمەنستانی تورکیاشدا پشتیوانیان لێدەکرا. ئەم ئەرمەنییانە لەلایەن کەسایەتییەکی خوێنڕێژو ئاژاوەگێڕەوە بە ناوی (ئەندرانیك)ەوە رابەری دەکران. بەخۆم لە ساڵی 1920دا لە پاریسدا ناوبراوم دیت کە دوو کەسی سەرتاپاچەکدار پارێزگارییان لێدەکرد و بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا وەك نوێنەری ئەرمەنستان هاتبووە ئەوێندەر. بەڵام لە پاش چەند مانگێك لەلایەن سوپای ڕێکخراوی دەوڵەتی نوێی ئەرمەنستانەوە کوژرا.

ئەم ئەرمەنییە بەکرێگیراوانە بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لەو رەفتارەی کە کوردەکان پێشتر بەرامبەر بە ئەرمەنییەکان پێی هەڵسابوون، دەستیان کرد بە تاوان و ڕەشەکوژی، لە ماوەی نێوان ساڵانی 1915–1918 دا نزیکەی 60000 کوردیان کوشت. بەمجۆرە بە خێرایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە دانیشتوانەکەی چۆڵ دەکرا. چونکە پێشتریش نزیکەی 70000 ئەرمەنی لەو ناوچانەدا کۆچڕەویان پێکرا بوو یا قەتلوعام کرا بوون. لەم کاتەدا کوردەکان بەو پەڕی مێرخاسی و دلێرییەوە، لەو جیهادەی کە سوڵتان عەبدولحەمید رایگەیاندبوو، لە دژی روسەکان جەنگان، ژمارەی سوپای حەمیدیە خۆی ئەدا لە سێ فەوج، کە بەچەندین جۆرە تفەنگی وەك (ڤرندل، ماوزەر، پێنج تیری روسی) چەکدار بوون، بەڵام بێ ڕەشاش و تۆپی چیایی بوون و دیسپلینی ئەوانیش هێندە تۆکمە و ڕێك و پێك نەبوو.

سوپاکانی حەمیدیە و عەشیرەتی لەم هۆزانەی خوارەوە پێکدەهات:

فەوجی یەکەم: لە ناوچەکانی هانین دا: زریکانلی، جوبرائیلی، زریکی، حەیدەرانلو، یوسفیانلی، چەمدانلی، کاسکالی، شادیلی.

فەوجی دووەم: لە ناوچەی قەرەمکبدا: چەمدانلی، زیانلی، ئەسپیکی، ئەمدانلی، شامانلی، قەرەپاپان، مراجلی، جەلالی.

فەوجی سێهەم: خمنان، منی، نەتیف، حەیدەرانلو، مارهارنلی، کالکانلی.

چوارەمین دیونیریۆن: ملی، هەزیر ، دیروکی ،تائی کیکی، قەرە کچی .

هێزی سوارە نیزام : وان ، ماکوری، تاکوری، شەوکەتی، شرکان، سیدان، شمشکاکی، ملیون، شیولی، لیولی.

لەسەرەتای جەنگدا (1914)، هێزێك لە سوپای تورکیا کەلەلایەن سوارە نیزامی ڕێك نەخراوی کوردەوە پشتیوانی لێدەکرا ، ناوچەی مەهابادیان لە نێو خاکی ئێراندا داگیرکرد و خێڵە کوردەکانی دیکەی وەك مامش، مەرگەوەرو تەرگەوەرو ئەوانی دیکەش چوونە پاڵیان و هێزەکانی روسیایان لە میاندواو دا تێکشکان وپاشان روەو تەورێز حەرەکەتیان کرد کە بەشێکی لەلایەن روسەکانەوە بەرگری لێدەکرا.

شاری تەورێزیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە، ئەم کارە ترسی خستە نێو روسەکانەوە، کە پێشتریش لە ناوچەکانی ئەرزرۆم و دەوروبەریدا زەبری کوشندەیان لێوەشاندبوون. لەبەر ئەوە فەرماندەیی باڵای سوپای روسیا لە قەفقاسدا کەوتە هەڕەشە و سزادانی ئەفسەرانی خۆی و بەمجۆرە کەرەسەی پشتیوانی بە هێز کردنی تواناکانی فەراهەم کرد و لەئاکامدا سەربازانی لەشکری روسیا دەستیان کرد بە پێشڕەوی و لەشکری کورد و عوسمانیان لە تەورێزدا دەرپەڕاند و ئەوانیان ڕوەو سابلاغ ڕاونا.

لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا زۆربەی کوردەکانی ئێران بە تایبەتی ئەوانەی کە لەژێر فەرماندەیی سەروان عومەر ناجی بەگ دا خزمەتیان دەکرد بوێرانە لە دژی هێرشهێنەرانی روسدا جەنگان.

لە ناوچەی کوردستانی باشور و دەوروبەری کرماشاندا هۆزە کوردەکانی کەلهوڕو گۆران و ئەوانی دیکەی کە شیعە مەزهەبن، وەك کوردە سونییەکانی باکور، شێلگیرانە بایەخێکی ئەوتۆیان بەشەڕکردن لەگەڵ روسەکان نەدا ، جگە لە سنجابییەکان کە بەشێکیان لە دژی روسەکاندا دەجەنگان. هەموو هۆزەکانی دی تاڕادەیەك لەلایەن ئەڵمانەکانەوە دەمچەور کرابوون و لایەنگری (نیزام ئەلسەلتەنە)ی حوکمڕانی کرماشان بوون.

لە کۆتایی جەنگدا زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی کورد کە تێکشکانی تورکە ئەربابەکانی خۆیان لەلایەن ئینگلیزەوە دیت. روەوباکور پاشەکشێیان کردو دەربارەی جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا دا کەوتنە دانوستان.

یەکێك لەو هۆ هەست پێکراوانەی کە کوردەکانی بۆ جەنگ هاندا، دەست بە سەراگرتنی بڕێکی زۆر لە تەقەمەنی و چەکی سوکی وەك (تفەنگ، دە تیر، ڕەشاشی سووك) بوو کە لە ئەنجامی کشانەوەی سەربازانی سوپای روسیا

لەتوركیادا كەوتە دەست ئەوانەوە ، بەتایبەتی سەربازانی سوپای ڕوسیا كە بە هۆی بەرپا بوونی شۆڕشی ئۆكتۆبەری 1917 وە پەلەیان بوو هەرچی زووتر خۆیان بگەیەننەوە ولاتی خۆیان . بەتایبەتی سەربازانی كوردی حەمیدیە كە ڕێكخستنی پێشوویان تێكداو گەڕانەوە بۆ ژیانی چیانشینی خۆیان، لە كاتێكدا كە بەمجۆرە چەكانە بەباشی چەكدار ببوون و هۆیەكی دیكەش هەلاتن و كۆڕەوی گەورەی ئاسوری وئەرمەنییەكان بوو بە هۆی جەنگ و قاتوقڕییەوە.

هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەكان و پەیمانی سیڤەر

پاش كۆتایی‌هاتنی جەنگ لەگەڵ توركیادا، بیروڕای گشتی ولاتانی ئەمریكاو ئەوروپایی بە شێوەیەكی بەرین سەبارەت بە چارەنوسی ئەرمەنییەكان هاودەردییان لەخۆ نیشاندا، لەوێدا كە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، ئەرمەنییەكان لە پێناو بە دەستهێنانی سەربەخۆیدا شێلگیرانە لە هەوڵ وتەقەلا دا بوون چەند پارتێكیان پێكهێنابوو. سەرانی دەوڵەتە گەورەكانی بەشدار لە كۆنگرەی ئاشتی پاریس[49] وپەیمانی سیڤەردا[50] بڕیاریاندا دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنستان لە ناوچەكانی ئەرزرۆم، ترابزۆن

---

[49] كۆنگرەی ئاشتی پاریس (1919–1920) كۆنگرەیەكی نێو دەوڵەتی بوو كە لە پاش كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی لەلایەن ولاتانی سەركەوتووی جەنگەوە بانگەشە بۆ بەستنی كرا بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر هەلومەرجی ئایندەی جیهان، گرنگترین بەشدارانی كۆنگرە ولسۆن و كلیمنسۆو لوید جۆرج و ئۆرلاندۆبوون، گرنگترین ئاكامەكانی دامەزرانی كۆمەڵەی گەلان و پەیمانی ڤێرسای و سان جرمان و سیڤەربوو. كۆنگرەی ئاشتی پاریس لە بنەڕەتدا بۆ دابەشكردنی ناوچەی نفوزی ولاتانی سەركەوتووی جەنگ، لە ئاسیا و ئەفریقادا، بەرپاكرابوو، لەڕێگەی دامەزرانی كۆمەڵەی گەلان و سیستەمی ئینتیدابیشەوە شەرعیەتیان دا بە كارەكانیان. (و)

[50] –پەیمانی سیڤەر: لە 1920/8/10 دا بەسترا. (و)

ئەرزرۆم، ترابزۆن و وان و بە تلیسدا دابمەزرێنن. بەڵام سیاسەتمەدارانی تورکیا بەرهەڵستی ئەم بڕیارەیان کردو ڕایانگەیاند کە ئەرمەنییەکان لەم ناوچانەدا کەمایەتییەکی کەمی (47000) کەسی پێکدێنن، لە کاتێکدا ژمارەی موسڵمانانی ئەم ناوچانە (کورد و تورك) نزیکەی سێ ملیۆن کەس دەبن. بەمجۆرە بڕیاری پێکهێنانی دەوڵەتی ئەرمەنستان لەو هەلومەرجەدا بووە مایەی جۆشدانی ناڕەزایی کوردەکان و تورکەکان. بە تایبەتی کوردەکان کە دێرینترین گەلی ئەو مەڵبەندە بوون و بەر لە ئەرمەنییەکان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ ببوون. وێڕای ئەوەش کوردەکان بەباشی چەکدار بوون و ناوچە ستراتیجییەکانیشیان لەبن دەستدا بوو. بەسەرنجدان لەم کەندو کۆسپانە، هاوپەیمانانیش بایەخێکی ئەوتۆو شێلگیرانەیان سەبارەت بە پێکەوەنانی دەوڵەتی ئەرمەنستان لە خۆنیشان نەدا. تەنانەت ئەگەر ئەتا تورکیش[51] بەدەسەڵات نەگەشتبایە، دیسان ئەگەری پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە گەلێك لاواز بوو.

مادەی 62ی (پەیمانی سیڤەر) لە بارەی ئۆتۆنۆمی کوردەوە:

(کۆمیسیۆنێك لە نوێنەرانی سێ دەوڵەتی بەریتانیا، فەرەنساو ئیتاڵیا پێکدەهێنرێت کە لە شاری ئەستانبوڵدا جێگیر دەبێ و لە ماوەی شەش مانگ پاش بەڕێوە چوونی ئەم پەیمانەدا ڕاپۆرتێك ئامادەکەن سەبارەت بە مافی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و

---

[51] –ئەتا تورك (مستەفا کەمال): (1881–1938) دامەزرێنەری کۆماری تورکیای نوێ وسەرکردەی بەرگری سەربازی وسیاسی دژ بە پەیمانی سیڤەر بوو، لە 1923دا بووە یەکەم سەرۆك کۆماری تورکیا، گۆڕانکاری و نوێسازییەکانی ئەتا تورك کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئاستەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە عەلمانی کردنی تورکیا هەبوو. (و)

دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات و باشوری سنوورەکانی ئەرمەنستان (کە مومکینە پاشتر دیاری بکرێت)، باکوری ئەم ناوچەیە سنوورەکانی تورکیا و سوریا و میزۆپۆتامیا دەگرێتەوە. کە لە بەندی (27)ی مادەکانی دوو، سیّدا هاتووە، هەرکات کۆمیسیۆن لە مەرکێشەیەك لە کێشەکان بڕیاریان نەدا ئەوا کێشەکە بەرەو ڕووی ئەو دەوڵەتانە دەکرێتەوە کە بەرپرسن لە جێبەجێکردنی گەلاڵەی ئەم ئۆتۆنۆمی‌یە، دەبێ مافی ئاسورییەکان و کلدانییەکان و باقی کەمایەتییە ڕەگەزی و ئاینییەکان دەستەبەربکات.

بۆ دابینکردنی ئەم مەبەستە لیژنەیەك لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئێران و کوردەکان پێکدەهێنرێت و سەرلەم ناوچەیە دەدات، ئەگەر پێویست بوو دەتوانێ لە بارەی پێداهاتنەوەو گۆڕانکاری سنوورەکانی تورکیا کە بە پێی ئەم پەیمانە لەگەڵ سنوورەکانی ئێراندا هاوبەشە، بڕیاربدات.

مادەی 64:

(لە ماوەی ساڵێك پاش جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەدا، بێتوو کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانەی کە مادەی 62 دەیانگرێتەوە شایستەیی و ئامادەگی خۆیان بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بسەلمێنن کە وەك زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە خوازیاری سەربەخۆیی لە تورکیا و ئارەزووی جیابوونەوەیان کردو،ئەگەر بەرپرسانی ئەنجومەنیش بۆی دەربکەوێ کە ئەم خەڵکە شیاوی سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی خۆیانن، تورکیا لەسەریەتی کە لەو کاتدا ئۆتۆنۆمی قبوڵ بکات و دەست لەهەموو مافێکی خۆی هەڵگرێ.

پاشکۆی یەکالای ئەم ئەزموونە لەڕێکەوتننامەیەکی جودای دیکەدا لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی تورکیادا ئیمزا دەکرێ.

هەرکات جیابوونەوەیەکی بەو جۆرە سەربگرێت، دەوڵەتانی هاوپەیمان هیچ چەشنە کەندو کۆسپێك ناخەنە بەردەم چوونە پاڵی ئەو بەشەی کوردستان کە لە نێو ویلایەتی موسڵدایە ، ئەگەر بخوازێ بە باقی کوردستانی ئازادەوە پەیوەست بێ).

وەك ئاشکرایە، بزووتنەوەی تورکیا بەرابەری کەمال ئەتا تورك تەنانەت بواری ئەزموونکردنی ئەو پرۆژەیەشی نەدا. هەم کوردستانی گەورە وهەم دەوڵەتی ئەرمەنستان وەك پرۆژەیەك لە سەر کاغەزدا مانەوە. هەر چۆنێك بوو

بێت ئەرمەنییەكان لە سەرزەمین و زێدی خۆیان دەرپەڕێنرا بوون، لە كاتێكدا كە كوردەكان نزیك بە دوو ملیۆنیان (لە كوردستانی باكوردا) (توركیا)دا لە بەشێك لە خاكی كوردستانی دایكی خۆیاندا مابوونەوەو نیشتەجێبوون. بەمجۆرە ئەو ژمارە كەمە كوردەی، كە لە ئەستانبوڵدا یالە وڵاتانی دەرەوە (ئەوروپا) دا نیشتەجێببوون و لە زانیاری و خوێندەواری نوێ بە ئاگابوون ، دەستیان كرد بە چالاكی لە پێناو سەربەخۆیی كورد دا و بە پشت بەستن بە پەیمانی سیڤەر و مادەی 12ی وڵسن[52] خۆیان بە شیاوی ئەم سەربەخۆییە دەزانی.

مادەی 12ی راگەیاندننامەی وڵسن:

(دەبێت سەربەخۆیی ناوچەی توركنشینی وڵاتی هەنوكەی عوسمانی دابین بكرێت، بەڵام پێویستە سەربەخۆیی ئەو میللەتانەش زامن بكرێت كە ئێستا لە ژێر سایەی حوكمڕانێتی دەوڵەتی عوسمانیدان، دەبێ ڕێ لە هەر جۆرەكەندو كۆسپێك بگیرێ لە بەردەم گەیشتنی ئەوان بەو سەربەخۆییەدا).

بەمەبەستی دەستەبەر كردنی هاودەردی هێزەگەورەكان (هاوپەیمانان) بە گشتیو ئەمریكاییەكان بە تایبەتی، چەند گروپێكی بچووك لە كوردە خوێندەوارو هوشیارەكان كە زۆربەیان كارمەندی پێشووی دەوڵەت بوون كەوتنە خۆو ڕایانگەیاند كە كوردەكان لەگەڵ پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنیدا لە ناوچەكانی باكوری ڕۆژهەڵاتی توركیا دا هاوكۆكن و بۆ دابین كردنی ئەم مەبەستەش ئامادەی هاوكاری كردنن، ئەگەر لە ڕابردووشدا كێشەو بەدحاڵیبوونێك لە نێوانیاندا هەبووبێت، بە هۆی هاندانی بەردەوامی دەوڵەتی عوسمانییەوە بووە، كە لە ڕێگای سیاسەتی چەپەڵانەو دێرینی خۆیەوە (پەرتكە و زاڵبە) ڕێگر بووە لە بەردەم بەدیهێنانی زەمینەی هاریكاری ولێكحاڵی بوونی نێوان نەتەوە غەیرە توركەكانی بن دەستی خۆی.

---

[52] -وڵسن: (1856–1924)، سیوهەشتەمین سەرۆك كۆماری ئەمەریكا بوو(1913–1921).(و).

کۆمیتەیەك بە ناوی(خۆیبون)ەوە[53] لە پاریسدا دامەزرا، کە لە ژێر چاودێری دیبلۆماتی پێشووی دەوڵەتی تورکیا (شەریف پاشا)دا بەڕێوەدەبرا.

ئەز ئەوم لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەناسی، ئەوکاتە لە ڤیلاکەی خۆیدا بە ناوی (مۆنت کیف) ەوە لە هاوسێی ڤیلاکەی باوکمدا (کە ئێستا بە ڤێلای ئەسفەهان ناودەبرێ) ژیانی بەسەر دەبرد، ئەوم بەباشی دەناسی، یەکێك بوو لە دۆستە دێرینەکانی باوکم، ئەوکاتەی شەریف پاشا وەك باڵوێزی عوسمانی لە (ستۆکهۆڵم) دا ژیانی دەگوزەران، باوکی منیش وەك نوێنەری ئێران لە دەرباری سویددا کاری دەکرد، ئەو بە یەکێك لە لایەنگرانی سەرسەختی ڕژێمی لە کارکەوتووی سوڵتان عەبدولحەمید دا دەنرا ، هەرچەند لەوە بەدوا خۆی لەگەڵ ڕژێمی نوێی مەشروتەدا سازان، بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی بڕیاردانی تورکیادا بۆ بەشداربوون لە جەنگی دژ بە هاوپەیمانان‌دا لەگەڵ ئەنجومەن و ئیتحادوتەرەقی (تەلعەت پاشا، شەوکەت و ئەنوەر پاشادا) بەرەنگار بۆوە و لەلایەن ژمارەیەك لەو تورکە شێلگیرانەی کە لە فەرەنسادا نیشتەجێبوون و هاوبیری ئەوبوون پشتیوانی لێدەکرا.

ئەو نموونەی خانەدان وئەشرافی عوسمانی کۆن و پیاوێکی لە ڕادەبەدەر خۆشگوزەران بوو، ئارەزووی چوونە کلوپەکان وبارەکانی شەونشینی و شەمپانیابوو. پێدەچوو گەلێك غەنی وزەنگین بێ لەبەر ئەوەی هەرچییەك حەزی لێبایە دەیکرد . ئێمە زۆرجار بۆ دیدەنی ومیوانی ئەو دەچووین، ئەز دواتر پێمزانی کە ئەو کوردەو بە کەسایەتییەکی چالاکی مەسەلەی سەربەخۆیی کورد ناودەبرێت.

لە ئاخروئۆخری جەنگدا، شەریف پاشا چووە پاریس و، بەهۆی کەسێتی ناسراوی خۆی و کارنامەو ئەو ئەزموونەی لە ڕۆژگاری خزمەتی دیبلۆماتیکی خۆیەوە بە دەستی هاوردبوو، بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی

---

[53]--خۆیبون: لە 1927 دا لە شاری (بحەمدون)ی لوبناندا دامەزرا، گرنگترین ڕابەرانی کامەران، جەلادەت، سور بەدر خان،و ئیحسان نوری پاشابوون، خۆیبون واتە سەربەخۆیی، شام و بێروت و حەسەکە مەڵبەندی سەرەکی خەباتی خۆیبون بوو. (و)

بالاّی کۆمیسیۆنی ئاشتی و نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکاندا کە بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئاشتیدا هاتبونە پاریس ، ئەندامانی بەشداری کونگرەی ئاشتی بەڕێزو هاودەردییەوە گوێیان لە داخوازییەکانی ڕادەگرت کە سەبارەت بەسەربەخۆیی کورد بوون . دیارە ئەویش هێند ژیرو زرنگ بوو، بۆ ئەوەی دوژمنایەتی دەوڵەتی ئێران نەوروژێنێ، پێی لەسەر سەربەخۆیی کوردەکانی ئێران دانەگرت، یا بۆ ئەوەی ئەمریکا و بەریتانیا لەسەر مەسەلەی ئەرمەنستان لەخۆی نەڕەنجێنێت، نە تەنها سەبارەت بەسەربەخۆیی ئەرمەنستان بەرهەڵستی نەکرد، بەڵکو رایگەیاند کە دەبێ کورد و ئەرمەنییەکان پێکەوە کۆنفدرا سیۆنێك پێکبێنن، تا بتوانن لە بەرامبەر ئەگەری دەستدرێژی ئایندەی تورکەکان یا روسەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن.

بەلاّم بە هۆی سەرکەوتنی تورکەکان بەسەر یۆناندا لە ساڵی 1922دا، و بە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نویێ تورکیاوە، وەك هێزو دەسەلاّتێکی نیزامی کە بوون و شەرعییەتی خۆی لە پەیمانی(لۆزان[1]) ی 1923دا زامن کرد. ئاواتەکانی شەریف پاشا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورد، بووە بڵقی سەرئاو.

---

[1] –پەیمانی لۆزان: لە 1923/6/24 دا لە ئاکامی جێبەجێ نەکردن و ڕەتکردنەوەی پەیمانی سیڤەر لە لایەن تورکیاوە، بەسترا، پەیمانی لۆزان سەوداکردنێك بوو لە نێوان دەوڵەتی تورکیاو وڵاتانی ئەوروپادا، بە پێی ئەم سەوداکردنە وڵاتانی ئەوروپا دەستیان لە داخوازی جێبەجێکردنی پەیمانی سیڤەر هەڵگرت ومافی چارەی خۆ نووسییان لە کورد سەندەوە، دەوڵەتی تورکیاش دەستی لە داواکردنەوەی ئەو زەوییانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵگرت کە وڵاتانی ئەوروپا داگیری کردبوون، وەك دورگەی قوبرس لەلایەن بەریتانیاوەو دورگەکانی دەریای ئیجە لەلایەن یۆنانەوە. (و)

بەشی دووەم
کوردەکانی تورکیا

هاوکاری سوڵتان محەمەدی شەشەم (وەحیدە دین) لەگەڵ هێزە داگیر کەرەکاندا بووە مایەی جۆشدانی ناڕەزایی زۆربەی خەڵکی تورکیا، سوڵتان محەمەد لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و تەختی پاشایەتی خۆیدا بەرژەوەندیەکانی میللەتی تورکی پێشێل کرد و ئەوانی کرد بە گژ سوپای میللی دا کە ئەو کات بەرگرییان لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکرد. سەرەنجام سوڵتان شەوێك بەر لەوەی سوپای میللی بگەنە نێو ئەستانبوڵ، کە پێشتر یۆنانییەکانیان لە تورکیادا دەرپەڕاندبوو، نائومێدانە کۆشکی سەڵتەنەتی (دڵماباغچە)ی بەجێهێشت وپەنای بردە بەر نوێنەری جەنگی بەریتانیا، بەمجۆرە کۆتایی بە حوکمی 600ساڵەی سەڵتەنەتی (ئال عوسمان) هێنرا و کۆماری تورکیا ڕاگەیەندرا.

ئەز لە گەشتێکی پەنجاڕۆژیدا کە سەرتاسەری تورکیام بەسوارەیی تەیکرد و زۆربەی شەوانم لە کوختی گوندنشینانی کورد یا تورکدا بەسەر دەبرد، کە لەگەڵ خانەخوێکانی خۆمدا ئەدوام، هەستی قوڵی ئەوان سەبارەت بە بنەماڵەی عوسمانی سەرنجی ڕادەکێشام. لەسەرەتای ئاخاوتنمدا لەگەڵ کوردەکاندا، پێم وابوو ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەرئەوان نەبووە ، بەڵام پاشان درکم بە وە کردکە بەهۆی پەیوەست بوونیان بەدینەوە گەلێك بەرامبەر بە سوڵتانەکانی عوسمانی بە ئەمەك و دڵسۆز بوون کە ئەوان خۆیان بە خەلیفەی ئیسلام[54] دەزانی. پێیان وا بوو کە کۆمار خوازەکان تەنها

[54] -پێویستە لەم بارەوە ئاماژە بەوە بکەین کە لە پاش داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هۆلاکۆ خانی مەغۆلەوە لە 1258دا و لە ناوبردنی خەلافەتی عەباسییەکانەوە. مامی دوا خەلیفەی عەباسی پەنا دەباتە بەر میسر، سوڵتانی ئەویَ کە لە مەمالیکەکان بوو، پێشوازی لێکرد و دەسەڵاتی دینیی وروحانی پێسپارد، فەرمانڕەوایانی میسر

بۆ ئەو مەبەستە ڕابوون تا خەلیفەکانی عوسمانی لە ناو بەرن. ئەوان دەیانویست بەلانی کەمەوە پایەو مەقامی خەلافەت پارێزراو و پایەداربێت.

1-شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (1925)

لەساڵی 1924دا، بارودۆخ بە هۆی دەرپەڕاندنی سوڵتان و کۆتایی هێنان بە ڕژێمی سەلتەنەتیدا، لە بەرژەوەندی کۆماری خوازەکاندا گۆڕا. لەم ساڵەدا خەلیفە سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ گشت ئەندامانی خێزانی سەلتەنەتیدا بە فەرمانی ئەنجومەنی میللی ناچارکران کە لە ماوەی 24کاتژمێردا خاکی تورکیا بەجێبێڵن.

پێشتر تورکەکان لە ساڵی (1922)ەوە پەیان بە ئاکامی ئەم گۆڕانکاریانە بردبوو، کوردەکانیش وردە وردە وە ئاگاهاتنەوە کە حکومەتی نوێ سوورە لەسەر ئەوەی بۆ یەکجارەکی سیاسەت و ئایین لە یەکدی جودابکاتەوە. دیارە پێچانەوەی دامودەزگاکانی خەلافەت تەنها کوردەکانی دڵگران نەکرد، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە خودی تورکەکانیش لەم بەسەرهاتە بەتوندی ناڕازی و نیگەران بوون. لە کاتی ئەم ڕووداوانەدا گەلێك لەسەرۆك هۆزەکانی کورد لەلایەن بێگانەوە بۆ ڕابوون وخەبات لە دژی ڕژێمی نوێو گێڕانەوەی خەلافەت و شەریعەت هاندران.

لە شوباتی 1924دا (شێخ سەعید کوڕی شێخ عەلی ئەفەندی) دامەزرێنەری سەر حەلقەی تەریقەتی نەقشبەندی کە پەیڕەوانێکی زۆر و گیانبازانێکی بێ

گەرەکیان بوو لەم ڕێگەیەوە شەرعییەت بە کارەکانی خۆیان بدەن. ناوی خەلیفە و خەلافەت هێندە بەلای موسڵمانانەوە گرنگ بوو، سوڵتانەکانی عوسمانیش لەم مەسەلەیە بە ئاگابوون، لەبەر ئەوە ئەم چیرۆکەیان خستە سەر زاری خەڵکی کە دوا پاشماوەی بنەماڵەی عەباسی لە کاتی سەرەمەرگدا خەلافەتی بە سوڵتان سلێمان سپاردووە، بەمجۆرە ئەوانیش خۆیان بە خەلیفەی پێغەمبەر دەزانی. (و)

ئەژماری هەبوو. شۆڕشێکی ئیسلامی لە دژی تورکەکان وەگەڕخست، وجیهادی پیرۆزی لەدژی تورکە بێ ئیمان و خوانەناسەکان ڕاگەیاند، هەموو موسڵمانانی بانگهێشت کرد تا بە مەبەستی گەڕانەوەی سوڵتان و لە ناو بردنی کۆماری بێنەپاڵ ڕاپەرینەکەیەوە.

شێخ سەعید خاوەنی دەسەڵاتێکی ئاینی گەورە بوو لەسەرتاسەری تورکیادا، بەتایبەتی لە ناوچەی وان و ڕۆژئاوای فوراتدا. تەنانەت لەودیو مەلاتییەشەوە خاوەنی مورید و پەیڕەوانێك بوو، وێڕای ئەوەش پێوەندی و وابەستەیی ئەو بەشێخ عەبدوڵلاحوسنی و خالید بەگی دێرسیمەوە هەیبەتێکی زیاتری پێدابوو، کە خانەقاکەی هەمیشە جمەی دەهات لەو سۆفیانەی لەسەرتاسەری ئەم ناوچانەوە ڕوویان تێدەکرد بۆ زیارەت و دیتنی.

سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەرینە کاربەدەستانی تورکی غافڵگیر کرد، هەرچەند ئەوان چاوەڕوانی هەڵگیرسانی ئەم یاخیبوونە بوون بەڵام پێیان وابوو ئەگەری سەرهەڵدانی لەمانگی مارسدا دەبێ ، دەسەڵاتدارانی تورك هۆکاری دەستپێکردنی ئەو ڕاپەڕینەیان دەگەڕانەوە بۆ دەستگیرکردنی دوو کەس لە پەیڕەوانی شێخ سەعید کە ڕەنگە دەستگیرکردنی ژمارەیەکی دیکەشی بەدوا دا بهاتایە.

ناوچەکانی چنگوش، ئەرگانی(ئەرغەیدە)، بالوپیران و ئەلازیك و هاریوت بەخێرایی کەوتنە بن دەستی یاخیبوانی کوردەوە. بەڵام دانیشتوانی ئەم ناوچانە کە لەسەرەتای ئەم کارەدا لەگەڵ یاخیبووەکاندا هاریکارو هاودەست بوون، بە زوویی لەگەڵ تاڵان وبڕۆی ماڵو موڵکی خۆیان لەلایەن ئەوانەوە ڕووبەڕوو بوونەوە، چەتەوڕێگرو ئەو کەسە هەلپەرستانەی کە بۆ ئەم مەبەستە خۆیان دابووە پاڵ یاخیبووانەوە دەستیان بۆ گیان و ماڵی خەڵکی درێژ کرد.

لە هەندێك شاردا خەڵکی کۆمەکیان بە هێزەکانی دەوڵەت کردو چوون بەگژ یاخیبووەکاندا. وێڕای ئەم بارودۆخەش دیسان شۆڕش هەر بەرینتر دەبۆوەو

هەموو ناوچەکانی دیاریەکر، لیسە، قوشی لەلایەن یاخیبووانی کوردەوە دەستیان بەسەر داگیرا، بەهۆی پەیوەندی کردنی پێکڕای هۆزەکانی کورد پێیانەوە، ژمارەی یاخیبووان گەشتە (7000)کەس و بەخێرایش ڕووی لە زیاد بوون دەنا . دەوڵەت، لەو ناوچە داگیرکراوانەدا، حکومەتی سەربازی ڕاگەیاند. زۆربەی کۆماریخوازە توندڕەوەکان خوازیاری دامەزراندنی حکومەتی سەربازی بوون لە ناوچەی تەرابزۆن و ئەستانبوڵیشدا، کە پێدەچوو بیروڕای گشتی ژمارەیەکی زۆر لە تورکەکانی ئەم ناوچانەش هاوکۆکی ئەویاخیبووانە بێت، لە پاش ئەوەی زانرا کە یاخیبوونی شێخ سەعید بە ماوەیەکی کەم بەدوای لێدوانی یەکێك لە نوێنەرە کۆنەپەرستەکان بە ناوی حاجی (زیائەدین ئەفەندی) ەوە لە ئەنجومەنی میللی ئەنقەرەدا، وەگەڕخراوە.

دەوڵەتی تورکیا بە مەبەستی ئامادەکردنی بیروڕای گشتی لە دژی یاخیبووەکان ڕایگەیاند کە دروشمە دینییەکان تەنها بەهانەو دەستکێش و ڕووپۆشی مەسەلەکەن، یاخیبوون چەندین هۆکار وئامانجی دیکەی لە پشتەوەیە، وەك سەربەخۆ خوازی کوردەکان وپارچە پارچە کردنی خاکی تورکیا. کە دەخوازن لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا یەکبگرن. دەسەڵاتدارانی تورك بەریتانیاشیان بەوە تاوانبار کرد کە دەستیان لە دنەدانی شۆڕشگێڕانی کوردا هەبووە بۆ ئاژاوە و یاخیگەری. لەبەر ئەوەی لەوڕۆژانە دا لە نێوان بەریتانیاو تورکیا دا لەسەر دەست بەسەراگرتنی ویلایەتی موسڵ گێرمەو کێشە لە ئارادابوو. لە کۆتاییدا بڕیاری چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەکۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان سپێردرا و ویلایەتی موسڵ خرایە سەر قەڵەمڕەوی عێراق.

دەوڵەتی تورکیا ئەنجومەنێکی لە ڕابەرانی نەیاری شۆڕش پێکهێنا ، لەوانە کازم قەرە بەکر پاشا فەرماندەی گشتی لەشکری پێشووی ناوچەی ڕۆژهەلات، ڕەئوف بەگ فەرماندەی پێشووی سوپای حەمیدییە کە بەشدار بوونی لە جەنگەکانی دژ بەیۆناندا لە ناوچەکانی بالکاندا ئەوی کرد بووە قارەمانێکی

نیشتمانی، بەمجۆرە دەوڵەت بەرەیەکی دژ بە یاخیبووانی دامەزران.

لەسەرەتای مارتدا، یاخیبووەکان دەستیان کرد بە پێشڕەوی کردن بەرەو باکورو هێزەکانی تورکیایان لەو ناوچانەدا پاشە کشێ پێکرد. کیجی وهەنگول کەوتنە بندەستی یاخیبووانی کورد و دەستیان کردبە پێشڕەوی ڕوەو بونیك ومەلازگەرد، لە کۆتاییدا دەستیان گرت بەسەر سیرواندا لە باکوری سیرت دا.

لە کۆتایی مارتدا تورکەکان هێزێکی گەورەی سیوپێنج هەزار کەسیان پێکهێنا و هێزی سەرەکی یاخیبووەکانیان گەمارۆدا و بەمجۆرە ڕێیان لە تەشەنەکردنی دەسەلاتی ئەوان گرت لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی گۆلی (وان)دا. لە باکوریشەوە پێشڕەوی ئەوانیان ڕوەو چالدێران و لە باشوریشەوە ڕوە و هەکاری ڕاگرت. بەمجۆرە ڕێی پاشەکشێی ئەوانیان ڕوەو سنورەکانی ئێران و عێراق داخست.

لەسەرەتای نیساندا هێزەکانی تورك دەستیان کرد بە هێرشی هەمەلایەنەی خۆیان و کوردەکانیان پاشەکشێ پێکرد و ئەوانیان لە ناوچەکانی ئارگانی، هانی، ئەلازیگ، دیاربەکر، پیران، لیسەو، بولانیکیان دا دەربەڕاند. یاخیبووەکان هەولیان دا هێزی سەرەکی بەرگری کردن لە ناوچە شاخاوییەکانی پالووچیگوشدا دابمەزرێنن. بەلام لە ناوچەی چیگوشدا تێکشکان و لەم قۆناغەشدا شێخ سەعیدیش بە خۆی بەدیل گیرا.وەك باسدەکرا ئەم کارە لە ئاکامی خیانەتی هەندێك لە هاوڕێکانیدا بووە . (مێجەر قاسم) ناوێك لەوەبەدوا بۆ ئەم مەبەستە داوای پاداشتی لەدەوڵەت دەکرد.

وێڕای شێخ سەعید، ژمارەیەك سەرکردەی دیکەی گرنگی یاخیبووەکان بە دیل گیران وەك شێخ عەلی، شێخ عەبدوڵلا، دکتۆر فوئاد و 25کەسی دیکەش. سەرەنجام لە 28ی نیساندا دوا دەستەکانی یاخیبووەکان کە لە کوێستانەکاندا پەرەوازە بوون، تەفرو توناکران، یا خۆیان دا بەدەست هێزەکانی دەوڵەتەوە ،

چەندین هۆ سەرکەوتنی سوپای تورکیای بەسەر یاخیبووانی کوردا زامن کرد، وەك فرەیی ژمارەی هێزەکانی دەوڵەت و، کەرەسەی مۆدێرنی سەربازی و، تۆکمەیی دیسپلین و بە ئاگایی لە میتۆدە جەنگیەکان و لەهەمووی گرنگتریش پشت بەستن بوو بە هێزی هەوایی وفڕۆکەی جەنگی، کە هەموو هێرش و پێشڕەوی کردنێك دەپێشدا بە بۆردومانێکی توندی ناوچەی مەبەست دەست پێدەکرا.

شێخ سەعید و نۆ کەس لە هەڤالانی دادگایی و مەحکوم بە مەرگ کران و ئەوانی دیکەش حوکمی زیندان و دوورخرانەوەیان بەسەردا درا. گەلێك هۆ لە پشت هەڵگیرسانی شۆڕشەوە بوون کە وێڕای هەستی ئایینی، پێویستە کاریگەری هەلومەرجی سەخت و نالە باری ئابوری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا لە بەرچاو بگیرێ، دیسان سەرۆکە ناوچەییەکانیش کە بە هۆی هاتنە سەرکاری حکومەتی نوێوە پێگەو دەسەڵاتی خۆیان لە مەترسیدا دەدی، هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ بەشداری کردنیان لەو یاخیبوون و ڕابوونەدا.

وەك باس دەکرێت دەوڵەتی تورکیا بڕی دوو ملیۆن لیرەی بۆ دامرکاندنەوەی ئەم شۆڕشە خەرج کرد و پاش ئەم سەرکەوتنەش، دەستی کرد بە ڕاگواستنی خێڵە کوردەکان و نیشتەجێکردنیان لە ناوچە ناو خۆییەکانی دوور لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیادا.

تێکشکانی ئەم شۆڕش و یاخیبوونە لەو مەڵبەندەدا کە کوردەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا تیایدا و بە شێوەیەکی سەرەکی هۆکاری ئایینی هەبوو، هیواو ئاواتی پارێزگارانی تورکیشی کردە بڵقی سەر ئاو و هەل بۆ دەوڵەتی ئەتا تورك ڕەخساند تا ڕیفۆرمی خۆی لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا دەستپێبکات.

یەکێك لە گرنگترین ئەو ڕیفۆرمانە گۆڕینی ڕێنوسە ، کە لە ساڵی 1924دا ئەنجامدرا، و ئەلف وبێی لاتینی لەبری ئەلف وبێی عەرەبی لە نوسیندا

بەکارهێنرا، (ئێستا ئەم ڕێنوسی لاتینی‌یە لە لایەن ناسیۆنالیستەکانی کوردەوە لە ئێران و عێراقدا سوودی لێوەردەگیرێ). هەر لە هەمان ساڵدا یەکێك لەسەرانی کوردی ناوچەی شەمدینان کە باوکی (سەناتور)و ئەندامی کابینەی پێشوو، و زاوای فەرید پاشا بوو، شۆڕشێکی دیکەی وەڕێخست، بەڵام لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە تێکشکێنراو پەنای بردە بەر عێراق.

ئەو ڕەفتارە دڕندانەیەی کە لە و دەمەوە تورکەکان لەمەڕ کوردەکان پەیڕەوییان کرد، زۆربەی هۆزەکانی کوردی، بە تایبەتی لە ناوچەی موسڵدا (کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و بەریتانیاوە ململانێ‌ی لەسەر دەکرا) والێکرد کێشەکە بە کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان بسپێرن و بەپێی بڕیاری هەمان کۆمیسیۆن ناوچەی موسڵ خرایە سەر قەڵەمڕەوی خاکی عێراق.

2-یاخیبوون لە کوردستانی باکوردا (ئەحسان نوری پاشاو جەلالیەکان)

پاش تێکشکانی کوردەکان لە ساڵی 1925 دا بەسەرکردایەتی شێخ سەعید بزوتنەوەی کورد سیمای دینی خۆی لەدەست دا و پتر سیمای ناسیۆنالیستی پوختی بەخۆوەگرت. جوڵانەوەی کورد نە تەنها لە تورکیادا بەڵکو لە عێراق و ئێران‌وسوریاشدا بەهەمان شێوە گۆڕانکاری بەسەردا هات و ڕێبازێکی تری گرتە بەر. بەڵام ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە هەموویان پێکەوە گرێ نەدرا بوون،بەڵکو لە هەر یەك لەم وڵاتانەدا سەرۆك خێڵ و هۆزەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاریان دەکرد، یا بە سەرزارەکی بەمجۆرە خۆیان پیشان ئەدا تا لەیەك کاتدا چەند دەوڵەت نەکەن بەدوژمنی خۆیان ، ئومێدیشیان بەوە بوو کە لە کاتی تێکشکاندا بتوانن پەنا بۆ دەوڵەتی دراوسێ بەرن ، یا بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە یارمەتی کوردەکانی وڵاتانی عێراق یا ئێران وسوریا وەربگرن.

(سەلاحەدین)ی کوری شێخ سەعید کە پەنای بردبووە بەر عێراق بە یارمەتی کاربەدەستێکی ئینگلیز کە (هامیلتۆن) ناوێك بوو، چووە کۆلیجی ئەفسەری بەغداوە، لەم کاتەدا کە لەو شارەدا خەریکی خوێندن بوو لەگەڵ ئەنجومەنێکی ناسیۆنالیستی کورد دا بە ناوی (ئەنجومەنی هەڤاڵانی کورد)ەوە کە لەلایەن کوردە ئاوارەکانەوە دامەزرا بوو، پەیوەندی بەست، ئەم ئەنجومەنە چەند لقێکی لە حەلەب و دیمەشقیشدا هەبوو. سەلاحەدین دەستی لە خوێندنی کۆلیج هەڵگرت و هەموو خەم وخولیای خۆی لە کاروباری سیاسیدا بەخت کرد، تا بتوانێت تۆڵەی خوێنی باوکی لە دەوڵەتی تورکیا بستێنێ ، بەسوود وەرگرتن لەو (لێبوردنە گشتی)یەی کە لە تورکیادا ڕاگەیەندرا بوو گەڕایەوە ئەو وڵاتەو سەرەتا لە هانیس و پاشان لە ئەرزرۆمدا لەگەڵ زۆربەی کوردە ناسیۆنالیستەکاندا پەیوەندی بەست و (ئەنجومەنی کوردەکانی باکور)ی دامەزراند، پاش ماوەیەکی کەم دەستگیر کرا و برایە ئەنقەرە و لەم شارەدا دادگایی و زیندانی کرا. هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بە خێرایی زەمینە بۆ شۆڕشێکی نوێ سازدەکرا. لە 20ی حوزەیرانی 1930 دا کوردەکانی خێڵی جەلالی کە لە سنوورەکانی ئێران و تورکیادا بە دەوار نشینییەوە لە بنارەکانی ئاراراتدا ڕۆژگاریان بەسەردەبرد، لە پێدەشتەکانی ناوچەی زیلان دا پەلاماری هێزی تورکیایان دا، بەم کارە، کە لەلایەن رابەرانی ناسیۆنالیستی کوردەوە سەرپەرشتی دەکرا، ولەلایەن هۆزە کوردەکانی حەیدەر ئانلوو هالیکانلووە وەپیشتیوانی لێدەکراو، توانییان دەست بگرن بەسەر ناوچەکانی زیلانی مورادی و چاڵدێران دا و بە هێوریش زۆربەی خێڵەکانی ئەم ناوچانەش پەیوەندییان بەم یاخیبوونەوە دەکرد، ئەم کارە نزیکەی سێ مانگ درێژەی کێشا، تورکەکان لەسەرەتادا 12هەزار جەندرمەیان بەرابەری ژەنراڵ سالح پاشا لە نزیکی سنوورەکانی روسیا دا جێگیر کرد و پاشان روەو ڕۆژهەلات پێشڕەویان کرد. ژەنراڵ پاشا کە سۆسەی پێشڕەوی

کوردەکانی ڕوە و ناوچەکانی ئەرجیش وپانتۆس کردبوو، چونکە ئومێدیان بەوە بوو هۆزەکانی ئەوناوچانەش کە پێشتر بە هۆی شۆڕشەکانی ڕابردووەوە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەتوندی سەرکوت و ئازاردرابوون بە نیازی تۆڵە سەندنەوە بێنە ڕیزی ئەوانەوە. لەم قۆناغەدا کوردەکان بە باشی چەکدار بوون و لەلایەن ژمارەیەك لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای تورکیاوە ڕابەری دەکران، کە گرنگترینیان حسێن کەوسەر، میرا، دمیر عەبدولقادر، ئەبدال وکاپتن ئەحسان نوری پاشابوون. کوردەکان لەدوو لاوە هەم لە ناوچەی جەلازگەردو هەم لە ناوچەی ئەوزولایەوە کەوتنە بەرهێرش و پەلاماردان. لە ناوچەی قەرەگوزیشەوە ئەرکانی فەرماندەیی ژەنراڵ ساڵح پاشاش هێرشێکی دیکەی لە دژی ئەوان دەستپێکرد کە کشانەوەی کوردەکانی ڕوەو سنوورەکانی ئێرانی خستە مەترسییەوە. لە ناوچەی زیلان دا کوردەکان پاش لە دەستدانی هەزار کوژراو، بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ڕێگای ئێرانیان گرتە بەرو بەشێکیشیان خۆیان گەیاندە کەژو کێوەکانی ئارارات کە کوێستان و هەوارگەی هاوینەی ئەوان بوو. بەو ئومێدەی کە بەسوود وەرگرتن لە ناوچە شاخاوییە چەتوون ودەرە وپەناگە قایمەکان بتوانن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە بەرامبەر سوپای تورکیا دا خۆڕاگری و بەرگری بکەن. کە لە جەنگی یەکەمەوە تا ساڵی 1918 ئەم کوێستان و کەژو کێوانە پەناگەی هۆزی جەلالی بوو، تەنانەت پاش پێشڕەوی سوپای ڕوسیاش بۆ نێو خۆی تورکیا هێشتا ئەم هۆزە تا کۆتایی جەنگ لەم ناوچەیەدا مانەوە . کوردەکان دەیانویست لەم ناوچەیەدا پێگەیەکی قایم و پتەودابمەزرێنن و پاشان سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن، تا بەڵکو بەو جۆرە لەلایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان و زۆربەی دەوڵەتانی لایەنگریانەوە بە ڕەسمی بناسێندرێن و پشتگیریان لێبکرێ .

لەم کاتەدا تورکەکان سکاڵانامەیەکی توندیان دا بە دەوڵەتی ئێران تا ڕێ لە پەنابردنی کوردە یاخیبووەکان بۆ نێو خاکی ئێران بگرن، دەوڵەتی

ئێرانیش كە دەیویست پەیوەندییەكی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی توركیا دا هەبێت، هێزێكی بەسەرۆكایەتی كۆلۆنێل حیكمەت عەلی خانی نەخجەوان بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ جەلالییەكاندا ڕەوانە كرد ئەویش لە ناوچەی ئاراراتی بچوكدا هێزەكانی جەلالی خستەبەر هێرش و پەلاماردان، لەم كاتەدا دەوڵەتی توركیا. ئیدعای خاوەندارێتی خاكی ئاراراتی بچووكی دەكرد كە لەبن دەسەلاتی ئێراندا بوو. دیارە لەم بارودۆخەدا دەیتوانی هێڵی گەمارۆدانی چوار دەوری جەلالییەكان زامن بكات، لە ئاكامدا لە ساڵی 1932 دا ئەم ئیدعایەی توركیا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سەلمێندرا و لەپای ئەوەشدا بەهەمان ئەندازە زەوی لە ناوچەی پاجیوك لە رۆژئاوای ورمێدا درا بە ئێران .

لەو مەڵبەندە داكە كوردەكان لە ناوچە ستراتیژییەكانی ئەم كوێستانەدا خۆیان حەشاردابوو. گەورەترین كەندو كۆسپیان بۆ پێشڕەوی كردنی توركەكان دروست دەكرد . هەر جۆرە پێشڕەوییەكی پیادە نیزام تەنانەت بە پشتیوانی فڕۆكەش مەترسیداربوو. لەم كاتەدا توركەكان باڵا دەستییەكی بەرچاویان بەسەر كوردەكاندا هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە هێزێكی هەوایی بەهێز، كە سەر باری دلێری و كارامەیی چەكدارانی كورد. زیانێكی قورسیان بە مەڕو ماڵات و بە ژنو مناڵانی كورد گەیاند لە پێدەشتەكاندا. لەم ناوچە زۆزان و كوێستانییەشدا بنارەكانی ئارارات سەرتاسەر رووتەڵەن، بەڵام بە هۆی هەبوونی ژمارەیەك ئەشكەوتەوە، چەكدارنی كورد دەیانتوانی لە كاتی بۆردوومانذا خۆیان لەو ئەشكەوتانەدا حەشاربدەن. هەر لەم كاتەدا ئەركانی فەرماندەیی كوردەكان ئەم پەیامەی خوارەوە ی لە سەرتاسەری كوردستانی توركیا و عێراقدا بە شێوەیەكی نهێنی بڵاوكردەوە، و نوسخەی ئەو پەیامە ی بۆ لقەكانی بێروت وپاریسی كومەڵەی گەلان نارد:

(برایانی كورد، ئێوەی بە توانا شیاوی ئەوەن كە ببنە میللەتێكی گەورە و ئازاد، چۆن میللەتی نەجیبی كورد رێگە ئەدات وەك كۆیلە لە ژێر دەستی

تورکەکاندا ژیان بەسەربەرێت، وادە و بەڵینی مەڵبەندێکی فراوان لە نێوان عێراق و ئێراندا بە ئێمە دراوە، یەکبگرن و تێبکۆشن تا براکانمان لەژێر دەستی تورکاندا ڕزگار بکەین، با ئەم مەڵبەندو خاکە ڕزگار بکەین کە بە درێژایی مێژوو نیشتمانی ئێمە بووە).

لە 21ی تەموزدا، هێزەکانی تورک ناوچەی باشورو ڕۆژهەڵاتی چیاکانی ئاراراتیان لە کوردەکان پاك کردەوە و لەبەرەی ئۆجیرەوە دەستیان کرد بە پێشڕەوی کردن بەرەو باکور. لەم کاتەدا ئەو سەرۆکە کوردانەی کە لەسوریادا (وڵاتی ئینتیدابی فەڕنسا)بوون بە پشتیوانی جەلادەت و سورەیا بەدرخان (نەوەکانی ئەمیر بەدرخان کە لە ساڵانی 1833-1840 دا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕیبوو) دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە کردن لە دژی ئۆپراسیۆنی دەوڵەتی تورکیا.

قادرخان و یەکێك لە سەرانی کورد کە حەقۆ ناوێك بوو، هێزێکی چەکداری دووسەد کەسییان ئامادە کردو پەلاماری بنکە سنوورییەکانی تورکیایان دا. لە 5ی ئابدا دەستیان گرت بەسەر گوندی (هابات)دا وبلاڤۆکێکیان بۆ بانگەواز کردن لە میللەتی کورد بە مەبەستی ڕابوون لە دژی تورکەکان بڵاوکردەوە، تا بەمجۆرە زۆربەی هۆزە کوردەکان بێنە ڕیزی تێکۆشەرانی کورده وە لە چیاکانی ئاراراتدا.

بەڵام ئەم هێزانە لەلایەن جەندرمەکانی تورکیاوە بەرپەرچدرانەوە و ناچار بە پاشەکشێ کران.

دەوڵەتی فەرەنسا بە شێوەیەکی نارەسمی سەبارەت بە کوردەکان هەستی هاودەردی دەردەبڕی، تەنانەت ڕێگای بە نوێنەرانی کورد دا کە لەسوریادا کۆنگرەیەك پێکبهێنن و چەند ئەفسەرێکیشیان بۆ مەشق پێکردنی سەربازی کوردەکان نارده نێو ئەوانەوە. بەڵام تورکیا یاداشتێکی ناڕەزایی توندی دا بە نوێنەری فەڕەنسا ولەوەش بەدوا هەڵوێست و ڕەفتاری فەرەنسا گۆڕانکاری

بەسەرداهات، تەنانەت چەند کەسایەتییەکی لە نوێنەرانی کورد لە سوریا دا دوور خستەوە.

بزاڤی کوردەکانی سوریا بە مەبەستی یارمەتیدان بەو کوردانەی کە لە مەودای نزیک بە چوار سەد کیلۆ مەتر دوورتر لەوانەوە تێدەکۆشان نیشاندەری ئەوە بوو کە جوولانەوەی کورد ڕووی لە خەملاندن دەکرد، ئیدی لە پێناو مەبەستی تاکە کەسی فلانە شەخس یا وابەستە بە فلانە سەرۆك خێلەوە نییە. ئەوان لە پێناو (بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کورد) دا تێدەکۆشان کە ئامانجیان سەربەخۆیی یا جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی فراوان بوو. بانگەشەی سەربەخۆیی کە لە ژێر دروشمی ئۆتۆنۆمیدا دەخرایە ڕوو بە هۆی دابەشبوونی کوردەکانەوە لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران–تورکیا–عێراق – سوریا دا مەحاڵ بوو. بەهەمان شێوە، کوردەکانی عێراقیش پشتیوانیان لە ڕاپەڕینی کوردەکانی تورکیا کردو شێخ ئەحمەدی بارزانی 500 چەکداری سوارەی بارزانی بە هانای کوڕی حسێن کوردەوە نارد. ئەم چەکدارانە لە ناوچەی ئورامار دا پەلاماری هێزەکانی تورکیایان دا، بەلام ناچار بە پاشەکشێ کران و لەم پێکدادانەشدا کوڕی حسێن کورد گیانی لەدەست دا.

پێدەچوو لە تورکیادا،کوردەکان لە پاش ئەم شکست وسەرکوت و تەمێکردنە توندانە ئیدی ئارام بن وسەری تەسلیم لە بەرامبەر بڕیارەکانی دەوڵەتدا کەچ بکەن. بەلام ئەم نەژادە سەربزێو و سەرکەشە، ئامادەنەبوون دەست لە ئازادییەکانی ڕۆژگاری دێرینیان هەلگرن و سەربەخۆیی خۆیان لە کۆت و بەندی یاساکان و بڕیارە ئیدارییەکانی دەوڵەتدا زیندانی بکەن. ئەو ڕۆژگارە گەشانەی ڕابردوو بوو کە شۆڕشی ئەوانی جۆش ئەدا بۆ سەربەخۆیی و ڕزگار بوون لە کۆتی دەوڵەتەکانی دراوسێ.

3-سەيد ڕەزای دێرسیم

لە حوزەيرانی 1937دا، كاتێك دەوڵەتی توركيا خەريكی دامەزراندنی بنكەی جەندرمەو قوتابخانە و نوێكردنەوەی ڕێگاوبانی ناوچە كوردنشينەكان بوو، كوردەكانی ناوچەی دێرسيم كەوتنە خۆيان و لە پاش كۆبوونەوەی سەرۆك خێڵەكان لە كورپيك (سێ كيلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی ماركيرت)دا، يەكێك لە سەرۆك خێڵە خۆجێييەكان بە ناوی سەيد ڕەزاوە كە لە هۆزی (عەباس ئۆشاقی)بوو، بەزوويی چەند هەزار جەنگاوەرێكی لە عەشيرەتەكان كە زۆر بەيان لە خێڵی يوسف خان و دمنان بوون، ئامادەكرد، (بەگوێرەی لێدوانی عيسمەت ئينينۆی[55] سەرۆك وەزير، لە ئەنجومەنی گەورەی ميللیدا ژمارەيەك چەكدار كە نزيكەی هەزار يا هەزار و پێنج سەد كەس دەبن پەلاماری بنكەكانی جەندرمەيان داوەو جەندرمەكانيان لەوێندەر دا ديل كردووە يا دەرپەڕاندووە)، سەرەنجام شاری دێرسيم كەوتە دەست كوردەكانەوە.

دەوڵەتی توركيا هێزێكی سوپايی گەورەی لە ناوچەكانی ئەرزينكان ، ئەرزرۆم، مەلاتييەو ديار بەكردا جێگير كردو توانی ياخيبووانی كورد لە چوارچێوەی ڕووبەرێكی 200كيلۆمەتريدا گەمارۆ بدات، لەم كاتەدا كوردەكان هێرشيان كردە سەرناوچەی نازميە، بەڵام هێرشەكەيان تێكشكێنرا و پاشە كشێيان پێكرا. فەرماندەی لەشكر كێشييەكە عيسمەت پاشابوو كە لە بەرگرنگی ناوچەكە، بە خۆی هاتبووە ئەو مەڵبەندە و هێندەشی نەبرد لەبری (جەلال بيار) بووە سەرۆك وەزير. هەر لەم كاتەدا ژمارەيەك لە كوردەكانی

---

[55] -عيسمەت ئينينۆ: (1884-1972) دۆستی دێرينی ئەتاتورك ، لە ساڵانی 1920-1922 سەرۆك ئەركانی سوپای توركيا بوو، لە نێوان ساڵانی 1925-1937 سەرۆك وەزير بوو، لەپاش مەرگی ئەتا تورك لە 1938 دا بووە سەرۆك كۆماری توركيا. كاتێك لە 1950دا حيزبی ديموكراتی نەياری ئينينۆ لە هەڵبژاردندا برديیەوە، دەستی لە كاركێشايەوە. (و)

سوریا کە بەمەبەستی پەرەدان بە شۆرش چووبوونە نێو تورکیاوە، بە هۆی کەمی ژمارەوە ناچار بە پاشەکشێ کران و ژمارەیەکیشیان لێکوژرا کە دووکەسیان سەید عەبدولرەحیمی برای سەید رەزا و کۆرجەمیل شەیدا بوون.

لە 11ی ئوتدا، رۆژنامەی (رابط العربي)ی عێراقی بەیاننامەی دوو کەسایەتی لە رابەرانی سیاسی کوردی (ئیمام قاسم و ئیسماعیل حەقی) بڵاوکردەوە، لەم بەیاننامەیەدا داوا لە دەوڵەتی عێراق و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی نیشتەجێی بەغدا کرابوو کە لەبەرامبەر رەفتاری نا مرۆڤانەی تورکدا سەبارەت بە میللەتی کورد نارەزایی دەرببڕن کە سوود لە هەموو ئامرازە نایاساییە جەنگییەکانی وەك گازە ژەهراوییەکان وەردەگرێ بۆ لە ناوبردنی میللەتی کورد. هەروەها داوای پێکهێنانی کۆمیسیۆ نێکیان دەکرد تالە هەلومەرجی شاری دێرسیم بکۆڵێتەوە.

کوردەکان بە هۆی هاتنی وەرزی زستانەوە بە ناچار لە ناوچەی کۆێستانی مرگان داغ و مەنزور دا جێگیر ببوون، بەو ئومێدەی لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا، بە کۆمەکی زۆربەی هۆزەکان دەست بەکاری جەنگی بکەنەوە. بەڵام بەهۆی هێرش وپەلاماردانی توندی هێزەکانی تورکەوە رۆژبە رۆژ بازنەی گەمارۆکە تەنگتر دەبۆ وە لە سەریان، تا لە کۆتاییدا سەیدرەزا و دوو کورەکەی بەدیل گیران و بەیاوەری لەگەڵ چەندین کەسی دیکەدا لە سەرۆك هۆزەکان، دادگایی‌و مەحکوم بەمەرگ کران، هەموو ئەو کەسانەش کە لەم یاخیبوونە دا بەشداریان ببون مەحکوم بە دوور خستنەوە یا زیندانی کران و زۆربەی ئەوئێل و هۆزانەش کە لەم یاخیبوونە دا بەشدارییان کردبوو بە زۆرەملێ راگوێزران و دوورخرانەوە.

لە 19ی نۆڤەمبەری 1937 دا پرسەی ماتەم وشینی شەهیدانی رێگای سەربەخۆی کورد لە کۆری کوردەکانی دیمەشقدا پێکهێنرا.

4-سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد

سزای دوور خستنەوەو هەموو ئەو بەربەست و سەرکوت کردنە سەختانەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کوردەکان بەکاریهێنا، چ لە سەردەمی ئەتا تورکداو چ لە پاش مەرگی ئەویش، ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردی لە خاکی تورکیادا بە سەختی لاواز کرد، وێڕای ئەوەش ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەی کە لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران -تورکیا-عێراقدا پێکهات، ئەگەری هەرجۆرە یارمەتییەکی بە کوردی وڵاتەکەی دیکە لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕش و یاخیبووندا کەمکردەوە. لەدەیەی سێهەم و چوارەمی سەدەی بیستدا سێ هێڵی سەرەکی ڕێگای ئاسن لەسەرتاسەری خاکی تورکیادا ڕاکێشرا، کە ئەنادۆڵی ڕۆژئاوای بە شارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەبەستەوە. لەو ڕێگایانە، لە (سیواس)ەوە بۆ ئەرزنیکان وئەرزرۆم، لەمەلاتییەوە بۆ ئەلازیك و موش (کە پرۆژەی بەستنەوەی ئەو ڕێگایە بە هێڵی ئاسنی ئێرانەوە لە ناوچەی قتور دا لەدەست پێکردندایە)، لە دیاربەکرەوە بۆ کورت لان کە دەگاتە (جزیرەی ابن عومەر) و سنوری عێراق. ئەم ڕێگایانە لە بنچینەدا ستراتیجی بوون و بە مەبەستی ئامادەباشی لە کاتی سەرهەڵدانی هەرجۆرە مەترسییەکی جەنگدا لە سنوورەکانی تورکیا-روسیادا و هەروەها بە مەبەستی گەیاندنی خێرای سەربازو کەرەسەی جەنگی بوو بۆ ناوچە کوردنشینەکان لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕش و یاخیبووندا. لە ڕەهەندی ئابوریشەوە دەوڵەتی تورکیا ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کردەوە بە بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵا دەرەکی و ناوخۆییەکانی خۆی. هەروەها بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی دانانی تۆڕێکی ڕێگاوبانی قیرتاوکراو لەم ناوچەیەدا، بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی 1950-1961دا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە بەدیهێنانی ئاشتیدا لەم ناوچەیەدا، سەرباری ئەوەش هێشتا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەشێوەیەکی پوخت بە کوردنشینی ماوەتەوەو سیمای

کوردەواری خۆی پاراستووە. ئەو تورکانەی کە لەناوچەی بالکانەوە بۆ ناوخۆی تورکیا ڕاگوێزران، زۆربەیان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵدا نیشتەجێبوون کە کەشو هەوای ئەم ناوچانە لەگەڵ ژیانی ئەواندا دەگونجا. ئەو ژمارە کەمە تورکەش لە ناوچە کوردنشینەکاندا نیشتەجێ بوون، درەنگ یازوو لە ژیان هەڵکردن لەو ناوچەیەدا بێزار وشەکەت بوون یا بەهۆی ترس و هەڕەشەی کوردەکانەوە بۆ ناوچەکانی ئەزمیر، ئەستانبوڵ و ئەدەنە ڕەویان کرد.

وێڕای دانانی ڕێگای ئاسن و شەقامو ڕێگاو بانەکان، بەڵام گرژی و ئاڵۆزی بارودۆخی ناوخۆ و قەیرانی ئابوری وسیاسی تورکیا ڕێگر بووە لە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نوێسازیو بەرنامەکانی بە پیشەسازی کردن و دامەزراندنی کارگەکاندا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا. ئەم پرۆژانە لە ناوچە تورکنشینەکانی ڕۆژئاوا دا پراکتیزە کراوە و لەم بارەوە تورکیا پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە.

سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لەمەڕ کوردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بووە لە تێکدانی بنەمای سیستەمی عەشایری کە بە درێژایی چەندین سەدە، میرایەتی تیرە و هۆزەکان وەک نەریت لە بابەوە بە میراتی بۆ کوڕی وان دەمایەوە وخاوەن هەیبەت و شکۆیەکی گرنگ بوون و بە قورساییەکی کاریگەر دا دەنران لە هاوکێشەی سیاسیدا. زۆر لەم سەرۆک خێڵانە وێڕای دەسەڵاتی دنیایشیان خاوەنی پایەو مەقامێکی ئایینیش بوون، کوردەکان لە مێژەوە وەک نەریت خەڵکێکی بەدین و باوەڕداربوون، وعیرفان وتەسەوفیان ئاوێتە بە ئیسلام کردووە و زۆربەشیان پەیڕەوی تەریقەتی جیاوازی سۆفیگەرین. ڕامانینی ئەو هەلومەرجەش لە تورکیا دا زیاتر لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەڕێوەبرا. وێڕای ئەوەش دەوڵەتی توکیا مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کوردەکان زەوت کرد و ئەوانی ناچار کرد کە خۆیان بە تورکی چیایی ناوببەن

نەك هەر لە ڕووی ئیدارییەوە بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا بەزەبری هێز قەدەغە کرا و تەنانەت کوردەکانی ناچار کرد دەست لە پۆشینی جلوبەرگی میللی خۆیان هەڵگرن و پۆشاکی چاکەت و پانتۆڵ بپۆشن.

قەدەغە کردنی جلوبەرگی میللی پاش چەند ساڵێك لە ئێرانیشدا بەڕێوە برا، ئێمەو مانان ئاگاداری ئەوە بووین، کە کوردەکان تاچ ڕادەیەك لەم بەسەرهاتەدا بێزارو نیگەران بوون، بەڵام ئەم کێشەیە لە ئێراندا زۆری نەخایاند، هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری (شا)ی ئێستادا[56] خەڵکی ئازاد کران لە پۆشینی جلوبەرگی میللی خۆیاندا.

کونترۆڵ کردن وچاودێری کردنی تۆکمەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات ڕێی لە هاتنە ناوەوەی بڕێکی زۆر لە چەك بۆ ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا گرت و پرۆسەی چەکداماڵینی تیرە و هۆزەکانیش ئەم مەڵبەندانەی بێ بەرگری‌و بێهێز کرد و هەرجۆرە ئەگەری بەرپاکردنی یاخیبوونێکی لەوان زەوت کرد.

لە ساڵی 1960دا ئەنجومەنی سەربازی تورکیا، لە ناڕەزایی کوردەکان سەبارەت بە ڕژێمی نوێ بەخەبەر هات کە ڕژێمی تورکیایان بە ڕادیکال و علمانی ناودەبرد، دەوڵەتی تورکیا هۆی ئەم ناڕەزاییەیان لەبن سەری ئاغاکاندا دەدی و هاندانی ئاغاکانیان بە هۆکاری تەشەنەکردنی ناڕەزایی و بێزاری دەزانی، لەبەرئەوە بڕیاریدا ژمارەیەکی زۆریان لێدووربخاتەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیا، ڕۆژانە بۆ هەریەکێکیان 50لیرەی تورکی بڕایەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە هەریەك لە دوورخراوەکان ژمارەیەك لە ئەندامانی

---

[56] -مەبەست لە محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی‌یە (1919–1980)، لە 1941دا بووە شای ئێران، لە 1979دا لە ئاکامی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامیدا ئێرانی بە جێهێشت، لە میسردا مرد. (و)

خێزانەکانیان لە گەڵدا بوو ئەم بڕە پارەیە بژێوی ئەوانی دابین نەدەکردو وێڕای ئەوەش ئەو بڕە پارەیە بەڕێکوپێکی نەدەدرا. ئەم کێشەیە لە نێو کەسوکار و پشتیوانانی ئەواندا ناڕەزاییەکی توندی بەدیهێنا، ئەم بڕیارەی دەوڵەتی تورکیا، نەك ناڕەزایی دانەمرکاندەوە، بەڵکو بووە هۆی سەرهەڵدانی چەتەیی و ڕاوڕووتی چەکدارانە و ڕێگری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا بە جۆرێك کە تا ماوەیەك کەسێك جورئەتی سەفەرکردنی بۆ ئەو ناوچانە نەدەکرد، سەرەنجام دەوڵەتی تورکیا بە ناچار دوور خراوەکانی ئازاد کرد و لە ئاکامدا سەر لە نوێ ئاسایش و ئارامی سەقامگیر بۆوە.

ئایا کوردەکانی تورکیا لە بارودۆخی ئێستەی خۆیان ڕازین ؟

بە پێی دەموزمانی ئەو ژمارە کوردەی کە توانیویانە ڕوەو ئەودیووی سنوورەکانی تورکیا هەڵبێن یا بەبەهانەی بازرگانی کردنەوە لەو وڵاتە دەرکەون، کوردەکانی تورکیا بە هیچ جۆرێك ویست و ئارەزووی سەربەخۆییان لە دەستنەداوە و سۆزوهاودەردییەکی قوڵ سەبارەت بە برایانی کوردی خۆیان لە عێراقدا دەردەبڕن کە دروشمی (سەربەخۆیی یا مەرگ) یان کردۆتە پیشەی خۆیان، کوردەکان خۆیان بە گەلێك دەزانن کە پیلان وسیاسەتە دەرەکییەکان وڵاتی ئەوانی پارچە پارچە کردووە. بەڵام لە ڕاستیدا هەستی مەزنی نەتەوەیی و کولتوری و زمان، ئیحساسی وان پێکەوە پەیوەست دەکات و ئەو سنوورە دەستکردانەی بە هۆی جەنگ و سیاسەتە دەرەکییەکانەوە بەسەر نیشتمانی ئەواندا داسەپاوە نابێتە هۆی ڕەزینەوەو لە دەستدانی ئەم هەستە قوڵەی یەکبوون و هاریکاری کردن.

بەشی سێهەم
كوردەكانی ئێران

كوردەكـانی ئـێرانیش وەك كوردەكـانی توركیـا بەشـێكی شارنشـین و بەشێكی چادرنشین و بەشێكی گوندنشین یا نیمچە چادرنشینن، هەندێكیان زستانان لە دێهاتی خۆیاندا نیشـتەجێن و هاوینـان بەمەبەسـتی لـەوەڕاندنی مـەڕو مـاڵات بـەرە و كوێسـتانە بـەرزەكان كـۆچ دەكـەن. كوردەكـان لـە سـێ ئوستانی ئێراندا: ئازەربایجان و كوردسـتان وكرماشـان دا دەژیـن‌و، مەڵبەندی دەوروبەری زاگرۆسیان لە هەردوو دیوەوە بەدرێژایی سنووری ڕۆژئاوای ئێران داگیركردووە.

لە كرماشاندا زۆربەی تیرەو هۆزەكانی كورد لە گۆران و لۆڕەكان پێكدێـن، ئوسـتانی كوردسـتان پێكـڕا كوردنشـینە. لـە ئازەربایجانیشـدا بـە درێژایـی سـنووری ڕۆژئـاوا و دەوروبـەری شـارەكانی خـوی، مـاكۆ، ورمـێ، مـەهاباد كوردنشـینە و هـەموو پێكـەوە دانیشـتوانێكی نزیـك بەیـەك ملیـۆن پێكدێنـن. زۆربەی كوردەكانی ئێران سەر بەعەشیرەت‌و خێڵەكین و بەسەرچەند تیرەیـەكدا دابـەش دەبن و دەناسرێنەوە، ئەم هەلومەرجە هـەر لـە مێـژەوە تـا بـە ئـەمڕۆ لەسەر ئەم ڕێچكە و ڕێبـازە ماوەتـەوە، هەرچەند ئۆرگانی خێڵایەتی كـورد لـە ئـێراندا وەك توركیـا هێنـدە گۆڕانكـاری بەسـەردا نـەهاتووە، بـەڵام كۆنـترۆڵی توندی دەوڵەت و دامەزراندن و نوێسازی فەرمانگەو قوتابخانـەو شت گـەلێكی دیكـە بۆتـە هـۆی بەدیهێنانی گۆڕانكارییەكی ڕیشـەیی لـەو هەلومەرجـەدا، لـە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئیدارات لە وێدا ڕاستەوخۆ لەگـەڵ خـودی خـەڵكیدا سەروكاریان هەیە نەك لەگەڵ سـەرانی خێڵـەكانداو لە بەڕێوەبردنی یاساكاندا هاوسـەنگییەك بەدیـهاتووە. وەرزێـرو جوتیـاران مـاف وئـەركێكی یەكسـانیان هەیـە لەگـەڵ خـاوەن موڵك و سـەرۆك عەشیرەتەكاندا و لەسەردەمی ڕیفۆرمـی

کشتوکاڵییەوە پێشڤەچوونێکی گەورە لە هەلومەرجی هۆزو عەشایریدا هاتۆتە کایەوە.

لەسەردەمی دامەزرانی دەوڵەتی ڕەزاشاوە بەرنامەی چەك داماڵینی عەشایر دەستپێکراو، جگە لەو ڕاوەستانەی کەلەم ڕووەوە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەدیهات، تا ڕادەیەك تا بەئەمڕۆ ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی تۆکمە بەڕێوە براوە. سەرۆك هۆزە گرنگ و بە دەسەڵاتەکانی کورد لە مێژەوە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕەسمی ناسراون و ئەرکی پاسەوانی و پاراستنی سنورەکانیان پێسپێردراوەو بە بەردەوامی مووچەی ساڵانەیان پێدەدرێت، بەمجۆرە ئەم هۆزانە بەکردەوە سەربەخۆبوون. بە تایبەتی لە پاش شۆڕشی مەشروتەوە لە 1907 دا، کەدەسەڵاتی دەوڵەتی قاجار لاوازبوو، زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن سوپای عوسمانییەوە و پاشان لەلایەن هێزەکانی ڕوسیاوە لە ساڵی 1911 تا 1917 داگیرکران. لەکاتی جەنگی یەکەمدا کوردەکان لەلایەن دەوڵەتانی ئەڵمانیاو تورکیاوە بە مەبەستی جەنگ دژی ڕوسیا بە باشی چەکدار کرابوون، لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی ڕوسیاش، لەئاکامی کشانەوەی سوپای ڕوسدا، کە پاش کوشتنی ئەفسەرەکانیان دەیانویست هەرچی زووتر خۆیان بگەیەننەوە ڕوسیا و لە شۆڕشدا بەشدار بن، چەکێکی زۆر کەوتە دەست کوردەکانەوە.

1-ئیسماعیل ئاغای شوکاك (سمکۆ)

پاش شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە ساڵی 1880دا، ئیدی شۆڕشێکی گەورە بەمەبەستی. بەدەستهێنانی سەربەخۆیی یا تەنانەت ئۆتۆنۆمی کورد لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە هەڵنەگیرسا.

یاخیبوونە پەرت و بڵاوەکانی هۆزی گەڵباخی لە کوردستانی ناوەڕاستدا پتر سیمای شەڕی خێڵەکی و تاڵان و بڕۆی پێوە دیار بوو، تەنها یەك هۆزی

دەگرتەوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر بارودۆخی گشتی دەڤەرەکە. هەرچۆنێك بێت لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا یاخیبوونێکی گەورە لە ناوچەی کوردنشینی ئازەربایجاندا وەگەڕخرا. لەومەڵبەندەدا سەرۆکی بەدەسەڵاتی هۆزی شوکاك (ئیسماعیل ئاغا) بوو کە کەسێتی بەهێز و دلێری و بێ ڕەحمی ودڵڕەقی ئەوی کردبووە سەرکردەیەکی بێهاوتا لە نێو هەموو ئێل و هۆزەکاندا. دەسەڵاتی ئەو لە باکوری (خوی) یەوە بەرین دەبۆوە تا دەوروبەری (سەقز و بانە).

ئیسماعیل ئاغا کوڕی محەمەد ئاغای شوکاك بوو، لە ساڵی 1920 دا هۆزەکەیان خۆی ئەدا لە دووهەزار خێزان، (ئێستا نزیکەی چوار هەزار خێزان دەبێ). ئەم هۆزە لە دووبەش پێکهاتبوون، (عەبدەوی) کە لە دەوروبەری (چهریق)دا لە ڕۆژئاوای (سەلماس)دا نیشتەجێ بوون و ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرۆکایەتی ئیسماعیل ئاغادا بوون، (مەهدەوی) کە لەژێر سەرۆکایەتی (عومەرخاڵ)ی مامی ئیسماعیل ئاغادا بوون و ، بەڵام هەردوو بەشەکە ئیسماعیل ئاغایان وەك سەرۆکی خۆیان پێقبوڵ بوو، ئەم هۆزە لە ڕابردوودا هەندێجار ئاشتی خواز و سەردەمێکیش یاخی و سەرکەش بوون، جەعفەر ئاغای گەورە کوڕی محەمەد ئاغا پیاوێکی سەربزێو یاخیبوو. ببوە مایەی ئاژاوەنانەوە و نائارامی بۆ حکومەتی ئەیالەتی ئازەربایجان. نیزام سەلتەنەی حوکمڕانی تەورێز کە لە هۆزی (قەرەچەداغ)بوو بڕیاریدا بە هەرشێوەیەك بووبێ. خۆی لەشەڕی ئەو ڕزگار بکاو ئاسودەبێ، بۆ ئەو مەبەستە جەعفەر ئاغای بانگ کرد تا لەگەڵ ژمارەیەك لە سوارەکانیدا بێتە تەورێز و لە دابین کردنی ئاسایشی شاردا یارمەتی بدەن کە بەهۆی شۆڕشی 1905ی روسیاوە، بارودۆخی ئازەربایجان و قەفقاس ڕووی لە پشێوی و نائارامی نابوو، هەموو ڕۆژێك کوشتوبڕ لە نێوان گروپە ئەرمەنی و قەفقاسیەکانی نیشتەجێی تەورێز دا ڕووی ئەدا.

پاش تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك بەسەر هاتنی جەعفەر ئاغادا بۆ تەورێز، (نیزام ئەلسەلتەنە) ئەوی بۆ ڕاوێژکردن لە بارەی کاروباری شارەوە بۆ (دار الحکومە) داوەت کرد، ناوبراو پێشتر ژمارەیەك دەستوپێوەند و نۆکەری خۆی لە پشت پەردەوە دامەزراند بوو، لەگەڵ هاتنی جەعفەر ئاغادا بۆ نێو سەراکەی هەڵیان کوتایە سەری و بەزەبری خەنجەر ئەویان کوشت (1907).

ئەم کارە ناجوامێرانەیەی حکومەتی تەورێز لەبری چاوترساندنی خێڵی شوکاك، ئەوانی زیاتر سەرکەش و یاخی‌کرد.

لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەلومەرج وباردۆخی ئەیالەتی ئازەربایجانی ئێران لە ترۆپکی نا ئارامی و پشێویدا بوو، خەڵکی بەدەست سەربازانی پەرتەوازەی ڕووسییەوە گیرۆدە بوون. ئازوقە دەگمەن و ڕێکخستنی ئیداری لە گێژەنە چوو بوو، پەتاو نەخۆشیش، سەرباری هەموو ئەو کێشانەبوو.

ناوچەی ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ لە دوو بەش پێکدێ.کە دانیشتوانەکەی تێکەڵێکە لە تورکی شیعە مەزهەب و ئاسوری مەسیحی، سێ لە چواری ئەوان موسڵمان و یەك لە چواریشیان مەسیحین، دەشتەکانی باکوری سەلماس (شاهپوری ئێستا) کە نزیکەی 160 گوند دەبێ و باشوری ورمێش نزیك بە سێ سەد گوندی تێدا هەڵکەوتوە، سەرجەم ناوچە کوێستانیەکانی ڕۆژئاواش نیشتەنیەکانی لە کورد پێکدێ، بە کورتی دەوروبەری ورمێ زیاتر لە کورد پێك دێ ودانیشتوانی ناوشاریش پتر لە تورکەکان پێکدێ لەگەڵ کەمینەیەك لە ئاسورییەکان.

لە کاتی جەنگدا، نزیکەی بیست وپێنج هەزار ئاسوری لە ئاسورییەکانی تورکیا کە بە (جەلۆ) ناسرا بوون. لە ترسی ئەوەی نەبادا بە دەردی ئەرمەنییەکان بچن و گیرۆدەی چارەنوسێکی هاوشێوەی ئەوان بن، ئاودیووی خاکی ئێران بوون و لە ناوچەی ورمێدا نشتەجێ بوون. ئەم کۆڕەوە ژمارەی

دانیشتوانی ئاسوری ئەم ناوچەیەی بە دوو بەرامبەر گەیاند. ئەوان لە ژێر سەرپەرشتی ئەو مژدەدەرە ئەمریکییانە دا بوون کە هەوڵیان ئەدا ئەم مەسیحییە نەستۆریانە[57] بکەنە پرۆتستانت[58]. تورکەکان گەرەکیان بوو لەگەڵ

---

[57] -نەستۆری:بە پەیڕەوانی (نەستۆر)ی پاتریارکی سەدەی پێنجەمی کوستەنتینەی پایتەختی رۆمی بێزەنتی دەوترێ، نەستۆر پێی وابوو مەسیح دوو سروشت و ئەقنومی هەیە، یەکێکیان کوڕی خودایەو ئەوەی دییان کوڕی مرۆیە، مریەمیش دایکی خوداوەند نییەو دایکی مرۆڤە، کۆڕی (ئەفس) لە 431 ز دا ئەم باوەڕەی بە کفر و لە دینی مەسیح وەرگەڕان دانا و پەیڕەوانی کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتن و ڕاونانەوە، بە کۆمەڵ پەنایان بۆ چیاکانی کوردستان هێنا، ئاسورییەکانی کوردستان پێکڕا پەیڕەوانی نەستۆر بوون، بەڵام کاتێك لەسەدەی شانزەهەمدا (مارشەمعونی پێنجەم) بە مەبەستی ڕێگرتن لەدەستێوەردانی مژدەدەرانی کاسۆلیك ودەسەڵاتدارانی تورك، هەڵبژاردنی ئازادی پاتریارکی ڕەتکردەوەو جێنشینی بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ کرد بە نەریت لە کەنیسەی ئاشوریدا، هەندێك لە ئاشورییەکان بەهاندانی مژدەدەرە کاسۆلیکەکان ملیان ڕانەکێشا بۆ ئەو بڕیارەو (یوسف سولاقا)یان بە پاتریارکی خۆیان هەڵبژارد . ئەم کارە ئاسورییەکانی کرد بە دوو لقی (شەمعونییەکان) و (یوسفییەکان)ەوە، پاشان لە 1553دا یوسفییەکان بوون بە کاسۆلیك‌و باوەڕیان بەیەك سروشتی مەسیح هێناو بە (کلدان) ناوبران، بۆ جیاکردنەوەی خۆشیان و وەك توانجیش (شەمعونییەکان)بە نەستۆری ناوبرد.(و)

[58] -پرۆتستانت: نارەزایی بەرامبەر بە کارە چەوت و ناڕەواکانی ڤاتیکان و پاپالیوی دەیەم لە سەدەی شانزەهەمدا، جیهانی مەسیحی ڕۆژئاوای کرد بە دوو بەشی گەورەی (کاسۆلیك)و (پرۆتستانت)ەوە، کەنیسەی پرۆتستانت چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە، کە گرنگترینیان لۆسەری و کالڤینی و پیورتانت و ئەنگلیکانە، سەرەڕای جیاوازییان، هەموویان لەڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی روحی پاپاو باوەڕ نەهێنان بە پیرۆزی پارساکان و خوانی ڕەبانی‌و نەپەرستنی مریەم و دانانی ئینجیل بە تاکە سەرچاوەی ئیماندا یەکدەگرنەوە: ئەمریکا وبەریتانیا و ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندناڤیا مەڵبەندی سەرەکی کەنیسەی پرۆتستانتە. مژدەدەرانی پرۆتستانت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە نێو مەسیحییە ئەرسۆزکسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا چالاك بوون، لەم ڕووەوە حەرەکاتی تەبشیری ئەمریکییەکان لە ئینگلیزو ئەڵمانەکان

لەگەڵ ئاسوورییەکانی هاوسێیاندا پەیوەندییان دۆستانەبێ، بەڵام پڕوپاگەندەی ڕوسەکان ومژدەدەرە ئەمریکییەکان (کە تەنانەت بەر لە هاتنە ناو جەنگەوەی ئەمریکاش، هزروبیریان دژ بە تورکیا بوو) وایلێکردن چارەنووسی خۆیان لەگەڵ چارەنووسی ڕوسەکاندا گرێبدەن، لەو مەڵبەندەدا کە ڕوسەکان نەیانتوانی لە ناوچەی (وان) پتر پێشرەوەی بکەن، جەلۆکان بڕیاریاندا ڕووەو ئێران ڕەوبکەن کە بۆ ئەوان هەموار تربوو. ئەم جەلۆیانە لەسەرتاسەری ڕێگای خۆیاندا لەگەڵ کوردەکانی ئورامار، ئەتروش، بەرواری و بارزانییەکاندا جەنگین و لە کۆتاییدا لە دەوروبەری ورمێدا بنەو بارگەیان خست و گیرسانەوە. تائەو دەمە موسڵمان و ئاسوورییەکانی ئەو دەڤەرە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکدا هەبوو. بەڵام هاتنی ئەم خەڵکە چەکدار و جەنگاوەرە، پەیوەندی نێوانیانی بە تەواوی تێکدا، جەلۆکان کە ژمارەیان نزیکەی 25هەزار کەس دەبوو، لە بەرئەوەی بۆ بژێوی ئەو ڕێگایە دراویان پێنەبوو، دەبوو پێداویستی خۆیان بە تاڵان و بڕۆدابین بکەن.

دانیشتوانی ورمێ خەڵکی وڵاتێك بوون کە ڕەوشی بێلایەنیی ئەو لە لایەن هێزە دەستدرێژکارەکانی هاوسێییەوە پێشێل کرابوو، لە کاتێکدا کە ئێران، وڵاتێکی بەشداری جەنگ نەبوو، بە هیچ جۆرێك خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەوتازەهاتوانەدا ئامادە نەکردبوو.

لەوێدا کە جەلۆکان لەلایەن ڕوسیاوە بە باشی چەکدار کرابوون، دەستیان کرد بووە تاڵان وبڕۆی دوکان و بازاڕەکانی ورمێ، تا خەڵکی موسڵمان

چالاکتربوون، چەندین دەزگای ئایینی و قوتابخانەیان بە تایبەتی لە لوبناندا دامەزران، بەڵام لە ناو کاسۆلیکەکاندا ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ دەبوونەوە کە مژدەدەرە کاسۆلیکە فەرەنسیەکان لە نێویاندا چالاك بوون، حەرەکاتی تەبشیرو مژدەدەران ڕۆڵێکی زۆر چەپەڵ و خراپیان گێڕاوە کە هەرچی زیاتر تەبایی و هاوکۆکی میللەتانی ئەم ناوچەیە و تەنانەت یەکێتی نێو یەك مەزهەبیشیان تێکداوەو ناکۆکییان خستۆتە نێویانەوە. زۆربەیان مەبەستی سیاسییان لە پشتەوە بووە. (و)

گەیشتەتینیان و کەوتنە بەرگری کردن لە خۆیان . ئاسورییەکانی نیشتەجێی ورمێش بوونە هاودەستی جەلۆکان و کەوتنە قەتلوعامی موسڵمانەکان، نوێنەری پاپا (مانسیۆر سن تاگ) هەوڵیدا ڕێ لە کوشتار و خوێنڕێژی بگرێ، بەڵام (دکتۆر شیدید) مسیۆنێری ئەمریکی بە توندی پشتگیری لە ئاسورییەکان کرد و ئەوانی بۆ درێژە دان بە کوشتوبڕی ئێرانییەکان هاندا.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرو گەڕانەوەی سەربازانی روسیا، هاوپەیمانەکان لەگەڵ نائارامیو پشێوی بارودۆخی قەفقاسو بەرەی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتدا ڕووبەڕوو بوونەوەو، دانیشتوانی قەفقاسیان بە ئەگەری پەلاماری تورکەکان ترساند و هانیاندان بۆ ئەوەی خۆیان جێی روسەکان بگرنەوە، تا بەمجۆرە ڕێ لە داگیرکردنی ئەم ناوچانە لە لایەن تورکیاوە بگرن وناوچەی پڕ لە نەوتی باکۆش لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بێت. بەڵام ئەم پیلانە ڕووبەڕووی شکست بۆوەو قەفقاسیەکان ئامادەی شەڕکردن نەبوون لەگەڵ هاوئایینانی خۆیان و خەڵکی گورجستاندا، کە زیاتر لە تورکەکان، لە ئەرمەنییەکان بە ترس وبەگومان بوون. لە بەر ئەوە ئەرمەنییەکان تەنها لە ناوچە سنوورییەکاندا مانەوە ودواتریش دابەش کران. ئەرمەنییەکانی ڕوسیا یا ئەرمەنییەکانی قەفقاس کە بەرامبەر بە بەلشەفیەکەکان[59] هەستی هاودەردی وهەماهەنگیان پیشان نەداو، کەوتنە شوێن ئەو ڕەوشەی کە دەوڵەتی نوێی سۆڤیەت گرتبویە بەر. لە پاشدا ئەوانیش خوازیاری دەستبەسەراگرتنی ناوچە ئەرمەنی نشینەکانی تورکیا نەبوون.

هەرچۆنێك بێت، ئاسوریيە جەنگاوەرەکانی جەلۆ کە پێشتر لە ناوچەی

---

[59] -بەلشەفیك: لە ساڵی 1898دا، مارکسییەکانی روسیا حیزبی (سۆسیال دیموکرات)یان دامەزراند، لە ساڵی 1903دا ئەم حیزبە بووە دوو باڵی (بەلشەفیك و مەنشەفیك)، لە ساڵی 1917دا بەلشەفیکەکان لە روسیادا دەسەڵاتیان گرتە دەست، لە ساڵی 1918دا ناوی بەلشەفیك گۆڕا بۆ (حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت). (و)

ورمێدا نیشتەجێببون، تینووی تۆڵەسەندنەوە بوون لە تورکەکان، بەشێك لەو چەکانەی هاوپەیمانان بۆ روسیایان ناردبوو دراپێیان و بەشێکیشی گواسترایەوە بۆ پایتەختی گورجستان.

بێگومان بیرۆکەی ئەو ئاسوریانەی کە لەلایەن (مارشەمعون) و پیاوێکی قین لەدڵی وەك (ئاغا بترۆس)ەوە رابەرایەتی دەکران، ئەوە بوو بە هەر نرخێك بێ ناوچەی ورمێو ئەگەر بکرێ سەلماسیش پاوان بکەن بۆ خۆیانو بە نیشتمانی خۆیانی ناوببەن. بێ بایەخدان بەوەی کەئەم سەرزەمینە سەر بە وڵاتێکە کە بێلایەنی ئەو بە درێژایی جەنگ لەلایەن وڵاتانی بەشداری جەنگەوە پێشێل کراوەو دەستدرێژی کراوەتەسەر. ئیسماعیل ئاغا و ئێلی شوکاك لە کاتی جەنگدا بە وریایی ڕەوشێکی بێلایەنیان گرتبووە بەر. هەر چەند لە بەرامبەر ویستی ئاسورییە کۆچەرییەکاندا نیگەران بوون. دیارە ویستی ئاسورییەکان، لەم بارەوە کە وڵاتی ئێرانیش بێلایەن بوو، بە سوودو بەرژەوەندی ئیسماعیل ئاغا تەواو دەبوو.

مارشەمعون کە تینووی بە دەستهێنانی سەربەخۆیی یا لانی کەمی ئۆتۆنۆمی ئاسورییەکان بوو، گەرەکی بوو بە هەر نرخێك بوویێت لە پاش جەنگ ناچار بە گەڕانەوە بۆ ناوچەی (سنگلاخ)ی هەکاری و ناچار بەشەڕی بەردەوام نەبێ لەگەڵ هۆزە کوردەکاندا. مارشەمعون پەی بەوە برد بوو کە بەبێ هاریکاری و پشتیوانی کوردەکانی ئەم مەڵبەندە توانای بەڕێوەبردنی نەخشەی پیلانی خۆی نابێت، هەرچەند لە کرۆکدا گەرەکی بوو لە پاش سەرکەوتنی کۆتایی هاوپەیمانەکان و شکستی دەوڵەتی تورکیا، ئەوانیش لە ناو ببات. بۆ ئەو مەبەستە سمکۆی هەڵبژارد، کە ناسراوترین و هەڵکەوتووترین سەرۆك ئێلی ئەم مەڵبەندە بوو، لە پاش دەستەبەرکردنی لایەنگری کەسانی گوێڕایەڵ بە تایبەت ئەرمەنییەکان، ئەم کوردە ژیرەی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئاسورییەکاندا دیاری کرد. بەمجۆرە بڕیار لەسەر

ئەوەدرا كە دوو ڕابەر بە مەبەستی دانوستان بێنە (كۆنەشار) تا دەربارەی پیلان و نەخشەی ئایندەی شەڕ لەگەڵ تورك و دەوڵەتی ئێراندا گفتوگۆ بكرێت.

سمكۆ كە خولیای ڕابەرایەتی كوردەكانی ئەم مەڵبەندەی لەسەر دابوو دەیزانی كە بەهەر نرخێك بێ پێویستە لە پێشدا لە دەست ئاسوورییەكان ڕزگاری بێت، لە بەر ئەوەی بە هیچ جۆرێك نەدەكرا حوكمڕانێتی ئەو قبوڵ بكەن، دەشیزانی ئەگەر لەدژی موسڵمانان لەگەڵ ئاسوورییەكاندا یەكبگرێت ، توانای زامن كردنی پشتیوانی هۆزە كوردەكانی دیكەی وەك هەركی، مەرگەوەڕو تەرگەوەڕو ئەوانی دی نابێت، كە گەلێك لە ئاسوورییەكان بەقین بوون و بەر لە ماوەیەك لە كاتی كۆچوڕەوی خۆیاندا بەرەو ورمێ ماڵ و موڵكی ئەوانیان تاڵان كردبوو.

لە 25 شوباتی 1918دا، مارشەمعون لە كاتێكدا لەلایەن 150پیاوی چەكداری ئاسوری جەلۆوە دەپارێزرا گەشتە كۆنەشار. لە حاڵێكدا ئیسماعیل ئاغا تەنها چەند كەسێكی لەگەڵدا بوو. تا ئەوان بە گومان نەبن و هەست بە پیلانەكەی نەكەن. بەڵام پاش دەسپێكردنی دانوستان هێندەی نەبرد هێزێكی گەورەی چەكداری كورد گەشتنە ئەوێندەرو لە بانێژەی ماڵە هاوسێكاندا خۆیان حەشار دا، ئەم كۆبوونەوەیە لە نێو ژوورێكدا ئەنجام دەدرا. لەم ماوەیەدا گاردی پاسەوانی مارشەمعون بەسەر ئەسپەكانی خۆیانەوە لە حەوشەی ماڵەكە دا چاوەڕوانی كۆتایی هاتنی وتوویژ بوون. پاش ماوەیەك مارشەمعون لە كاتێكدا كە لەلایەن ئیسماعیل ئاغاوە بە ڕێدەكرا، لەژوور هاتە دەر و بە گەرمی پێكەوە تەوقەیان كرد و خودا حافیزییان كرد. لە ساتێكدا كە مارشەمعون دەیویست سواری گالیسكەكەی خۆی بێت، لەپڕ ئیسماعیل ئاغا تفەنگێكی لە دەست یەكێ لە هەڤاڵانی خۆی وەرگرت و گوللەیەكی نا بە دەفەی شانێوە. ناوبراو كەوتە سەرزەوی وبراكەی سمكۆش بە دەمانچە

گوللەیەکی تری پێوە ناو کوشتی. ئەم گوللە تەقاندنە بە مانای ئاماژەدان بوو بە کوردەکانی هاوڕێی ئیسماعیل ئاغا، ئەوانیش لەسەر بانەکانەوە بە توندی دەستیان کرد بە تەقە کردن و لەماوەی چەند خولەکێکدا سەرجەم ئاسورییەکان، جگە لە دوو سێ یەکیان کە یەکێ لەوان (دیڤید)ی برا گچکەی مارشەمعون بوو توانیان هەڵبێن، هەموویان کوژران. ئیسماعیل ئاغاش لەتەك هاوڕێیانی خۆیدا گەڕایەوە چهریق.

کاتێك ئاسورییەکان لەم کارە خیانەت ئامێزە وە خەبەرهاتن لە پێشدا تیغی تۆڵەیان ئاڕاستەی تورکەکانی ئازەربایجان کردوسەدان کەس لەپیاوو ژن و زارۆکی ئەوانیان کوشتو ماڵ و موڵکە کانیشیان بە تاڵان بردن، پاشان چەند هەزار کەس لەوان بەرەو کۆنەشار کەوتنە ڕێ و پاش تاڵان کردنی ، کەوتنە کوشت وبڕی خەڵکەکەی وپاشان ڕوەو چهریق پێشڕەوییان کرد، کەمێك بەر لە گەشتنی ئەوان سمکۆ ئەوێندەری بە جێهێشت و ڕودو کەژوکێوەکان پاشەکشێی کرد.

ئاسورییەکان ئەوێیان وێران کرد وگەڕانەوە ورمێ. لەکاتی گەڕانەوەیاندا ناوچەی سەلماس و دیلمانیان خستەبەر هێرش و پەلاماردان، بەڵام لەلایەن خەڵکیەوە ڕاونران.

لەم سەروەختەدا سوپای تورکیا بە مەبەستی بەهێز کردنی سنوورەکانی خۆی لەبەشی قەفقاسدا، لە میزۆپۆتامیا و سوریاو ئەرزنجانەوە ڕوەو ئەرزرۆم پاشەکشێیان کرد، لەوێدا چەند یەکە لە جەنگاوەرانی ئەرمەنییان بە فەرماندەیی (ئەندریاتیك) تێکشکان و دەستیان گرت بە سەر (قارس) دا. چەند یەکەیەك لە سوپای ئەڵمانیاش تفلیسیان داگیرکردو دەوڵەتی لایەنگر بە خۆیان لەوێدا پێکهێنا.

ئەندریاتیك کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە پشتیوانی لێدەکرا، خاکی تورکیای بەجێهێشت و بە مەبەستی چوونە پاڵ ئەو ئاسوریانەی کە لەژێر

فەرماندەیی ئاغا بترۆسدا بوون، ئاودیووی خاكی ئێران بوو، لە نێوانی ڕێگادا هێرشی كردەسەر (خوی)، لەم كاتەدا ئاسورییەكانیش دەستیان گرت بەسەر شاهپوردا، پاش كوشتارو تالان‌و بڕۆی ئەو ناوچانە، بەرەو باشور پێشڕەوییان كرد. خەڵكی خوی بەیارمەتی توركەكان ئەندریاتیكیان تێكشكان وئەویشیان بەرەو (یەریڤان) ڕاونا. ئاسورییەكانیش گەڕانەوە ورمێ. هەرچەند توركەكان (سوپای عوسمانی) ورمێیان نەخستە بەر شاڵاو وپەلامارداانی خۆیان، بەڵام ئامادەبوونی سەرلە نوێی ئەوان لە ئازەربایجاندا بووە مایەی ئەوەی كە كوردەكان دووبارە گرۆتینیان تێبكەوێ و دەستبدەنە شەڕ و ڕاونانی ئاسورییەكان كە لەو دەمەدا لە ڕووی چەك و كەرەسەی جەنگییەوە لە تەنگانە دا بوون و ئەو هەوڵانەی بەمەبەستی دەست بە سەراگرتنی ئەنباری چەكی روسەكان لە شەرەفخانەدا دابویان، بە كۆمەكی خەڵكی و لەشكری تەورێز بێ ئاكام مابۆوە، لەم كاتەدا هێزێك لە سوپای بەریتانیا بەمەبەستی داگیركردنی بیرەنەوتەكانی باكۆ هاتنە خاكی ئێرانەوە. لێپرسراوی ئەم گروپە ژەنڕاڵ (دسن ترویس) بوو. ناوبراو هەر لەگەڵ هاتنە نێو خاكی ئێرانەوە، كە لە بوونی ئاسورییەكانی ورمێ بەخەبەرهات، كەوتە پیلان دانان بۆ ئەوەی بە پێدانی بڕێك پارە وچەك و كەلوپەلی سەربازی پێیان، بتوانێت لەشەڕی دژ بە هێزەكانی توركیا وبڕینی هێڵی پەیوەندی ئەواندا ، سوودیان لێوەر بگرێ. بەمجۆرە فڕۆكەیەكیان ناردە ورمێ و فڕۆكەوانەكەی (ستوان پتی تون) ی ئینگلیزی بە گەرمی لەلایەن ئاسورییەكانەوە پێشوازی لێكرا. پاشان بڕیار لەسەر ئەوە درا كە ستونێك لە هێزی ئاسورییەكان هێڵی گەمارۆی هێزەكانی كورد وتورك لە مەهاباد دا بشكێنن‌و بەرە و شاهێن قەڵا پێشڕەوی بكەن تا لەوێدا چەك و كەرەسەی سەربازی و پارەی تەواویان پێبدرێت. قۆناغی یەكەمی ئەم نەخشەیە بە باشی بەڕێوە برا، بەڵام كەمێك بەر لە گەشتنی ئەوان بۆ شاهێن قەڵا، هێزی ئینگلیز ئەم ناوچەیەیان بەجێهێشتبوو، لەم نێوەدا ئەو

بەشە لە ئاسورییەکان کە بۆ ڕێگرتن لە هێزی عوسمانییەکان ڕۆشتبوون ڕوە و شار گەڕانەوە و لەگەڵ وەئاگاهاتنیان لە ڕۆشتنی بترۆس ئاغا بەرەو باشوور، لەترسی ئەوەی نەبادا گیرۆدەی هێرشی تورکەکان و کوردەکانی سەر بە سمکۆ بن وبێکەسکوژ بکرێن-ژن ومناڵ ومەڕو ماڵاتی خۆیان کۆکردەوەو لە شار وەدەرکەوتن . بڕیاریاندا لەڕێگای جەنگ و هەڵاتنەوە لە دژی ئێلە کوردەکانی دەوروبەری مەهاباددا، خۆیان بگەیەننە ناوچەی باشور، بەڵام کەوتنە بەرهێرش وپەلاماردانی لەشکری ئێران بە فەرماندەیی (مەجید ئەلسەلتەنە) کە لە لایەن ئیحسان پاشای تورکەوە بە فەرمانداری تەورێز دانرا بوو. لە هاوینی 1919دا، حوکمڕانێکی نوێ بۆ ئازەربایجان دانرا. لەم کاتەدا سمکۆ بڕیاریدا بە مەبەستی بەرفراوان کردنەوەی شۆڕش و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی دەستبەسەر ورمێدا بگرێت. لەسەرەتادا، بەندەری (گلخانی) داگیرکردو تاکە ڕێگای بەستنەوەی ورمێی بە تەورێزەوە کۆنتڕۆڵ کرد، پاشان هێزێکی چەکداری ناردە نێو شار، ئەوان بارەگای حکومەتیان داگیرکرد وئەو ژمارە سەربازە کەمەش کە لەوێدا مابوونەوە، بەدیل گیران، پاشان کوردەکان بە تەواوی شاریان تاڵان کرد. دواتر هێرشیان کردە سە رشاهپور و لەپاش دوو ڕۆژ لە جەنگی خوێناوی، دەست بەسەر شارداگیرا، خەڵکی بەرەو ناوچەی لاکستان هەڵاتن وزۆربەیان لە نێوانی ڕێگادا کوژران.

حوکمڕانی تەورێز زۆربەی جەنگاوەرانی ژێر فەرمانی خۆی کۆکردەوە و ڕەوانەی ناوچەی شەرەفخانە و ناوچەی تاسوجی باکوری دەریاچەی ورمێی کردن. فەرماندەی ئەم جەنگاوەرانە (سەروان فلیپۆف)ی تیپی قەزاق[60] بوو کە

---

[60] -قەزاق: دامەزرانی هێزی قەزاق لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1879 کە ناسرەدین شای قاجار، داوای لە تزاری روسیا کرد تا ئەفسەرانی قەزاقی ڕوسی بێنە ئێران و (مەشقی قەزاق)ی بەسەربازانی ئێرانی بکەن، سەربازانی هێزی قەزاق لە ئێراندا ئێرانی بوون و ئەفسەرو فەرماندەکانیشیان روسی بوون، ئەرکی سەرەکییان

لە تارانەوە ناردبوویان، لەم ناوچەیەدا هێرشی کردە سەر کوردەکان وئەوانی بەرەو چهریق ڕاونا. بەدبەختانە لە بری ئەوەی درێژە بەم سەرکەوتنانە بدەن و کۆتایی بە کاری سمکۆ بێنن، دەرگای گفتوگۆیان بۆ والآکردو ڕێیان پێدا لە ناوچەی چهریقدا بمێنێتەوە و دەست لە کوشتارو تالآنی ناوچە دراوسێکانی هەڵگرێت. لە ساڵی 1920دا ئیسماعیل ئاغا بەشێوەیەکی هەمە لایەنە باسی لەسەربەخۆیی کورد دەکرد، بەسەرنجدان لە کەسێتی گرنگی خۆی و فراوانی لایەنگرانی ئەم کارە بەلای ئەوەوە ئەوپەڕی ئاسان بوو. ئەو دەیویست ئەیالەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت کەسەرجەم کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە خۆبگرێ، هەرچەند خەڵکی ئەو مەڵبەندە زیاتر ئازەری (تورکی شیعە مەزهەب بوون) و لە ڕووی ئاداب و ڕەوشت و نەریتی ژیانەوە لەگەڵ کوردەکاندا تەواو جیاواز بوون، کوردەکان خەڵکێکی سەربزێو و چادرنشین بوون وتورکەکانیش بە پێچەوانەوە خەڵکێکی ئارام و گوندنشین بوون.

پاش گەڕانەوەی فلیپۆف وهێزەکەی، (ئیسماعیل ئاغا) سەرلەنوێ دەستو پێوەندەکەی کۆکردەوە و عەشیرەتی هەرکیشی کردە هاودەستی خۆی و دووبارە دەستی گرتەوە بەسەر ئەوزەویانەدا کە ماوەیەك لەمەوبەر لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوون. دیسان شاری خوی کەوتە بەر هەڕەشەی سمکۆ و ویستیدەستی بەسەردابگرێ.

ئەو هێزەی کە بۆ شەڕکردن لە دژیئەو ڕەوانەکرابوون، بەتوندی تێکشکا و لە پاش لە دەستدانی 60 کوژراو گەڕانەوە تەوریز (1920).

لە هاوینی 1920دا، هێزێکی ژاندارم کە لە سێ دەستەی پیادە نیزام و

پاراستنی نفوزی روسەکان بوو لەئێراندا لە دژی نفوزی ئینگلیزەکان، لە شۆڕشی مەشروتەدا بەرگرییان لە محەمەد عەلی شاکرد. ڕەزاخان کە بە خۆی لە هێزی قەزاقدا کاری دەکرد، لە پاش هاتنە سەرکاری ، هێزی قەزاقەکانی لەگەڵ پێکرای هێزەکانی تری ئێراندا لە ژێر فەرماندەیی خۆیدا یەکخست. (و)

یەکەیەکی تفەنگچی ودوو ئوسکادرانی سوارە پێکهاتبوون، بەمەبەستی بەهێزکردنی هێزەکەی تەوریز لە تارانەوە ڕەوانەکران، ئەز لەم ئەرکەدا فەرماندەی ئوسکادرانێکی سوارەبووم. لە مانگی سێپتەمبەردا، من و ئوسکادرانی سوارەو هێزی چەکداری سوارە بەمەبەستی بەهێزکردنی ئەو هێزە حەوت سەد نەفەرییەی کە لە ناوچەی میاندواو دا جێگیر بوون ڕەوانەکراین، کاتێك گەیشتینە میاندواو، هەواڵی تێکشکانی هێزی ناوبراویان لەلایەن کوردەکانەوە پێڕاگەیاندین، کە لە پاش لەدەستدانی 400 کوژراو، پاشماوەی هێزەکە هەڵهاتبوون، هەموو ئەوانەی بە دیلی کەوتبوونە دەست سمکۆ و دەستەو پێوەندەکەیەوە گوللە باران کرابوون. بەدوای ئەم سەرکەوتنەدا، زۆربەی هۆزە کوردەکانی وەك مامش، مەنگوڕ، دێبوکری، پیران، زرزا، گویك، فەیزوڵلابەگی،پشدەری، بانە وقادرخانی، چوونە پاڵ ئیسماعیل خان و ناوچەکانی میاندواو و مەهاباد لە مەترسی داگیر کردنی ئەواندا بوو، لەم کاتەدا ئەز تەنها سەد نەفەرم لە ژێر فەرماندا بوو، هەموو ئەو سەربازانەی کە لەجەنگی پێشوودا هەڵاتبوون و گەڕابوونەوە لامان. بەڕادەیەك ورەیان بەردا بوو کە ناچار بووم پێکڕایان بنێرمەوە بۆ تەوریز .

خۆشبەختانە لە پاش گەشتنم بە میاندواو، توانیم نزیکەی 500 چەکدارلە هۆزی ئەفشار کۆبکەمەوەو بەمجۆرە کۆی هێزەکەی من خۆی ئەدا لە 600 نەفەر. بەم هێزە هێڵی زێی (تاتاهوم) داگیرکرد کە بەسنووری سروشتی لێکجیاکردنەوەی زاری کوردی و تورکە ئازەرییەکان دادەنرێت.

پاشان سێ سەد نەفەر لە سوارەی قەزاقیش گەیشتنە ئەوێ و لە (خوی)دا هاتنە پاڵ هێزەکەی ئێمەوە، ئەوکات حوکمداری ئازەربایجان پیاوێکی پیری ڕوناکبیر بوو بە ناوی (مخبر السلطنه هیدایەت)ەوە، کە چەند کتێبی بە زمانی ئەڵمانی دەربارەی جەنگ خوێندبۆوە و لە عەمەلیاتی نیزامی دژ بە عەشایردا خۆی بە کارامەو لێزان دەزانی، لەم بارەوە فەرمانی دا بە کۆکردنەوەی چەند

یەکەیەکی سەربازی لاواز لە ئازەربایجاندا. لە کاتێکدا کە کوردەکان بە خێرایی توانای بزاوت و مانۆڕیان هەبوو، هەرکات دەیانتوانی خاڵە لاوازەکانی بەرەی جەنگ بخەنە بەر پەلاماردانی خۆیانەوە. لەگەڵ گەشتنم دا بۆ (خوی)، ئەرکی فەرماندەیی سەربازانی خۆم و هێزێکی 600 نەفەریم لە ژاندارمەری پێسپێردرا، کە بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە ئێمە ئامادەکرابوون. ئەم هێزە بەرەو ناوچەی (هیرسا) پێشڕەوی کرد بە ومەبەستەی کە لەوێدا دوو هەزار چەکداری دیکە لە هۆزی (قەرەچەداغ) بەسەرۆکایەتی (ئەمیر ئەرشەد) بێنە پاڵ هێزەکەی ئێمەوە. ئەم هێزە لە (سۆفیان) و (شەرەفخان)ەوە ڕوەو سەلماس دەستیان کردبە پێشڕەوی کردن، قەرەچەداغییەکان بە هۆی چەك داماڵینی ئەرمەنییەکانەوە لە ساڵی 1920 دا بە چاکی چەکدار ببوون و چەند ئەفسەرێکی روسیشیان لە نێودا بوو کە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە پەنایان هێنابووە بەر ئێران. هێزەکەی ئیسماعیل ئاغا بە چاپوکی و پەلاماردانی لە ناکاو، ڕێی لەم یەکگرتن و بەیەك گەشتنە گرت و دەستی کرد بە پێشڕەوی کردن بە ئاڕاستەی ئەوزنجیرە کێوانەی کە دەشتی (خوی)یان لە ناوچەی (تاسوج) جیادەکردەوە، پاشان کتوپڕ بەلای ڕاستدا وەرچەرخان ولە باڵی ڕاستەوە پەلاماری قەرەچەداغییەکانیان دا و هێرشیان کردە سەر هێزەکەیان، بە تەواوی ڕێی پێشڕەوی کردنیان بەرەو (قەرا لجە) لێگرتن. ئەم هێرشە لە ناکاوە سوارە ڕێکنەخراوەکانی قەرەچەداغییەکانی پەرتەوازەکرد و بەرەو شەرەفخانە ڕاونران. لە حاڵێکدا کە دوو سەد کوژراویان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشتبوو، لە نێو کوژراوەکاندا خودی ئەمیر ئەرشەدیش دەبینرا. پاش ئەم سەرکەوتنە ئیسماعیل ئاغا ڕوەو ستونەکەی ئێمە وەرچەرخا، ژاندارمەکانی تاران لە پاش هەندەك خۆڕاگری کەرەسەی سەربازییان ڕووی لە تەواو بوون ناوبەرەو (خوی) پاشەکشێمان کرد. کوردەکان وەك گشت جارێك خۆیان لەوە دووکەوتنی ئێدە بوارد. لە مانگی نۆڤەمبەردا من کەوتمە خۆ

کۆکردنەوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی بەڵکو بە پەلامارێکی لە ناکاوی دەستەی سوارە دەست بەسەر گوندی (ئەزدیکان) دابگرین، بە کۆنترۆڵکردنی ئەم گوندە کوردنشینە ئێمە دەمانتوانی عەمەلیات بەرەو دەشتی سەلماس درێژە پێبدەین بەڵام یەکێك لە سەرانی تورکی ئازەری کە لە ماڵی ئەودا میوان بووم و دەبوو ڕۆڵی پارێزگاری کردن لە من ببینێ ، لەڕێپێوانی شەوانەماندا ئێمەی بە تەنها بە جێهێشت وبەرەو لای کوردەکان هەڵات و هەواڵی ئەم پیلانەی پێگەیاندن، بە هۆی ئەوەوە بەر لەوەی ئێمە بتوانین ئەوان غافڵگیر بکەین، ئەوان ئێمەیان غافڵگیرکرد. لە نیوەشەودا کەوتینە نێو گەمارۆی کوردەکانی ئەزدیکان و کرسنییەکانەوە. پاش شەش کاتژمێر لە جەنگێکی سەخت کە ئەسپەکەی منیشی تیا کوژرا، ناچار بە پاشەکشێ کراین. لە حاڵێکدا کە تەرمی50 کوژراو و 9 دیلمان لەدەست کوردەکاندا بەجێهێشتبوو، ئەم نۆ کەسە دەبەنە لای سمکۆو ئەو داوایان لێدەکات کە میکانیزمی یەکێ لەو ڕەشاشانەیان بۆ ڕاڤە بکات کە وەك دەستکەوت لە ئێمەیان گرتبوو. یەکێ لەوانەی کە بەر پرسی ئەم کارە بوو، لە کاتی فێرکردنی میکانیزمی ڕەشاشەکە دا گوللە دەخاتە ناو ڕەشاشەکەوەو لولەکەی ئاڕاستەی سمکۆ دەکات، سمکۆ بروسکە ئاسا هەڵئە کوتێتە سەری ودەستی پیاوەکە دەگرێ وپێی دەڵێ کە شێوەی کارکردنی فێربووە. ئەم جوامێری و چاوقایمییە هێندە سمکۆی خۆشحاڵ کرد کە هەر یەکە و لیرەیەکی زێڕی وەك خەلات پێبەخشین و ئازادی کردن.

لە پاش ئەم بەسەرهاتە، تەواوی ستونەکە سەر لەنوێ چەکدار کرانەوەو لە لایەن سەد نەفەر لە سوارەکانی تورکی هۆزی ئورسەلان، لوی ماکۆوە کە لە ژێر فەرماندەیی (بەیات ماکۆ)ی سەرۆکی خۆیاندا پشتیوانییان لێدەکراو لە بەرزاییەکانی قەرەتەپەوە هێرشیان کردە سەر کوردەکان، ئەم هێزە لەوپەڕی مێرخاسیدا دەجەنگا. لەم شەڕەدا نزیکەی 60 نەفەری لێکوژرا. بەڵام 600 نەفەر ژاندارم لە بەرامبەر سێ هەزار چەکداری سمکۆدا قابیلی بەراورد کردن

نەبوو. عەشیرەتەکانی (ماکۆ)یش کە لە باڵی ڕاستەوە لە دژی هێزەکەی سمکۆ دەجەنگان بە بێمۆڵەت پێدان سەنگەریان چۆڵ کرد، لە ترسی ئەوەی نەبادا بکەونە گەمارۆوەو ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ (خوی) لێبگیرێت. فەرمانی پاشەکشێ درا و هێزەکە کشایەوە. ڕۆژی دواتر سەرجەم ستونەکە شاری (خوی)یان بە جێهێشت وبەرەو شەرەفخانە کەوتنە ڕێ. بەڵام کوردەکان نەهێرشیان کردە سەر (خوی)و نەوەدووی پاشەکشێی ئێمەش کەوتن.

لە مایسی 1922 دا، پاش چۆڵکردنی (گیلان) لە هێزەکانی سۆڤیەت و تەسلیم بوونەوەی هێزی 700 چەکداری کۆمۆنیستی ژێر فەرماندەیی (خالۆ قوربان) ئەم هێزە هاتە نێو ڕیزی سوپاوە وبەمەبەستی شەڕکردن لەگەڵ سمکۆدا ڕەوانەی ئازەربایجان کران، بۆ ئەوەی هێزی سمکۆ لە ئاڕاستەی میاندواوە بەرەو مەهاباد پێشڕەوی نەکات. ئەم فەرمانە بەبێ پشتیوانی دیسپلینی نیزامی بوو، هەرچەندە ئەم هێزە لە ناوچە زێدێکانی خۆیاندا جەنگاوەری کارامەبوون، بەڵام بە هۆی ئاشنانەبوونیان بە جەنگی دەشت و کێوەکانی ئەو دەڤەرە و ڕانەهاتنیشیان بە کەش و هەوای ئەو کوێستانە لە دەوروبەری مەهاباد دا، کەوتنە بەر هێرشی عەشایرەکان، پاش کوژرانی خالۆ قوربان و 150 کەس لە هەڤاڵانی، پاشماوەی هێزەکە بەسەرو پێشکاوی ڕەوەو مەراغە کشانەوە و سەرەنجام لە وێشەوە ڕەوانەی ناوچەی خۆیان لە گیلان داکرانەوە. بەشی دووەمی ئەم عەمەلیاتە درێژخایەنە لە دژی کوردەکان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز بەڕێوە برا.

ڕەزاخان[61] سەرکردەی سوپاو وەزیری جەنگ و فەرماندەی گشتی

[61] -ڕەزاخان :(1878-1944)، دامەزرێنەری دەوڵەتی پەهلەوی بوو لە ئێراندا، لە 1921 دا کودەتای کردو تارانی داگیرکرد،لە 1925 دا بووە شای ئێران، لە پاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە لە 1941دا، ڕەزا شا لە سەرکار لابراو دوورخرایەوە بۆ ئەفریقای باشورو لەوێشدا مرد. (و)

هێزەکانی ئێران، لە پاش کودەتا سەرکەوتوانەکەی خۆی لە شوباتی 1921دا بۆ یەکەمین جار لەشکرێکی یەکپارچە و یەکگرتووی لە هێزە جیاوازەکانی سوپای ئێران، لە قەزاق و ژاندارم و سەربازو چریک، پێکهێناوپەی بەودبرد کە ناردنی دەستە وگروهی بچوك بۆ جەنگی یاخیبووان ئەنجامەکەی شکستی سەربازان و لە دەستدانی ورەی ئەوان و بەرزکردنەوەی ورەی عەشایرەکان دەبێ. لە بەرئەوە فەرمانی دا تیپێکی نوێ لە 5 بەتالیۆنی پیادە، سێ یەکەی تۆپخانە، سێ بەتالیۆنی سوارە و یەك ستونی چەکدار پێکبێ و ڕوەو ئازەربایجان ببزوێ. لە هەمان کاتیشدا فەرمانی دا تا پێکڕای هێزە پەرت و بڵاوەکانی ئازەر بایجان بچنە ڕیزی ئەوانەوە . بەمجۆرە لە چوارگۆشەی ئێرانەوە هێزی کۆکردەوە، ئەم هێزە نزیك بە 8000 نەفەر دەبوو، فەرماندەی ئەم هێزە (ئەمانەڵلاخان جهانبانی) بوو، کە بە ئەزموونترین ئەفسەری ئەرکان بوو، خوێندنی نیزامی لە ڕوسیادا تەواوکردبوو، ئەم سوپایە لە مانگی تەموزدا لە دەشتی (تاسوج)ی باکوری گۆمی ورمێدا جێگیر بوو، لە 23ی تەموزی 1922دا، کۆی هێزە کە بوونە دووستون و بەدرێژایی دوو دیووی زنجیرەچیاکاندا ڕوەو سەلماس پێشڕەوییان کرد لەحاڵێکدا کە لە لایەن دەستەی سوارەوە، لە هەر دوولاوە دەپارێزران.

ئەم دوو ستونە لە کاتژمێر 8ی بەیانیدا لەلایەن هێزەکانی سمکۆوە هێرشیان کرایە سەر. ئیسماعیل ئاغا لەم کاتەدا نزیکەی 10000 چەکداری لە عەشایری کورد، لە مەهابادەوە تاقطور و ژمارەیەك کوردی تورکیاشی کۆکردبۆوە. لە بەرەبەیاندا کوردەکان چوار جار بەشێوەی پیادە ئێمەیان خستەبەر هێرش و پەلاماردان. لە باشوری (بزداغ)ەوە لە گاردی ڕیزی پێشەوەی ئێمەدا دزەیان کرد. لەم پەلاماردانەدا بە پێچەوانەی نەریتی ئاسایی شەڕی کوردەکانەوە بە شێوەیەکی بێپێشینە سوودیان لە چەکی گەرم وەرنەگرت ، بەڵکو بە شمشێر و خەنجەرەوە هەڵیان کوتایە سەرمان وهێرشیان

بۆ هێنـاین، ئـەم جـۆرە پەلاماردانـە لـە نێـو عەشـایردا بێپێشـینە بـوو، بەشێوەیەکی بەردەوام پاشـە کشێیان پێدەکرا و ڕاودەنـران. هـەرچۆنێك بـێ، هەردوو لا لەم شەڕە ڕووبەڕوو ودەستەو یەخەیەدا زیانێکی قورسیان لێکەوت. ئەوان دەیانویست لە دەرەیەکەوە ئەم هێرشە دەست پێبکەن کە مەودای 5 میل نێوانی ئەوان‌و بریگادی تەوریزی لێکجودا دەکردەوە. بەڵام ئەم ئوسکادرانەی کـە مـن فـەرماندەیم دەکـرد و زۆربـەیان پیـادە بـوون، لـەم کـەلێن و پەناوپەسێوانەدا سەنگەریان لێگرتبـوون، و ئـەوانیان دایـە بـەر دەسـتڕێژی ئاگری تفەنگ و کوردەکانیان ناچار بە پاشە کشێ کرد. لەم شەڕەدا تۆپخانەی کوردەکان لەلایەن تۆپچیانی تورکەوە ئیدارە دەکرا و بەچاکی کارەکەی ئەنجام ئـەدا بـەڵام خۆشـبەختانە زۆربـەی گوللـەکانی نەدەتەقییـەوە و بـەمجۆرەش زیـانێکی ئـەوتۆی نەدەگەیاند. لە کاتژمێر پێنجی پـاش نیـوەڕۆدا کوردەکـان کەوتنە پاشەکشێ‌کردن، لە ڕێگەی دووربینەکانی خۆمانەوە تۆپخانەی ئـەوانم دەدی کە لەسەر پشتی بارگیر باردەکران وپاشـان بـە شـێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پەرت و بڵاو بوونەوەو لە قوڵایی دەربەندودەرەکاندا دیارنـەمان. سوارە نیزام، کەوتنـە تـاقیب کردنـی ئـەوان و لـەکاتی ئـەم تـاقیب کردنـەدا سـێ تۆپـی چیایی ئەوان کەوتە دەست هێزەکانی ئێمەوەو، تۆپچییەکانیشی بەدیل گیران، کە دواتر درانەوە بە دەوڵەتی تورکیا.

لە کاتژمێر 6ی پاش نیوەڕۆدا، پیادە نیزامی ئێمە چوونە نێو شاهپورەوە کە دانیشتوانەکەی لە چەند هەزار کەسەوە ببوە چەند سەد کەسێك. لـە دەمـەو خۆرئـاوا بـوون وتـاریکی سـەر لـە ئێـوارەدا ، هـێزە دەهـەزار کەسـییەکەی کوردەکان هاتبووە سەر هەزار کەسی شوکاك کە لەژێر چاودێری خودی سمکۆ دا بوون، تەواوی هاوپەیمانەکانی پشتیان تێکردو گەڕانەوە سەر زەوی‌و زاری خۆیـان وداوای لێبوردنیـان لـە دەوڵـەت دەکرد بە بەهانەی ئەوەی کە سمکـۆ ئەوانی لە خشتە بردووە.

سمکۆ لە پاش هەڵهاتن بۆ نێو خاکی تورکیا، هەوڵیدا سەر لە نوێ بێتە خاکی ئێرانەوە، بەڵام لە شەڕێکی کورتدا تێکشکا و بە ناچار کشایەوە بەرەو تورکیا. کە لە وێدا چەك کرا و لە سنوورەکانی ئێران دوورخرایەوە. قەڵا و کۆشکەکەشی لە (چهریق)دا لەلایەن هێزی نیزامییەوە وێران کرا. لە ساڵی 1924 دا، سمکۆ لەلایەن دەوڵەتەوە بەخشرا لە ساڵی 1925یشدا لەلایەن ڕەزاشاوە پێشوازی لێکرا و سوێندی وەفاداری خوارد.

وێڕای هەموو ئەوانەش لە ساڵی 1926داو بێ هیچ بەهانەو هۆیەك خۆی لەگەڵ بەگزادەی هەرکی و مەرگەوەڕوتەر گەوەردا یەکخست و هێرشی کردە سەر دەشتی سەلماس، ویستی دەست بەسەر شاهپوردا بگرێ، بەڵام بەرپەرچی هێرشەکەی درایەوە. لەم کاتەدا هیچ هێزێك لە تارانەوە ڕەوانە نەکرا، بەڵام ڕەزا شا (ژەنڕاڵ شەیبانی) ناردە ئازەربایجان، تا سەرپەرشتی عەمەلیاتەکە بکات. شەیبانی چەند ئەفسەرێکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو کەیەکێ لەوانە (ئیبراهیم ئەرفەع)ی برام بوو. سمکۆ گەمارۆی شاهپوری دا بەڵام هێزەکانی سوپای ئێران کە لە ورمێ، خوی، شەرەفخانەدا جێگیر بوون، بەتوندی لە باشوورەوە پەلاماری کوردەکانیان دا. هێزەکانی پادگانی شاهپوریش لە شاروە دەرکەوتن و بەهانای ئەوانەوەهاتن. لەم شەڕەدا کوردەکان زیانێکی قورسیان لێکەوت و بەرەو دوا کشانەوە و هەڵهاتن، سوارە نیزام و فڕۆکەش تا نزیکی سەر سنوور شوێن ئەوان کەوتن و ڕاونران.

لەم شەڕەدا بنەرمەی سوپای تورکیاش، هاوکاری ئێمەیان کردو هەر لەگەڵ گەشتنی سمکۆ و هەڤاڵەکانیدا بۆ ئەو دیووی سنوور ئەوانیان گەمارۆ داو، لە پاش پێکدادانێکی کورت، بە ناچاری خۆیان دا بەدەستەوە، دەوڵەتی تورکیا لە پاش چەك کردنیان ئەوانی بۆ ناوخۆی تورکیا گواستەوە، سمکۆ چەند ساڵێکی ژیانی لە دوورخراوەییدا بەسەر برد و چەند ساڵێك بەدوای

ئەوەشدا ، لە پێکدادانێکی کورتدا لە نزیک شاری شنۆدا کوژرا.[62]

ئەو کاتەی ئێمە دووبارە دەستمان بەسەر شاری ورمێدا گرتەوە، گشت خەڵکی ورمێ لە شار هاتنە دەرو بە پێشوازیمانەوە هاتن. بەڵام تەنها چوار یا پێنج هەزارکەس لەدانیشتوانی بیست وپێنج هەزار کەسی ورمێ لە شاردا مابوونەوە، ئەم کەسانەش وەك داهۆڵی گەڕۆك دەهاتنە بەرچاو کە لە پەڕۆکۆنەوە پێچرابێتن، ئەوان بە شێوەیەکی درندانە کەوتنە بەر تالان وپەلاماردانی ئاسورییەکانەوە و نزیك بە سەد هەزار کەسیان لە تورکانی ئازەربایجانی کوشت. پاشان لەلایەن کوردەکانەوە تالان کران ودانیشتوانی نزیك بەسێ سەد گوند ڕەویان کردبوو، گوندەکانیشیان وێران کرابوو.

چەندین ساڵی خایاند تا دووبارە لەم ناوچانە دا خەڵکی نیشتەجێ بوونەوە و دەستیان بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ ی درەخت چاندن کردەوە، بەو شێوەیەی کە ئێستا ئێمە ئەو ئاوەدانییە لە دەوروبەری ورمێدا دەبینین.

ڕەنگە یاخیبوونی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ بە هەوەڵین هەوڵ و کۆشش دابنرێ کە کوردەکانی ئێران لە پێناو بە دەستهێنانی سەربەخۆیدا بەرپایان کردبێ. بەڵام ناکرێ بزاوت و ڕەفتاری سمکۆ بخرێتە خانەی جوڵانەوەیەکی ڕاستەقینەوە و لە چەمکێکی نوێدا دا بنرێ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کە گونجاوی هەلومەرج و بارودۆخی ئێستای دنیا بێت. بەڵکو ناوبراو لە بنەڕەتدا خولیا و تینووی تالان و کوشتاری خەڵکی بوو، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی ئەم بەڵایە بەسەر خودی کوردەکاندا بێنێت، پەلاماری ئەو ناوچانەی ئەدا لە (سەلماس) و (ورمێ) و (خوی)دا، کە کورد نەبوون، لە ئاکامی ئەم پەلامارو هێرشانەدا، دانیشتوانی ئەم ناوچانە بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو ڕووی لە کەمی کرد.

---

[62] سمکۆ لە 1930/7/20دا، بە پیلانی دەوڵەتی ئێران کوژرا. (و)

2-یاخیبوونی کوردەکان لە ئوستانی کوردستاندا.

ڕووداوە گرنگەکانی سالّی 1926، کە لە باشووری ئوستانی کوردستاندا ڕوویاندا، چ پەیوەندییەکیان بە جموجولّەکانی سمکۆوە نی‌یە. لەبەر ئەوەی کە بزربوونی ئەو کەسایەتییە ناسراوەی کە سەر هەوالّی سالّانی پێش جەنگی یەکەم بوو لە ئێراندا، لە یادی خەلّکیدا فەرامۆش کرابوو، سەرلە نوێ هاتەوە نێو مەیدانی ڕووداوەکانەوە، ئەم پیاوە (سالار ئەلدەولە) [63] ی قاجارە کە لەسەرەتادا لە دژی محەمەد عەلی شا ڕاپەڕی وپاشان لە سالّی 1911شدا لە دژی ئەحمەدشای قاجار شۆڕشی بەرپاکرد. هاوپەیمانەکانی، سەرانی هۆزە کوردەکان بوو کە ناوبراو لە ڕێگای فرە ژنخوازییە وە لەگەلّ ئەواندا پەیوەندی بەستبوو. کاتێك پیلانەکانی ڕووبەڕووی شکست بۆوە، ناوبراو ڕەو هەندەران هەلّهات و لە پاش چەند سالّێك هاتەوە عێراق و، بڕیاریدا لەگەلّ چەند هەڤالّێکدا بێتە نێو خاکی ئێرانەوە. ئەم جموجولّەی لە لایەن ئەفسەرێکی ئینگلیزی چاودێری سنوورەوە دەبینرێ، بەلّام لەبەر ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی ناوبراوی پێنابێ، تەنها هەوالّەکە بە بەغدا دەگەیەنێت. سەر فەرماندەیی هێزی ئینگلیزیش لە بەغدا، دەولّەتی ئێرانی لەم جموجولّە ئاگادارکردەوە. دواکەوتنی ئەم ئاگادار کردنەوەیە هەلی بۆ (سالار ئەلدەولە) ڕەخساند تا لەگەلّ سەرانی کوردا بکەوێتە گفتوگۆوە و زەمینەی یاخیبوون ئامادە بکات.

پیاوی سەرکەشی ئەو دەمی ئەم دەڤەرە، عەباس خانی سەردار ڕەشید بوو کە گەلێك جار شۆڕشی لە دژی حکومەتە ناوچەییەکان هەلّدەگیرسان و یاخی

[63] -سالار ئەلدەولە: (1881-1959) سێهەم کوڕی موزە فەرەدین شای قاجار بوو، لە 1905 دا کرایە والی کوردستان. چەندین جار بە پشتیوانی عەشیرەتە کوردەکان لە دژی دەولّەتی مەرکەزی شۆڕشی بەرپاکرد و یاخی بوو، لە شاری ئەسکەندەریەی میسردا مرد. (و)

دەبوو، عەباس خان پاش بەسەر بردنی ماوەیەك لە دوور خراوەییدا، لەلایەن ڕەزا شاوە بەخشرابوو، ئەوکات لە نێو زەوی‌و زارەکانی خۆیدا لە (ڕەوانسەر)دا ژیانی بەسەر دەبرد ، لەم کاتەدا زەمینەی بۆ یاخیبوونێکی نوێ ڕێکخستبوو ، هەموو کوردی بانگهێشت کردبوو بۆ یەکبوون و خەبات کردن لە دژی دەوڵەت و پشتیوانی کردن لە (سالار ئەلدەولە). دەستەیەکی سوارە نیزامی ئێرانی لە نزیکی ڕەوانسەر دا لە لایەن کوردەکانەوە هێرشی کرایە سەرو زیانێکی قورسی لێکەوت، هۆزەکانی نیشتەجێی بانە، سەقز، سەردەشت، گوریك، سوسنی، پشدەری، ملکاری یاخیبوون‌و کەوتنە پەلاماردانی بنکە دەوڵەتییەکان ومەخفەرەکانی ژاندارمری. شاری سەردەشت لە لایەن یاخیبوانەوە کۆنترۆڵ کراوبینا دەوڵەتییەکان ئاگریان تێبەردرا. لە ناوچەکانی باشوریشدا هۆزەکانی مەریوان و هەورامان بەسەرکردایەتی (مەحموود خانی‌کانی سانانی) و(مەحموود خانی دزلی) و(جەعفەرسانی هەورامی) یاخی بوون و چوونە پاڵ هێزی (سالار ئەلدەولە)وە، تەنانەت (شێخ مەحموودی حەفید)یش کە لەم کاتەدا بە هۆی جەنگ و دژایەتی کردنی ئینگلیزەکانەوە پەنای هێنابووە بەرئێران ولە مەریواندا بوو، پشتگیری مەعنەوی خۆی بۆ (سالار ئەلدەولە) ڕاگەیاند. شێخ مەحموود لە بنەماڵەی سادات و شێخەکانی بەرزنجەیە کەلە شەجەرەی نەسەبدا دەگاتەوە بە ئیمام موسای کازم. شێخ مەحموود نە تەنها ڕابەرێکی ئایینی بەڵکو فیودالیکی گەورە و خاوەن زەوی‌و زارێکی فراوان بوو، خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەش بوو لە شاری سلێمانیدا کە زۆربەی زەوی‌و زارەکانی ئەو ناوچەیە موڵکی خۆی بوو، تەنانەت لە کوردستانی ئێرانیشدا خاوەنی موڵك و زەوی وزار بوو.

هۆزە یاخی بووەکان بەرەو سنە (مەرکەزی ئوستانی کوردستان) پێشڕەوییان کرد، کە لە هەردوو لای باکورو باشورەوە ڕێگای هاتوچۆی نێوان ئەو شارەیان لەگەڵ سەقزو کرماشاندا کۆنترۆڵ کرد، بەڵام ڕێگای هاتوو چۆی

نێوان سنەو هەمەدان کۆنترۆڵ نەکرابوو(ئەو ڕێگایەی کە لەم دواییەدا بۆ هاتوچۆ کردنی ئۆتۆمۆبێل بەکارهێنرا)، لە ماوەی 48 کاتژمێردا (فەوجی پیادەی نادری) لەم ڕێگایەوە چوونە ناو شارەوە و بەدوای ئەوانیشدا دوو بەتالیۆنی سوارە نیزام ڕەوانەکران. لە سێپەتەمبەری 1926دا، هێزەکانی تەورێزیش بەرەو کوردستان حەرەکەتیان کردو سەرلە نوێ دەستیان گرتەوە بەسەر بانە و سەردەشتدا. لە ناوچەی جوانڕۆو ڕەوانسەردا (سەردار ڕەشید) لەلایەن هێزی کرماشان و سنەوە هێرشی کرایە سەر و سەرەنجام لەگەڵ (سالار ئەلدەولە) دا بەرەو عێراق هەڵاتن. سەرانی گشت عەشیرەتەکانی دیکەش خۆیان دا بەدەست هێزەکانی دەوڵەتەوەو داوای لێبووردنیان کرد و دووبارە ئارامی و ئاسایش گەڕایەوە بۆ ئەم ناوچانە، بەڵام ڕەزاشا بڕیاری دا بۆ یەکجارەکی کوردە یاخیبووەکانی سەرسنوور بگێڕێتەوە بۆ ژێر ڕکێفی دەوڵەت. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانی چەك داماڵینی گشتی داو دەستیکرد بە دامەزراندنی فەرمانگەو ئیداراتی دەوڵەتی لەو ناوچانەدا. ئەو هێزانەی لە تارانەوە ڕەوانەکرابوون لە هەمەداندا جێگیر بوون، تا خۆیان بۆ عەمەلیاتی وەرزی بەهار ئامادەبکەن. هەر لەم کاتەدا بریگاردێکیش لە سنەدا جێگیر بوو.

ژەنراڵ (عەبدوڵلاخان ئەمیر تەهماسپ)ی وەزیری جەنگی پێشوو بە مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ سەرانی کوردا لە تارانەوە ڕەوانەکرا، تا ئەوان ناچار بە خۆبەدەستەوەدان و لایەنگری کردن لە دەوڵەت بکات. ناوبراو توانی سەرکەوتووانە چەندین خێڵ وعەشیرەت لە دژی هەندێك لە سەرۆکە یاخیبووەکانی کورد یەکبخات. ئەوانەش کە تەسلیم بە دەوڵەت بوونەوە بریتی بوون لە جەعفەر سانی هەورامی و مەحموودخانی دزلی و ژمارەیەك لە هۆزەکانی دەوروبەری بانە. بەڵام مەحمود خانی کانی سانانی (کە پەنای بردبووەبەر شێخ مەحمود)، لەگەڵ کوردەکانی ڕازاو دا لە هەوراماندا لە حاڵی سەربزێوی و یاخیگەریدا مانەوە.

لەحوزەیرانی 1927دا، هێزەكانی تاران لە هەمەدانەوە بەرەو سنەو لەوێشەوە بەرەو مەریوان حەرەكەتیان كرد . لەم كاتەدا مەحموود خانی دزلی لەبەری ڕۆژئاواوەو محەمەد ئەمینی لهۆنی كوڕی جەعفەر سانیش لەبەری باشوورەوە هێرشیان كردە سەر عەشیرەتە یاخیبووەكان. هێندەی نەبرد محەمەد ئەمینی لهۆنی دەستی لە هێرش وپەلاماردان هەڵگرت و بەبێ لایەنی بەرەو نەوسود گەڕایەوە، نزیكەی 2500نەفەر لە هێزەكانی دەوڵەت لە كەژوكێوە بەرزەكانەوە پێشڕەوییان كردو لە پاش ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەندەك بەرهەڵستی لاوازوبێبایەخدا سەرەنجام دەستیان گرت بەسەر مەریواندا. شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ عێراق ومەحموود خانی كانیسانانیش دەستگیر كراو بەدیلی برایە تاران. جگە لە پێكدادانێكی كورت كە لە نزیكی (ڕازاو) دا ڕوویداو منیشی تیادا بەشدار بووم، پێشڕەوی ئێمە بە بێ بەرەنگاری و جەنگ و خوێنڕێژی بەڕێوەبرا.

ئەم شەڕانە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو شەڕانەی كە لەدژی سمكۆ و كوردەكانی ئازەربایجان دا ئەنجام درا، شایەنی بەراوردكردن نەبوو. لەبەر ئەوەی كوردەكانی ئەم مەڵبەندە لە پێناو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی كوردا نەدەجەنگان. بەڵكو ئامانجی ئەوان پاراستنی دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆیان بوو. بەهەرحاڵ، لە كۆتایی ئەم شەڕانە دا یاخیبووەكان جگە لەوانەی كە لەگەڵ ئێمەدا هاوكارییان كردبوو، هەموویان چەك كران. بەڵام مەحموود خانی دزلی ئامادە نەبوو چەكەكانی تەسلیم بە دەوڵەت بكاتەوە، تا لە دیسەمبەری 1930دا، لە پاش هێرشێكی لەناكاو كە لە نیوە شەودا لە لایەن تیپی سنەوە ئەنجام درا، ناوبراو. تێكشكاو بەرەو عێراق هەڵات. جەعفەر سان كە زیاتر خۆڕاگری و بەرهەڵستی كرد، لە پاش جەنگێكی سەخت لە ملەی (شمشێر)دا لەلایەن هێزی ڕەوانە كراوی كرماشانەوە بە فەرماندەیی كۆلۆنێل ڕەزم ئارا (كە پاشان بووە سەرۆك وەزیرو سەرەنجام تیرۆركرا) ڕووبەڕووی شكست بۆوە.

بەرەو عێراق هەڵات.

لە پاش ئەم ڕووداوانە تەنها جەنگی سەختی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کوردەکاندا، لە ناوچەی ماکۆدا لە دژی هۆزەکانی جەلالی، ڕوویدا. لەم عەمەلیاتەدا یەکەکانی سوپای تورکیاش هاوکارییان کردین لە 1930-1931دا.

3- یاخیبوونی محەمەد ڕەشیدخان

(یەکەمین یاخیبوونی کوردەکانی ئێران لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا).

داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی سۆڤیەت و بەریتانیاوە بووە، هۆی لە شیرازە چوونی ئۆرگانیزمی سەربازی سوپای ئێران ولاوازی دەوڵەتی مەرکەزی لە کۆنتڕۆڵ کردنی ئەم ناوچە داگیرکراوانەدا. سەربازانی سوپاش بەهۆی ئەو فەرمانە هەڵەیەوە کە (ژەنراڵ ئەحمەد نەخجەوان) ڕایگەیاند بوو، بە توندی ڕوحییەی خۆیان لەدەستدا، هەرچەند لە ماوەیەکی کورتدا ئەم فەرمانە چاکسازی کرا، بەڵام ئیدی گەلەك درەنگ بوو. کاتی ئەوە بەسەر چووبوو کە بتوانێت ئەوان بگێڕێتەوە بۆ خزمەتکردن، بە تایبەتی لە ناوچەیەکی خێڵەکی وەك کوردستاندا.

کوردی ناوچە سنورییەکان بە یارمەتی ئەو کوردانەی کە لە عێراقەوە هاتبوون، پەلاماری سەربازخانەو بنکەکانی ژاندار مرییاندا وچەکیان کردن، بەمجۆرە چەکێکی زۆر کەوتە دەست عەشیرەتەکانەوە. سەربازخانەی (خوبانی) لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە داگیرکراو سەربازەکانیشی بەدیل گیران وئەفسەرەکانیشی ڕەوانەی باکورکران. ئەوان شاری (سنە)شیان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك داگیرکرد، بەڵام بەهۆی ڕێکەوتننامەی (سۆڤیەت - بەریتانیا)وە سەبارەت بەدابەشکردنی ناوچە داگیرکراوەکان، لەوێدا پاشەکشێیان کرد و هێزەکانی ئینگلیز کە لە تیپێکی (مۆتۆڕیزەی هندی)

پێکهاتبوون شاری سنەیان داگیرکرد.

هەر لەگەڵ چوونە دەری سوپای سۆڤیەت لە بانەدا،(محەمەد رەشید خان)، یەکێك لەسەرانی کوردی بانە، کە لەمزەوی و زارەکانی خۆیدا لە (وێنەو دارۆخان)دا لە نێو سنووری عێراقدا ژیانی بەسەردەبرد، لەگەڵ چوارسەد چەکداری سوارەدا هاتە نێو خاکی ئێرانەوە. لە پاش دوو رۆژ شەڕکردن لەگەڵ ژمارەیەك لەسەربازانی ئێراندا کە ئەرکی پاراستنی سەربازخانەی بانەیان لەئەستۆدابوو، دەست بەسەر بانەداگیرا. لەم کاتەدا هۆزەکانی مەریوان، کە لە لەلایەن کوردی عێراقەوە لە ناوچەی پێنجوێن دا پشتیوانییان لێدەکرا. لەسنووری (باشماخ)ەوە هێرشیان کردو ئەو ناوچەیەیان داگیر کرد. سەربازخانەی مەریوان وسنەش کە بە هۆی هێرشی روس و ئینگلیزەکانەوە لەبەریەك هەڵوەشابۆوە، بووە هۆی ئەوەی کوردەکان بەبێ بەرەنگار بوونەوە بچنە ناو مەریوانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سنە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئینگلیزدا بوو، نەیانتوانی بەرەو ئەوێ دزەبکەن، لەم کاتەدا ژەنراڵ (مەحموود ئەمین) کرا بە فەرماندەی نیزامی سنە، کە پیاوێکی چاپوك‌و چالاك بوو. فەرماندەی گشتی هێزەکانی رۆژئاوا (ژەنراڵ مقدم)، هێزێکی لە ژێر فەرماندەیی کۆلۆنێل (ئیبراهیم ئەرفەع) ی برامدا بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنەوەی دووبارەی بانەو سەقزدا رەوانە کرد، کەئەم هێزە لەسێ گوردانی پیادە و 6 زرێپۆش پێکهاتبوو. لەپاش داگیرکردنی سەقز بەرەوبانە کەوتەڕێ، بەڵام لە نێوانی رێگادا لەلایەن دووهەزار چەکداری هێزی عەشایرەوە بەسەرکردایەتی محەمەد رەشید خان گەمارۆدران. بەهۆی ناهەمواری رێگاو روخانی پردی تەختەی نێوان رێگاوە 5 زرێپۆش لەدەست دران‌و، هێزەکە ناچار بە پاشەکشێ‌و گەڕانەوە بۆ سەقزکرا. بەشێك لە هێزی پیادە نیزامیش بە دیلی کەوتە دەست کوردەکانەوە. بەڵام براکەی من‌و ژمارەیەك لە هێزەکە لە پاش چەند رۆژ پیادەڕەوی توانیان خۆیان بگەیەننە

ناوچەی (ئێرانشا)، پاشان خۆیان گەیاندە دیواندەرە. لە وێشدا لەلایەن هەزار چەکداری هێزی محەمەد رەشیدەوە گەمارۆدران. کە عەشایری ئەردەڵان و وەکیلی سەقزو رەسوڵ ئاغا و عەلی ئاغا وجوانمەردی گوریك وسلێمان جاف، چووبوونە ڕیزی ئەوانەوە . لە کاتێکدا براکەی من تەنها 170 سەربازی لەگەڵدا بوو، وێرای ئەوەش توانی پاشە کشێ بە کوردەکان بکات، لەم پێکدادانەدا دووکەس لەسەرکردەکانی کورد کوژران و رەسوڵ ئاغاش بریندار کرا، عەشایر بە بینینی ئەم بەسەر هاتە هێزوتینی خۆیان لەدەستداو بەرە وسەقز کشانەوە، بەڵام لەڕێی گەڕانەوەدا لەلایەن عەشیرەتی تیلەکۆوە بەسەرکردایەتی (عەلیخان حەبیبی) کە بە هانای هێزەکانی دەوڵەتەوە هاتبوو، بەتەواوی پەرتەوازە بوون و تەفروتوناکران.

لەپاش ئەم ڕووداوانە براکەم چووە کرماشان و کرابە سەرتیپی 12ی سوپا و بەمەبەستی دامرکاندنەوەی یاخیبوونی عەشایری (لوڕ) بەرەو ئەو ناوچەیە حەرەکەتی کرد و (سەروان ئەمین) کرا بە فەرماندەی هێزەکانی کوردستان. لەبەرئەوەی کوردەکانی ژێر فەرماندەیی محەمەد رەزا مەریوانیو مەحموود خانی کانیسانانی ، محەمەد رەشیدی ئالمانە، محەمەد عەلی مورادی گەڵباخی. عەلی وەلی جاری فەرەج کرمانی، ئەجلالی گمبساری، مەحموود لهۆنی بەرەو سنە پێشڕەوییان کرد.

ژەنراڵ ئەمین کە تازە گەشتبووە سنە بە مەبەستی وتووێژکردن لە گەڵ ئەواندا حەرەکەتی کرد. ناوبراو لەلایەن کوردەکانەوە دەستبەسەر کرا، بەڵام لە پاش چەند کاتژمێرێك ئازاد کرا. ئەم ئازادکردنە لەسەر خواستی ئەفسەرانی ئینگلیزی نیشتەجێی سنەدا ئەنجام درا ، هەر لەم کاتەدا کوردەکان داوای سەربەخۆیی کوردیسان کردو لەپاش دە ڕۆژ ، لەلایەن بەرپرسانی ئینگلیزی نیشتەجێی سنەوە وەڵامیان پێدرایەوە کە پێویستە لەم بارەوە لەگەڵ سەرفەرماندەیی باڵای نیشتەجێی بەغدادا گفتوگۆ بکرێت.

جێگیر کردنی هێزی ئێران لە سنەدا بووە هۆی ڕێگرتن لە هێرشی کوردەکان بۆ ئەو شارە و لەپاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك، هێزی عەشیرەتەکان کە لە کاری خۆیاندا پشوودرێژ نەبوون وبەڵگەیەکی یاسایشیان بۆ کارەکانی خۆیان پێ نەبوو، دەوروبەری شاریان بەجێهێشت ودیارنەمان. لە مانگی نۆڤەمبەردا ژەنراڵ ئەمین هێزەکانی خۆی بەمەبەستی جەنگی دژ بە عەشایر بەرەو دیواندەرە حەرەکەت پێکرد. لە پاش شەڕێك کە لە گوندی (زاغە)دا ڕوویدا، مەحمەد ڕەشید پاشەکشێی پێکراو ئەویان لە دیواندەرە دا دەرپەڕاندو ڕوەوسەقز پێشڕەوییان کرد. ئەم شارەش لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا گیرا ، بەڵام ژمارەیەك کورد کە پێشتر خۆیان لە نێو خانووەکاندا حەشار دابوو دەستیان کرد بە تەقە و دەستڕێژکردن لە هێزی سوپاو لە دەرەوەی شاریشەوە هێزەکەی محەمەد ڕەشید خان سەربازەکانی دایە بەر هێرش و پەلاماردان. لە ئاکامی ئەم پەلامارەدا خودی ژەنراڵ ئەمین و ژمارەیەکی زۆر لەسەربازانی سوپا کوژران. (عەلی خان حەبیبی)ش کە لەگەڵ ژمارەیەك لە دەستوپێوەندی خۆیدا بەهانای هێزەکانی دەوڵەتەوە هاتبوو، دیسان لەم شەڕەدا کوژرا.

لەپاش کوژرانی ژەنراڵ ئەمین، کۆلۆنێل (ئیبراهیم ئەرفەع) لە شوێنی ئەو، ئەرکی فەرماندەیی سوپای لە کوردستاندا لە ئەستۆ گرت. ئەو سەر لە نوێ ڕیزەکانی سوپای ڕێکخستەوەو دووبارە لە سنەوە ڕوەو سەقز حەرەکەتی کرد. لە دیواندەرە دا، محەمەد خان حەبیبی وپیاوانی عەشیرەتی تیلەکۆیی کە دەیانویست تۆڵەی سەرۆکی خۆیان بسێننەوە هاتنە ڕیزی هێزەکەی ئەوەوە . کوردەکانی مەریوانیش کە هەوڵەکانیان بەمەبەستی داگیرکردنی سنە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بێ ئاکام مابۆوە، چیتر باسی سەربەخۆیی کوردیان نەکردو تەنانەت ئامادەش بوون لەگەڵ براکەمدا هاریکاری بکەن وبۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرێکیان ناردبوو.

لەم کاتەدا فەرمان بە منیش درا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە هەلو مەرج و بارودۆخی ئەو ناوچەیە لە تارانەوە بەرەو سنە حەرەکەت بکەم، لەپاش گەشتنم بە سنە، لەتەك ئەو نوێنەرەدا بەرەو سەقز جولاین. لە نێوان، ڕێگادا ناوبراو باسی ئەمەکداری خۆی دەکرد سەبارەت بەشا و ئێران وایدەردەخست کە یاخیبوون و جموجۆڵەکانیان بە هاندانی بێگانە بووە و ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەوان ئامادەن لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا هاریکاری بکەن و لەشەڕی دژ بە مەحمەد ڕەشید خان دا بەشدار بن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دەکرد بڕێك چەك وکەرەسەی شەڕیان پێبدرێ. لێرەدا کە دەمزانی بە خۆیان بڕێکی زۆر چەکیان پێیە، پێموابوو کە مومکینە ئەم باس و خواسە بە مەبەستی کات بەسەر بردن بێت، تا ببینن سەرەنجام کام لایان سەردەکەون و بچنە پاڵ ئەو لایەوە، بەڵام لەم بارەوە هیچم نەگووت و ستایشی هەستی شاویستانە و نیشتمان پەروەرانەی ئەوم کرد و دڵنیاشم کردەوە کە خزمەتەکانی ئەو لەلای دەوڵەت فەرامۆش ناکرێ و بە بایەخەوە گرنگی پێدەدرێ. لەکاتی هێرشی هێزی دەوڵەتدا بۆ سەر گوندی (سونەتە)، گەشتینە ئەو شوێنە و ئەمنیش لەم شەڕەدا بە شداریم کرد و هێندەی نەبرد هێزەکەی محەمەد ڕەشید (حەمە ڕەشید خان) بەسەختی تێکشکا و کوردەکانی تیلەکۆیی ڕژانە نێو ئاوایییەوە و دەستیان کرد بە تاڵان و بڕۆی دوژمنەکانی خۆیان. لەم ڕووداوەدا لە جلوبەرگ و سەروکلاوی ژنانەوە بگرە تا سەماوەرو قۆری هەمووی بە تاڵان برا، من گەلەك هەوڵمدا ڕێ لەم کارانە بگرم، بەڵام مەخابن نەمتوانی، ئەوان وایان لەمن گەیاند کە ئەم ڕووداوانە بە شێکە لە ڕەفتارو نەریتی باوی عەشایر لە کاتی شەڕکردنیان لەگەڵ یەکدیدا.

لە مایسی 1942 دا، کۆلۆنێل ئەرفەع بەدوو هەزار سەرباز و چوارده تانك و ژمارەیەك لە عەشیرەتی تیلەکۆوە، ڕوەو سەقز حەرکەتی کرد. لەم هێرشەدا هێزەکەی محەمەد ڕەشیدی تێکشکان و بەرەو بانە پێشڕەوی کرد. لەوێدا لە

لایەن فەرماندەی لەشكری نوێوە (ژەنراڵ شابەختی)ەوە، فەرمان بە كۆلۆنێل ئەرفەع درا كە پێشڕەوی ڕابگرێ و بەمەبەستی ڕێكەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشیدا بكەوێتە وتووێژكردن.

(میجەر فلتچر)ی ئینگلیزیش لە كرماشانەوە گەشتە سەقز تا لەم وتووێژانە دا وەك چاودێر بەشدار بێت، لە پاش كۆتایی هاتنی وتووێژەكان، محەمەد ڕەشید كرا بە فەرمانداری بانە و ڕێگەیان پێدا بە چەكداری بمێنێتەوە و پۆلیس و سوپای ئێرانیش لە بانە و سەردەشت دا بچنە دەر.

لە پاش ماوەیەك كۆلۆنێل ئەرفەع بۆ پلەی ژەنراڵی بەرزكرایەوەو كرا بەفەرماندەی لەشكری دووەمی تاران و ژەنراڵ (هۆشمەندی ئەفشار) لە شوێنی ئەو بووە فەرماندەی لەشكری كوردستان.

لە هاوینی 1942دا، دووبارە بانە كەوتەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەكانی دەوڵەت و تا ئێستاكەش لەژێر سایەی هێزەكانی دەوڵەتدایە.

4-كۆماری مەهاباد 1945-1946

پاش داگیركردنی باكوری ئێران لەلایەن هێزەكانی سۆڤیەتەوە، دەستبەجێ كاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە ژمارەیەك سەرۆك هۆزی كوردو كەسایەتی بە نفوزیان بۆ سەردانی ئازەربایجانی سۆڤیەت داوەت كرد. ئەم میوانانە بە شەمەندەفەر برانە باكۆ لەلایەن باقرۆفی[64] سەرۆك وەزیری ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە پێشوازییان لێكرا. پاشان ئەوانیان بۆ دیتنی پاڵاوگەكانی نەوت و گشت سەنتەرەكانی پیشەسازی ئازەربایجانی سۆڤیەت برد. (هەرچەند دوای ڕوخانی كۆماری مەهاباد زۆر لەم كەسایەتیانە لە ترسی سزادان، نكۆڵییان لەم بەسەرهاتی گەشتەیان دەكرد). پاشان كاربەدەستانی سۆڤیەت

---

[64] -باقرۆف: سكرتێری یەكەمی حیزبی كۆمۆنیست و دیكتاتۆری ئازەربایجان بوو لەسەردەمی ستالیندا، لە پاش مەرگی ستالین گوللە باران كرا لە 1953دا. (و)

پێکهێنانی هەرێمێکی کوردنشینەوە لەگەڵ ئەواندا کەوتنە گفتوگۆ و بەڵێنی ئەوەیان پێدان کە بەهەموو هێزەوە پشتیوانییان لێبکەن. بەڵام دواتر بەهۆی ڕێکەوتننامەی روس و ئینگلیزەوە، سۆڤیەتەکان بەکردەوە بەرگرییان لە خەباتی کورد نەکرد، چونکە هەردوولایەن لەسەر ئەوە پێکهاتبوون دەست نەخەنە نێو کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە.

ئەم میوانانە زۆربەیان لەسەرۆك هۆز و فیودال و ئاغاکان بوون و لە تێڕوانینی ڕێبازو ئایدۆلۆژی سۆڤیەتەوە بە کەسانێکی جێی بڕواو بەمتمانە دانە دەنران. بەڵام ئەوان نەیاندەویست لەو ساتەوەختە دا خۆیان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو ناوچە پڕلە کێشەیەوە بگلێنن.

ئەم میوانانە بریتی بوون لە (قازی محەمەد) قازیو یاساناسی مەهاباد، حاجی بابە شێخ، عەبدوڵلا ئێلخانی زادەی بۆکان، رەشید وتەها هەرکی، موساخانی زرزا، حاجی قەرەنی ئاغا، کاکە هەمزەی مامەش، سەید محەمەد سادقی کوڕی سەید تەهای نەوەی شێخ عوبەیدوڵلا، پاش بەسەر بردنی دوو حەفتە لە ئازەربایجاندا گەڕانەوە مەهاباد. پێئەچێ سیاسەتی سۆڤیەت لەو کاتەدا سەبارەت بە کورد ڕەوشێکی ڕوون ودیاریکراوی نەبووبێ، چونکە چەند دیدو بۆچوونێکی جیاواز دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە کایەدا بوو، لە تێڕوانینی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی سۆڤیەتەوە، بەدیهێنانی دەوڵەتێکی کوردی کە لە کوردەکانی (عێراق- ئێران- تورکیا) پێکبهاتایەو پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا هەبوایە، دەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر دەوڵەتانی هاوسێی سۆڤیەت (ئێران- - تورکیا-عێراق) لاوازو بێهێز بکات کە لایەنگری ڕۆژئاوا بوون، بەمجۆرە ڕێگایەك بۆ نفوزی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاوەڵادەبوو، بەڵام لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە هێشتا بەدەر لە نفوزی روسەکاندا بوون، پێدەچوو خواستی سەربەخۆخوازیی هاوکۆکی سۆڤیەتیان نەبێ و تەنانەت بکەونە ژێر

کاریگەری نفوزی دەسەڵاتی ڕۆژئاواشەوە، چونکە ئەو کات بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەو مەڵبەندە کوردنشینانە لەدەست ژمارەیەك موڵکدار و سەرۆك هۆز و رابەری ئایینیدا بوو، کە بیرو بۆچوونی پارێزکارانە و تەنانەت کۆنە پەرستانەشیان هەبوو، لە نفوزی سۆڤیەت بەدگومان و لە برەودان بە بیروباوەڕی کۆمەنیستیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نیگەران بوون. هەروەها سۆڤیەتەکان ئاگاداری ڕکە بەری و دوژمنایەتی نێوان کوردەکان و تورکەکانی ئازەربایجان بوون، کە دەکرا ئازەرییەکان بە هۆی کولتوری هاوبەش و هاوزمانی و میللییەوە لەگەڵ تورکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتدا یەکبخرێن، ئەم دوژمنایەتییە هەر لەگەڵ هەرەسهێنانی دەسەڵاتی نیزامی ئێراندا، بەهۆی داگیرکردنی وڵاتەوە لەلایەن هێزی بێگانەوە، بە خێرایی لە ئازەربایجاندا سەریهەڵدا.

هۆزەکانی شوکاك و هەرکی، هەر لەگەڵ وەدەستهێنانی ئەم ئازادییەدا هێرشیان کردە سەر گوندە تورك نشینەکان و کەوتنە تاڵان و بڕۆو کوشتاری خەڵکەکەی، دیارترین ئەنجام دەرانی ئەم تاڵان و بڕۆیە بریتی بوون لە(زیرۆ بەهادری، رەشید و کامیل بەگی هەرکی، پیاوانی خێڵی مەرگەوەر، عومەر ئاغای مەمدەوی شوکاك، تاهیرو مەحموودی عەبدەوی شوکاك، نوری بەگی هەرکی، محەمەد حسێنی بەگزادە، ئەزمەحالی مەرگەوەر) کە بیرەوەری ڕۆژگاری ئیسماعیل ئاغایان لە هزردا زیندووکردەوە. کونسوڵی روسیاش لە ورمێدا ڕێی لە ئەنجامدانی ئەم کارەی ئەوان نەگرت.

لە شاری مەهابادیشدا کە لە ژێر دەسەڵاتی روسەکاندا بوو، بە هۆی ئامادەنەبونی سوپای ئێرانەوە، گشت کارمەندانی غەیرە کورد دەرپەڕێندران و کەسانی کورد لە چینەکانی ناڤین شوێنی ئەوانیان گرتەوە. بە ڕەزامەندی هێزی داگیرکەری سۆڤیەتیش (ئەمیر ئەسعەد) سەرۆك هۆزی دێبوکری بە فەرمانداری مەهاباد دانرا، ئەم دانانە تەواو سەرزارەکی بوو. لەبەر ئەوەی

سەرۆك هۆزەکانی مەنگوڕ، مامەش، پیران، گوریك، زرزاو، تەنانەت زۆر لە سەرۆك تیرەکانی دێبوکریش بەرامبەر بەم دانانە نەیارو ناڕازی بوون، لەبەر ئەوەی ئەو پیرو پەککەوتەو توانای بەڕێوەبردنی ئەم مەڵبەندەی نەبوو. بەمجۆرە بە هێوری دەسەلات کەوتە دەست ژمارەیەك لە کوردەکانی نیشتەجێی شاری مەهابادەوە. لە سێپتەمبەری 1942دا، ژمارەیەك لە رۆشنبیری خەڵکی مەهاباد ڕێکخراوی (کۆمەڵە) یان دامەزران، ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی پوخت تایبەت بەو مەڵبەندە بوو، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی وەك (خۆیبوون) و(هیوا) دا نەبوو. بەرنامە و ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردنشینی ئێران و پاشان دامەزراندنی کوردستانی گەورە بوو. بۆ ئەم مەبەستە ئەوان بڕیاریاندا کە لە سەرەتادا بە کۆمەکی ڕوسەکان ئەم ئامانجەی خۆیان بە ئاکام بگەیەنن و، قۆناغی دواتریش بە هەلومەرجی جیهانی و ڕەوتی ڕووداوەکان بسپێرن.

لە ساڵی 1943دا، دەوڵەتی ئێران سەروانێکی لەگەڵ یاریدە دەرێکی کوردا بەمەبەستی چاودێری کردنی کاروباری ئاسایشی مەهاباد، ڕەوانەی ئەو شارە کرد، (ژەنراڵ هۆشمەندی ئەفشار) فەرماندەی گشتی هێزی ڕۆژئاواش بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و هەلو مەرجی ئەو مەڵبەندە، گەشتە ئەوێندەر. لەم کاتەدا هێزی دەوڵەتی ئێران لە مەهاباددا، تەنها بریتی بوو لەیەك بنکەی شارەوانی بە 14 نەفەر پاسەوانەوە. لەبەر ئەوەی ڕوسەکان مۆڵەتی هاتنی سوپای ئێرانیان بۆ مەهاباد نە ئەدا. هەرچۆنێك بێ مۆڵەتیان دا بە ژەنراڵ هۆشمەندی ئەفشار کە چەند کاتژمێرێك لە مەهاباد دا بمێنێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ئاسایش هەر لەگەڵ چوونە نێو شارەوە ناچارکران کە ئەو شارە بەجێبێڵن.

لە مایسی 1943دا، ژمارەیەك لە خەڵکی مەهاباد هێرشیان کردە سەر

شارەوانی و لە پاش پێکهەڵپژانێکی کورت، شارەوانییان وێران کرد و ژمارەیەك پۆلیسیشیان کوشت و بەمجۆرە دوا نیشانەی دەسەڵاتی ئێران لە مەهاباددا کۆتایی هات.

بەر لەم ڕووداوانە لە ساڵی 1942دا، کاربەدەستانی سۆڤیەت مۆڵەتیان بە دەوڵەتی ئێران دا کە دووبارە هێزی ئاسایشی خۆی لە ئازەربایجاندا دابمەزرێنێتەوە. ئەم هێزە لە ژاندارمری، پۆلیس و سوپا پێکهاتبوو، هێزی سوپا لە سێ تیپی لەشکری سێهەم پێکدەهات کە لە تەورێزو ورمێو ئەردەبیل دا جێگیر بوو، هەر تیپێك لە یەك گوردانی پیادەو لە سێ گوردانی سوارە پێکدەهات و زۆربەشیان سەرباز وەزیفەی تازەکاربوون، گوردانی ورمێ خاوەنی دوو تۆپی چیایی و شەش زرێپۆش و چەند گروهانی ژاندارم بوو، یەکێ لە گوردانەکانی تەورێزیش لە میاندواو دا ڕووبەڕووی شاری مەهاباد جێگیر بوو.

لەوکاتەدا من وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران، ناچار بە بەڕێوە بردنی ئەم یەکە جیاوازانە بووم لە ناوچەیەکدا کە بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی ڕوسەکان و بەشێکیشی لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بوو. ئەم ئەرکەی من گەلەك حەساس و پێویستی بە پەیوەندی بەردەوام بوو لەگەڵ باڵوێزانی سەربازی ئەو دوو وڵاتەدا، پەیوەندی من لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بە هۆی ئەو دۆستایەتییە کۆنەی کە لەگەڵ ژەنراڵ ئەتاشەی ئەو وڵاتەدا (مێجەر ژەنراڵ فراستەر) وئەو پەیوەندییە ئاساییەی لەگەڵ باڵوێز (سێر ریدەر بولارد) و ئەندامانی ئەرکانی فەرماندەیی ئەواندا هەمبوو، داخوازییەکانی ئێمە بە لێکحاڵی بوونی بەرامبەر چارەسەر دەکرا. ئینگلیزەکان دەیانزانی کە جێگیر بوونیان لە ئێراندا کاتییە، ڕێی هەرجۆرە دەستێوەردانێکیان بە ئێمە ئەدا کە کارەکانمان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بەڕێوە بەرین. بەڵام لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕوسەکاندا هەلومەرج بە پێچەوانەوە بوو، لەبەر ئەوەی

یەکـەکانی سـوپا، تەنانـەت نـەیاندەتوانی بـیٚ مۆڵـەت پێدانـی ئـەوان لــە سەربازخانەکانی خۆیان بێنەدەرو، بە وردی چاودێری لـە کاروباری ناوخۆیی ئەوانیش دەکرا. کاتێك من داوام لێکردن مۆڵەت بدەن ستونێك لە سەربازانی سـوپا بـەرەو مـەهاباد بجولٚـێ، ئـەوان مۆڵـەتیان نـەداو سـەرپێچییان کـردو ڕایانگەیاند کە تـەنیا مۆڵەت بە حەرەکـەت کردنـی یـەك گوردانـی پیادە نـیزام ئەدەن بەبیٚ ئەوەی هەر جۆرە چەکێکی قورسی بەرگری لـە خۆکردنیان پێبـێ، منیش دەمزانی ئەم هەنگاوە بەمانای ناردنی ئەو سەربازانە و بە کوشتدان و چەکداماڵینیان دەبیٚ. ئەم کارە ئـەو بەڵایـە بـوو کـە لەسـاڵی 1921 دا بەسـەر (سەرگورد مەلـەك زادە)و سەربازەکانیدا هـاتبوو. ئاکامەکەی ئـەوە دەبـوو کـە روسـەکان بڵێـن سـەربازانی سـوپای ئـێران هێشـتا توانـای جـەنگیان لەگـەڵ کوردەکاندا نی‌یە و کوردەکانیش هان بدرێن کە هـەموو هێزو توانای خۆیـان بۆ داخوازی سەربەخۆیی بخەنە گەڕ. سەرەنجام، هەلومەرجی ڕێکەوتننامـەی ئاگر بەست، لەوێدا تەنها هێندە ئێمەی پا بەست دەکرد کە لەبارەی جموجۆڵی هێزەکانمانەوە ئاگادارییان بکەینەوە، بەبیٚ ئەوەی ئەم جموجۆڵە مـەرجدار بـیٚ بە ڕەزامەندی و مۆڵەتپێدانی ئەوانەوە.

ئەز فەرمانم بە هۆشمەندی ئەفشـار دا، کە هـێزێك لـە یـەك گوردانـی پیادە، یەك بەتالیۆنی سوارە و یەك بەشی تۆپخانەی چیایی و یەك یەکەی ئەندازیاری پێکهاتبیٚ، لەڕێگای بۆکانەوە ڕەوانە بکەن بۆ میاندواو، لەپاش گەشتنیان بە میاندواو، گوردانـی ئـەوێش بچێتـە پـاڵ ئـەو هـێزەو بەکۆمـەڵ بـەرەو مـەهاباد حەرەکـەت بکـەن. بـەڵام روسـەکان نارەزاییـان دەربڕی و گوتیان ئـەم جموجۆڵـە دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسـەنگی هێز لەو ناوچەیەدا. من لە وەڵامدا پێم وتـن: چـۆن دەشــیٚ هـێزێك، لەشـکرو ڕێکخســتنی سـوپای ئـێرانی پەکخســتبیٚ لەیەکەیەکی لاواز بترسیٚ کە لە سەقزەوە ڕەوانەی مەهاباد بکریٚ؟ بـەڵام ئـەوان هـەرواپێیان لەسـەر چـەتوونیو بزێوی خۆیـان داگـرت. بە ماوەیـەکی کـورت

بەدوای ئەم ڕووداوەدا، عەشایری (شاهسون) دەستیان کرد بەشەڕ و ڕێگرتن لە نفوزی کۆمۆنیستەکان لەو ناوچەیەدا، باڵوێزی روس (ماکسیمۆف) داوای لێکردم فەرمان بە هێزی سوپا بدەم لە ئەردەبیل دا، کە ئەوان لە چەك دامالْێ. منیش لە وەڵامدا پێم وتن: ماوەیەك لەمەوبەر ئێمە دەمانویست هەمان کار بەرامبەر بە عەشایری دەوروبەری مەهاباد بکەین بەڵام ئێوە ڕێگەتان پێنەداین. دیارە منیش لەلای خۆمەوە خوازیاری چەك داماڵینی پێکڕای کەسانی ناڕازیم لە ئازەربایجاندا. ئیدی باڵوێز هیچ وەڵامێکی بەم خواستە نەدایەوەو مەسەلەکەی بێدەنگ پێکرد.

هەر لەو هەلو مەرج و ڕۆژانە دا بوو کە قازی محەمەد و سەیفی قازی هاتنە تاران، ڕۆژێکیان (سەدری قازی) کە برای قازی محەمەد و نوێنەری مەجلیسی شورای میللیش بوو، بە تەلەفون داوای لێکردم پێشوازی لە ئەووبراکەی بکەم.

ئەوان هاتنە بارەگای ئەرکانی سوپاو گفتوگۆیەکی ڕاشکاوو دووروودرێژ لە نێوانمادا ئاڵوگۆڕ کرا . سەدر وسەیف تاڕادەیەك پارێزکارانەو بە نەرمی دەدوان، وایان دەردەبڕی کە ئومێدەوارن دەوڵەتی ئێران لە کۆتاییدا لە تایبەتمەندییەکانی ئەوان تێبگا و مافە نەتەوەییەکانی ئەوان بسەلمێنێ تا ئەوانیش لە پێناو پێشخستنی هەموو میللەتی ئێراندا لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هاوکاری بکەن. قازی محەمەد کە لە ئاخاوتندا ڕاشکاوتر بوو، لەسەرەتادا ناڕەزایی بەرامبەر بە فشاری ڕابردوو دەربڕی و سەبارەت بە گەندەڵی و ناکارایی دەزگا ئیدارییەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا دواو دەربارەی ئەوەی کە لەم ناوچانەدا لەبەرچی سوود لە بوونی خودی کوردەکان وەرناگیرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان سکاڵاو باس وخواسی کرد.

من لە وەڵامدا پێم ووت کە: خاوەن شکۆ (همایۆن شاهنشا) هەمان ئەو هەستەی لەبەرامبەر کوردا هەیە کە لە بەرامبەر پێکڕای کە مایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەدا هەیەتی.

پاشان ئاماژەم بەوەکرد کە (زۆر لە کوردەکان لە ڕابردووشدا لەم وڵاتەدا پۆستی زۆر بەرزیان بەدەستهێناوەو تەنانەت کەسایەتیەکیشیان ئەندامی کابینە بووە). هەڵبەتە دانم بەوەدا نا کە تا ئەندازەیەك گەندەڵی و بێ کارامەیی لە دەزگا ئیدارییەکاندا لە ئارادا بووە و هەیە. بەڵام لەم بارەوە پێم ووت. (پێویستە ئێمە بە نیاز پاکیەوە هەموو پێکەوە هاریکاری بکەین و لە ژێر ڕابەری خاوەن شکۆی همایۆنیدائەم کەموکوڕیانە لەناو بەرین، کەسایەتی خاوەن شکۆ شاهنشاهی ئیمپراتۆرییە و سەربە نەتەوەیەکی تایبەت نی‌یە، بەڵکو سەر بە گشت کەمایەتییەکانی وەك فارس، تورك، بەلوچ[65] ،کورد، تورکمان، عەرەب وئەوانی دیکەیە. کە هەرکام لەوانە دابونەریتی دێرینی خۆیان بە زیندوویی پاراستووە و شانازی بەوەوە دەکەن کە بەشێك لە میللەتی ئێران پێکدێنن).

لەگەڵ ئەم هەموو درێژەپێدانەشدا، دیتم کە قازی محەمەد نەمامێك نی‌یە لەبەر دەم ئەم شنە بایە دا بچەمێتەوە، دڵنیاش بووم کە لە ئایندە دا دەبێتە مایەی فەراهەم کردنی ناڕەحەتی وتەنگپێهەڵچنینی ئێمە.

قازی محەمەد، کە پاشان بووە پێشەوای کۆماری ماوە کورتی کوردستان، سەر بەخێزانێکی ئایین پەروەری سونی شاری مەهاباد و کوڕی قازی عەلی بوو کە لەساڵی 1921دا لەکاتی دوا دەستبەسەراگرتنی شاری مەهاباد دا هاوکاری سمکۆی کردبوو. قازی محەمەد پیاوێکی خوێندەوارو بەفارسییەکی ئەدەبیانەو بە شێوەزاری تایبەتی کوردی ئەدوا. جلوبەرگی ئایینی، عەباو مەندیلی سپی عەرەبی دەپۆشی، بەڵام پاشان تەنها مەندیلەکەی هێشتەوە

---

65 –بەلوچ: هەندێ سەرچاوە ڕەگوڕیشەی بەلوچ دەبەنەوە سەر عەرەب و هەندێکیش پێیان وایە سەر بە نەژادی ئێرانین، ڕیشەی زمانی بەلوچی سەر بە خێزانی زمانە هندۆ ئەورووپییەکانە، خاکی بلوچستان بەسەر ئێران و پاکستان و ئەفغانستاندا دابەش کراوە ، موسڵمانی سونین. (و)

وعەباکەی وەلانا و چاکەتێکی درێژی ئەوروپایی لەبەر دەکرد کە دەگەشتە سەر ئەژنۆکانی، هەرچەندە سەدری قازی لە ئەندامانی حیزبی تودە نەبوو، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەوکات حیزبی تودە، هەشت نوێنەری لە مەجلیسی شورای میللیدا هەبوو. لە پاش ئەوەی ئەمن سیاسەتی پشتیوانی کردنم لە ژەنراڵ هۆشمەندی ئەفشاری‌و هێرشی توندم سەبارەت بەیاخیبووانی کورد گرتە پێش، سەدری قازی ترسا و منی بەکۆنەپەرست لە قەڵەمدا. ژەنراڵ هۆشمەندی ئەفشار تا ڕادەیەك توانیبووی هەستی هاودەردی کەسانێکی خێڵەکی و چینی کرێکار لە کوردستاندا بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، بەڵام هەم لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە و هەم لە لایەن موڵکدارانی گەورەی نیشتەجێی تارانەوە، کە دەترسان دەستو پێوەندی ئەوان بوروژێنێ، کەوتە بەرقین و نەفرەت.

لە ساڵی 1944 دا، لە ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستاندا، هەلو مەرج ڕووی لە پشێوی ناو دوو سەرۆك هۆز لە بەرەی دوژمن: مەحموود خانی دزلی و مەحموود خانی کانی سانان پێکەوە یەکیانگرت‌و لە نزیك گوندی (بوریدەر) دا هێرشیان کردە سەر هێزی حکومەت، بەڵام لە ئاکامدا تێکشکان و ڕاونران. مەحموود خانی کانی سانان هێندە تۆقی بوو کە پاش ماوەیەك بە نەخۆشی سیل وەفاتی کرد. لەوە بە دوا کوردەکانی ئوستانی کوردستان بە تەواوی سەریان کز کردو بە بێدەنگی مانەوە. بەڵام لە ناوچەی کوردستانی ئازەربایجاندا لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز چوونە ڕیزی (کۆمەڵە)وە:

یەکەم/ بەر لە هەموو شتێك لەلایەن هێزی داگیرکەری سۆڤیەتەوە ناچار بەم کارە کرابوون.

دووەم/خەڵکی ئەو مەڵبەندە نەیاندەویست لە ڕووی سیاسییەوە بە ناچالاکی بمێننەوە، یا لە خەڵکانی دی دواکەوتووتربن.

سێهەم/خەڵکی نەیاندەویست ببنە ملکەچ وئامرازی دەست حیزبی

کۆمۆنیستی دیموکراتی ئازەربایجان.

سەرباری ئەوانەش ڕق و کینەی مەزهەبی و نەژادیش دژ بە تورکەکانی ئازەربایجان لە نێو کوردەکاندا لە بەرەودا بوو، لەوانەش گرنگتر ئەوە بوو کەئەندامانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان کەسانێکی کۆمۆنیست و چەپڕەوبوونو دەیانویست ئازەربایجان لە ئێران جودابکەنەوە و بیلکێنن بە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە. بەڵام سەرانی هۆزە کۆنە پارێزەکانی کورد، خوازیاری ئەوەنەبوون وڵاتەکەیان بخرێتە سەر قەڵەمڕەوی خاکی سۆڤیەت، بەڵکو دەیانویست هەرێمێکی سەربەخۆی کوردنشین دابمەزرێنن.

لە نۆڤەمبەری 1943دا، چەند سەد کەسێك لە ئەندامانی (کۆمەڵە) کۆبوونەوەیەکیان سازدا وکۆمیتەی ناوەندی حیزبیان هەڵبژارد و کەسێکیان بە ناوی (رەحمانی زەبیحی)ەوە (لە خەڵکی مەهاباد) کردە سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوەکەیان .

لەوەبەدوا سەرانی هۆزە کوردەکان بەدگومان و هیوا بڕاو بوون لەمەبەستی چالاکییەکانی کۆمەڵەو ژمارەیەکی زۆریشیان بە نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا پەیوەندییان بەستو بوونە لایەنگری دەوڵەت.

قازی محەمەد نە کەسێکی عەشایری ونە کەسایەتییەکی سیاسی بوو. ئەندامانی ڕێکخراوی کۆمەڵە سەبارەت بە ناوبراو بیروڕای جیاوازیان هەبوو. لەبەر ئەوەی پیاوێکی ئایینی بوو، کەواتە حەتمەن بە کەسایەتییەکی پارێزکاریش دادەنرا، تەنانەت لە دیدو بۆچوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە ، بەکۆنەپەرستیش ناودەبرا. بەڵام کاربەدەستانی سۆڤیەت سەرنجیان دابوو کە بە بێ رابەرێکی روحانی، ڕێکخراوی کۆمەڵە توانای زامن کردنی پشتگیری سەرۆك هۆزەکانی نابێ، بۆ ئەم مەبەستە ئەندامانی کۆمەڵەیان ڕاسپاردبوو کە قازی محەمەد بۆ نێو ڕێکخراوەکەیان بانگهێشت بکەن. هەرچەند هیچ کاتێك وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

هەڵنەبژێردرا.

لە کاتی یەکەم قۆناغی داگیرکاریدا، کاربەدەستانی سۆڤیەت پێیان وابوو، کە بەدامەزراندنی حیزبی تودە، دەشێ ئێران بکرێتە وڵاتێکی کۆمۆنیستی، بەڵام ئەم پیلانە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1942دا ڕووبەڕووی شکست بۆوە. چونکە لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا تەنها 8 ئەندامی حیزبی تودە وەك نوێنەری مەجلیس هەڵبژێران. سێ ئەندامیان لە ئاکامی فشاری ڕاستەوخۆی سۆڤیەتدا و چوار ئەندامی تریشیان بە هۆی دەستێوەردانی دەوڵەتی مەرکەزی ئێرانەوە بوو(لە پاش مەرگی سوهێلی) سەرۆك وەزیر، زانرا کە ئەم دەستێوەردانەی دەوڵەت لە ئاکامی ڕاسپاردەی ئینگلیزەکاندا و بەمەبەستی ڕازی کردنی روسەکان بووە. بەمجۆرە تەنها یەك ئەندامیان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکییەوە هەڵبژێرا بوو.

پاشان سۆڤیەتەکان سیاسەتی خۆیان گۆڕیو ڕەوشێکی دیکەیان گرتەبەر. ئەم ڕەوشە بریتی بوو لە دابەشکردنی ئێران بە چەند هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی وەك ئازەربایجانەوە، کە ئەم تاکتیکەش پەیڕەوکردنی ڕێبازی حیزبی تودە بوو.

لە سێپتەمبەری 1945دا، دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ جاری دووەم ڕابەرانی کوردی بۆ باکۆ داوەت کرد تاسەردانی ئەو شارە بکەن و میوانەکان بۆ جاری دووەم لە لایەن (باقرۆف)ەوە پێشوازییان لێکراو، بەڵێنی ئەوەی پێدان کە سۆڤیەت بە هەموو هێزو تواناوە پشتیوانی لە دەوڵەتی کوردان دەکات.

قازی محەمەدیش ئاماژەی بەوەکرد کە کوردەکان ناخوازن بەشێك بن لە کۆماری ئازەربایجان ، بەڵکو خواست و ئارەزووی ئەوان ئەوەیە کە بتوانن لەگەڵ کوردانی دیکەی تورکیاو عێراقدا یەکبگرن و سەرەنجام کۆماری کوردستانی گەورە پێکەوەبنێن.

هەر لەم کاتەدا بوو کە مەلا مستەفای ناودار لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برایدا

لە ئاکامی فشار و ڕاونانی لەشکری عێراق و بۆردومانی توندی فڕۆکەدا، هاتنە ناو سنووری ئێرانەوە. لە حاڵێکدا کە نزیك بە دوو هەزار چەکداری عەشایری لەگەڵدا بوو، مەبەستی نابراو، کۆمەك کردن بەکۆماری کوردستان (مەهاباد)بوو، ڕەنگە مەبەستیشی بەدەستەوە گرتنی جڵەوی رابەری ئەو کۆمارە بووبێت. زۆر ئەستەمە هاتنی بارزانی بۆ نێو قەڵەمڕەوی خاکی ئێران بە بێ ئاگاداری پێشتری کاربەدەستانی سۆڤیەت بووبێت. لەبەر ئەوەی ئەو کاربەدەستانە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو ئامڕازانەیان لە دەستدا بوو کە ڕێ لە هاتنی بارزانییەکان بگرن بۆ نێو ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیان. بەلام باقرۆف لە باکۆدا قازی محەمەدی ئاگادار کردبۆوە کە مەلا مستەفا سیخوڕی ئینگلیزەکانە و پێویستە بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات . ئەم ئاگادارییە ئەوە دەردەخات کە روسەکان نەیاندەویست کەسێکی سێهەم لە مەیدانی سیاسی ئەو ناوچەیەدا دەربکەوێ و ڕکەبەرێکیش بۆ قازی محەمەد پەیدا بێت.

هەرچۆنێك بێ، لەگەڵ هاتنی بارزانییەکاندا بۆ مەهاباد، جولانەوەی کورد، سیمای بەرەیەکی نێو دەوڵەتی بە خۆوەگرت و بە پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی سمبولیکی لە کوردی (ئێران– تورکیا– عێراق– سوریا) لەو ناوچەیەدا کە سنوورەکانی سێ وڵات پێکدەگەیەنێت، زەمینەی دامەزرانی کۆماری خود موختاری کوردستانی گەورە دەستەبەرکرا، ئەم کۆبوونەوەیە بە ناوی (پەیمانی سێ سنوور)ەوە[66] ناسراوە. دەربارەی مەلا مستەفا بارزانی لە بەشی

---

[66] –(سێ سنوور): دوو ووشەی کوردییە، سێ هەمان ژمارەی (سە)ی فارسییە کە لە کوردیدا بە (سێ) دەنوسرێ، ووشەی (سنوور) بەمانای (مەرزو تخوبە) کە لە زمانی کوردیدا (سنوور) مانای (لەسەر لوتکەوە ڕوانین) دەگەیەنێت، چونکە هەمیشە خەڵکی کوردی دوو دەوڵەت هاتو چۆی ڕەسمیان لێقە دەغەکراوە، تەنها دەبێ لە بڵندترین یا دواخاڵی سنوورەوە سەیری وڵاتەکەی دیکە بکرێت (حەسەن ئەرفەع).

داهاتوودا بە درێژی باس دەکرێ. لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە هەرچەند ناوبراو پتر سەرۆکایەتی ئایینی لە ئەستۆدایە تا سەرۆکایەتی خێڵەکی و، بارزانییەکانیش پتر لە ڕێگەی تەریقەتی دینییەوە پەیڕەوی لەناوبراو دەکەن، بەڵام بە هۆی تێکۆشان و ماندوو نەناسی و ناوبانگی شەڕی جوامێرانەی لەدژی دوژمنەکانی، بڕواوسەرنجی جەنگاوەرانی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێش کردووە.

لەم ڕێپێوانە جەنگییەدا چەند ئەفسەری کوردی عێراقی لەگەڵ مەلا مستەفاو بارزانییەکاندا بوون کە بریتی بوون لە (میرحاج ئەحمەد، خێروڵلا مستەفا، نوری بەگ،کاپتن عێزەت عەبدولعەزیز، گەیلانی زادەی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا ئەفەندی) کە بە یەکێك لە گرنگترین کەسایەتییە نەتەوەییەکان دادەنرا لە نێو ناسیۆ نالیستەکانی کوردا.

هەرچەند پێئەچێ قازی محەمەد پێی وابووبێ کە ڕەنگە مەلا مستەفا لەم خەباتە درێژخایەنەدا ببێ بەهەڤرکی ئەو، بەڵام زێدە خۆشحاڵ بوو بەوەی کە پشتیوانی کوردەکانی عێراقی لەتەك پشتیوانی ئازەربایجانییەکان و هێزەکانی سۆڤیەتدا بەدەستهێنابوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی، وێڕای ئەوەش بارزانییەکان بە باشی چەکدار بوون و تا دوا قۆناغی ئەو خەباتەش گڕوتینی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی کۆماری مەهاباد بوون.

بەمەبەستی شاردنەوەی جموجۆڵی سۆڤیەتەکان، ناوی حیزبی تودەی ئازەربایجان کرا بە فیرقەی دیموکرات[67] و بە هەمان شێوەش ناوی کۆمەڵە کرا

---

[67] -فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: لە 3ی سێپتەمبەری 1945دا لە تەورێزدا دامەزراو بۆ ماوەی یەك ساڵ حکومەتی میللی ئازەربایجانی بەڕێوەبرد، پاش شکست و هەرەسهێنانی حکومەتی ئازەربایجان زۆربەی ڕابەرانی فیرقە پەنایان بردە بەر یەکێتی سۆڤیەت. لە 1960دا فیرقەی دیموکرات هەڵوەشایەوەو چووە نێو حیزبی تودەوە .(و).

بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. هەرچەند کوردەکان وایان پێپەسەند بوو بە ناوی (کۆمەڵە) وە ناو ببرێن.

بەرنامەی ئەم حیزبە بە یارمەتی (هاشموٚف) کونسڵی سۆڤیەت لە ورمێدا، بەم شێوەیەی خوارەوە ئامادەکرابوو:

1-گەلی کورد لە ئێراندا، مافی خود موختاری ئیدارییان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی خۆیاندا دەبێت.

2-زمانی کوردی بە زمانی ئیداری دا دەنرێ و لە قوتابخانەشدا دەخوێندرێ.

3-ئەنجومەنێکی ئەیالەتی بە پێی پەیڕەوی کردن لە دەستوری ئێران پێکدێ و لێکۆڵینەوە و چاودێری سەرجەم کاروبارە گشتییەکان دەکات.

4-دەبێ هەموو کارمەندانی دەوڵەت (لە ناوخۆی کوردستاندا) کوردبن.

5-ئەو داراییانەی لە ناوچەی کوردستاندا کۆدەکرێتەوە هەر لەوێدا خەرج دەکرێ.

6-حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی لە پێناو بەرفراوان کردنەوەی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان وپاراستنی ئارامی و ئاسایشی ئەو ئەیالەتەدا،دەخاتە گەڕ.

7-حیزبی دیموکرات، گەشەی ئابوری، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و پەروەردە و ئاکار، و پێشخستنی کشتوکاڵ، بازرگانی و تەندروستی خەڵکی، دەکاتە ئامانجی کارەکانی خۆی.

وەك تێبینی دەکرێ، بەندەکانی ئەم بەرنامەیە لەگەڵ یەکدیدا ناکۆك و نەگونجاون. لە بەندی 3 دا هاتووە کە دەبێ پەیڕەوی لە دەستوری ئێران بکرێت، لەهەمان کاتدا، هەموو بەندەکانی تری ئەم بەرنامەیە بە پێچەوانەی دەستوری ئێرانەوەن. وەك هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئایالەتی کوردستان کە هەرێمێکی سەربەخۆو تەواو جودا بێت. یاخود لە بەندی 5 دا هاتووە کە

تەواوی دارایی ئەم ئەیالەتە لە نێو چوار چێوەی خودی ئەم ئەیالەتە دا خەرج بکرێ، ئایا بەمجۆرە پەیڕەوی لە دەستوری ئێران دەکرێ؟ ئەگەر تەواوی ئەیالەتەکان بەمجۆرە خۆگەردان بن، ئیدی دەوڵەتی مەرکەزی چۆن دەتوانێ بودجەی خەرجییە گشتییەکانی وەك کاروباری سوپا، ئیدارەی مەرکەزی و وەزارەتی کاروباری دەرەوە دابین بکات؟ وێڕای ئەوەش ئەگەر دەوڵەت ئەم دەسەڵاتانەی لەدەستدا نەمێنێ، ئیدی مەسەلەیەك بە ناوی (مەسەلەی کوردی ئێران)ەوە بوونی نابێ وئەم گەلە بە تەواوی سەربەخۆیی خۆی زامن دەکات. جگە لەوەش سنووری جوگرافیای ئەم ئەیالەتە دیاری نەکرابوو، ئایا ئەم سنوورە تەنها ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە کوردەکان تیایدا زۆرینە بوون؟ ئایا خەڵکی کورد لەوناوچانەدا، کە بەهۆی فاکتەری سیاسی و ئابورییەوە بەخاکی کوردیان دادەنـاو، زۆربەی دانیشتوانەکەشی غەیرە کوردبوون، وەك ورمێ،خوی، ماکۆ، شاهپور کە کورد تیایدا کەمینە بوون، مافی جیابوونەوە و سەربەخۆییان دەبوو؟.

وەك دەزانین زۆربەی هۆزە کوردەکانی کورد لە هەڤرکیو ئیرەییدا چاویان بەرایی نەدەهات بەڕێوەبەرانی حیزبی نوێی دیموکرات ببینن، تەنانەت خودی مەلا مستەفاش دەربارەی ئایندەی دەوڵەتی کورد، دیدوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو.

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیادا، یەکێتی سۆڤیەت، سوور بوو لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەقامگیر بکات کەبەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا بوون، وەك وڵاتەکانی بالتیك، بسارابیاو بەشێك لە فنلەندا کە لەکاتی جەنگدا داگیر کرابوون. تەنانەت درێژەیان دا بە داگیرکردنی (بیخۆدی)، کەپاش چوونە دەری ژاپۆنیەکان داگیریان کرد. لەم سۆنگەیەوە واپێدەچوو کە بیانەوێ درێژە بدەن بە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئازەربایجانیشدا، کە لە ساڵی 1907وە تا

1917 لەبن دەستی روسیادا بوو.

ویستی ئەو دەوڵەتە لە بەکۆمۆنیست کردنی خەڵکی ئازەربایجاندا وەك پیلانی بەکۆمۆنیست کردنی ناوچەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ شکستدا رووبەڕوو بۆوە. لەم ناوچەیەدا کە خەڵکی ئازەربایجان موسڵمان بوون و خۆیان بە هاووڵاتی ئێران دەزانیو تەنانەت ئازەربایجانی سۆڤیەتیشیان بە بەشێکی زەوتکراو و لە دەستچوو دادەنا، هەرچەند ئازەربایجانی سۆڤیەت، سیمای ئازەری خۆی وون کردبوو، وەك ئەرمەنی و گشت کەمینەکانی روسیای لێهاتبوو، بەڵام ئازەربایجانی ئێران بە دانیشتوانی نزیك بە چوار ملیۆنو نیوەوە بە تەواوی سیمای ئازەری بوونی خۆی پاراست بوو. لەبەر ئەم هۆیانە، کاربەدەستانی روسی دەستیان کرد بە کۆمۆنیست کردنی ئەو کەسانەی کەبە مەبەستی کارکردن لە ئازەربایجانی ئێران دەرکەوتبوون و چووبوونە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە.

لە ساڵەکانی بەر لە 1917دا، هەر ساڵە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئازەربایجان بەمەبەستی کارکردن دەچوونە ئازەربایجانی روسیاوە و پاش ماوەیەك کارکردن، بڕێك پارەیان کۆدەکردەوە و دەگەڕانەوە بۆ وڵاتو زێدی خۆیان. هەندێك لەم کرێکارانەش ئیدی نەدەگەڕانەوە، هەر لەوێدا دەمانەوە و لەگەڵ کیژانی ئازەری یا ئەرمەنیدا دەبوونە هاوسەر و خێزانێکیان پێکەوە دەنا، تەنانەت هەندێکیان وازیان لە ڕەگەزنامەی خۆیان دەهێناو دەبوونە هاووڵاتی سۆڤیەت. لە دەوروبەری ساڵی 1930دا، چەند هەزار کەسێك لەم خەڵکە لە سۆڤیەتدا دەرکران و دووبارە گەڕانەوە ئێران، لە کاتێکدا کە هەندەك لەوان هیچ کات لەسەر زەمینی ڕەسەنی خۆیاندا نەژیابوون و تەنها بە زاری روسی یا ئازەری ئەدوان. ڕەزا شا فەرمانی دا ئەم خەڵکە بگەڕێنەوە بۆ سەرزەمین و زێدی باو و باپیرانی خۆیان. بەڵام ئەم خەڵکە کە لە روسیادا خەڵکێکی کرێکار بوون و بە ژیانی نێو شارە گەورە و خاوەن کارگەکان

ڕاهاتبوون، لەو ناوچانەشدا کۆچیان کرد و زۆربەیان لەشاری ئەردەبیل دا کۆبوونەوە بەشێکی زۆریان لە خەڵکی ئەو شارە پێکهێنا. لەبەر ئەوەی لەروسیادا لەگەڵ ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستیدا ئاشناببوون، لە ئێرانیشدا هەم باسیان لە یاخیبوون و شۆڕشی جەماوەری دەکرد.

لەپاش جەنگ لەلایەن روسەکانەوە بە تەواوی چەکدارکران و لە ڕاستیدا بۆ چەند ڕۆژێکی وەها لە بەر چاوگیرا بوون.

لە 15ی دیسەمبەردا، ئەم یاخیبووە ساختانە کە بەهۆی کامیۆنەوە هێنرا بوونە (میانە)، هێرشیان کردە سەردامو دەزگاکانی دەوڵەت و کۆنترۆڵی شاریان گرتە دەست. ڕێگای پەیوەندی ئەم ناوچەیەشیان بە تێکڕای ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بڕی. تەنها سیمی تەلەگرافی تاران–تەورێز یان بە کراوەیی هێشتەوە، بەمەبەستی ئەوەی کە بەڵکو لە تارانەوە فەرمانی دەستهەڵگرتن لەبەرگری چەکدارانە بەپاشماوەی هێزە ئێرانییەکانی ناو تەورێز بدرێت.

لەو ڕۆژە پشێو و پڕ لە قەیرانەدا، من پەیوەندیم کرد بە ژەنراڵ (درەخشانی)ەوە کە فەرماندەی سوپای سێهەمی ئازەربایجان بوو، پێدەچوو ئەوێ ڕۆژێ بەیەکجاری ورەی خۆی لەدەست دابێ یا لەدەسەڵاتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وسەرۆکی ئەو فیرقەیە (پیشەوەری)[68]–کە یەکێك بوو

---

[68] – پیشەوەری: (1893–1947) لەسەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بووە کۆمۆنیست، لە بزوتنەوەی جەنگەڵدا وەك رابەرێکی باڵی سۆسیالیستی ئەو بزوتنەوەیە بەشداریکرد، یەکێ بوو لە رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پاشان بۆ ماوەی دەساڵ زیندانی کرا، لە 1945دا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی دامەزران و لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا حکومەتی میللی ئازەربایجانی پێکهێنا، پاش شکستی ئەو حکومەتە لە کۆتایی 1946دا پەنای بردە بەر ئازەربایجانی سۆڤیەت، لە ڕووداوی ئۆتومبێلدا گیانی لەدەست دا . (و)

لە كۆچبەرانی قەوقاس و لەئەندامانی چالاكی حیزبی كۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو لە 1930وە-تۆقیبێ، ئەمن فەرمانم بە ژەنراڵی ناوبراودا، كە تا دوا هەناسە، بەرگری بكات، بەڵام ناوبراو وەڵامی دایەوە كە چیتر بەرگری كردن لە تواناادا نییە . من پێم ووت كەواتە بەرەو تاران پاشەكشێ بكە. ئەم دوو فەرمانە بەمەبەستی خۆ بواردن بوو لە خۆبەدەستەوە دان، ئەمن گەلێك لەسەر ئەم مەسەلەیە سووربووم.

ڕۆژی دواتر، كۆچبەران لەگەڵ ژمارەیەك لە كەسانی گێرە شێوێنی ناوخۆ لە سەرتاسەری ئازەربایجاندا هێرشیان كردەسەر بنكەكانی ژاندارمەری، لە پاش كوشتنی ژاندارمەكان، ئەفسەرەكانیان بەدیل گرت، ئیدی هێرش كردنە سەر سەربازخانەی تەورێز كارێكی مسۆگەرو حەتمی بوو.

من هەواڵی ئەو ڕووداوانەم بە (شا) گەیاند. ئەو فەرمانیدا كە هێزێك بۆ ئازەربایجان ڕەوانە بكەم. چونكە بەخۆم ئازەربایجانی بووم و لە هەستی خەڵكی ئازەربایجان بە ئاگابووم، بڕیارم دا هێزێكی بچووك ڕەوانە بكەم كە لە دوو گوردانی پیادە، دوو تۆپی چیایی‌و، دوو تانكی زرێپۆش پێكدەهات، دڵنیابووم كە خەڵكی ئازەربایجان لەگەڵ دیتنی ئەو هێزەدا دەكەونە شەڕكردن لە دژی كۆمۆنیستەكان، سەرەڕای پڕوپاگەندەی سۆڤیەتەكان كە دەیانگووت ئازەربایجان دەخوازێت لە ئێران جیابێتەوە، كاربەدەستانی سۆڤیەت بە ئاگابوون و پێشبینی ئەوەیان كردبوو، لەبەر ئەوە بڕیاریان دا كە ڕێگە نەدەن ئەم هێزە بگاتە ئازەربایجان. لەكاتی حەرەكەتی ئەم یەكەیەدا بەرەو قەزوێن، زۆر هەوڵیاندا ڕێ لەم جموجۆڵە بگرن. بەڵام ئەمن بە سەروان (عەزیمی) فەرماندەی هێزەكەم گووت بە هیچ نرخێك پێشڕەوی و حەرەكەت نەوەستێنێت.

حەرەكەتی ئەم هێزە تا نزیكی شاری قەزوێن بەردەوام بوو، بەڵام لەوێدا سوپای سۆڤیەت، لەڕێگای ناردنی هێزێكی گەورەی پیادە نیزام و تانك و

هەڕەشەی تەقەکردنەوە پێشڕەوی ئەم هێزەیان ڕاگرت. پاشان ئەمن فەرمانم دا هێزەکە لەبەرامبەر قشونی سۆڤیەتدا بوەستێ و تەنانەت خۆببوارن لە چوونە ناو ئەو گوندەوە کە مومکین بوو ببێتە بنکەیەك بۆ جێگیر بوونی سەربازەکان و تەنها چەند کیلۆ مەترێك لێیانەوە دوور بوو. ئەم هێزە چەند حەفتە لەژێر چادردا مانەوەو سەرەڕای بەفر و سەرماش ورەی پتەوی خۆیان بەرنەدا بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو ئامانجی خۆیان.

لەم کاتەدا، سەربازخانەکانی ئێران لە (تەورێز) و (ئەردەبیل)دا لە لایەن هێزی داگیرکەرەوە، کە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ یاخیبووەکاندا هاوکاریان دەکرد، کەوتنە بەر هەڕەشەی گەمارۆدان و داوای خۆبەدەستەوە دانیان لێکرا، تیپی ورمیٚ تەنها چەند ڕۆژێك دەیتوانی لە بەرامبەر کۆچبەراندا بەرگری بکات. (سەروان زەنگەنە) فەرماندەی ئەم تیپە بیٚ ئەوەی بایەخ بە هەڕەشەی روسەکان بدات، هێزی کۆچبەرانی تا نزیك بە بیست کیلۆمەتر پاشەکشیٚ پێکرد کە بریتی بوون لە ئەرمەنیو ئاسورییەکان و ئەوانی دی، تەنانەت تیرەکانی هەرکی و بەگزادەشی تێکشکان، بەڵام لە پاش گەیشتنی هێزی پشتیوانی لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە تیپی ورمیٚ لە 17ی دیسەمبەردا ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرا، سەربازەکانیان بڵاوە پێکردو ڕێگەشیان بەئەفسەرانی تیپەکەدا کە بگەڕێنەوە بۆ تاران.

فەرماندەی تیپیش گواسترایەوە بۆ تەورێز و لەوێدا بە تاوانی بەرگری کردنو لەبەرامبەر یاخیبوواندا دادگایی و مەحکوم بەمەرگ کرا. بەڵام ئەم حوکمە بەڕێوە نەبرا و ناوبراو لەگەڵ ژمارەیەك لەو کۆمۆنیستانەی کە لە تاراندا دەستگیر کرابوون، ئاڵوگۆڕیان پێکرا.

لە پاش کودەتای فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە تەورێز دا، نوێنەرانی ناوخۆیی ئەیالەتیش لە نێو ئەندامانی ئەو حیزبە دا هەڵبژێران و پیشەوەریش وەك سەرۆك هەڵبژێردرا. قازی محەمەدیش بە هۆی ڕاسپێری یافشاری

سۆڤیەتەکانەوە شاندێکی بەسەرۆکایەتی (سەیفی قازی) برازای وەك نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان نارده تەورێز تا بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئەوانەوە پیرۆزبایی لە نوێنەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بکەن.

لە 17ی دیسەمبەردا ، ئاڵای ئێران لە مەهاباددا لەسەر فەرمانگەکانی دەوڵەت داگیرا و ئاڵای کوردستان (کە لەسێ ڕەنگی سەوز و سپی و سوور پێکدەهات، بەڵام بە پێچەوانەی ئاڵای ئێرانەوە لە تەختی ڕەنگی سپی ئەودا وێنەی خۆرێك لە نێوان دوو چڵەگەنمدا کێشرابوو) لەسەر فەرمانگەکانی مەهاباد، شنۆو، نەغەدە هەڵکرا.

گشت ئەو پیاوانەی کە لە سوپای ئێراندا مەشقی سەربازییان دیتبوو، بەرگی سەربازی سۆڤیەتیان پێدرا و هێزی لەشکری 12000 پێشمەرگەیی مەهابادیان دامەزران. ئەفسەرانی ئەم لەشکرە بریتی بوون لە چەند ئەفسەرێکی پێشووی سوپای ئێران و ئەفسەرانی عێراقی، لە هەمان کاتدا کتێبە نیزامییەکانیشیان لە زمانی ڕوسییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕابوو.

لە 22ی دیسەمبەری 1946دا، قازی محەمەد پێکڕای سەرۆك عەشیرەتەکان و پیاو ماقوڵانی ئەو مەڵبەندەی بانگهێشت کرد بۆ مەهاباد، ئەم پیاوانە و حەشمەتێکی زۆر لە بارەگای فەرمانداریدا کۆبوونەوەو، قازی محەمەد لەم ڕۆژەدا کۆماری خود موختاری کوردستانی ڕاگەیاند.

پاشان سەیفی قازی لە کاتێکدا کە ئۆنیفۆرمی ژەنڕاڵی ڕوسی لەبەردا بوو، قازی محەمەدی وەك پێشەوای کۆماری کوردستان ناساند، پاشان ڕێو ڕەسمی ڕێپێوانی پێشمەرگەی نیزامی لەشکری ڕێکخراوی کوردستان، جەنگاوەرانی کوردی عێراقی، بارزانییەکانو، تێکڕای هۆزە کوردەکانی ئێران، بە ئامادە بوونی قازی محەمەد بەڕێوەبرا. لەم ڕێوڕەسمەدا قازی محەمەد ئۆنیفۆرمی ژەنڕاڵی ڕوسی لەبەردا بوو، بەڵام مەندیلە سپییەکەی سەری لانەبردبوو.

ڕاستەوخۆ لەپاش کۆتایی ڕێوڕەسمی ڕێپێوانی سەربازی قازی محەمەد

ئەندامانی کابینەی کۆماری خودموختاری مەهابادی بەم شێوەیەی خوارەوە ناساند:

1–حاجی بابە شێخ سەرۆك وەزیر.
2–محەمەد حسێن سەیفی قازی وەزیری پێشمەرگە وجەنگ.
3–ئەحمەد ئیلاهی وەزیری ئابوری.
4–محەمەد ئەمین موعینی وەزیری ناوخۆ.
5–کەریم ئەحمەدیان وەزیری پۆست وتەلەگراف.
6–حاجی عەبدولڕحمان ئێلخانیزادە وەزیری هەرێم (بەشێوەی ئیداری، بەڵام بە کردەوە نێوانگری نێوان حیزبی دیموکرات و سۆڤیەت)
7–مەنافی کەریمی وەزیری پەروەردە و فێرکردن.
8–سدیقی حەیدەری وەزیری ڕاگەیاندن .
9–خەلیل خەسرەوی وەزیری کار.
10–حاجی مستەفا داودی وەزیری بازرگانی.
11–محەمەد وەلی زادە وەزیری کشتوکاڵ.
12–ئسماعیل ئەمینی زادە وەزیری ڕێگاو بان.
13–سەید محەمەد ئەیوبیان وەزیری تەندروستی.

هەموو ئەم کەسایەتیانە سەربە خەڵکی شاری مەهاباد یا سەرۆك خێڵەکانی دەوروبەری ئەو شارە بوون. جگە لە دوو ئێلخانی زادە کە لە هۆزی دێبوکری و سەربەبنەماڵەی (ئەمیر ئەسعەد) فەرمانداری پێشوو بوون.

ئەم موڵکدارو سەرۆك عەشیرەتانەی کە وەك ئەندامانی کابینەی حکومەت هەڵبژێرا بوون، بە هەموو هێزیانەوە تێدەکۆشان سیاسەتی ناوخۆ بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ڕێ لە هەر جۆرە ڕیفۆرمێکی کشتوکاڵی و نوێ کردنەوەیەك بگرن، کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بگەیەنێت. لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەیەك لە خەڵکی چینی ناڤین و چەپڕەوی شارنشین تێدەکۆشان

بەهەر نرخێك بێ بە کۆمەکی ڕوسەکان یەکەمجار شەڕی سەرۆك هۆزەکان یەکلایی بکەنەوە و پاشانیش لەدەست ئەم بۆرژوازیانەی ئەندامانی کابینە ڕزگاریان بێت.

قازی محەمەد لەم ململانێیە بە خەبەر بوو، ئەو تێدەکۆشا کە بە پێی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی خۆی ڕووداوەکان بەڕێوەببات، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەیزانی کە لە حاڵی حازردا ناتوانێت بایەخ بە ڕێنوێنی و فەرمانی کاربەدەستانی داگیرکەری سۆڤیەت نەدات، یا پشتگیری سەربازیی بارزانییەکان و تێکڕای هۆزەکان لە دەست بدات. مەلا مستەفاش بە ئاگابوو لەو کێشە سیاسیانەی کە لەئاکامی هاتنیدا بۆ ئێران سەریهەڵدا بوو، هەرچەند هاتنی ئەو بۆ نێو ئێران و چوونە ڕیزی حیزبی دیموکراتەوە تەنها بە هۆی فشاری کاربەدەستانی عێراق و بەهۆی شۆڕشی ساڵی 1944ی بارزانەوە بوو. بەڵام ئەو بە نیاز بوو سوود لە ووزە و توانای هێزەکەی وەربگرێ بۆ پێکەوەنانی هەرێمێکی سەربەخۆی کوردنشین، کە تیایدا پیاوانی وەك ئەو بەپایەی سەرەکی هێزی چەکدار دابنرێن. هەروەها تێدەکۆشا لەم ڕێگایەوە دەستی بە ئارەزووی دێرینی خۆی ڕابگات کە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بوو، کە نە تەنها کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەڵکو تەواوی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیا بگرێتەوە.

لەگشت فەرمانگە حکومییەکانی مەهابادا وێنەی قازی محەمەد (کە بە چوار دەوریدا ئاڵای کوردستان و دروشمی حکومەت نەخشێندرا بوو، کە لە ژێریدا نووسیبوویان-پێشەوای مەزنی کوردستان جەنابی قازی محەمەد-) هەڵواسرابوو.

لە نوسینگەی کاری خۆشیدا نەخشەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی چاپی لەندەن هەڵواسرابوو کە تیایدا سنوری ئەو دەوڵەتی کوردستانە گەورەیەی کە دەبوو دابمەزرایە، بەخەتی دەست دیاری کرابوو کە ناوچە

کوردنشینەکانی ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا، تەنانەت سۆڤیەتیشی دەگرتەوە. کە لە دەریای ناوەڕاست و بەندەری ئەسکەندەرونەوە درێژ دەبۆوە تا کەنداوی فارس و لە نێوان (بوشەهر و هندیجان)ەوە بە دەریای ئازاد دەگەشت. زۆربەی شارەگرنگە ناکوردییەکانی وەك ئەرزرۆم، ئەورنیکان، قارس، ماکۆ، شاهپور، موسڵ، ورمێی دەگرتەوە. بەم شێوەیە قازی محەمەد بە نیاز بوو ببێتە پێشەوای سەرجەم کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئایدیای روسەکان بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەوە بوو، ئەوان گەرەکیان بوو کە ئازەربایجان لە ئێران جیابکەنەوەو بەئازەربایجانی سۆڤیەتەوەی بلکێنن. روسەکان نەیاندەویست کوردستان لە ژێر سەرکردایەتی بۆرژواو فیودالەکاندا سەربەخۆیی بەدەستبێنێ و ڕوە و دیموکراسی هاوشێوەی سیستمە ڕۆژئاواییەکان ڕێنوێنی بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە قازی محەمەد و گشت رابەرانی حیزبی دیموکراتیان بانگ کرد بۆ تەورێز. تا لەم بارەوە لەگەڵ رابەرانی دیموکراتی ئازەربایجانی سۆڤیەتدا وتووێژ بکرێت. سەرۆکایەتی ئەم وتووێژانە لە ئەستۆی (ئیبراهیمۆف)ی وەزیری ڕۆشنبیری ئازەربایجانی سۆڤیەتدا بوو. ناوبراو کوردەکانی بۆ ئەوە بانگهێشت کرد کە ئۆتۆنۆمی کوردەکان لە نێو چوارچێوەی کۆماری ئێستای ئازەربایجاندا قبوڵ بکەن و دامەزراندنی کۆماری کوردستانی پێکهاتوو لە کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا دوابخەن و بە دەرفەتێکی گونجاو و هەموارتری دیکەی بسپێرن.

کوردەکان لە وەڵامدا گوتیان ئەگەر بڕیاربێ بە وڵاتێکی دیکەوە بلکێندرێن لە بەرچی بە ئێرانەوە نەلکێندرێن کە پەیوەندیو هاریکاری نەژادی و کولتورییەکی قوڵتریان لەگەڵدا هەیە تا لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەتدا. روسەکان نەیاندەتوانی پێ لەسەر هەماهەنگ کردنی ڕژێمەکانی ئازەربایجان وکوردستان دابگرن. لەو مەڵبەندەدا لە کاتێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئازەربایجان پتر بەرەو کۆمۆنیزم دەڕۆی، رابەرانی کورد بەشێوەیەکی ئاشکرا کۆمۆنیست

نەبوون و تەنانەت لە رابەرانی تارانیش پارێزگارتر بوون.

پەیوەندی نێوان کوردو ئازەربایجانیەکان، لەمەبەدوا ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ڕووی لە قەیران دەنا، جیاوازییەکان زیاتر بە هۆی کێشەی دەشتە بە پیتەکانی دەورووبەری خوی، ورمێ وشاهپورەوە بوو، کە بەدەر لەم دەشتانە کوردستان دەبووە ناوچەیەکی شاخاوی بێپیت.لەوێدا کە دانیشتوانی ئەم دەشتانە زیاتر تورك بوون، کاربەدەستانی ئازەربایجانی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون ئەم ناوچانە لە دەست بدەن. روسەکان لە ترسی ئەوەی نەبا دا پێکهەڵپژانی چەکدارنە لە نێوان ئەم دوولایەنەدا ڕووبدات، بڕیاریان دا رابەرانی دوولایەن پێکەوە کۆبکەنەوە و بە هەر شێوەیەك بێ بیانگەیەننە ڕێکەوتننامەیەك و سەرەنجام ئەم ڕێکەوتننامەیەی خوارەوە لە نێوان دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا، لە 23ی نیسانی 1946دا، مۆرکرا:

1-لەو شوێنانەی کە بەپێویستی دەزانن هەردوو حکومەتی میللی نوێنەری ڕەسمی خۆیان لە خاکی یەکتردا دیاری دەکەن.

2-لە ئازەربایجاندا لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن کاروباری دەوڵەتی بەدەست کوردەکانەوە دەبێ. هەروەها لە کوردستاندا لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئازەربایجانین کاوربازی دەوڵەتی بە دەست مەئمورانی حکومەتی میللی ئازەربایجانەوە دەبێ.

3-ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەشی ئابوری.

4-یەکخستنی هێزی سەربازی دوولایەن.

5-هەر جۆرە وتووێژکردنێك لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا، بە ئاگاداری و ڕەزامەندی دوو حیزب دەبێ.

6-هەردوو حیزب دەربارەی پێشخستنی زمان و فەرهەنگی کەمینەکانی دوولایەن پێکەوە هاوکاری دەکەن.

7–لەبەرامبەر هەر جۆرە هەنگاوێك لە دژی یەکێتی وتەبایی دوو حیزب، بە توندی خەبات دەکرێ.

گرنگترین کێشەی دوولایەن، واتە دیاری کردنی سنووری نێوان دوو کۆمارەکە، لەڕێکەوتننامەکەدا لابرابوو، لەم ڕێکەوتننامەیەدا تەنها ئەو مەسەلانە گرنگییان پێدرا بوو کە لە سەری پێکهاتبوون و خاڵی هاوبەشی دوولایەن بوو.

روسەکان دەیانویست (بەهۆی ئەو فشارە دەرەکییەی کە لەسەریان بوو، هەروەها بە هۆی ئەو وتووێژەوەی کە دەربارەی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی باکور لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا لە کایەدابوو) باکور چۆڵ بکەن. بەڵام بەر لەوە دەیانویست بەو پەڕی هێزو توانایانەوە سوپاو هێزی پۆلیسی ئازەربایجان و کوردستان بە هێز بکەن، کە لەم کاتەدا هێزەکانیان یەککستبوو تا پێکەوە لە ناوچەکانی باشوردا بەرەنگاری هێزەکانی تاران ببنەوە.

ئەو کات کوردەکان خۆیان بۆ پێشڕەوی کردن ڕوە و ناوچەکانی باشوری کوردستان ئامادە دەکرد تا چەکداری هۆز و عەشیرەت گەلی ئەو ناوچانە بکەنە هاودەست و هاوکاری خۆیان.

ژمارەیەك لە هۆزەکانی بەگزادە، سۆسەنی، سەردەشت، گوریك، چوونەپاڵ هۆزی پشدەرییەوە کە لە عێراقەوە هاتبوون، نزیك بە هەزار چەکدار یان بەشێك لە دەشتی سەردەشتیان داگیرکردو لە سەربازخانەی سەردەشت نزیك کەوتنەوە کە لەو کاتەدا یەك گوردانی پیادە و دوو تانکی تیادا جێگیر بوو. دوو گوردانی پیادەش لە ناوچەی کلتە (قلتە)دا لە کەناری زێی بچوکدا جێگیربوون کە ئەرکی پاسەوانی و چاودێری کردنی سنووریان لە ئەستۆدا بوو. هێزی سەقز لەو هێزانە زیاتر بوو کە لە چوار گوردانی پیادەو یەك بەتالیۆنی سوارەو یەك تۆپی چیایی و دوو تانك پێکدەهات. ئەم هێزەیان، لەلایەن حەمەڕەشید خانەوە، لە ناوچەی (خورخورە)وە هەڕەشەی پەلاماردانی

لێدەکرا.

فەیزوڵلا بەگییەکانیش لە ناوچەی (بۆکان)دا جێگیر بوون وچاوەڕوانی هەلێك بوون بۆ هێرش کردنە سەر (تەکاب) کەسەربازخانەی ئەویَ بریتی بوو لە دوو گوردانی پیادەو بەتالیۆنێکی سوارە. هاتووچۆو گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازیش بەهۆی دووری ڕێگاو هەڕەشەی بەردەوامی یاخیبووەکانەوە زۆر دژواربوو.

زستانی ساڵی 1945 زۆر سەخت وسارد بوو، کەژوکێوو ڕێگاوبانەکان تا مانگی نیسان بەفر داپۆشیبوون، سەربازخانەکانی ئێران لەسەردەشت و بانەو سەقزو تەکاب دا لە ڕووی وەرگرتنی ئازووقەوە شپرزەبوون و لەگەڵ دژوارییەکی فراواندا ڕووبەڕووبوونەوە.

لە بەهاری 1946دا، ئەو کوردانەی کەسەردەشتیان گەمارۆدابوو، هێڵی تەلەفونی نێوان سەردەشت و بانەیان بڕیو سەرگەرمی ئابلۆقەدانی شاربوون. ئەم گەمارۆدانە بەهۆی هێرشی سەربازانی دەوڵەتەوە تێکشکا و کوردەکان ناچار بە پاشەکشێ کران، بەڵام ستونێکی چەند نەفەری دەوڵەت کە بە کۆمەکی ئەو سەربازانەوە لەسەقزەوە هاتبوون، کەوتە بەر هێرشی کوردەکانو لەپاش زیان لێکەوتنێکی قورس بە ناچار بەرەو سەقز گەڕانەوە. هەر لەم کاتەدا ژەنراڵ (جهانبەهانی) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخە ڕەوانە کرابوو. لەسەر خواستی ئەو هێزی کۆمەك لە تارانەوە ڕەوانەکرا. فەرماندەی تیپی پیادەی سنەش سەرتیپ (همایۆنی) لەگەڵ هێزەکەیدا بەمەبەسنی بە هێز کردنی سەربازخانەی سەقز حەرەکەتی کرد. بارودۆخی سەربازی لە سنوورەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر کاریگەری پەیمانی سێ قۆڵی نێوان ئێرانو بەریتانیاو سۆڤیەتدا بوو (کە لەساڵی 1943دا مۆرکرابوو، بە پێی ئەم پەیمانە دەبوو 6 مانگ پاش کۆتایی هاتن بە جەنگی نێوان ئەڵمانیا و هاوپەیمانان، هێزەکانی سۆڤیەت و بەریتانیا

و ئـەمریکا، ئـێران بەجێبێڵن وسـەربەخۆیی ویەکپارچـەیی ئـێران بـەڕەسمی بناسن).

هێزەکانی بەریتانیا لە کانوونی دووەمی 1946دا، خاکی ئێرانیان چۆڵکرد، بەڵام هێزەکانی سۆڤیەت نە تەنها بە مەبەستی داگیرکردنی ئازەربایجان بەڵکو تەنانەت بەمەبەستی هێنانە سەرکاری حکومەتی لایەنگری خۆیان لە ئێراندا مانەوە.

هەر بەو جـۆرەی کـە دیتمـان، ئـەم پیلانـە لـە ئاکامی ئـەو بڕیارانـەی لـە ئـەرکانی سـوپادا و لـەژێر چـاودێری شەخسـی شـادا بـەڕێوەبران، پوچـەڵ کرایـەوە . هەرچـەند وەك پێشـتر بـاس کـرا ئـەو هـێزەی بـە فـەرمانی مـن بـۆ ئازەربایجان ڕەوانە کرا، لـە قـەزوێندا بـەریان پێگـرت و ناچار بەوەستان کـرا. بەڵام ئەمن شێلگیرانە درێژەم دا بە ناردنی چەك وکەلوپەلی سەربازی و چەند دەزگایـەکی بێتـەل و، هـێزی بەرگری نیشتمانیشـم لـە ژێـر فـەرماندەیی چـەند کەسێکی باوەڕپێکراو دا ڕێکخسـت، هێڵـی بەرگریشـم لـە ناوچـەکانی قـوم و ئەراك و هەمەداندا لە نێو عەشیرەتە نیشتمان پـەروەرە ئازەرییـەکانی (خەمسە) دا دامەزران .

پیلانی سۆڤیەتەکان لە پاش ئەوە، هێرش کردن بوو بۆ سەر تاران، لەلایەن دوو سوپای ڕزگاری بەخشـی ئازەربایجانـەوە کـە بـەقزڵباش نـاودەبران و بـە هاوشێوەی سـوپای سـووری سـەردەمی شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری روسـیا ڕێکخـرا بوون، قەرار بوو لـە هـەمان کاتیشـدا تـابوری پێنجـەمی تودەییـەکان لـە تـاراندا ڕاپەڕن، بەڵام بەهۆی بەهێز کردنی هێزەکانی تارانـەوە لەلایـەن ئـەو هێزەی کـە لەباشوورەوە هێنرابوون، ئەم پیلانەشیان پووچـەڵ کرایـەوە. لـەم کاتـەشدا بـە هۆی نـاردنی چـەك و پـارەوە بـۆ نێـو عەشـایرو خـەڵکی نیشـتمان پـەروەری خەمسەو گەیلان و ئازەربایجان، ڕێ لە پێشڕەوی کۆمۆنیستەکان گیراو لـەبری پێشڕەوی‌کردنیان بەرەو باشوور، ڕوەو چیاکان ڕاونران.

لەم كاتەدا دەوڵەتی ئێران بەمەبەستی كشانەدوای هێزەكانی سۆڤیەت لە خاكی وڵاتەكەیدا، لە ئەنجومەنی ئاسایشدا لە دژی سۆڤیەت شكاتی كرد.

كاربەدەستانی سۆڤیەتیش بەسەرنجدان لەو هێزو توانایەی كە لە ئێراندا هەیانبوو، بەشێوەیەكی هەمەلایەنە داوای پێدانی ئیمتیازی نەوتی باكور و بەرەسمی ناساندنی حكومەتی خود موختاری ئازەربایجانیان لە دەوڵەتی ئێران دەكرد. حكومەتی ئێرانیش لەفكری كات بووریـن و نەدانی هیچ جۆرە بەهانەیەكدا بوو بە دەستی سۆڤیەتەكان بۆ درێژەدان بە داگیركردنی ئازەربایجان. هەر لەبەر ئەوە هەرچەند هێزێكی تەواو لە تاراندا كۆكرابۆوە، بەڵام لە هێرش كردن بۆ سەر ئازەربایجان خۆلادەدراو تەنها عەمەلیاتی پەرت و بڵاو لە لایەن هێزی چریكییەوە بەسەر پەرشتی چەند میرێكی باوەڕپێكراو بەرێوە دەبرا.

هەلومەرجی كوردستان لەگەڵ ئازەربایجاندا، تەواو جیاوازبوو، چونكە دەوڵەتی ئێران لەو ناوچانەدا، چیتر تەنها لەگەڵ كۆمەڵە كەسێكی تازەكارو بێ ئەزموونیدا، كە بەخێرایی چەكدار بووبن، سەروكاری نەبوو، بەڵكو مامەڵەی لەگەڵ جەنگاوەرانی چەكداری كوردا دەكرد كە بە ژیان لەو ناوچە شاخاوی وكوێستانە ساردانە دا ڕاهاتبوون و لە ئەشقی سەربەخۆیشدا خرۆشابوون.

ئەم هێزانەی كورد، قەرار بوو هێڵی باریكی هێزەكانی ئێران بشكێنن و ڕووەو باشوور پێشڕەوی بكەن، تا ئوستانی كوردستان (سنە) داگیربكەن و نزیك بەیەك ملیۆن كوردی ئەو ناوچانە بكەنە هاودەست و هاوكاری خۆیان.

هەر لەبەر ئەوە لە پاش چۆڵكردنی قەزوێن لەلایەن روسەكانەوە، بەشێك لە هێزی ئێران لەو ناوچەیەدا، بەمەبەستی بەهێزكردنی هێزی سنە و سەقز گواسترایەوە بۆ ئەوێندەر .

لە 21ی نیساندا 1946دا، هێزێكی بچووك لە بانەوە بەرەو سەردەشت ڕەوانەكرا وبەبێ كێشەو گرفت گەشتنە ئەو شارە.

لە 29ی نیساندا، هێزێکی نزیك بە 600 نەفەر (لە هێزی سوارەو پیادە لەگەڵ یەك تۆپی چیاییدا) بەرەو (قارئاباد) حەرەکەتی کرد، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی و مسۆگەر نە کردنی هێزی پشتیوانی سەربازی لە بەرزاییەکانی چیای (ئەلماڵو) دا، لە کاتی جموجوڵی هێزەکەدا بەرەو سەقز (کە کوردەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو)، لەلایەن هۆزەکانی فەیزوڵلا بەگی و گوریکەوە کە جەنگاوەرانی بارزانی پشتیوانیان لێدەکردن، زیانێکی گەورەیان تێسرەواندن و ناچار بە پاشەکشێ کران. لەم شەڕەدا حەمە ڕەشید خان کە پلەی ژەنراڵی پێدرابوو بەشداری کرد. هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخە دا هێزێکی چەکدار لە هۆزەکانی هەرکی و گوریك (کلاشی) پەلاماری پشت رەبەت (ربطە) یان دا، بەڵام لەلایەن هێزی دەوڵەتەوە پاشەکشێیان پێکراو ڕاونران.

لە مانگی مایسدا، لە پاش چۆڵکردنی ئازەربایجان لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە ، پیشەوەری رابەری حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان بە مەبەستی وتووێژ دەربارەی رێکەوتننامەی سۆڤیەتو قەوام ئەلسەلتەنە[69] هاتە تاران.دەوڵەتِ بە مەبەستی ئەوەی کە ڕێ لەم وتووێژانە بگرێ سیاسەتێکی بێلایەنانەی لە پێش گرت و لە هەمان کاتیشدا خۆی بۆ جەنگ لەگەڵ کوردو ئازەربایجانییەکاندا ئامادە دەکرد. لەم کاتەدا (ژەنراڵ ڕەزم ئارا) کە دواتر بووە سەرۆکی ئەرکان و سەرۆك وەزیرو لە ساڵی 1951 دا تیرۆرکرا، وەك نوێنەری سوپا چووە ڕۆژئاوای ئێران.

ڕەزم ئارا سەرانی کوردی بۆ بەشدار بوون لە کۆنفرانسێکدا، بانگ کرد بۆ

---

[69] -قەوام ئەلسەلتەنە: (1870-1954) بەئەزموونترین سیاسەتمەداری سەردەمی قاجارو پەهلەوی بوو. چەندین جار پۆستی سەرۆك وەزیری ئێرانی لە ئەستۆدابووە. گەلێك ژیرانە ئیدارەی کێشەی ئازەربایجان و کوردستانی کرد و کۆتایی بەحکومەتی میللی ئازەربایجانو کوردستان هێنا، کە لەو سەردەمە دا سەرۆك وەزیری ئێران بوو. (و)

سەقز. لەئاکامی ئەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا لەسەر ئەم ڕێکەوتننامەیەی خوارەوە پێکهاتن:

1-بەر پرسانی حیزبی دیموکرات فەرمان بە هێزەکانی خۆیان ئەدەن کە خۆیان لە تەقەکردن لە دژی هێزەکانی دەوڵەت بپارێزن‌و لەو شوێنانەی کە دەستیان بەسەرداگرتوە زیاتر پێشڕەوی نەکەن‌و ڕێ لە ئازادی هاتوچۆی ڕێگا و بانەکانیش نەگرن.

2-بەمەبەستی ڕێگرتن لەسەر هەڵدانی هەر جۆرە پێکهەڵپژانێکی چەکدارانەدا، تا نزیک بە چوار کیلۆ مەتر لەسەقزەوەو سێ کیلۆمەتر لە باکوری سەردەشتەوە پاشەکشێ دەکەن.

3-هەم کوردەکان‌و هەم دەوڵەتی ئێران ڕێ لە بەهێز کردنی بنکە سنوورییەکانی خۆیان دەگرن و فڕۆکە جەنگییەکانی ئێرانیش مۆڵەتیان پێنادرێ کە زیاتر لە چوار کیلۆ مەتر ڕوەو باکوری ئاسمانی سەقز بفڕن.

4-بە مەبەستی ڕێگرتن لە هەر جۆرە بەدحاڵیبوونێك، حیزبی دیموکراتی کوردستان سێ نوێنەری لە شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشتدا دەبێ، کە نێوانگری پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتی ئێران و کوردەکان دەبن.

5-کاتی بەڕێوەبردنی خاڵی سێهەم، (حەوتی خورداد)ڕێکەوتی 28ی‌مایس دەبێ لە کاتژمێر 8 ی بەیانیدا.

لەلایەن کوردەکانەوە سەروان عێزەت عەبدولعەزیز ئەم ڕێکەوتننامەیەی ئیمزاکرد. هەم هێزی دەوڵەتی ئێران‌و هەم کوردەکان دەیانویست بە سوود وەرگرتن لەم ڕێکەوتننامەیە پاڵ بە کاتەوە بنێن و هێزی خۆیان سەقامگیربکەن، ئێران دەیویست لە پاش جێگیرکردنی هێزی تەواو، هێرشی سەرتاسەری خۆی دەست پێبکات و کوردەکانیش بە نیاز بوون لە پاش دەستگرتن بە سەر شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشتدا بەرەو ئوستانی کوردستان (سنە) پێشڕەوی بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە گشت ناوچە

شاخاوییەکانی دەوروبەردا لە پێناو ڕێنەدان بە بەهێزکردنی سەربازخانەکانی ئێران دەستدرێژییان دەکردە سەر ئەو هێزانەی ڕەوانەی ئەوێ دەکران. لە پاش چەندین نارەزایی و سکالانامە، کە بە هۆی دەستدرێژی کوردەکانەوە بۆ سەر هێزی دەوڵەت درا بە قازی محەمەد و بێ سوود بوو. دەوڵەت بڕیاریدا هێزەکانی لە سەقز و تەکاب و بانەو شوێنەکانی دیکەدا بە هێز بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هێزەکانی نیشتەجێی هەمەدانی گواستەوە بۆ ئەو ناوچانە.

هەر لەم کاتەدا ڕێکەوتننامەیەکی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ کوردەکاندا بەسترا بوو، لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیشدا مۆرکرا. لەسەرەتای حوزەیراندا، کوردەکان زۆربەی هێزەکانی خۆیان لە ناوچەکانی سەقز و سەردەشت و میاندواو دا جێگیر کرد، بە پێی ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئازەربایجانی هاوپەیمانی خۆیاندا هەیانبوو، هەروەها بە هیوای پشتگیری روسەکانیش ، بایەخیان بە پارێزگاری و چاودێری کردنی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی خۆیان نەدا. بەلام هۆزەکانی میلانی، جەلالی، حەیدەرلو و شوکاك لە ناوچەکانی باکوردا وایان بە چاك زانی کە لە شەڕی ناوچەکانی باشوردا بەشدار نەبن.

ژمارەی هێزە چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هۆی چەندین گرفتی جیاوازو دژوارەوە، بە وردی نەدەزانرا. دەکرێ بووترێ کە لە ناوچەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەلاتی مەهاباد نزیکەی 12هەزار چەکدار دەبوون. چوار هەزار چەکداریش لە باکوری مەهاباد جێگیر بوون، سێ هەزار کەسی دیکەش بە هۆی نەبوونی چەکی تەواوە وە یا بە هۆی تایبەتییەوە نەچوونە پاڵ ئەم هێزانەوە.

زۆربەی ئەم چەکدارانە سوارە و خاوەن ئەسپی ڕەسەن و چاپوك بوون. کوردەکان هەرگیز بە شمشێر یابە غەدارە نەدەجەنگان بەڵکو تەنها خەنجەرەکانیان لە شەڕی دەستەو یەخەو ڕووبەڕوودا بە کاردەهێنا.

گەلێك جار ئەوان بە شێوەی سوارەی پەرت و بڵاو هێرش دەکەنە سەر دوژمنانی خۆیان و کاتێك تەواو نزیك دەبنەوە لە سواری ئەسپەکەیان دێنە خوار و چەکە گەرمەکانی خۆیان بەکاردێنن. هەندێ کات هەر ئەسپەو دوو سواری لەسەر دەبێ و لەپاش نزیك کەوتنەوەیان لە دوژمن یەکێکیان دێتە خوار و ڕووبەڕوو خۆی لە دوژمن نزیك دەخاتەوە، لە حاڵێکدا کە بەڕێك و پێکی تەقە دەکات، لەم کاتەدا ئەوی دی لەپشت گردو کێوە نزیکەکانەوە لەحاڵی غاردانی ئەسپەکەیدایەو چاودێری لەو دەکات. گەلێك جار ئەوانم دیتووە کە لە کاتی غارداندا تەقە دەکەن بێ ئەوەی ئامانج گیریان کردبێ‌و زیاتر ئەم کارەیان بە مەبەستی ترساندنی دوژمن ئەنجام ئەدەن. تاکتیکی باوی ئەوان بریتی یە لە گەمارۆدانی دوژمن لە ڕێگەی دەستبە سەراگرتنی ئەو کەژوکێوە بەرزانەی کە بەسەر دوژمندا زاڵ‌و باڵا دەستن، پاشان بازنەی گەمارۆدانەکەیان تەنگ دەکەنەوەو ئەوان ناچار بە خۆبەدەستەوەدان دەکەن.

هەرچەندە من لە ساڵی 1921دا، لە دژی شوکاك‌و کورسنی‌یەکان، هەروەها لە ساڵی 1927یشدا لە دژی مەریوانییەکان جەنگابووم، بەڵام تەنها جارێك لە نزیکەوە شەڕی دەستەو یەخەم لەگەڵ ئەواندا دیتووە، ئەویش لە بەرەبەیانی ڕۆژی 24ی حوزەیرانی 1922دا بوو، ئەو کات کوردەکان هێرشیان کردە سەر گوردانی پیادەی پەهلەوی، ئەوان نەریتیان وابوو کە وەك عەرەبەکانی جەزائیر لە جەنگی دژ بە فەرەنسییەکاندا، لە کاتی هێرش و پەلاماردانا ئەیانحیلان، لەم شەڕانەدا تەنانەت ژنانی ئەوانیش بەشدار دەبوون، بە تایبەتی ئەوکاتەی کە مەیدانی شەڕو پێکهەڵپژان لە گوند و ڕەشماڵەکان نزیك دەکەوتەوە.

لە 15ی حوزەیرانی 1946دا، لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی هێڵی گواستنەوەو هاتوچۆی نێوان سەقز دەکەوتە بەر هێرش و پەلاماردان، ئەم هێرشانەش زیاتر لە نزیك گردەکانی (خیدەر) و(هیجانان)دا ڕوویان ئەدا، بڕیاردرا کە دەست بەسەر ئەو گردو کێوانەدا بگیرێ. بۆ ئەم مەبەستەش گوردانێکی پیادە

کە لەلایەن دوو بەتالیۆنی سوارەو چەند تانك و تۆپێکی چیاییەوە پشتیوانیان لێدەکرا، بەرەو ئەو ناوچەیە حەرەکەتیان کرد. لە پاش شەڕێکی ئێجگار سەخت کە لە گەڵ هێزی حەمە ڕەشیدخاندا ڕوویداو تیایدا هەردوو لا زیانێکی قورسیان لێکەوت، ئەم گردو کێوانە لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ کران، ڕۆژی دواتریش دژە هێرشی کوردەکان پاشەکشێی پێکرا. هەر بۆ هەمان مەبەست لە پاش کۆبوونەوەی قازی محەمەد لەگەڵ ژەنراڵ ڕەزم ئارادا لە گوندی (سەرا)ی نزیکی سەقزدا، ڕەزم ئارا توانی قازی محەمەد بەوە ڕازی بکات کە کوردەکان بەردەوام بن لەسەر پەیڕەوی کردن لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی دوولایەنەی نێوانیان. لەپاش ئەمە، گواستنەوەو هاتوچۆی سوپا لەسەقزەوە بۆ بانەو سەردەشت، بە بێ کێشە و گێچەڵ بەڕێوە دەچوو. ئەم شەڕە هەم لەلای کوردەکان و هەم لە لای سوپای ئێران بە ناوی شەڕی مامە شاوە (ناوی یەکێك لە گوندەکانی شوێنی شەڕەکەوە) ناسراوە.

لە مانگی مایسدا، سوپای سۆڤیەت خاکی ئێرانی چۆڵکرد، چەند ڕۆژێك بەر لەو ڕووداوە، وەفدێك بە سەرۆکایەتی پیشەوەری هاتە تاران تا دەربارەی بەرەسمی ناسینی خود موختاری ئازەربایجان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا گفتوگۆ بکەن. ئەم وتووێژانە بە تایبەتی بەهۆی خواستی سەرانی فیرقەی دیموکراتەوە لەمەڕ پێکهێنانی سوپای سەربەخۆ و جودا لە سوپای ئێران، ڕووبەڕووی شکست بۆوە.

پیشەوەریش تارانی بەرەو تەوریز بەجێهێشت. قەوام ئەلسەلتەنەی سەرۆك وەزیری ئێران، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو لەم بەیاننامەیەدا نیازپاکی خۆی دەربڕیو ئۆباڵی نەگەشتنە ڕێکەوتنیشی خستە ئەستۆی پیشەوەری. سۆڤیەتەکان بەئارەزوو بوون کە ئەو وتووێژانە بە سەرکەوتوویی بەئەنجام بگات، لەبەر ئەوە فشاریان بۆ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هێنا تاسەر لە نوێ دەست بە وتووێژ بکاتەوە.

لە 20ی ئابدا، وەفدێک بە سەرۆکایەتی (شبستەری) سەرۆک کۆماری ئازەربایجان و (پەناهیان) سەروانی هەڵتووی سوپای ئێران کە لەم کاتەدا لە پلەی ژەنراڵیدا بوو، بە مەبەستی گفتوگۆ کردن سەبارەت بە ڕەسمی ناسینی هێزی چەکداری ئازەربایجان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە هاتە تاران، لەم وتووێژانەدا، (شا) بە خۆی بە هۆی ناڕەوایی ئەم خواستەوە کە ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی جیابوونەوەی ئازەربایجان لە ئێران، داواکانی ئەوانی ڕەتکردەوە، هەوڵەکانی باڵوێزی سۆڤیەتیش (سادچکێف) کە دەیویست دوو لایەن لەم بارەوە بە ڕێکەوتن بگەیەنێ، بە ئاکام نەگەشت و وەفدی ناوبراو بە نائومێدییەوە تارانیان بەجێهێشت.

لەم وتووێژانەدا کوردەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدار نەبوون، بەڵام دواتر زانرا ناوچە کورد نشینەکانی ئازەربایجان کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوو، وەک بەشێک لە کۆماری ئازەربایجان لەبەرچاو گیرابوو، بەمجۆرە ئوستانی کوردستان لە نێو خشتەی وتووێژەکاندا سڕابۆوە. لەبەر ئەوە ڕابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاریاندا کە کوردستانیش داگیربکەن تا بەم شێوەیە هەر جۆرە ڕێکەوتن و پێکهاتنێک لە ئایندەدا ئەم ناوچانەش بگرێتەوە، بەڵام ئەم پیلانە وەک دەزانین پووچەڵ کرایەوە و تەنانەت هەندێک لە خێڵە کوردەکانی وەک تیلەکۆییەکان ئامادەبوون لەگەڵ دەوڵەتدا هاریکاری بکەن.

بەپێی ڕێکەوتننامەی قەوام-سادچکێف بڕیار بوو ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکور بە ڕوسەکان بسپێردرێ، لەسەر بناغەی 51 بەش بە سوودی ڕوسەکان و 49 بەش بەسوودی ئێران بەڕێوەبرێ.

قەرار بوو ئەم ڕێکەوتننامەیە، لە پێشدا لەلایەن مەجلیسی ئێرانەوە پەسەند بکرێ و دواتر بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵام هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی پانزەهەم بە بەهانەی داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی بێگانەوە

دواخرا. سۆڤیەتەکانیش بەهیوای ئەوەی کە چۆڵکردنی ئێران لە هێزەکانیان ببێتە هۆی پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەکە ، ئێرانیان چۆڵکرد.

قەوام ئەلسەلتەنە ڕایگەیاند بە مەبەستی ئەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی پانزەهەم لە کەشێکی بێ ترس و بێ فشاردا بەرگوزار بکرێ . دەبێ سەرتاسەری ئێران ، بکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەت و سوپای شاهنشاوە.

روسەکانیش بەنیازبوون، بەڵکو لە پاش هەڵبژاردنی مەجلیس و بەڕەسمی ناسینی خود موختاری ئازەربایجان، دووبارە بتوانن ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم و ئابوری و سیاسەتی سۆڤیەت لەسەرتاسەری وڵاتدا پەرەپێبدەن . لە مانگی ئۆکتۆبەردا، فەرمانداری نوێی ئازەربایجان کە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە و بەڕەزامەندی پیشەوەری و قەوام ئەلسەلتەنە کرابووە ئەندامی دەوڵەتی ناوخۆی ئازەربایجان، دەربارەی گۆڕینەوەی ناوچەی (خەمسە) لەگەڵ سەردەشت و تەکاب دا لەگەڵ خودی قەوام دا کەوتە وتووێژکردن. لەبەر ئەوەی (خەمسە) بەشێك نەبوو لە ئازەربایجان بەڵکو لەلایەن چەکدارانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە داگیر کرابوو،قەوام ئەلسەلتەنە بڕیاریدا بەمەبەستی ڕازیکردنی روسەکان وچەپەکانی نێو کابینەی ئێران، بەم ئاڵوگۆڕە ڕازیبێت، بەڵام کاربەدەستانی سەربازی ئێران-وەزیری بەرگری و سەرۆك ئەرکانی سوپا-بەفەرمانی شا بە توندی لەبەرامبەر ئەم ڕازیبوونەدا بەرهەڵستیان کرد و نەیاربوون.

سەرەنجام سوپا بڕیاری داگیرکردنی ناوچەی (خەمسە)ی داو لە هەمان کاتیشدا بەنیازبوو سەردەشت و تەکابیش لەژێر دەسەلاتی خۆیدا بێت. لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە بایەخێکی ستراتیژی گرنگیان هەبوو بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکانی کوردستان و هەمەدان. هەروەها بۆ ئەگەری هێرش و داگیرکردنی ئازەربایجانیش گەلێك هەموارو گونجاو بوون. قازی محەمەدیش کە بۆ ئەم مەبەستە هاتبووە سەقز تا لە بارەی گۆڕینەوەی (خەمسە) لەپای سەردەشت و

تەکاب دا، لەگەڵ ژەنراڵ (همایۆن)دا وتووێژ بکات، بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە مەهاباد.

لەشکری سێهەم چووە پاڵ ئەو سەربازانەی ئێران کە لە قەزوێن دا جێگیربوون، ژەنراڵ میر حسێن هاشمی (کە کەسایەتیەکی دیارو ناسراوی تەوریز بوو) کرایە فەرمانداەی ئەم سوپایە.

لە 22ی نۆڤەمبەری 1946دا، لەشکری سێهەم بەرەو زنجان پێشڕەوی کرد. دووباڵی ئەم سوپایە لەلایەن هێزی ڕێکنەخراوی خێڵی ئەفشارەوە، لەژێر سەرپەرشتی سەرانی خۆیان و دووئەفسەری سوپادا (سەروان بایندەر) و(سەرگورد بەختیار)دا، پشتیوانیان لێدەکرا. پێشەنگی سوپا،کە بریتی بوون لە یەکەکانی مۆتۆریزە، لە کاتژمێر یانزەی شەودا گەشتنە زنجان. ڕووبەڕووی هیچ جۆرە بەرگرییەك نەبوونەوە و فیدایانی فیرقەی دیموکرات لە ترسی تۆڵەی خەڵکیدا بە خێرایی پاشەکشێیان کرد.

هێڵی سەرەکی بەرگری دیموکراتەکان لە (قافلان کوە) دا بوو، لە دەوروبەری ئەم شوێنەدا نزیکەی هەزارو پێنج سەد چەکدار بە چەکی هەمەجۆرەوە، بەڵام بەبێ تۆپخانە، جێگیر ببوون.

لە کۆبونەوەی نێوان شاو قەوام ئەلسەلتەنەی سەرۆك وەزیرو، وەزیری بەرگریو ، سەرۆك ئەرکانی گشتی سوپادا بڕیاری لەشکرکێشی بۆ ناوخۆی ئازەربایجان درا. لەم کۆبونەوەیەدا قەوام ئاماژەی بە مەترسی کاردانەوەی سۆڤیەتەکان کرد. بەڵام (شا) بەر پرسیاریەتی هێرشەکەی لە ئەستۆگرت و فەرمانی پێشڕەوی کردنی بەرەو ئازەربایجان دەرکرد. سوپای سێهەم لە زنجانو سوپای چوارەم لە سنەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا بە هێزکران. هێزێك کە لە 22 گوردان و 4 تیپی سوارە و2تۆپی چیایی و 2 تۆپی بیابانی وسێ تانك پێکدەهات لە ناوچەکانی خەمسەو کوردستاندا دامەزران.کە لەم کاتەدا کۆی هێزی دەوڵەت لەو ناوچەیەدا خۆی ئەدا لە 17000 سەرباز و 3 هەزار چریك.

فيرقەی ديموكراتيش لە بەرەی (خەمسە) دا نزيكەی 18000 فيدايی و قزلْباشی كۆكردبۆوە و لە سنوورەكانی كوردستانيشدا هێزی پێشمەرگەی كورد خۆی ئەدا لە 12 هەزار چەكدار كە زۆربەی هەرە زۆريان، جگە لە دوو هەزار پێشمەرگەی هێزی ڕێكخراوی مەهاباد. هێزی ناڕێكخراوی چريكی بوون. لەگەڵ كشانەوەی هێزەكانی سۆڤيەت و سەر پەرشتيارانی روسيدا، توانای جەنگی هێزی ئازەربايجان گەلەك هاتە خوارو ورەی ئەوان تەواو لاواز بوو. لێهاتووترين ئەفسەرانی ئەوان يەك دوو ئەفسەری هەڵاتووی سوپای ئێران بوون كە دەيانزانی لە حاڵی بە ديل گرتنياندا هيچ ڕەحمێكيان پێناكرێ، بەو پەڕی مێرخاسی و سەرسەختييەوە جەنگان. چەكدارانی كورد جەنگاوەری بە توانا بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی رابەرانی ئەوان (سەرۆك عەشيرەتەكان) بڕوايان بەحيزبی ديموكراتی كوردستان نەبوو، لە پاش كشانەوەی هێزەكانی سۆڤيەت، بە هێوری خۆيان لە حيزبی ديموكرات دوور خستەوە و خۆيان لە سوپای ئێران نزيكتر دەكردەوە. تەنها بارزانييەكان بە دڵ و گيانەوە دەجەنگان، بەڵام بە هۆی دووره وڵاتی و هەست كردن بە نامۆيی لە نێو خێڵ وعەشيرەتەكانی ديكەداو، نەبوونی هاوپەيمانێكی بە متمانە و باوەڕ پێكراو هەلو مەرجی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ دژوار تر دەبوو. ئيدی ئەوانيش نەك لە پێناو سەربەخۆيی كوردا، بەڵكو لە پێناو پاراستنی بوون و ژيانی خۆياندا تێدەكۆشان.

ڕاستەوخۆ لە پاش داگيركردنی زنجان، شا بە فڕۆكە گەيشتە ئەوێندەر و فەرمانی پێويستی لە بارەی داگيركردنی ئازەربايجان و پێشڕەوی كردنی بەرەو تەورێز ڕاگەياند.

سوپاش لە ژێر فەرماندەيی ميرحسێنی هاشمی دا، لە ئەرزنجانەوە بەرەو ڕێگای (ميانە) كەوتەڕێ .

سوپای چوارەمی كوردستانيش لە ژێر فەرماندەيی ژەنراڵ همايۆنی دا

حەرەکەتێکی بازنەیی بەرەو شاهێن قەڵا- میاندواو - مەهاباد دەستپێکرد، تا ڕێگا لە پاشە کشێی بارزانییەکانیش بگرن.

هێزێکیش لە ڕەشت و (ئاسترا)وە بەرەو دەریای خەزەر کەوتەڕێ تا پەیوەندی بە شاهسونەکانەوە بکەن کە بەشێوەیەکی نهێنی لە لایەن منەوە چەکدار کرابوون.

لە دووەمی دیسەمبەردا، پێشەنگی سوپای چوارەم (سەرچەم)یان داگیر کرد، کە کەوتبووە سەر ڕێگای (میانە)وە.

ڕۆژی پێنجی دیسەمبەر، بەشە سەرەکییەکانی سوپا بەرەو میانە حەرەکەتیان کرد، دیموکراتەکان پردی (قزل ئوزن)یان تەقاندەوە و ئەو هێڵی بەرگرییەی کە لەدەووربەری میانەدا پێکیانهێنابوو، لەبەری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا وە لەلایەن سوپا و هێزی چریکییەوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماردان، لە پاش شەڕو پێکدادانێکی کورت، لەبەر ئەوەی دیموکراتەکان ورەی خۆیان لە دەست دابوو، ڕوەو تەورێز پاشەکشێیان کرد، (میانە)ش لە لایەن سوپاوە کۆنترۆڵ کرا.

لە 10ی دیسەمبەردا، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ، وێڕای تاریکیش، سوارەی غەیرە نیزامی، کەوتنە شوێن سوپای فیداییەکان کە ڕوەو (تورکمان چای) هەڵاتبوون، زیانێکی زۆریان پێگەیاندن. ڕۆژی دواتر کاتێك خەڵکی تەورێز لە شکستی دیموکراتەکان بە خەبەر هاتن، لە دژی ئەوان ڕاپەڕین و هەڵیان کوتایە سەر فەرمانگە دەوڵەتییەکان و هەر ئەندامێکی فیرقەی دیموکراتیان بەردەست کەوت کوشتیان.

پیشەوەری و ژمارەیەکی زۆر لە وەزیرەکانی بەرەو سنوور هەڵاتنو پەنایان بردە بەر یەکێتی سۆڤیەت، تەنها (بێریا) کەوتە دەست خەڵکی کە ئەویان لەتوپەت کرد. لەپاش شەڕی (قافلان کوە)، سوپای ئێران چیتر لەگەڵ بەرەنگاریدا ڕووبەڕوو نەبۆوە. بەڵکو لە هەموو شوێنێکدا لەلایەن خەڵکییەوە

پێشوازی لێکرا. تەنانەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا پێشڕەوی کردنی سوپا ئاسانتر بوو. لە باکوری ڕۆژئاوای میانەدا (شوکاک)ەکان لە ناکاو ڕووبەڕووی ئازەربایجانییەکانی هاوپەیمانی خۆیان بوونەوە و ئەوانیان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان ناچار بە پاشە کشێ کرد.

ڕۆژی حەوتی دیسەمبەر، ئەو هێزە سەربازییەی کە لە (تەکاب)دا دامەزرابوو، بەرەو شاهێن قەڵا پێشڕەوی کرد. لە پاش چوار ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لە بەرزایی کێوەکانی (سورسات)دا، (مین بار)و(شاهێن قەڵا) یان داگیرکرد.

ڕۆژی سیانزەی دیسەمبەر، هێزی مۆتۆریزە، لە شاهێن قەڵاوە بەرەو میاندواو دەستیان بە پێشڕەوی کرد، کە لە لایەن هێزی هەواییەوە پشتیوانییان لێدەکرا. لەوێدا گوردانێك لە هێزی فیرقەی دیموکرات خۆی دا بەدەست هێزی دەوڵەتەوە و سوپاش لەگەڵ پێشوازی خەڵکیدا ڕووبەڕوو بۆوە.

کوردەکانی بارزانیش کە بە هانای دیموکراتەکانی ئازەربایجانەوە هاتبوون، کاتێك لە هەواڵی شکستەکانی فیرقەی دیموکرات بەخەبەر هاتن بە بێ جەنگ بەرەو مەهاباد گەڕانەوە. (مراغە)ش لە لایەن هێزەکانی تەوریز و میاندواوە داگیرکرا. لەپاش داگیرکردنی میاندواو، کوردەکانی مەهاباد، بانە، سەردەشت و سەقز بەرەو زێدو ناوچە خۆجێیەکانی ژیانی خۆیان گەڕانەوە.سەرۆکەکانیشیان داوای بەخشین‌وخۆبەدەستەوەدانی خۆیان لە کاربەدەستانی سەربازی ئێران کرد.

لە حەقدەی دیسەمبەردا، قازی محەمەد و ڕابەرانی دیکەی کورد لە مەهاباد هاتنەدەروشاریان تەسلیم بە هێزەکانی ئێران کرد. ناوبراو و گشت ئەندامانی کابینەکەی بەدوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ ژەنراڵ همایۆنی دا، دەستگیر کران.

مەلا مستەفا بارزانیش لەگەڵ ژەنراڵ همایۆنی دا کۆبۆوە و ڕەزامەندی

خۆی ڕاگەیاند کە ئەگەر دوو دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا لەخۆی و عەشیرەتەکەی ببوورن ئامادەیە بگەڕێتەوە بۆ عێراق. بۆ ئەم مەبەستە بڕیار لەسەر ئەوە درا کە بارزانی بچێتە تاران تا چاوی بە باڵوێزی بەریتانیا بکەوێ. ناوبراو چەند حەفتە لە تاراندا مایەوە بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆی لە باڵوێزی بەریتانیاوە پێنەدرا. بەمجۆرە بێ ئاکام گەڕایەوە نەغەدە. (ئەوکات بارزانییەکان بە هەموو کەلوپەلی ژیان و خاو و خێزانیانەوە، چەکدارانە لە دەوروبەری نەغەدە دا نیشتەجێ بوون).

دەوڵەتی ئێران پێشنیاری ئەوەی کرد ئەگەر بارزانییەکان ئامادەبن بە تەواوی چەکەکانیان تەسلیم بە دەوڵەت بکەن، ڕێی نیشتەجێ بوونیان لە کێوەکانی (ئەلوەند)ی دەوروبەری هەمەداندا پێدەدرێ. مەلا مستەفا وەڵامی ئەم پێشنیارەی بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی شێخ ئەحمەدی برا گەورەی سپارد. بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو قایل نەبوو بەم پێشنیارە. مەلا مستەفاش سەر پێچی کرد لەبەئەنجام گەیاندنی ئەم داوایە. بەمجۆرە دەوڵەت هوشیاری دا پێیان کە بێ هیچ جۆرە گرێنتییەك بگەڕێنەوە بۆ عێراق یاخود چەکەکانیان تەسلیمی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران بکەن، دەنا بەزۆر چەکیان لێدەسێندرێ. کاتێك هیچ جۆرە وەڵامێکیان بە دەوڵەت نەدایەوە. سوپای ئێران نەغەدەشیان داگیر کرد. بارزانییەکان بەرەو شنۆ پاشە کشێیان کرد. ئەم شارەش لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە دەستی بەسەرداگیرا، بارزانییەکان ڕوویان کردە چیاکانی ناوچەی مەرگەوەر و تەرگەوەرو هەرکی. سەرۆك عەشیرەتی هەرکی لە سەرەتادا بە میهرەبانییەوە ڕەفتاری لەگەڵ بارزانییەکاندا کرد، بەڵام دواتر بە هۆی گەشتنی هێزی دەوڵەتی لە (ورمێ) وە کەشوێن بارزانییەکان کەوتبوون. ڕەفتاری خۆی بەرامبەر بەوان گۆڕی و دەستیکرد بە ئازاردانیان. لەم کاتەدا بارزانییەکان کە لەلایەن هێزی دەوڵەت و هۆزەکانی مامش و زرزاوە لە ژێر فشار دابوون، لە پاش زنجیرەیەك شەڕو پێکدادان لە

25ی نیسانی 1947دا، بەرەو نێو خاكی عێراق پاشە كشێیان كرد.

لە 31ی مارتی 1947دا، قازیمحەمەدو سەدری قازی برای (كە نوێنەری پێشووی مەجلیسی ئێران بوو) لەگەڵ سەیفی قازی پسمامیان لە پاش دادگایی كردن لە دادگای سەربازیدا بە تۆمەتی (خیانەت)مەحكوم بە مەرگ كران و لەشاری مەهابادا لە سێدارەدران . بەمجۆرە یاخیبوونی كورد لە مەهابادا كۆتایی هات.

هۆی هەرەسهێنانی خێرای شۆڕش لەگەڵ چوونە دەری هێزەكانی سۆڤیەتدا ئەوە بوو كەهیچ جۆرە ئیرادە و شێلگیرییەك، لە پێناو خەباتی تادوا هەناسە دا لە نێو كوردەكانی ئێراندا، بوونی نەبوو. ئەو سەربەخۆییە نادیارەی كە لە ژێر چاودێری كۆمۆنیستەكانی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجاندا یا سۆڤیەتەكاندا بەوان بەڵێن درابوو. بەهای ئەوەی نەبوو قوربانی لە پێناودا بدرێ. لە نێو سەرانی كوردیشدا هیچ جۆرە تەبایی و یەكبوونێك لە ئارادا نەبوو. ئەگەر كوردەكانی شوكاك بە سەرۆكایەتی سمكۆ لە سالآنی 1919–1921دا بەشێوەیەكی گەلێك دلێرانەتر و جوامێرانە تر جەنگان، لەبەر ئەوە بوو كە یەكەم لە ژێر سەرۆكایەتی یەك سەركردەدا بوون و دووەم ئومێدی تالآنكردنی گوندە تورك نشینەكان لە كایەدا بوو.

لەمانگی مایسدا. مەلا مستەفا دركی بەوە كرد كە دەوڵەتی عێراق هێشتا شۆڕشی ئەوی لە ساڵی 1945دا لە بیرنەكردووەو، سەرباری ئەوەش ژمارەیەك لە هاوكارانی ئەو وەك عێزەت عەبدولعەزیزو محەمەد قودسی ومستەفا خۆشناو و خێروڵلا عەبدولكەریم، پاش دادگایی كردن مەحكوم بەمەرگ كران.

كاتێك بارزانی دڵنیابوو ژیانی خۆشی لەمەترسیدایە، بڕیاریدا كە لە پاش پەڕینەوە لە ناوچە سنوورییەكانی توركیا و ئێران پەنا بەرێتە بەر یەكێتی سۆڤیەت. بۆ ئەم كارە نزیك بە 500 چەكداری سەر بژاردەی بارزانی هەڵبژارد و لە پاش بڕینی 350 كیلۆ مەتر لە ماوەی دوو حەفتەدا خۆیان گەیاندە یەكێتی سۆڤیەت. لەم گەشتەدا تەنها یەكجار لەگەڵ هێزی ئێراندا ڕووبەڕوو بوونەوە.

بارزانی بۆ ماوەی 11 ساڵلە یەکێتی سۆڤیەتدا مایەوە. لەم ماوەیەدا روسەکان بەوریایی چاودێرییان دەکردو ئەویان بۆ ڕۆژێك لەبەر چاو گرتبوو کە بەڵکو هەلی گونجاو لە هەریەك لە وڵاتانی ئێران یا تورکیاو عێراقدا فەراهەم بێ. ئەم بارزانیانە بۆ ماوەیەك لە ناوچەی نێوان شابەخت و نەخچەڤاندا نیشتەجێ کران، پاشان گواسترانەوە بۆ ناوچەی زنگزور لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا، لەم ناوچەیەدا نزیك بە 60 هەزار خێزان ژیان بەسەر دەبەن. ئەوان لە گوندەکانی دەوروبەری شاری گاروسیدا نیشتەجێکران و 12 ئەفسەری سۆڤیەت کە کوردو موسوڵمان بوون، لێپرسراوی ڕاهێنان و مەشق پێکردنی ئەوان بوون، خوێندن و نوسینی کوردی و روسییان بە ئەلف و بێی روسی فێرکراو هەروەها زانیارییان دەربارەی جەنگە نوێیەکانی پارتیزانی بۆ ڕاڤە دەکردن.

لەماوەی نیشتەجێکردنی ئیجباری ئەوان لە روسیادا، هاتوچۆیەکی نهێنیانەی زۆر لە کوردستانی عێراقەوە بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت، لە ڕێگای سنوورەکانی ئێرانەوە ، ئەنجام ئەدرا، ئەم تەتەرانە هیچ کات ماوەیەکی زۆر لە ئێراندا نەدەمانەوە، چ بە هۆی ترسی دەستگیرکردنیان لەلایەن هێزی نیزامی ئێران یا لە لایەن پیاوانیئەو عەشیرەتانەوە کە لەگەڵ بارزانییەکاندا دوژمنایەتییەکی کۆنینەیان هەبوو، بەهۆی کوشتنی 12 کەسایەتی لە بەگ و ئاغاکانی مامش و هەرکی لەلایەن بارزانییەکانەوە لە کاتی پەنابردنیاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

کاربەدەستانی سۆڤیەت پێیان وایە کە مەلا مستەفایان خستۆتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەوشی کۆمۆنیستی پێقبوڵ بێ، بەلام بەسەرنجدان لەوەی کە ناوبراو لە کاتی پەنابردنیدا بۆ سۆڤیەت لە تەمەنی 43 ساڵیدا بوو، هەروەها زۆربەی کاتی نیشتەجێ بوونی لە یەکێتی سۆڤیەتدا لە نێو هاوڕێ وئاشنایانی کوردی خۆیدا بەسەر بردووە، پێناچێ ئەم دەنگۆیە هێندە دروست بێ، ڕووداوەکانی پەیوەست بە پێنگاڤەکانی ئایندەی مەلا مستەفا لە بەشی دواییدا بە دوورودرێژی ڕاڤە دەکرێت.

5-هەلومەرجی ئێستای کوردەکانی ئێران.

لەپاش داگیرکردنەوەی دووبارەی ئازەربایجان، کوردەکانی ئەو ناوچەیە کە بۆ ماوەیەك ببوونە بەشێك لە (کۆماری کورد)ی حیزبی دیموکرات، بە بێ کێشە چەکیان دانا و گەڕانەوە بۆ ڕەوتی ئەو ژیانەی کە بەر لەم ڕووداوانەدا پێی ڕاهاتبوون. هۆزە کوردەکانی شوکاك‌و هەرکی‌و بەگزادە گەڕانەوە بۆ نێو خانووە بەردینەکانی خۆیان لەو گوندانەدا کە لە نێو جەنگەڵە دار بەڕووەکاندا هەڵکەوتوون و بە ڕۆخی ڕووبارو قەدپاڵی چیاکانی سۆما و برادۆستەوەن. ئێلە کۆچەرییەکانی تەرگەوەرو مەرگەوەر و جەلالیش گەڕانەوە بۆ نێو چادرەکانیان لە (میانە)دا لە قەد پاڵی چیا سەرکەشەکانی ئارارات و کوچك قەرەسوو، و ئارس دا، کە شوێنی زستانەی خۆیان بوو. هەروەها هۆزەکانی زرزا و پیران، مامش، مەنگوڕ، سەرشیو، گوریك دووبارە ڕێی سەرزەوییەکانی خۆیان گرتەوەبەر. ئەم هۆزانە بە هەستێکی تاڵ ودەردناکەوە نەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەو هەستەوە نەگەڕانەوە کە گەلێك بن سەربەخۆیی ماوە کورتی ئازیزی خۆیان لێزەوت کرابێت، بەڵکو پەیان بەو ڕاستییە ئاشکرایە بردبوو کە ئەم ڕووداوەش وەك هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی پێشتر بە سەرکەوتن نەگەشت، واباشترە ڕووبکەنەوە هەمان ژیانی بێ گێرمەو کێشەی خۆیان‌و، خۆیان بە هاوولاتی ملکەچی دەوڵەت بزانن، هەرچەند ئەو هەلومەرجە ڕێگای ئەوەی پێنەدان کە گوندە تورك نشینەکان تالان بکەن، هەرچۆنێك بێ بەوە دڵخۆش بوون کە بە دەستی سەربازانی مەشق پێکراوی دەوڵەت تێکشکا بوون، نەك بەدەستی هۆزە هاوسێکانیان، هەروەها ڕووبەڕووی ئەو سزادانە نەبوونەوە کە وەك پێویست لەم جۆرە جەنگانەدا پەیڕەو دەکرێ، هەروەها دەنگۆی بێ گوناهی خۆیان لەبەشداری کردن لەو یاخیبوونەدا دەکرد، دەیانگووت کە لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە ناچار بەم کارە کراون،هەندێکیشیان دەیانگووت کە قازی محەمەد فریووی داون،

هەندێکیشیان دەیانگووت کە ئەوان بەسەرزارەکی هاوکارییان لەگەڵ دیموکراتەکاندا کردووە تا لە هەلێکی گونجاودا هێرش بکەنە سەریان و هەروەك ئەم کارەشیان لەگەڵ هاتنی هێزی دەوڵەتدا ئەنجامدا. پێکڕای ئەوانیش، کاتێك شا لە ورمێدا بەمیهرەبانییەوە پێشوازی لە نوێنەرەکانیان کرد، داوای بەخشین و لێبووردنیان کرد.

لە ئوستانەکانی کوردستان (سنە) وکرماشاندا کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گروپەکانی ئازەربایجاندا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هاوکارییان نەکردبوو. هەلومەرجێکی دیکە حوکمڕان بوو. کوردەکانی ئەم ناوچانە هەوڵی ئەوەیان نەدابوو تا بە کۆمەکی هێزەکانی بێگانە سەربەخۆیی بەدەستبێنن. لەبەر ئەوە بە خۆیان هێندە ئارەزوویان نەدەکرد دەست بەسەر چەکی سەربازانی ئێراندا بگرن، کە بەهۆی داگیرکردنی وڵاتەوە لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەت و بەریتانیاوە ڕێکخستنی نیزامییان لەبەر یەك هەڵوەشابۆوە.

دەوڵەتی مەرکەزی ئێران لە پاش کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجاندا سەر لەنوێ ڕیزەکانی سوپایان ڕێکخستەوە ، چەکەکانیان نوێ کردەوەو، بە کۆمەکی ڕاوێژکارانی ئەمریکایی توانای جەنگی ئەوانیان بەرزکردەوە. ئەو ئارامیو ئاسایشەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی ڕابردووەوە بە توندی کەوتبووە مەترسییەوە، دووبارە زامن کرایەوە.

سیاسەتی ڕەزاشا (لەمەڕ کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکان لەلایەن هێزی عەشایرەوە) کەهەلومەرجی چەکداربوونیان هەمیشە گێرمە و کێشەی بەدواوە بوو، سەر لەنوێ چاکسازی کراو ڕێکخرایەوە.

لە کوردستانیشدا وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران بەرنامەی چەك داماڵینی عەشایر لەلایەن هێزی سوپاو ژاندارمرییەوە بەڕێوەبرا و لەم کارەدا زۆر لە عەشیرەتەکان چەکەکانی خۆیان تەسلیم بەکاربەدەستانی پەیوەندیدار کردەوە و هەندێکیشیان چەکەکانیان بەمەبەستی فرۆشتن گواستەوە بۆ

عێراق و لەوێدا بە نرخێکی باش فرۆشتیان. بەمجۆرە کاتێك کە یاخیبوونی جوانڕۆییەکان لە ئاکامدا تێکشکاو ڕووەو وڵاتی عێراق ئاودیوو بوون، لە پاش ماوەیەك کە گەڕانەوە ئێران چەکەکانیان لەلای هۆزەکانی پالانیو جافو بجلاودی بە جێهێشتبوو.

شۆڕشی 1958ی عێراق، ڕەنگدانەوەی خێرای لە نێو کوردەکانی سەر سنووری ئێراندا هەبوو، لەسەردەمی حکومەتی (نوری سەعید)[70] دا، عێراق هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا نەبوو، تەنانەت جەنگی ساردی ڕاگەیاندن و ڕادیۆیی لە نێوان دوو دەوڵەتدا لە ئارادابوو. یەکێك لە یەکەمین کارەکانی (عەبدولکەریم قاسم)[71] بەرقەراکردنی پەیوەندی سیاسی بوو لە گەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتو گشت دەوڵەتانی سۆشیالیستیدا، لە ئاکامی ئەم بارودۆخو کارانە دا مەلا مستەفا کە لەو کاتەدا لە (پراگ)دا نیشتەجێ بوو لە ڕێگای قاهیرەوە گەڕایەوە بەغدا.

هەشت سەد کەس لە هەڤاڵانی ئەویش لە ڕێگای دەریای ڕەشو تەنگەی بسفۆر و دەردەنیل (سویس)ەوە لە لایەن کەشتی (گاروسیا) وە گەشتنەوە عێراقو لە بەندەری بەسرەدا وەك قارەمانانی نیشتمانی پێشوازییان لێکرا. ئەم پرسیارە دێتە پێش کە چۆن 500 یا 600 کەسی بارزانی بوون لە کاتی پەنابردنە بەر یەکێتی سۆڤیەتدا و لەکاتی گەڕانەوەیاندا ببوونە 800 کەس؟

ئەم کارە بە هۆی ئەوەوە بوو کە ژمارەیەك لە پەیڕەوانی شۆڕشی کورد یا

---

[70] -نوری سەعید: (1898-1958)، بەناوبانگترین سیاسەتمەداری سەردەمی پاشایەتی عێراق بوو، لەگەڵ فەیسەڵی کوڕی حسێن دا لەدژی تورکەکان ڕاپەری، چەندین جار بووە سەرۆك وەزیر، لە کودەتای 14ی تەموزدا کوژرا.(و)

[71] -(عەبدولکەریم قاسم): (1914 -1963) سەرکردەی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 بوو کە کۆتایی بەدەسەڵاتی پاشایەتی هاشمی هێنا لەعێراقدا ، لە کودەتای 1963ی عەبدولسەلام عارفو بەعسییەکاندا کوژرا. (و)

غەیرە کورد لەم گەشتەدا چووبوونە ڕیزی ئەوانەوە، هەروەها وەك باسدەکرێ ئەو دوو ئەفسەرە روسییەی کە لە سۆڤیەتدا مەئموری چاودێری کردن لە بارزانییەکان بوون، بە چەند ڕۆژێك بەر لەو گەشتەدا، لە شەقامی (ئەلرەشید)ی بەغدا دا دیترا بوون.

مەلا مستەفا لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ عێراق سەرکردایەتی بزاڤی کوردی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەئەستۆ گرت، لەوکاتەدا پێنگاڤ و کاری بارزانی تەواو چەپڕەوی و تەنانەت کۆمۆنیستیش بوو.

ئەوکات، لەسەرتاسەری عێراقدا پاسەوانی نیشتمانی نیزامی دامەزرا ، کە دەستیان کرد بە لە ناوبردنی موڵکدارە گەورەکان.گفتوگۆی توندو تیژ لە بارەی زەوتکردنی موڵكو باج سەندن بووە مایەی نیگەرانی سەرۆك هۆزە کوردەکان لە باکوری عێراقدا.

لە ئاکامی ئەو دەستێوەردانەی کە لەلایەن چەپەکان و بە پشتیوانی هێزە چەکدارەکان بەڕێوە دەبرا ، نزیك بەسێ هەزار کەس لە عەشایری کورد پەنایان بردە بەر خاکی تورکیاو نزیك بە دەهەزاریش پەنایان هێنایە بەر ئێران. ئەم کەسانە لەکاتی هاتنیاندا بۆ نێو سنووری ئێران، چەکیان لێسەندرا و بە کۆمەکی ڕێکخراوی (شیرو خورشیدی سوور) لە ناوچە سنوورییەکاندا نیشتەجێکران و خواردن و چادریان پێدرا. هەندێك لەم سەرۆك هۆزانە هاتبوونە تاران. من یەکێك لەوانم دیت کە ئیدعای ئەوەی دەکرد چواردە هەزار چەکداری لە ژێر فەرماندایە و ئەگەر (شا) مۆڵەتی پێبدات ئامادەیە لە دژی عەبدولکەریم قاسم بجەنگێ. دیارە من دەمزانی کە ئەم قسەو باسە جۆرە خۆناساندنێکی ڕۆژهەڵاتیانەیە، ئەگەر ئەو هێزو توانایەی هەبایە، هیچ پێویستییەکی بە مۆڵەتپێدانی (شا)ی ئێران نەدەبوو.

لە پاش چەند هەفتە عەبدولکەریم قاسم وەئاگاهات کە ڕەنگە ئەم کارانەی ببێتە هۆی جیابوونەوەی بەشێکی گەورەی ناوچە کوردنشینەکان. لەبەر ئەوە

دادگا سەربازییەكانی هەڵوەشاندەوە و پاسەوانە چەكدارەكانی لە چەك داماڵی و دوو بارە سوپا و پۆلیسی خستەوە خزمەت ناوچەكورد نشینەكان. لە ئاكامدا هەلومەرجی باكوری عێراق ئاسایی بۆوە و كوردە پەنابەرەكانیش لە خاكی ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ عێراق و لە كاتی گەڕانەوەشیاندا ئەو چەكانەی كە لەدەمی هاتنیاندا بۆ ئێران تەسلیمی دەوڵەتی ئێرانیان كردبوو درایەوە پێیان.

لە پاش تێكچوونی پەیوەندی نێوان مەلا مستەفا و دەوڵەتی عەبدولكەریم قاسم، شۆڕشی كورد لە دژی باڵادەستی عەرەبەكان هەڵگیرسا، كوردانی بە ئەزموون‌و خاوەن هزری سیاسی لە ئێراندا، وەك شۆڕشی كورد و ئازەری 1946ی ئازەربایجان، لەم شۆڕشەی كوردستانی عێراق دەڕوانن.

لە ساڵی 1961وە، بیروڕای گشتی كوردەكان لە ئوستانی كوردستان و ئازەربایجانیشدا، هاودەردی وپشتیوانییان لەگەڵ خەباتی مەلا مستەفا دا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی پیشانداوە. سەرۆك عەشیرەتەكان و كەسایەتی پارێزكاریش هەڵوێستێكی بێلایەنەیان هەبووە و ویستوویانە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە بێ ئەمەكی و خیانەت تاوانبار نەكرێن. بەڵام بە نهێنی پێشتیوانییان لە كوردەكانی عێراق كردووەو لە هەمان كاتیشدا ئاسوودەن كە ئەم كارەسات و ڕووداوانە لە وڵاتێكی دراوسێدا ڕوودەدات و بەرژەوەندی‌و ئارامی ژیانیان لەلایەن كۆمۆنیستەكانەوە نەكەوتۆتە مەترسییەوە.

زۆر لە چینەكانی ناڤین و كارمەندانی كوردی دەوڵەتیش، خەباتی مەلا مستەفاو كوردەكانی عێراقیان، بەخەباتی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی میللەتی كورد زانیوە و پشتیوانییان لێكردووە، بەڵام بە كردەوەش كارێك ناكەن كە ببێتە هۆی فەراهەم كردنی قین و نارەزایی دەوڵەتی ئێران . ئەوان بە تاسەوە گوێ بۆ ڕادیۆی یاخیبووانی كورد ڕادێرن‌و سەركەوتنی كوردەكان لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی عێراقدا، بەكارێكی ئەفسوناوی وجوامێرانە دەزانن. هەرچەند رادیۆی ڕەسمی دەوڵەتی عێراق ئەم هەواڵانەی بە درۆخستۆتەوە و

ئەوانە بە پڕوپاگەندەی بێبایەخ دەزانێ.

زۆر لە لاوانی سەربزێوی ناوچە سنوورییەکانیش بە تایبەتی لە ناوچەکانی بانەو مەریوان و هەورامان و پشدەرەوە بە مەبەستی کۆمەك کردن بە برایانی کوردی عێراق، بە خۆیان چوونەتە ئەو دەڤەرە.

باس و خواس سەبارەت بە ناردنی چەك و کەرەسەی سەربازی لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە بەشێوەیەکی نهێنیانە لە ڕێگای سنوورەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێرانەوە دەبیسترێ، بەڵام بە سەرنجدان لە کۆنترۆڵکردنی توندی سنوورەکان و لەگەڵ بوونی بنکەی چاودێری ژاندارمەریدا، ئەستەمە باوەڕ بەوەبکرێ کە سندوقی گەورەی پڕ لە چەك وکەرەسەی سەربازی بە شێوەیەکی نەدیتراو لەم ناوچانەوە دەرباز بکرێو بپەڕێنرێتەوە.

دەوڵەتی ئێرانیش بێلایەنی تەواوی خۆی لەم شەڕەی نێوان کوردو حکومەتی عێراقدا سەلماندووە، تەنانەت ئەمێستا (لە کاتی نوسینی ئەم کتێبەدا) ئێران پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی عەبدولسەلام عارف[72] دا هەیە.

---

[72] -عەبدولسەلام عارف: (1921–1966) لەگەورە ئەفسەرانی بەشداری شۆڕشی 14ی تەموزی 1958ی عێراق بوو، لە لایەنگرانی یەکێتی عەرەب بوو، لە سەردەمی قاسمدا خرایە زیندانەوە، لە 1963دا بووە سەرۆك کۆمار، لە ڕووداوی فڕۆکەدا کوژرا. (و)

بەشی چوارەم
کوردەکانی عێراق

ڕووداوەکانو بەسەرهاتی سالانی بەر لە (1919)، لەو سەرزەمینە کوردنشینەی کە لەم سالەوە بەدوا بووە بەشێك لە قەلەمڕەوی خاکی عێراق .لە بەشی پەیوەند بە تورکیادا باس کرا. لەم سالەوە کوردەکانی عێراق کەوتنە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی تەواو جیاوازەوە لەگەل ئەو کوردانەی کە لەژێر دەسەلاتی تورکیادا مانەوە، لەبەر چەند هۆیەك :

1-لە کاتی سالانی دابەشکردنی تورکیادا،هەلومەرجی ژیانو بارو دۆخی سیاسی لە باکوری عێراقدا بە تەواوی یەکلایی نەبو بۆوە.

2-تورکەکان بە پشت بەستن بەو (میساقە میللی)یەی کە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی تورکەوە لە سالی 1920 دا بەسترابوو، ئیدعای خاوەندارێتیو حوکمڕانی ویلایەتی موسلیان دەکرد.

3-ئەم ویلایەتە لە بنەڕەتدا هێشتا لە ڕووی یاساییەوە، بەهۆی (ئاگر بەستی مۆدرس)ەوە لە (30ئۆکتۆبەری 1918)دا ، نەکەوتبووە ژێر دەسەلاتی بەریتانیاوە.

سەرباری سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی میرەکانیکورد لە سەرەتای چەرخی نۆزدەی زاییندا، هەست بە قین و ڕکەبەری کوردەکان بەرامبەر بە حکومەتی عوسمانی نەدەکرا. لەبەر ئەوەی ئەوکات، ئەو جۆرە ڕاپەڕینانە سیمای بزاڤی نەتەوەییان پێوە دیارنەبوو، بانگەوازی میرەکانیش بۆ یاخیبوون لەگەل پێشوازی سەرجەم عەشیرەتە پەرت و بلاوەکانی کوردا ڕوو بەڕوونە دەبۆوە کە لە چەندین ناوچەی جیاوازدا دەژیان.

وێڕای ئەوەش کوردەکان کە سانێکی دیندار و موسلمانی دەمارگیر بوون و

هەستیان بە ئەمەك و وەفادارییەکی قووڵ دەکرد بەرامبەر بە سوڵتانی خەلیفە. زۆربەی ڕاپەڕینەکانیشیان لە دژی جەوروستەمی پاشاکانی بەغدا بوو.

لەبەر ئەوە لە پاش ئاگر بەست وداگیر کردنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە، زۆربەی کوردەکانی ئەم ویلایەتە، هێشتا ئیمپراتۆریەتی ڕوو لە مەرگی عوسمانییان بە نیشتمانی روحی خۆیان دەزانی، جگە لە ژمارەیەکی کەم لە ڕوناکبیران و سەرۆك عەشیرەتەکان کە پەیان بەوە برد بوو دەوڵەتی عوسمانی بۆ یەکجارەکی ڕوو لە تارومار بوون وتیاچوونە. هێشتا ئەوان بە هیوا بوون کە دووبارە ببنەوە بە بەشێك لە تورکیاو لەگەڵ برایانی کوردی خۆیاندا لە باشورو باکوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بژین.

ئەم ڕەوش و ئارەزووە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی تورکەوە، کە لە بەرامبەر یۆنانییەکاندا دەجەنگان، پشتیوانی لێدەکرا، بەڵام ئەو بانگەوازەی سوڵتان محەمەدی شەشەم کە ئاڕاستەی گشت موسڵمانانی جیهانی کردبوو، هێرشێکی توندی بۆ سەر ناسیۆنالیستە تورکەکانی (ئەنقەرە)ی لە خۆدەگرت، هەستی وەفاداری کوردەکانی بەرەو سەرگەردانی برد.

وێڕای ئەم ڕاگەیاندنە و هەرەسهێنانی یەکجارەکی خەلافەتی عوسمانیش، هێشتا ئەوان لایەنگری حکومەتی عوسمانی بوون و ئامادەگی ئەوەیان تیابوو بەوپەڕی گڕوتینەوە بەرگری لێبکەن. هەرچۆنێك بێ، پەیوەندی نێوان کوردە سونی مەزهەبیەکان و تورکە عوسمانییەکان توندو تۆڵ بوو، کوردەکان هەستێکی هاودەردی بە هێزتریان بەرامبەر بە تورکە عوسمانییەکان هەبوو تا بە عەرەبەکان. لە ڕاستیدا، کۆمیسیۆنی مافی نەتەوەکان، کە مەئموری لێکۆڵینەوە بوو دەربارەی هەستی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، پەی بەوە برد کە کوردەکان ئامادەگی سازشیان لەگەڵ تورکمانەکاندا، (تورکەکانی عێراق کە بەهۆی مەبەستی سیاسییەوە، ئینگلیزەکان، سووربوون لەسەر ئەوەی کە بە

تورکمان ناوبرێن) هەیە، جگە لە ژمارەیەکی کەم لە کوردەکانی دەوروبەری خانەقین کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە خشتەبرا بوون و خوازیاری هاوکاری کردن لەگەڵ ئینگلیز و جەنگ لە دژی تورکەکان بوون، ئەوانیش لە پێناوی دەستکەوت و تەرخان کردنی بڕێك پارەو گوزەرانی ڕۆژانەدا ئەو هەڵوێستەیان هەبوو. چەند ڕۆژێك لە پاش خۆبەدەستەوەدانی تورکیا لە سەرەتای نۆڤەمبەری 1918دا، هێزەکانی بەریتانیا بە فەرماندەیی (ژەنراڵ مارشال) ویلایەتی موسڵی داگیرکرد و ژەنراڵی تورك (عەلی ئیحسان پاشا) بەو پەڕی پەژارەو نیگەرانییەوە بە ناچار ڕێکەوتننامەی سپاردنی ویلایەتی موسڵی ئیمزاکرد. بەمجۆرە کوردەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی بەریتانیاوە.

یەکەم کاریگەری ئەم ڕووداوە بە تایبەتی لە ناوچەکانی باکوردا گەلێك بەسەرهاتی ناخۆشی لێپەیدا بوو، لەبەشی سێهەمدا بە درێژی ئاماژەمان بەوەکرد کە بە چ شێوەیەك ئاسورییەکانی ورمێ و ئاسورییەکانی جەلۆ کە لە هەکارییەوە هاتبوون و لە پاش جەنگ و خوێنڕێژییەکی زۆر بەرەو هەمەدان ڕەویان کردو، لەوێشەوە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە بەرەو بەعقوبە ونزیکی خانەقەین حەرەکەتیان پێکرا. ئەم ئاسوریانە بە تایبەتی (جەلۆ)کان، کە دیتیان بە چ شێوەیەك ئینگلیزەکانی هاودیینیان، تورکەکانیان تێکشکان و کوردەکانیشیان بەرەو بێهێزیو سەرگەردانی ڕاپێچ کرد، سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئینگلیزەکان ئەوان لە بەعقوبەوە بباتەوە سەر زەویو زێدی خۆیان، یا بەلانی کەمەوە لە دەوروبەری ناوچەو زێدی خۆیاندا نیشتەجێ بکرێن. بەمجۆرە هەستیان بە جۆرێك لە خۆبایی بوون دەکردو ئاکامی ئەم هەستەش ئەوە بوو کە موسڵمانەکانی بۆ دوژمنایەتی و ڕکەبەری ئینگلیزەکان بزواند.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێ کە ئەو ڕەفتارە چەوتەی سەربازانی کورد و تورکی عوسمانی لەگەڵ دیلە ئینگلیزەکاندا لە (کوت)، (عەمارە) داکردبوویان

هێشتا لە بیرەوەری بەرپرسانی ئینگلیزدا فەرامۆش نەكرابوو، لە كاتێكدا كە ئەو كاتیش ئاسورییەكان لەموسڵدا، لەلایەن دوژمنانی هاوبەشیانەوە (كوردەكان–توركەكان)ەوە، كەوتبوونە بەر تالان وكوشتارەوە.

لەسەر خواستی برایانی مارشەمعونی كوژراو ، (ئاغا بترۆس) كۆمەڵێك جەنگاوەری ئاسوری ئامادە كردو بەرەزامەندی ئینگلیزەكان، ناوچەی نێوان ئورامارو بارزان و شەمدینانی خستەبەر تالان و كوشتار و پەلاماردانەوە، تالەم ڕێگەیەوە بتوانێت ئاسورییەكان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بكەن.

بەڵام عەشیرەتەكانی بارزانی، زێباری، هەركی وئورامار خۆكەوتن و ئاسورییەكانیان بەرەو دوا ڕاونا، هەرچەند دواتر هەندێك لەم ئاسوریانە لەدەوروبەری ئامێدی دا نیشتەجێ كران .

لە ساڵی 1919دا، دوو تیپی نیزامی ئاسوری لەلایەن ئینگلیزەكانەوە دامەزرا و ئەركی جموجوڵی سەربازییان لە ناوچە شاخاوییەكانی زاخۆ، دهۆك، ئاكرێو، ئامێدییان پێ سپێردرا . لەبەر ئەوەی ئەو كات یەكە سەربازییەكانی ئینگلیز، وەك جەلۆكان ئامادەگی و كارایی جەنگی پارتیزانییان نەبوو.

لەساڵی 1923دا، ژمارەی چەكدارە ئاسورییەكان خۆی ئەدا لە 2500 نەفەر، بەڵام تواناو كارایی جەنگی ئەوان بە ئەندازەی توانای كوردەكان نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بە باشی چەكدار بوون و لەژێر چاودێری ئەفسەرانی ئینگلزیدا مەشقیان پێدەكرا، بەو پەڕی سەرسەختی و زەبروزەنگەوە ڕەفتاریان لەگەڵ موسڵمانەكاندا دەكرد.

لە پاش ڕێكەوتننامەی ئاشتی و كۆتایی هاتن بە جەنگی یەكەمی جیهانی دا، كۆتایی بە حكومەتی نیزامی هات لە موسڵدا، هەرچەندە دواتریش زۆربەی بەڕێوەبەرانی ئەم ناوچەیە لە ئەفسەرانی سەربازی پێكدەهاتن . دەپێشدا كوردەكان چاوەڕوانی ئەوە بوون كە ئەگەر ئۆتۆنۆمی یان پێبدرێ بەلانی

کەمەوە لە ژێر چاودێری کاربەدەستانی ئینگلیزی نیشتەجێی کوردستاندا دەبێ. هەرچەند لەوکاتەدا، دەوڵەتی بەریتانیا لە دژی ئەم پڕۆژەیە نەبوو، بەڵام کاربەدەستانی سەربازی بەریتانیا، دژایەتی بەرەسمیەت ناسینی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردیی بەو جۆرەیان دەکرد، کە ئاسوورییە پەرتەوازەکانی تورکیاش بەشێك لەو هەرێمەیان وەك نیشتمانی میللی خۆیان لە ژێر دەستدا بێت.

1- شێخ مەحمودی حەفید

لە حەوتی مایسی 1918دا، هێزەکانی ئینگلیز. کەرکوکیان داگیر کردو چەند ڕۆژێك بەدوای ئەوەشدا سلێمانییان داگیرکرد. ئەو کات گرنگترین کەسایەتی کورد، لەو ناوچەیەدا (شێخ مەحمود) بوو کە لە شێخەکانی بەرزنجەیە. بەڵام لە ناوچەکانی تریشدا، سەرۆك عەشیرەت هەبوون کە خۆیان بەسەر بەخۆ دەزانی، تەنانەت لە ناو شاری سلێمانیشدا چەند کەسایەتییەکی گرنگ لە کایەدا بوون لەگەڵ شێخ دا ناتەباو ناکۆك بوون. بەهەر حاڵ، لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا کە لە سلێمانیدا سازکرا، سەرانی کورد لەسەر ئەوە پێکهاتن حکومەتێکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود دابمەزرێو بەڕێوەبردنیشی لە ژێر چاودێری ئینگلیزەکاندا بێت، چەند کێشەیەکی سیاسیو سەربازی بۆ ماوەیەك ئینگلیزەکانی ناچار بە کشانەوە کرد لە شاری سلێمانی و کەرکوکدا. دیارە تورکەکان لەودەمەدا سوودیان لەو بۆشاییە وەرگرتو هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا شوێنی ئەوان بگرنەوە، ئەو کوردانەی هاوکاری ئینگلیزەکانیان کردبوو، دەستگیرکران و سزادران.

شێخ مەحمود هێزێکی لە عەشایری کورد پێکهێناو کەوتە هاوکاری کردنی تورکەکانو دژایەتی کردنی ئینگلیزەکان. هۆزی هەمەوەندیش کە جەنگاوەرترین ئێلی ئەو ناوچەیەنو بەرەچەڵەك لە ئێرانەوە هاتبوون، وێڕای

ئەو سەرکوتکردنە سەختانەی کە تورکەکان بەرامبەر بەوان نواندبویان، چونکە ئینگلیزەکـان دەپێشـدا بـەڵێنی یارمـەتیدانیان پێدابـوون و پاشـتر پاشـگەز ببوونەوە و بە پێچەوانـەی ئـەو بەڵێنـەوە ڕەفتاریـان کردبوو، چوونـە پـاڵ شـێخ مەحمودەوە.

پـاش کۆتـایی جـەنگ، هێزەکـانی بەریتانیا دووبارە ئەو ناوچانـەیان داگیر کردەوە کە پێشتر چۆڵیان کردبوون، سەرلەنوێ لە بارەی بەڕێوەبردنی ناوچەی کوردستانەوە، لەگەڵ سەرانی کوردا کەوتنەوە دانوستان.

لەتەلەگرافێکدا، کە لـە 10ی مایسی 1919دا، لەلایـەن دەوڵـەتی بـەریتانیاوە بـۆ سـێرئارنۆڵد ویلسـۆن ڕەوانـەکرابوو (کـە دواتـر بـووە کۆمیسـەری بـاڵای عێراق)، نووسرا بوو:

(بەمەبەستی دامـەزرانی دەوڵـەتی عێراق، ئێمـە ئـەرکی ئیدارەکردنـی پێنـج شـارمان بە تۆ سپاردووە ، بـۆ زامـن کردنـی پشـتیوانی و دابـین کردنـی ئـەم مەبەستە ویلایەتی موسڵ بەشێوەی ئۆتۆنۆمی و خۆگەردان بە سەرانی کـورد بسپێرە، کە لە ژێر چاودێری دەوڵەتی بەریتانیادا بەڕێوەببرێت).

بەم تەلەگرافەدا دەردەکەوێ کە دامـەزران و ئینتیدابی دەوڵـەتی عێراق لـەو کاتەدا لە تێڕوانینی حکومەتی بەریتانیاوە بەدەر لە ویلایەتی موسڵدا بێ. ئەم بڕیارە ئەوە دەردەخـات کە دامەزرانی دەوڵـەتی عـێراق تەنـها بەشـی عـەرەب نشینی دەگرتەوە، چونکە سیستەمی ئۆتۆنۆمی لـەو ناوچانـەدا کـە کوردەکـان زۆرینـەیان پێکدەهێنـا، بـۆ پاراسـتنی حکومـەتی هندسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی ئینگلیز پاڵپشت و پێگەیەکی گونجاو بوو.

ئەفسەرێکی چاپوك و هەڵکەوتوو بە ناوی (مێجەر نۆئیل)ەوە E. W. Noel کە پێشتر لە ئێراندا بوو، زاری فارسیش بە باشی فێرببوو، لـە مایسی 1918 دا، گەیشتە سلێمانی تا هەم چاودێری شێخ مەحمود بکات و هـەم ڕاوێژکـارو ڕێنوینـی ئـەویش بێـت کـە ئـەو کـات بـە حوکمـداری ناوچـە کوردنشـینەکان

هەڵبژێرابوو. ئەوسەرکردە کوردانەی کە لە بەشە بچوکترەکاندا بەڕەسمی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی شێخ مەحمودا بوون، لەلایەن ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیزەوە ڕێنمایی و یارمەتی دەدران.

سنووری دەسەڵاتی شێخ مەحمود تا نزیکی ناوچەی رانیە و کۆیە بەر فراوان دەبۆوە، بەڵام هەموو سەرکردە کوردەکانی ئەم ناوچانە بەو شێوەیەی کە شێخ مەحمود دەیویست پەیڕەوییان لەو نەدەکرد، شێخ مەحمودیش پێی وابوو کە بەنهێنی ئەم ئەفسەرە سیاسیانەی ئینگلیزن ئەوان بۆ سەر بزێوی هان ئەدەن. بەمجۆرە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەم پشێویو نائارامیانە کە بەکردەوە بەڕێوە بردنی ئەم ناوچانەی ئەستەمو دژوار دەکرد. شێخ مەحمود داوای کرد لە نێو خۆی ئەو مەڵبەندەدا یەکبوونێك بە دیبهێنرێت، تا بەرەسمی بناسرێنو لەم ڕێگایەوە بتوانن باڵا دەستی خۆیان بەسەر هەموو مەڵبەندەکەدا بەرفراوان بکەنەوە. هەرچەند ئەم ئۆتۆنۆمییەش لە ئێستادا لە ژێر چاودێری و ئینتیدابی بەریتانیادا بێ. لە ئاخروئۆخری 1918دا، دیبلۆماتی پێشووی عوسمانی (شەریف پاشا) کە کورد نەژادو لە تایفەی بابانی سلێمانی بوو، ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی ناتەبایی لەگەڵ حیزبی ئیتحادوتەرەقی تورکیادا، لە فەرەنسادا بەسەر بردبوو، دەستیکرد بەنامە نوسین وپەیوەندی کردن بەسەرانی کوردی وەك شێخ مەحمود و سەید تەهاوسمکۆوە. تا بەڵکو لە تێکۆشانیاندا بۆ دامەزرانی کوردستانی سەربەخۆ، سەرکەوتن بەدەستبێنن. لەهەمان کاتدا، بۆ ئەم مەبەستە چەند پێشنیارێکی دا بەسەرانی وەفدی دەوڵەتە گەورەکانی بەشدار لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس (بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، فەرەنسا، بەریتانیا)، کە داخوازی ئەوە بوو لە قەڵەمڕەوی پێشووی عوسمانیدا دوو هەرێمی سەربەخۆ لە ژێر چاودێری دەوڵەتە گەورەکاندا دابمەزرێت، هەرێمێکی ئەرمەنی نشین، لە ناوچەکانی وان و موش و بەتلیسو بەشێك لە ئەرزرۆمو ئەرزنجاندا، لەبەشی باکوردا.

هەرێمێكی كورد نشین، لە ناوچەكانی هەكاریو ماردینو ئورفە و موسڵدا، لەبەشی باشوردا. ئەم پێشنیارانەی بە پشت بەستن بە مادەی دوانزەهەمی ڕاگەیاندننامەی ویڵسۆن خستبووە ڕوو، كە پەیوەندیدار بوو بە چارەنوسی گەلە ژێر دەستەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، بۆ ماوەیەكیش ئەم پێشنیارانە هاوسۆزیو سەرنجی ژمارەیەك لە نوێنەرانی بۆلای خۆی ڕاكێش كرد ، بەڵام جیاوازی ڕەوشی سیاسی و ناتەبایی هێزە گەورەكان و سەركەوتنی توركە ناسیۆنالیستەكان بەسەر یۆنانییەكاندا، ڕێی لە بەدیهێنانی هەرێمێكی بەو جۆرە گرت.

لەم سەر وەختەدا هەرچی زیاتر پەیوەندی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەكاندا، بەهۆی دەستێوەردانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری ئەوان لە كاروباری ناوخۆی كوردستاندا، ڕووی لە گرژی و قەیران دەنا. بەمجۆرە كاربەدەستانی ئینگلیز، بڕیاریان دا ناوبراو بخەنە ژێر چاودێری و كۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەركی (مێجەر نۆئیل)یان بە (مێجەر سۆن)سپارد، كە ئەوكات لە هەولێردا نیشتەجێ بوو، ناوبراو زانیارییەكی قوڵی دەربارەی كوردستان هەبوو، پێدەچوو لە تواناییدا بێ شێخ مەحمودی سەركەش و یاخی كۆنتڕۆڵ بكات. لەوكاتەدا شێخ مەحمود، لە لایەن تایفەكەی خۆیەوە (ساداتی بەرزنجە)و هۆزی هەمەوەندو، بەشێك لە تایفەی جافەوە پشتگیری لێدەكرا . بەڵام جافەكانی هەڵەبجە بە هۆی دنەدانی ئینگلیزەكانەوە لە دژی دەسەڵاتی شێخ بوون، لە مایسی 1919دا، شێخ مەحمود سەربەخۆیی كوردستانی ڕاگەیاندو، داوای هێزی كۆمەكی لە (جەعفەر سوڵتانی هەورامی)كرد. لە پاش زاڵبوون بە سەرهێزی بەریتانیا دا لە دەورو بەری سلێمانیدا، لەپێشدا شاری سلێمانی و پاشان تێكڕای ناوچەكانی دەوروبەری ئەو شارەی لەوانە (هەڵەبجە)ی ڕزگار كرد.

بەشێك لە هێزی بەریتانیا كە لە كەركوكەوە بۆ سلێمانی ڕەوانە كرابوون

لەلایەن کوردەکانەوە تێکشکێنرا و پاشە کشێی کرد. لە قۆناغی دواتردا ئینگلیزەکان هێزێکی گەورەی (نزیك بە یەك لەشکر) یان ناردە سەر سلێمانی، شێخ مەحمودیش بە هەزارو پێنج سەد چەکدارەوە لە دەربەندی بازیاندا ڕێی لە هێزی ئینگلیز گرت، لە پاش شەڕو پێکهەڵپژانێکی دەستەو یەخەو ڕوو بە ڕوو، شێخ مەحمود بە بریندارى بەدیل گیراو پاشماوەی هێزەکەشی لە پاش قوربانی دان و زیانێکی قورس، هەڵاتن.

شێخ برایە بەغدا و لەپاش دادگایی کردن لە دادگای سەربازی ئینگلیزەکاندا. مەحکوم بە مەرگ کرا، بەڵام ئەم حوکمە بەڕێوە نەبرا، بەڵکو بۆ ماوەیەك شێخ مەحمود دوور خرایەوە بۆ دورگەی ئەندمان (لە ڕۆژهەڵاتی هندستاندا).

مێجەر سۆن گەڕایەوە بۆ سلێمانیو لەپاش ئەم ڕووداوە بارودۆخی شاری سلێمانی کەم تا زۆر ئارام بۆوە. بەڵام لە ناوچەکانی باکوردا وەك زاخۆ، ئامێدی، بارزانو، ڕەواندز، دەستێوەردانی ئینگلیزەکان لەگەڵ گێرمەو کێشەیەکی زۆر دا ڕووبەڕوو بۆوەو ژمارەیەك لەو ئەفسەرانەی کە بۆ دیدار لەگەڵ هۆزەکانو بانگەشە کردنی ئەوان بۆ ملکەچ کردن بۆ دەوڵەت چووبوونە ئەو ناوچانەوە، کوژران. بەمجۆرە هەوڵی دامەزرانی ویلایەتێکی کوردنشین لە عێراقدا بێ ئاکام مایەوە و بەسەرکەوتن نەگەشتو، ئەو بەشە کورد نشینەی بە ویلایەتی موسڵ ناودەبرا، خرایە سەر عێراق. حکومەت و پاشایەتی عێراقیش بە فەیسەڵ[73] (کوڕی دووەمی شەریف حسێن) سپێردرا. بەڵام بڕیار لەسەر ئەوە درا کە ناوچە کوردنشینەکان لەهەلومەرجێکی تایبەتیدا بێ.

---

[73] –فەیسەڵ : (1883–1933) فەرماندەی گشتی سوپای عەرەب بوو لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی عوسمانیدا، لە 1920دا بووە مەلیکی سوریا. لە پاش داگیرکردنی سوریا لەلایەن فەرەنساوە لەسوریا هەڵات، لە 1921دا کرا بە مەلیکی عێراق، لە سویسرادا مرد. (و)

واتە کوردەکان مافی فێربوونی زمانی خۆیان لە قوتابخانەکاندا هەبێ و زمانی کوردی وەك زمانی ئیداری و یاسایی بەرەسمی بناسێنرێت و تەنانەت تا لە تواناشدا بێ، لە ناوچە کوردنشینەکانی (سۆرانی)دا، کارمەندانی دەوڵەت لە کورد دەبن.

سەرکەوتنی ناسیۆنالیستەکانی تورك لە کەناری ڕووباری (شكريا) دا بەسەر یۆنانییەکاندا، بۆ یەکجارەکی پێشڕەوی یۆنانییەکانی بەرەو ئەنقەرە ڕاگرت و، لە ئاکامی ئەم سەرکەوتنە دا بووکە تورکەکان کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی بەسوود وەرگرتن لە (میساقی میللی)،دیسان هەوڵبدەن ویلایەتی موسڵ بکەنەوە بە بەشێك لە تورکیا.

لە ساڵی 1921دا، نفوزی تورکەکان لەم ناوچانەدا ڕوو لە زیادبوون بوو. لە بەهاری 1922دا، داگیرکردنی بە کردەوەی ئەم ناوچانە لە لایەن هێزی غەیرە نیزامی تورك و کوردە وە بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی تورك دەستیپێکرد.

هۆزەکانی زەنگەنەو هەمەوەند لەگەڵ هێزی ئینگلیزەکاندا پێکهەڵپژان و لەئاکامی ئەم شەڕانەدا دوو ئەفسەری ئینگلیز کوژران. عەشیرەتی هەرکی و برادۆست کە لەژێر سەرپەرشتی سەید تەهادا بوو ، لەم گێرمەو کێشانەدا بەبێلایەنی مانەوە . لەوکاتەدا سەید تەها لەگەڵ ئیسماعیل ئاغای شوکاك (سمکۆ)دا هاوکار بوون و لەدژی سوپای ئێران خەباتیان ئەکرد، کە گەرەکیان بوو پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا دا هەبێ، تا لەو ڕێگایەوە سەرنجی ئینگلیزەکان بۆ بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی کورد لە ئازەربایجانی ئێراندا ڕابکێشن. لەوماوەیەدا، لە تاراندا دەنگۆ داکەوت کە ئەفسەرێك بە ناوی (وورِبا)وە (ئەفسەری قەزاقی سوپای ئێران) بەرەو کوردستان دەچێت، هەندێك پێیان وابوو ناوبراو جاسوسی ئینگلیزەکانەو هەندێکیش دەیانگووت کە تەنها لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەمەبەستی وتووێژ بۆ ئەو مەڵبەندە ڕەوانە کراوە. ڕاستی ئەم مەسەلەیە هەرچییەك بێ،ئەم

وتووێژانـە هیـچ ئاکـامێکی ڕەزامەندبەخشـی لێپـەیدا نـەبوو، تـا شکسـتی یـەکجارەکی و دەرپـەڕاندنی سمکۆ لـە سنووورەکانی ئێراندا گرژی وئـاڵۆزی لەو ناوچانـەدا درێژەی کێشـا. لەسـەر سـنوورەکانی ئێرانیشـدا پێدەچـوو کـە (بابـەکر ئاغـای پشـدەر) نـەیاری تورکـەکان بـێ، بـەڵام لـە مـانگی مارسـدا، تورکەکان (ڕەواندزیان) داگیر کردو، سەرتاسـەری ئـەو ناوچانـە کەوتنـە بـەر هێرش و پـەلاماردانی گـەریلای ناسراوی تـورك عـەلی شـەفیق (ئوزدەمـیر)ەوە . (رانیـە)ش لەلایـەن تورکەکانـەوە دەسـتی بەسـەردا گـیرا و کۆماندۆکـانی تـورك بەرەو کۆیەو سلێمانی پێشڕەوییان کرد.

تایفـەی بابان و هـەموو کەسـانی دیکـەی دژ بە شێخ مـەحمود، بە یـاوەری ئینگلیزەکان سلێمانییان چۆڵکرد. ئینگلیزەکان بە مەبەستی بەربەست دانان لـە بەرامبـەر نفـوزی تورکـەکاندا، دەسـتیان کـرد بـە بزوانـدن و هـاندانی ئازادیخوازانی کوردو شێخ مەحمودیشیان لە مەنفاوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی تا دووبارە حکومەتی خۆگەردانی کوردەکان پێك بێنێت.

بەڵام شێخ مەحمود،سەر لەنوێ خۆی لەگەڵ تورکەکاندا یەکخستەوەو لە پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەفسـەرانی تورکدا. دەسـتیکرد بەشـەڕ کردن لەگەڵ ئینگلیزەکانداوهـەوڵیدا قەڵـەمڕەوی دەسـەڵاتەکەی تـا کـەرکوك بـەرفراوان بکاتەوە.

کێشەی خاوەندارێتی ویلایەتی موسڵ تەنانەت لە پاش کۆنگرەی لۆزانیش بە چارەسـەر نەکراوی مابۆوە، تا ئـەو کاتـەی لـە سـاڵی 1925دا، کۆمیسـیۆنی (کۆمەڵـەی گـەلان) بڕیـاری دا (ویلایـەتی موسـڵ) بخرێتـە سـەر دەوڵـەتی تـازە دروسـتکراوی عـێراق. لـە بـەر ئـەوە لـە ڕووی بەڕێوەبردنـەوە کاربەدەسـتانی داگیرکەری تورك لە ناوچەکانی باکوری عێراقدا بە ناوی پێشمەرگەی کوردەوە چوونـە ڕیزی ئەوانـەوە. هـێزی بـەریتانیاش لـەم ناوچانـەدا بریتـی بـوون لـە ژمارەیـەك کوردی دژ بە تورك،بەڵام بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە ئاسـوورییەکان

پێكهاتبوون، كە ڕەفتاری ڕاستەوخۆی ئەوان لەگەڵ موسڵمانەكاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕكەبەری و دژایەتی كردنی ئینگلیزەكان، كە پشتیوانی ئاسورییەكان بوون.

لە نیسانی 1923دا، سوپای تازە دروستكراوی عێراق، دووبارە ڕەواندزی داگیركردەوەو جڵەوی بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیەی بەسەید تەها سپارد. ئەم هێزە بەرەو سلێمانیش پێشڕەوی كرد و لە مانگی ئازاردا ئەو شارەش داگیركرایەوە. چونكە هیچ یەك لە سەرۆكە خۆجێیەكان جورئەتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیەیان نەبوو، هێزی داگیركەر بە زوویی شاری چۆڵكردو ئەو ناوچەیەش كەوتەوە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمودەوە، كە لەو كاتەدا لە (سەردەشت)دا لە ئێران ژیانی بەسەر دەبرد. بەڕێوەبردنی سلێمانیو ڕانیە بە شێخ مەحمود سپێردرا. لەبەر ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ داخوازی شێخ لەو ناوچانەدا پتر دەبوو، هێزێكی گەورەی سوپای عێراق، لەشكر كێشی بۆ سەر شێخ دەستپێكرد، لە پاش شەڕێكی سەخت وبۆردومانكردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن فڕۆكە جەنگییەكانی هێزی هەوایی پاشایەتی بەریتانیاوە (Royal air force) شێخ مەحمودیان لە سلێمانیدا دەرپەڕاند. شێخ پەنای بردە بەر چیاكانی سەرسنووری ئێرانو شەڕی گەریلایی لە دژی هێزەكانی عێراق دەستپێكرد. (حوزەیرانی 1924).

لە ساڵی 1926 دا بەهۆی ئەو دەستدرێژیانەی كە توركەكان ئەنجامیان ئەدا، تەنانەت پێشبینی مەترسی سەرهەڵدانی جەنگ لە نێوان توركیا-عێراق وبەریتانیا دا دەكرا. كێشەكە بە كۆمیسیۆنی (كۆمەڵەی گەلان) سپێردراو، بەپێی بڕیاری ئەو كۆمیسیۆنە سنورەكانی ئێستای نێوان عێراقو توركیا دیاری كرا.

لە زستانی 1927دا، بەهۆی چالاكییە نوێكانی شێخ مەحمودەوە لە دژی حكومەتی عێراق لە ناوچەكانی سلێمانیدا، دەوڵەتی عێراق بە پێویستی زانی

لەشکر کێشییەکی نوێ بکاتە سەر شێخ، لە ئاکامی ئەم لەشکر کێشییەدا و بە هۆی فشاری هێزەکانی ئێرانەوە، کە شێخ مەحمود لەوکاتەدا لە مەریواندا نیشتەجێ بوو، بەناچارگەڕایەوە بۆ عێراق و، لەوێدا دەستگیر کراو دووبارە دوور خرایەوە.

وێڕای بڕیاردان لەسەر بەر قەرار کردنی هەلومەرجێکی تایبەتی لە ناوچە کورد نشینەکانی عێراقدا، وەك مۆڵەتدان بە خوێندن بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی کارمەندی کورد لە ناوچە کوردنشینەکاندا و پێدانی چەند مافێکی دی، هێشتا هیچ جۆرە هەستی پێکەوە ژیان و هاوکاری کردنێك لە نێوان کوردو عەرەبەکاندا لە کایەدا نەبوو، زۆربەی کوردەکان هێشتا بە هیوا بوون کە لە ئاینده دا سەربەخۆییان پێبدرێ.

لەسکالاَ نامەیەکدا کە لەلایەن نوێنەرانی کوردەوە درا بە (ئەنجومەن)ی بەغدا، داوایان کرد سەرتاسەری کوردستانی عێراق وەك یەك هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە چوار چێوەی ئەو وڵاتەدا بەڕەسمی بناسرێت. کوردەکان بە هیوا بوون، لەگەڵ کۆتایی هاتن بەئینتیدابی بەریتانیا بەسەر عێراقدا، خواستی ئەوان بەدی بهێنرێت، ئەگەر ئەم کارە ئەنجام نەدرێ، خوازیارن هەر لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا دا بن . لەبەر ئەوەی (ڕێکەوتننامەی ئینتیداب) کۆتایی هات و هیچ جۆرە وەڵامێك بەداخوازی کوردەکان نەدرایەوە، کۆمیتەی ناوەندی کوردەکان لە میزۆپۆتامیادا، لەم بارەوە سکاڵا نامەیەکی دا بە (ئەنجوومەنی ئینتیداب).

2-شێخ ئەحمەدی بارزانی

لەسالی 1927دا، سەرلەنوێ پشێوی ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە، لەم ساڵەدا رابەری روحی بارزان، لە ناوچەکەی خۆیاندا تەریقەتێکی نوێی دامەزراند بوو، کە لەگەڵ تەریقەتە سونییەکانی دیکەدا جیاواز بوو . شێخ

ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد کوڕی ئیسحاق کوڕی یەعقوب، لە بنەچەدا لە گوندی (بارکا) لە دووری (10) میلی باکوری هەولێرەوە لە ناوچەی زێباردا، لە گەڵ عەشیرەتەکەیاندا هاتبوونە ئەو شوێنەوە.

جێ‌مەسکەنی ئەوان وردە وردە ناوی (بارزان)ی لێنرا. کە دەکەوێتە باکوری زێی گەورەوە. ئەم عەشیرەتە خەڵکێکی چاونەترس وجەنگاوەر بوون‌و، بە هێوری ژمارەیەکی تر لە کوردە سەربزێوەکان پاڵیان دابەوانەوە، شێخ محەمەد بووە رابەری ئایینی و سەربازییان.

شێخ محەمەد چوار کوڕی هەبوو[74] (عەبدولسەلام، ئەحمەد، مەلا مستەفا، سادق –یا سدیق–)، عەبدولسەلام چەندین جار لە دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕینی بەرپاکرد، بەڵام بەهۆی فشاری هێزەکانی عوسمانییەوە، پەنای بردە بەر ناوچەی مەهابادی ئێران، لە پاش ماوەیەك بە هۆی فشاری ئێلی شوکاکەوە، بە ناچاری گەڕایەوە بۆ عێراق ، سەرەنجام لەلایەن هێزەکانی عوسمانییەوە بەدیل گیرا و لە سێدارە درا. لە پاش ئەو شێخ ئەحمەدی برای بووە سەرۆکی عەشیرەتی بارزانییەکان‌و نازناوی شێخی لە باوکییەوە بە میرات بۆ مایەوە. ئەم تەریقەتە نوێیە کە مەقامی روحانی شێخ ئەحمەدی تا ئاستی خودایی بەرزکردە وە ، بووە مایەی نیگەرانی ژمارەیەك لە کوردەکانی دەوروبەریان، تەنانەت بووە هۆی ناڕەزایی (سادقی) براشی، کە پێشتر مەلایەکی بەهۆی پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەو عەقیدەیە کوشتبوو. خودی (سادق)یش لە پێکدادانێکی نێو خۆیدا کوژرا. دواتر شێخ ئەحمەد بنەمای بیروباوەڕەکانی بە شێوەی ئاوێتەیەك لە عەقیدەی ئیسلامی‌و مەسیحیدا پێکهێناو، تەنانەت گۆشت خواردنی بەرازیشی لە پەیڕەوانی خۆی حەلاڵ کرد. ئەم تەریقەتە نوێیە بووە هۆی دروستکردنی گرژی و ئاڵۆزییەکی نوێ

---

[74] –شێخ محەمەد پێنج کوڕی هەبووە (عەبدولسەلام، ئەحمەد، مستەفا، بابۆ، سدیق). (و)

لەو ناوچەیەداو، شەڕی نێوان بارزانییەکان و شێخ ئەحمەدی برادۆستی لێپەیدابوو، هەرچەند شێخ ئەحمەدی بارزانی نەیارانی خۆی تێکشکان بەڵام ئەم گێرمەوکێشانە بووە هۆی ئەوەی لە ئاکامی فشاری مەلا مستەفای برا بچووکیدا، تەریقەتی خۆی زیاتر بەرەو عەقیدەی ئیسلامی بەرێت.

هێزێکی سەربازی عێراقی ، کە بەمەبەستی دامەزراندنی سەربازخانەیەك بەرەو بارزان جوڵا بوو، لە پاش زیان لێکەوتنێکی زۆر ناچار بە پاشە کشێ کرا، ئەو ژمارە کەمەی کە لەو ناوچەیەدا مابوونەوە تەنها لە سایەی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی بەریتانیادا (R.A.F) توانیان خۆیان دەربازبکەن ، بەڵام لە بەهاری 1932دا، لە کاتێکدا بەرپرسانی ئینگلیزی دەیانویست ئاسوورییەکان لە دەوربەری بارزاندا نیشتەجێ بکەن، دوو بە تالیۆنی عێراقی چوونە ناوچەی بارزانەوە و ناوچەی مێرگەسووریان داگیرکرد. بەڵام بارزانییەکان شکستێکی سەختریان بەسەردا هێنان.

لەم کاتەدا دووبارە بۆردومان دەستییێکردەوەو لە پاش جەنگو پێکهەڵپژانێکی سەخت، شێخ ئەحمەد پەنای بردە بەر تورکیا. لەئاکامی ڕێکەوتنی تورکیا لەگەڵ عێراق و بەریتانیادا، بڕیاردرا ڕێگەیان پێبدرێ بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ عێراق، شێخ ئەحمەد و خێزانەکەی و هەشتاکەس لە هەڵکەوتووترین جەنگاوەرانی بارزانی دوور خرانەوە بۆ (ناصریە) لە باشوری عێراقدا، کە چەندین ساڵ لەوێدا مانەوە. پاش ئەوە ڕێگەیان پێدرا کە بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەو شارەدا نیشتەجێبوون. لەوێدا مەلا مستەفا بە ڕوناکبیرانی کورد ئاشنا بوو، هەر لە ژێر کاریگەری ئەوانیشدا بووە ناسیۆنالیستێکی دەمارگیرو توندڕەو.

لەکاتی جەنگی دووەمدا، لە ساڵی 1943دا، مەلا مستەفا لە سلێمانی هەڵات و گەڕایەوە بارزان، سەر لەنوێ دەستیکردەوە بە چالاکی دژ بە دەوڵەتی عێراق.

لێرەدا با بۆ ماوەیەك بارزانییەکان بەجێبێڵین و بگەڕێینەوە لای شێخ محمود. ئەو کات که هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سپتێمبەری 1929دا، لە شاری سلێمانیدا لەلایەن کوردەکانەوە. بەهۆی دەستێوەردانی دەوڵەتەوە، بایکۆت کرا، ئەم کارە تەشەنەی کرد بۆ گشت شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراق.

لەسپتێمبەری 1930 دا، شێخ مەحمود،کە بۆ ئێران هەڵاتبوو، گەڕایەوە ناوچەی پێنجوێن ودەستی بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرت. پاشان بانگەوازی سەربەخۆیی کرد. شێخ مەحمود هەوڵیدا دەست بەسەر ناوچە کورد نشینەکانی دراوسێشدا بگرێت، بەڵام لە پاش چەند مانگ لە شەڕ و لەشکر کێشی سەربازی دووبارە پەنای بردەوە بەر ئێران و لەلایەن هێزەکانی ئێرانیشەوە دەرپەڕێنرا و ناچار کرا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ عێراق. پاش ماوەیەك دووبارە ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی چەند جموجۆڵێکی نوێیەوە دووبارە دوورخرایەوە بۆ (ناصریە) و سەرەنجام لە ساڵی 1956دا، لە نەخۆشخانەی (ئەلحەیدەری) بەغدا دا وەفاتی کرد.

3-مەلا مستەفای بارزانی.

کاتێك مەلا مستەفا لەگەڵ سێ هەڤاڵی خۆیدا، لە سلێمانی هەڵات و گەڕایەوە بارزان، دە پێشدا نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی عێراقی ئەو ناوچەیە نارد و لەگەڕانەوەی خۆی ئاگاداری کردنەوەو بەڵێنی ئەوەشی دا ئاشتی و ئارامی ناوچەکە بپارێزێ. لەهەمان کاتدا دەستی کرد بە ئامادەکردنی چەك وکەرەسەی جەنگی و کۆکردنەوەی جەنگاوەرانی پەرتەوازەی بارزانی. لەم کاتەدا خێزانەکەی کە لە سلێمانیدا نیشتەجێبوون، دوورخرانەوە بۆ شاری(حلە)، هێزێکی سەربازیش بە مەبەستی لەشکرکێشی بۆ سەر بارزانییەکان، ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرا، مەلا مستەفاش دەستیکرد بە

پەیوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەتەکانی هاوسێی‌و ئاشتکردنەوەی دوژمنە کۆنەکانی، پێی ڕاگەیاندن کە ئەم خەباتەی ئێستای لە پێناو داسەپاندنی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیدانی‌یە، بەڵکو تێکۆشانێکە لە پێناو سەربەخۆیی پێکڕای کوردی عێراق وئێران و تورکیادا. پاشان بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوخۆی دەوڵەتی عێراقدا، لە ئاکامی دژایەتی کردنی نفوزی ئینگلیزەکان و پەیوەست بوونی بە ئەڵمانیاوە، سەریهەڵدابوو، هەلێکی لە باری بۆ جموجۆڵی دژ بە دەوڵەت بەدەستهێنا.

لە پێناو هەڵگیرسانی شۆڕشێکی چەکدارانە لەسەر تاسەری کوردستاندا ، مەلا مستەفا هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ (سەید بیروخ)دا ببەستێ کە یەکێك بوو لە کوردەکانی تورکیا و لەدژی دەوڵەتی تورکیادا دەجەنگا، بەڵام ناوبراو لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە تێکشکاو بەدیل گیرا. لەبەر ئەوە مەلا مستەفا لەسەرەتای جموجۆڵەکانیدا دەستی کرد بە چەك داماڵینی بنکەی پۆلیس و جەندرمەی دەوروبەری ناوچە سنوورییەکان.

ئەم چالاکی‌یە بووە مایەی پەرستنی ئەو لە نێو جەنگاوەرانی کوردو هۆزە نزیکەکانداو، زۆربەیان چوونە ڕیزی هەڤاڵانی ئەوەوە.

شێخ ئەحمەدی برای کە لەو کاتەدا ، لە شاری سلێمانیدا لە ژێر چاودێری دەوڵەتی عێراقدا بوو، بە فەرمانی نوری سەعید پەیامێکی بۆ مەلا مستەفا نارد و داوای لێکرد خۆی بدات بەدەست هێزەکانی دەوڵەتەوە. بەڵام ئەو بایەخی بەو پەیامە نەدا و لەبری ئەوە بەسەختی ئەو هێزە گەورەیەی تێکشکان کە بەمەبەستی سەرکوتکردنی بارزانییەکان ڕەوانە کرابوون. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا زۆر لەو سەربازە کوردانەی کە لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا بوون، یەکەکانی خۆیان بەجێهێشت و پاڵیان دا بە یاخیبووانەوە. لەو کاتەدا مەلا مستەفا لەلایەن حیزبی هیواوە پشتیوانی لێدەکرا. ئەم حیزبە سەرەتا لە کەرکوکدا دامەزرا، بەڵام بە خێرایی چەندین لقی لەسەرجەم ناوچە

کوردنشینەکان و تەنانەت لە بەغداشدا پێکهێنا. زۆر لە ڕۆشنبیرانی چینی ناڤینی کورد، بە تایبەتی کارمەندانی دەوڵەت بوونە ئەندامی ئەو حیزبە. کوردەکانی ئێران و تورکیا ئەندامی ئەو حیزبە نەبوون، بەڵام کەسانی ڕۆشنبیرو پێشڕەوی کورد لەهەردوو وڵاتدا لەگەڵ ئەو حیزبەدا هاوسۆزی وهادەردییان پیشان ئەدا. حیزبی هیوا بەشێوەی ئیداری خوازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستان بوو لە نێو چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستەش چەند داوانامەی دابووە دەوڵەتی عێراق و هاوپەیمانان.

باڵوێزی بەریتانیا لە بەغدا، نوری سەعیدی سەرۆك وەزیری ئەوکاتی عێراقی ڕاسپارد کە بایەخ بە داخوازی کوردەکان بدات. لەهەمان کاتیشدا داوای لە مەلا مستەفا کرد دەست لە چالاکی دەست درێژکارانەی خۆی هەڵگرێ، لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا عێراق چووبووە ڕیزی هاوپەیمانان و هەرجۆرە دەستدرێژی کردنێك لە دژی هێزەکانی ئەو دەوڵەتە بە دەستدرێژی کردنە سەر سنووری هاوپەیمانان دادەنرا.

مەلا مستەفا هێرشکردنی بۆ سەر بنکەکانی جەندرمەی دەوڵەت ڕاگرت، نوری سەعیدیش کە تاڕادەیەك هاودەردی بەرامبەر بە کوردەکان پیشان ئەدا، ئامادە بوو هەندێك لە خواستە میانەڕەوەکانی ئەوان قبوڵ بکات، بۆ ئەم مەبەستە وەزیرێکی کوردی بە ناوی (ماجید مستەفا)وە ناردە ناوچە کوردنشینەکان. ماجید مستەفا دەیزانی بە هۆی هەڵبژاردنێوە بۆ پۆستی وەزارەتو ئەندام بوونی لە کابینەی دەوڵەتدا، هەنوکە لەلایەن کوردەوە وەك خائینێك سەیر دەکرێ، بۆ ئەوەی هەر چەشنە گومانێك لە خۆی دوورخاتەوە، داوای لە حیزبی هیوا کرد تا سێ نوێنەر بە مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ دەوڵەتدا دیاری بکات. حیزبی هیوا بۆ ئەم مەبەستە سێ کەسی بەناوی سەروان(عێزەت عەبدولعەزیز)، سەروان (عەزیز سەید عەبدوڵڵا)، سەروان (ئەمیر ڕەواندزی)یەوە هەڵبژارد، هەرسێکیان لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای

عێراق بوون کە ئەوێ ڕۆژێ لە نێو ئەو یاخی بووانە دا چالاك بوون و، ڕەوانەی بەغدا کران. ئەم کەسانە نامەیەکیان بۆ ماجید مستەفا بردو لە ئاکامی ئەم وتوویژانە دا بەنێوانگر دانران لە نێوان مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراقدا. پاشان بە ئاگاداری و ڕەزامەندی حیزبی هیوا ئەم پێشنیارانەی خوارەوەیان ئامادەکرد و دایان بە دەوڵەتی عێراق:

1–پێکهێنانی هەرێمێکی کوردنشین، کە لە شارەکانی کەرکوك،سلێمانی، هەولێر، دهۆك و خانەقین پێکبێ.

2–دانانی وەزیرێکی تایبەت لە نێو کابینەی دەوڵەتی عێراقدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان بە مەرجێك لە بەرامبەر کابینەدا لێپرسراو بێت.

3–بۆ هەر وەزیرێك، جێگرێکی کورد هەڵبژێرێت.

4–هەرێمی کورد نشین لە کاروباری کولتوری، ئابوری وکشتوکاڵیدا ئۆتۆنۆمی بێ و گشت کاروباری ناوخۆیی جگە لە سوپا و ژاندارمری، لە ژێر چاودێری حکومەتی ئۆتۆنۆمی ناوخۆدا بێت.

ئەم پێشنیارانە لەلایەن هەموو ڕابەرانی کوردەوە پەسەندکراو، پێشنوسەکانی درایە دەستی کاربەدەستانی ئینگلیزی وعێراقی. لەم سەروەختەدا ماجید مستەفا ژمارەی نوێنەرانی کوردی لە سێ کەسەوە کرد بە حەوت کەس، هەریەکە و ئەرکی بەڕێوەبردنی یەکێ لە ناوچە کوردنشینەکانی پێسپاردن وبەڵینی پێدان کە لەپاش کۆتایی جەنگ پرۆژەی چاکسازی دەستپێبکات. بەڵام ئەم کەسانە سەبارەت بە حیزبی هیوا ئەمەکدار بوون وبە سوود وەرگرتن لەو پۆستە ئیدارییەی خۆیان دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە کردن لەبەرژەوەندی ئەو ڕێکخراوە دا.

لە مایسی 1944دا، نوری سەعید بە خۆی گەشتێکی کرد بە ناوچە کوردنشینەکاندا و لە شارەکانی موسڵ و کەرکوکدا چەندین کۆبوونەوەی

لەگەڵ سەرانی کوردا سازدا، بەڵام لەگەڵ خودی مەلا مستەفادا کۆنەبۆوە. پاش ئەم سەردانە، نوری سەعید ئامادەیی خۆی بۆ قبوڵکردنی هەندێك لە خواستەکانی کورد ڕاگەیاند، بەڵام وەزیرە عەرەبەکان لە بەغدا دا، ئەم داخوازیانەی کوردیان بەتوندڕەوی ناوبرد و پێیان وا بوو کە قبوڵکردنی هەر خواستێکی کورد دەبێتە هۆی هاندانی ئەوان بۆ خستنەڕووی داواکاری زیاتر و حکومەتی عێراق گیرۆدەی گێرمەو کێشەی نوێ دەکەن.هەندێ لە ئەندامانی حیزبی هیوا ماجید مستەفایان بەلایەنگری داواکارییەکانی خۆیان و هەندێکیشیان ناوبراویان بە خائین بە ئامانجەکانی حیزبی هیوا دەزانی و لەو باوەڕەدا بوون کە ناوبراو نیازی کات بە هەدەردان و لەخشتەبردنی کوردەکانی هەیە.

لەم کاتەدا متەسەریفی سلێمانی کوردێکی ژیرو خوێندەوار بوو بەناوی (بەهائەدین نوری)یەوە، کە لە بەرژەوەندی نوری سەعید دا کاری دەکرد. پاشان ناوبراو بووە باڵوێزی عێراق لە ئێراندا. لە میانەی ئەو دیدارو کۆبوونەوانەی لەنێوانمادا ئەنجام ئەدرا. ئەوم بە کەسایەتییەکی بێلایەن دیت سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

لە پاش کەوتنی کابینەی نوری سەعید و هاتنە سەرکاری (پاچەچی)[75]، ئەم سیاسەتی لێکحاڵی بوونەی نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد گۆڕانکاری بەسەردا هات، ژەنراڵ بەهائەدین لە متەسەریفی سلێمانی لابراو دەوڵەتی مەرکەزی خۆی بێبایەخ و تەنانەت نەیاریش سەبارەت بە خواستەکانی کورد پیشان دا، لە هەمان کاتدا وەفدی نوێنەرایەتی کورد کە لە بە ئاکام نەگەشتنی ئەرکەکانیان حاڵی بوون، گەڕانەوە کوردستان.

لە نێو ئەندامانی ڕێکخراوی کوردی وابەستە بە مەلا مستەفادا، دوو کەس لە هەموان چالاکتر بوون، کە (میر حاج ئەحمەد) و(مستەفا خۆشناو)بوون،

---

[75] -حەمدی پاچەچی لە 4 ی حوزەیرانی 1944 دا وەزارەتی پێکهێناو تا 31ی کانونی دووەمی 1946 سەرۆك وەزیری عێراق بوو.(و)

هەردوویان لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراق بوون و كۆشش و هاتو چۆكردنیان بووە مایەی ئەوەی كاربەدەستانی حكومەت لێیان بە گومان بن. بەڵام مستەفا خۆشناو توانی هەڵبێت و بچێتە بێروت، كە ماوەیەك لەو شارە دا مایەوە. ئەندامێكی چالاكی دیكەی كورد سەروان (عێزەت عەبدولعەزیز) بوو، كە پێشتر بە مەبەستی پەیوەندی كردن بە ئەندامانی حیزبی (خۆیبون)ەوە، چوو بووە بێروت و قاهیرە. لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا و بەخەبەر هاتنی لە بارودۆخی هەڤاڵانی خۆی، چووە بارزان و چەند كەس لە ئەفسەرانی كوردی پێشووی سوپاش پەیوەندییان پێوە كرد. چالاكییە سیاسییەكانی ئەم گروپە بووە هۆی بەهێز كردنی روحییەی حیزبی هیوا وئەندامانی ئەو حیزبە بۆ ماوەیەك ناكۆكییەكانی خۆیان لەگەڵ بارزانییەكاندا خستە لاوە و بەهاوپەیمانی وپێكەوە لە دژی دەوڵەتی عێراق تێكۆشان.

لە كانونی دووەمی 1945دا، مەلا مستەفا ڕاستەوخۆ چەند داواكارییەكی لەسەر بنچینەی بە ڕەسمی ناسینی دەستبەجێی كوردستان بۆ دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا نارد. لەم كاتەدا چوار ڕێكخراو بە شێوەیەكی جودا لە پێناو سەربەخۆیی كوردا تێدەكۆشان، كە زۆرجار چالاكیەكانی ئەوان گیرۆدەی ململانێی شەخسی بوو:

1/حیزبی هیوا، كە سەركردایەتیەكەی لە بەغداو لقەكانی لە كەركوك ، سلێمانی، هەولێرو هەندێ لە شارەكانی دیكەی عێراقدا بوو، ئەم ڕێكخراوە لایەنگری ئایدۆلۆژی كۆمۆنیستی بوو، ئۆرگانی ئەم حیزبە ڕۆژنامەی (ئازادی) بە ئاشكرا داكۆكی لە كۆمۆنیزمی نێو نەتەوەیی و دژایەتی كۆنەپەرستی و فیودالیزم و ئیمپریالیزمی دەكردو، پابەستی بەرنامە و چالاكی گشتی حیزب نەبوو، لە تێگەشتن لە خەباتی سەردەمی هەنوكەدا بێ توانا بوو. مەلا مستەفای وەك ڕابەری چالاكی بزاڤی كورد دەناساند، بەڵام لە ڕەفتاری دیكتاتۆریی و دینداریی ئەو بە گومان بوو، دەیویست تەنها بۆ ئەنجامدانی

مەبەستەکانی خۆی تا بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی سوود لە بوونی ئەو وەربگرێ.

2/لیژنەی ئازادی، کە لە ناوچەی بارزاندا، بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا دامەزراو سەرجەم ئەندامانی، جگە لەیەك کەسایەتی، لە سەرۆك عەشیرەت، کەسایەتی سوپایی وخاوەن ئیشوکاری ئازاد بوون، بەمجۆرەی خوارەوە:

1–عێزەت عەبدولعەزیز لە ئامێدی (ئەفسەری پێشووی سوپا)

2–مستەفا خۆشناو (ئەفسەری پێشووی سوپا)

3–عەبدولحەمید باقر لە خانەقین (خێڵەکی) .

4–محەمەد مەحمود لە سلێمانی.

5–ئەحمەد ئیسماعیل لە ئاکرێ.

6–شەوکەت نعمان لە ئامێدی.

7–حفزوڵلا ئیسماعیل لە ئاکرێ.

ئەم ڕێکخراوە لە پاش هاندان و پشتگیری مەلا مستەفاو ناوزەد کردنی ئەو وەك رابەری بزاڤی ڕزگاری خوازانەی کورد، لەلایەن حیزبی هیواوە دامەزرا.

3/ لەدەرەوەی عێراق و لە نێو سنوورەکانی ئێراندا، لەو ناوچانەدا کە لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە داگیرکرابوون، ڕێکخراوی کۆمەڵە دامەزرا (کە لەبەشی پێشوودا باسکرا)

4/ حیزبی (خۆیبون)، ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کورد بوو کە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتبووە کایەوە، ستراتیژی دووری ئەو، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورەو، بۆ کاتی ئێستا ئامانجی چالاکییە سیاسی و ئابورییەکانی دەستەبەرکردنی فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی بوو لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و سوریا و ئێران و عێراقدا.

هەرچەند حیزبی خۆیبون بە شێوەیەکی مەعنەوی پشتیوانی لە سێ

ڕێکخراوەکەی تر دەکرد، بەڵام هیچ یەك لە چالاکییەکانیان یا سیستەمی سیاسی ئەوان مایەی قبوڵکردنی حیزبی خۆیبون نەبوو، کە زۆربەیان ڕوناکبیرانی وابەستە بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و لایەنگری سیستەمی دیموکراسی ڕۆژئاوایی بوون.

لیژنەی ئازادی لە 23ی شوباتی 1945دا، چالاکییەکانی خۆی دەستپێکرد. لە نامەیەکدا کە لە وەڵام بەنامەی حیزبی هیوادا نووسیبوویان. ئاماژەیان بەوەکرد کە ئامانجی سەرەکیو بنەڕەتی ئەوان بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی‌یە بۆ کوردەکانی عێراق و سیاسەتی دەرەکیشیان لەسەر پایەی بێلایەنی دەبێ. ئەم ڕاگەیاندنە گەلێك هوشیارانە داڕێژرابوو، چونکە هەر چۆنێك بێ سیاسەتی دەرەوەی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی ، دەبێ پەیڕەوی لە سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی بکات.

بەرنامەی لیژنەی ئازادی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1/زامن کردنی لێکحاڵیبوون و هاوکاری لە نێوان عەشیرەتی بارزان و دەوروبەریداو پاشان لەگەڵ سەرجەم عەشیرەتەکانی کوردی عێراقدا.

2/پاراستنی بێلایەنی وبەدیهێنانی ئەمن و ئاسایشی کوردستانی عێراق، بە هۆی چالاکی سیاسی و بەرگری لە خۆکردنەوە.

3/پەیوەندی کردن بە گشت ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی کوردەوە.

4/پێشکەش کردنی سکاڵاو داوانامە بە نوێنەران.

5/بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پڕوپاگەندە.

6/تێکۆشان لە دژی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و ئیستبدادی دەوڵەتی عێراق.

7/ئامادەکردنی کەل و پەل و کەرەسەی جەنگی بۆ هێزە چەکدارەکانی کورد.

پاش ئەوە تەبایی لە نێوان حیزبی هیوا و لیژنەی ئازادی سەر بەمەلا

مستەفادا بەدیهات. هەرچەند هەردوو ڕێکخراو پشتیوانییان لە یەکدی دەکردو ئامانجیان تێکۆشان بوو لە پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیدا ، بەڵام هەندێك جیاوازی بیروڕا، تەنانەت لە یەکەمین نامە گۆڕینەوەی نێوانیانەوە، لە ئارادابوو. حیزبی هیوا دەیویست سەرکردایەتی خۆی لە بەغداوە بگوازێتەوە بۆ بارزان، تا لە نزیکەوە پێنگاڤ وکاری رابەری لەدەستدا بێت، بەڵام مەلا مستەفا نەیدەویست ژمارەیەك ڕۆشنبیری چەنەباز یا بە نفوزی لە پاڵ دەستدا بێت، لەبەر ئەوە داوای لێکردن کە لە بەغدا بمێننەوە و لە سەر پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەوە بەردەوام بن. هەر لایەکیان گازندەی ئەوەی دەکرد کە لایەنەکەی دی ژیرانە کارەکانی بەڕێوە نابات، لە لایەکەوە مەلا مستەفا دەیویست بە ئازادی چالاکی و کارەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ و لیژنەی ئازادیش لەبن دەست و ملکەچی فەرمانەکانی ئەودابێ، ئەو نەیدەویست ئەم ئازادی کارکردنەی گیرۆدەی تیۆرو دەستێوەردانی کەسانێك بێ کە لە دژواری وسەختی جەنگ وخەباتی چەکداری بە ئاگانین، چ بگا بەوەی کە دەستێوەردانی ئەوانیش زیانی لێبکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی کەوتنە گەمارۆوە لە نێو چیا و جەنگەڵە دوور دەست و دوور لە هەر جۆرە ئامرازێکی ژیاندا، هێزی شۆڕش پێویستی بە کەرەسەی جەنگی و زانیاری پێویست بوو، کە دەبوو حیزبی هیوا ئەرکی گەیاندنی ئەو پێویستیانە لە ئەستۆبگرێ.

لە مایسی 1945دا، حیزبی هیوا یاداشتێکی نارد بۆ باڵوێزی ئەمریکا (لوئی هندرسۆن) وخوازیاری پشتگیری وکۆمەکی ئەمریکا بوو بەمەبەستی دامەزرانی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی کورد و بەڕێوەبردنی ئەو ڕیفۆرمانەی کە نوری سەعید بەڵێنی بە ئەنجام گەیاندنی دابوو، هەروەها ناڕەزاییان بەرامبەر بە جموجۆڵی سەربازی بەریتانیا، بە مەبەستی یارمەتیدانی دەوڵەتی عێراق بۆ سەرکوتکردنی کورد، دەربڕی، لەم یاداشتەدا داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریكا كرا بوو كە ڕێز لە كرۆكی مادەی 12ی ڕاگەیاندننامەی سەرۆك ویلسۆن بگرێ وئەو مادەیە بەڕێوەببات. نوسخەیەك لەم یاداشتە بۆ هەریەك لە باڵوێزخانەكانی سۆڤیەت وچین و فەرەنساش ڕەوانەكرا. هەر لەم كاتەدا چەندین یاداشت وڕاگەیاندننامەی دیكە لەلایەن لیژنەی ئازادی وحیزبی هیواو ڕێكخراوی لاوانی كوردەوە چاپ كرا، وسەر و نوسخەی بۆ سەرجەم نوێنەرانی دەوڵەتان وباڵوێزخانەكان و كەسایەتی پێشڕەو و ڕوناكبیری كوردی نیشتەجێی عێراق نێردرا.

لەیەكی مارسدا حیزبی هیوا، مەلا مستەفای ئاگادار كردەوە كە حكومەتی عێراق، تیپی چوارەمی بە هاوكاری ژمارەیەكی زۆر لە پۆلیس و هێزی نیزامی دیكە، ئامادەكردووە و بەنیازە لە ڕۆژی پێنجی مارسدا هێرش بكەنە سەر بارزان. لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵەدا، مەلا مستەفا هێزەكانی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش كرد:

1/فەرماندەیی بەشی ڕۆژهەڵاتی دەڤەری مێرگە سوروبرادۆست بە سەروان مستەفا خۆشناو ومحەمەد مەحمود سپێردرا.

2/فەرماندەیی بەشی ڕۆژئاوا لە ناوچەی ئامێدییەوە بەسەروان عێزەت عەبدولعەزیز و عەبدولحەمید باقر سپێردرا.

3/فەرماندەیی بەشی باشور لە ناوچەی (ئاكرێ) وە بە شێخ سلێمان سپێردرا.

لە پاش ئەم دابەش كردنە، فەرماندەی هەر ناوچەیە و لەگەڵ هێزەكانی خۆیاندا بەرەو شوێنی دیاریكراوی خۆیان كەوتنەڕێ.

لەوكاتەوە تا سەرەتای (ئاب) زنجیرەیەك وتووێژ لە نێوان كوردەكان و ئەفسەرانی ئینگلیزیدا بە سەرۆكایەتی مێجەر مۆر (كاپتن ئەستاك) ئەنجام درا. ئینگلیزەكان پێشنیاری ئەوەیان كرد مەلامستەفا و ڕابەرانی شۆڕش دەست لە كاری چەكداری هەڵگرن و ڕووبكەنە ناوچەكانی باشوری عێراق ولە

هەر شوێنێکدا بەدەر لە ناوچە کورد نشینەکاندا ئارەزوو بکەن نیشتەجێ بن، بەڵام ئەم پێشنیارە لەلایەن مەلامستەفاوە ڕەتکرایەوە. دەوڵەتی عێراق بڕیاریدا ڕەوشێکی توند و تیژتر بەرامبەر بارزانییەکان بگرێتە بەر، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانی بەیەکەکانی پۆلیس دا لە هەر شوێنێکدا بارزانییەکی چەکداریان دیت دەستگیری بکەن.

لە 10 ی (ئاب) دا، لە کاتێکدا مەلا مستەفا سەر قاڵی ئامادە کردن و ڕێکخستنی هێزەکانی خۆی بوو، لە دەرەوەی ناوچەی بارزاندا، هێزی پۆلیس هەوڵیاندا وەلوبەگ (ولد بەگ) ناوێك دەستگیر بکەن کە بۆ وەرگرتنی بەشی ئازوقەی خۆی سەردانی مەخفەری پۆلیسی کردبوو، بەڵام ناوبراو بەرگری لە خۆی دەکاو، مەخفەرەکەش لە پاش زیانلێکەوتنێکی قورس لەچەك داماڵرا، لە پاش ئەم ڕووداوە چەند فەرمانگە و بنکەی عێراقی دیکەش لەلایەن بارزانییەکانەوە دەستیان بەسەرداگیرا وچەك کران. لەم کاتەدا شێخ ئەحمەد زیاتر لە مەلا مستەفا بە ئارەزووبوو بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان و ئەو کارانە لە ئەستۆ بگرێت. لەبەر ئەوەی هێزەکانی عێراقیش لەم کاتەدا دەستیان کردبوو بە لەشکر کێشی، مەلا مستەفا فەرمانی بەرگری کردنی ڕاگەیاند و لە هەمان کاتیشدا نامەیەکی نارد بۆ باڵوێزی ئینگلیز و گشت نوێنەرانی هاوپەیمانانی نیشتەجێی بەغدا وداخوازی ئەوەی لێکردن کە داوا لە حکومەتی عێراق بکەن تا دەست لە درێژەدان بە هێرش و لەشکر کێشی هەڵگرێ و خاکی بارزان بە جێبێڵێ.

لەم کاتەدا تیپی چوارەمی عێراقیش بە پشتیوانی فڕۆکەی جەنگی کەوتە پەلاماردانی ناوچەکانی باشوری بارزان. کوردەکانیش پەنایان بردە بەر ناوچە شاخاوی و کوێستانەکانی خۆیان وکەوتنە جەنگەی شەڕو نەبەردەوە.

بەڵام لە دوو ئاڕاستەی دیکەوە کە لە ژێر چاودێری هێزی هەوایدا نەبوو، بارزانییەکان زیانێکی قورسیان بە هێزەکانی دەوڵەت گەیاند.

لە باشوریشدا شەڕێکی سەخت لە نێوان کوردو هێزەکانی دەوڵەتدا ڕوویدا، کە بووە هۆی زیانگەیاندنێکی قورس بە هێزەکانی دەوڵەت. ئەم شەڕە بەمجۆرە ڕوویدا: تیپی پێنجەم لە (ئاکرێ) وە بەرەو (زێبار) پێشڕەوی کرد و چووە نێو دەربەندی (نحلە)وە، لە پاش تێپەڕین بەو دەرەیە دا، خۆیان گەیاندە قەدپاڵەکانی چیای گەلی پیرۆز، ئەم پێشڕەوی کردنە لە ژێر سایەی بۆردومانی هێزی هەواییدا بەڕێوە دەچوو. لەم کاتەدا مەلا مستەفا لەگەڵ کۆمەڵێك چەکداری بارزانیدا، لەپەناو پەسێوی تاشە بەردی ئەم کوێستانەدا خۆیان حەشاردابوو، چاوەڕوانی هاتنە ناوەوەی هێزەکەی دەوڵەت بوون. لەپاش کۆتایی هاتنی بۆردومان و نزیك کەوتنەوەی هێزی حکومەت، لە پەناگەی خۆیان هاتنە دەر و کەوتنە ئاگر باران و دستڕێژکردن لە هێزەکە ، هەر لەم کاتەدا ژمارەیەکی دیکە لە بارزانییەکان کە لە هەردوولای دەربەندەکەوە سەنگەریان گرتبوو دەستیان کرد بە تەقەکردن لە هێزەکە ولە ئاکامی ئەم هەلومەرجەدا، تیپی پێنجەم تەنگەتاو و شپرزە بوو، هێندەی نەمابوو خۆیان بدەن بەدەستەوە، لە پاش دوو ڕۆژ لەشەڕی سەخت، هێزێکی کۆمەك کە لە سێ سەد جاشی عەشیرەتی سورچی پێکهاتبوون و دوژمنی دێرینی مەلا مستەفا بوون، بە هانای هێزی میرییەوە هاتن، لە ئاکامدا مەلا مستەفا ناچار بوو ڕوە و بەرزاییەکانی گەلی پیرۆز بکشێتەوە.

عێراقییەکان بەرەو برادۆست کشانەوەو لەپاش ئەوەی لەلایەن تیپی دووەمەوە پشتیوانییان لێکرا وبەهێزکران، لەشکر کێشیان ڕوەو باکور دەستپێکردەوە، لەم کاتەدا لەلای باشورەوە لەلایەن عەشیرەتی (محەمەد ئاغای مێرگە سوری)یەوە، هێرشیان کرایە سەرو زیانێکی قورسیان لێکەوت. لە پاش ئەم شەڕو پێکهەڵپژانە، کوردەکان ڕوەو باکور گەڕانەوە، کە دەستکەوتێکی زۆریان لە هێزی دەوڵەت بەدەستهێنا بوو. لەم کاتەدا نزیك بە 500چەکداری عەشیرەتی زێباریو بادینی دیکە، کەسەر بە دەوڵەتی عێراق بوون، لەگوندی

(هەرمن)دا سەنگەریان لە بارزانییەکان گرتبوو، ڕێگای گەڕانەوەی ئەوانیان خستە مەترسییەوە، مەلا مستەفا بڕیاریدا بە پشتیوانی چەند تۆپێکی چیایی کە لە سوپای عێراقی گرتبوو، زێبارییەکان بەرەو دوا پاشەکشێ پێبکات، بەڵام بە هۆی خراپی ڕێکخستنەوە نەیتوانی سودێکی ئەوتۆ لەو تۆپانە وەربگرێ. لەم کاتەدا، هێزی عێراقیش کە بۆ پشتیوانی کردن لە زێبارییەکان هاتبوون، نزیک دەبوونەوە، مەلا مستەفا ناچار بوو دوو بارە ڕوەو چیاکانی گەلی پیرۆز بکشێتەوە.

لە تاریکو ڕوونی 25ی سپتێمبەری 1945دا، مەلا مستەفا لە کەژو کێوە بەرزەکانی ئەو کوێستانەدا لەلایەن هێزی دوژمنەوە - لەلایەکەوە سێ سەد جاشی عەشیرەتی سورچی وتیپی پێنجەمی عێراق لە سایەی پشتیوانی فڕۆکەی جەنگیو تۆپخانەوە لەلای قەدپاڵەکانی باشورەوەو لە لایەکی دیکەشەوە لەلایەن 500چەکداری عەشیرەتی بەرواری و شرحانییەوە - گەمارۆدرا . بارزانییەکان تا تاریك کردن درێژەیان بەشەڕدا. پاشان بە سوود وەرگرتن لە تاریکی شەو بە هێوری بەرەو چیای شیرین کشانەوە، ئەم چیایە کە 7 هەزار پێ لە بەرزی دەریاوەیە، پێگەیەکی هەموار بوو بۆ بەرگری لە خۆکردن. پاشان شێخ ئەحمەد و پیاوانی دیکەی عەشیرەتی بارزانی، گوندەکەیان بە جێهێشت وچوونە پاڵ ئەوانەوە. مەلا مستەفا لەم شوێنەدا خۆی لە تەنگەژەو قەیراندا دیتەوە، لەبەر ئەوەی لە باکوریشەوە تورکەکان بە وردی چاودێرییان لە هێڵە سنورییەکانی خۆیان دەکرد. لەم کاتەدا هەواڵیان پێگەشت کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی بارزان لە دەست لایەنگرانی بارزانییەکاندایە و هێزی دوژمنی تیانییە، ناوچەی (کانی ڕەش)یش لەسەر سنووری ئێراندا لە لایەن بارزانییەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوەو بۆ کشانەوە بەرەودوا هەموارە، بەمجۆرە مەلامستەفا فەرمانی بە بارزانییەکان دا، گشت پێداویستی ژیان ومەڕو ماڵات و ژن و زارۆکی خۆیان کۆبکەنەوەو بەرەو سنووری ئێران

پاشەكشێ بكەن.

لە ڕۆژئاوای ئێراندا ڕێكخراوی كۆمەڵە تازە دامەزرابوو، ناوچە سنوورییەكان لە دەست ناسیۆنالیستەكانی كوردا بوو. چالاكی بارزانییەكان ولایەنگرانیان لە ئێراندا (لەبەشی پێشوودا باسكرا).

شۆڕشی ساڵی 1945 ی مەلا مستەفا لەگەڵ شۆڕشی شێخ ئەحمەدی ساڵی 1931دا، لەوەدا جیاواز بوو كە شێخ ئەحمەد ئەو كات بۆ پاراستنی دەسەڵاتی عەشیرەتی بارزانی و بەرگرتن لە نیشتەجێ بوونی ئاسورییەكان لەو ناوچەیەدا دەجەنگان . بەڵام مەلا مستەفا خەباتی بۆ سەربەخۆیی كورد دەكرد. خەباتی شێلگیرانەی شێخ مەحمودی حەفیدیش لە پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیدا تەنها لە ناوچەیەكی دیاری كراودا سنووردار بوو، بەڵام شۆڕشی مەلا مستەفا بۆ یەكەمین جار پشتیوانی حیزبی نەتەوەیی دەستە بەركرد و خاوەنی سیمایەكی ناسیۆنالیستی دیاری كراو بوو، وێڕای ئەوەش بە هۆی نەیاری وبەرهەڵستی ئاشكرای سەرۆك عەشیرەتەكانی دیكەی كوردەوە كە لە بیری پاراستنی دەسەڵات وبەرژەوەندی خۆیاندا بوون، ئەم شۆڕشەش هەر بەو جۆرەی كە دیتمان، لەگەڵ شكستدا ڕووبەڕوو بۆوە و تێكشكا.

4-شۆڕشی كورد و خەباتی دژبە دەوڵەتی عێراق

لەساڵی 1945وە تا 1958 هیچ جۆرە شۆڕشێكی گرنگی خێڵەكی یا ناسیۆنالیستی لە كوردستانی عێراقدا ڕووی نەدا، جگە لە پڕوپاگەندەی ڕادیۆیی كە لە ڕادیۆی نهێنی كوردەكانەوە لە قەفقاس دا پەخش دەبۆوە و لەلایەن كاربەدەستانی سۆڤیەتەوە بە هاوكاری مەلا مستەفا بە ڕێوەدەبرا، هەروەها هاتوچۆی نهێنیش لە یەكێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ئەنجام ئەدرا كە زانیاری پێویست لەلایەن بەرپرسانی تایبەتییەوە لە عێراقەوە بۆ یەكێتی

سۆڤیەت و فەرمانی پێویستیش لەلایەن مەلا مستەفاوە بۆ ناسیۆنالیستەکانی کوردی عێراق لەوپەڕی نهێنیدا ئاڵوگۆڕ دەکرا.

هەر چۆنێك بێ، بەهۆی ڕەوکردنی بارزانییەکانەوە لە عێراق، هەستی سەربەخۆخوازی کوردەکان لە بێ سەرپەرشتی و ڕێکنەخراوەیدا بوو، چالاکییەکانی حیزبی هیواش ڕوو لە دامرکانەوە بوو، شێخ مەحمودی ناوداریش لە دوورخراوەیی گەڕایەوە و وەفاتی کرد.

ئیدی هیچ رابەرێکی شیاو لە نێو کوردەکانی عێراقدا بەرچاو نە دەکەوت. مەلا مستەفا و هەڤاڵانی لە قەفقاسدا بوون‌و، خۆیان بۆ ڕۆژێك ئامادە دەکرد کە ڕەنگە هەرگیز نەیەتە پێش. بەڵام لە ناکاوو، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شۆڕشی چواردەی تەموز ڕوویدا و دەوڵەتێکی نزیك بە یەکێتی سۆڤیەت لە عێراقدا هاتە سەرکار، کە ئامادە بوو سیاسەتێکی دیموکراسیانە لەمەڕ کێشەی کەمینەی کوردا لە پێش بگرێت.

مەلا مستەفاو هاوڕێیانی لەڕوسیا گەڕانەوەو ڕۆژانی شادی‌و خۆشی هات، بەڵام هێندە درێژەیان نەکێشا.

مەلا مستەفا بە هاوڕێی شەش کەس لە دۆستانی _ ئەسعەد خۆشەوی، مەدحەت ئەحمەد، شێخ سلێمانی برازای و شێخ بابۆی ئامۆزای و دوو کەسایەتی دیکەدا- بە فڕۆکە گەشتنەوە بەغدا.کۆشکی نوری سەعید و ئۆتۆمبێلی (عەبدوللالە) یان پێدا. دەپێشدا دەستی کرد بە چالاکی و هاوکاری‌کردنی ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی وەك حیزبی شیوعی و پارتی نیشتمانی دیموکراتی کامل چادرچی وژمارەیەك لە ئەندامانی پاشماوەی حیزبی هیوا. پاشان سەر لە نوێ پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر بەرنامەیەکی گەلەك چەپڕەوانە ڕێکخستەوە.

ڕۆژێك بە دوای گەڕانەوەی ئەودا بۆ بەغدا، سەرجەم هاوڕێیانی دیکەی بەکەشتی گەڕانەوە عێراق، ژمارەیەکیان لە بەغدادا مانەوەو لەگەڵ مەلا

مستەفادا کاریان کرد، بەڵام زۆربەیان گەڕانەوە بۆ وڵات و زێدی خۆیان وەك بارزان و ئاکرێو مێرگە سوور.

مەلا مستەفاو ژمارەیەکی دیکە لە شیوعییەکان نێوانگری عەبدولکەریم قاسم و یەکێتی سۆڤیەت بوون، هەر چییەك ئەو دەیویست بۆی ئامادە دەکرا.

چەك درا بە بارزانی و هاوڕێیانی تا بەرگری لە ڕژێمی نوێی عێراق بکەن. دوژمنانی ڕژێمی نوێ بریتی بوون لە (شێخە)کانی عەرەب، دەرەبەگ و ئاغاکانی کورد و موڵکدارانی لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی، پاشان (ناصر)ییەکانیش دژایەتییان کرد کە بۆ لکاندنی عێراق بە میسرەوە تێدەکۆشان.

هەر یەك لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان شوناسنامەی حیزبییان پێدرا، (شوناسنامەی لایەنگرانی پارتی بە وێنەوە بوو، شوناسنامەی ئەندامەکانیشی بەڕەنگی سەوز بوو، کە هەڵگری ئەم شوناسنامەیە مافی چەك هەڵگرتنیشی هەبوو). هەروەها گاردی بەرگری میللیش، کە شیوعییەکان تیایدا نەخشی سەرەکییان هەبوو، لەسەر تا سەری عێراقدا پێکهێنرا،زۆر لە کوردەکانی هاوڕێی مەلا مستەفاش چوونە ڕیزی ئەم گاردانەوە وسەرپەرشتی ئەوانیش بە کۆلۆنێل (بامەڕنی) کورد سپێردرا.

ئەوکات لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا تازە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕابۆوەو، ماوەیەکی دوور و درێژ بە بیروباوەڕی سەربەخۆیی سەرجەم کورد گۆش کرابوو، بڕیاری دا کۆنگرەیەك بە بەشداری نوێنەرانی پێکڕای کوردەکان (ئێران–تورکیا–عێراق–سوریا) ببەستێ. پڕۆگرامی کارەکانیشیبەڕەزامەندی دیدو بۆچوونی ئەوان بەرنامە ڕێژی بکات. ئەم ویستە لەگەڵ ئایدۆلۆژی شیوعییەکاندا وێك نەدەهاتەوە کە لە فکری بە کۆمۆنیست کردنی عێراقدا بوون، هەرچەند بزاڤی کوردیش ناسیۆنالیسمێکی لایەنگر بە سۆشیالیزمیش بێ. خودی عەبدولکەریم قاسمیش لەفکری عێراقێکی تەواو سەربەخۆ بەدەر

لە نفوزی جمال عبدولناسردا[76] بوو، بەرامبەر بە دەسەڵاتپێدانی سیاسی بە کوردەکان کە ڕاستەوخۆ جیابوونەوەی بەشێك لە خاکی عێراقی لێبکەوێتەوە نەیار بوو. هەرچۆنێك بێ ئەم کۆنگرەیە بێ بەشداری نوێنەرانی کوردی ئێران و تورکیا بەسترا. کوردەکانی ئەو وڵاتانە لە ترسی ئەوەی کە نەبادا بەشداربوونیان ببێتە مایەی فەراهەم کردنی نیگەرانیو بەدگومانی دەوڵەتەکانیان لەم کۆنگرەیەدا ئامادە نەبوون. ئەم کۆنگرەیە بە هۆی لە کاردا بوونی بەرنامە سۆسیالیستییەکانی وەك چاکسازی کشتوکاڵی و دابەش کردنی زەوی لەگەڵ نارەزایی سەرۆك عەشیرەتەکانیشدا ڕووبە ڕوو بۆوە کە زۆربەیان خاوەنی گوندێك یان چەند گوندێك بوون.

مەلامستەفا سەرنجی دا کە بەشدارانی کۆنگرە تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لە کوردە ڕۆشنبیرەکانی نیشتەجێی بەغداو شارەکانی دیکەی عێراقن، ئایدۆلۆژی چەپڕەوانەی وەك چاکسازی کشتوکاڵی و زەویو زاری وەلانا. پاشان سەردانێکی کورتی یەکێتی سۆڤیەتی کرد تا بڕێك بەڵگەنامە کە لەوێدا بەجێی هێشتبوو لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق ڕاوێژ لەگەڵ دۆستانی خۆیدا بکات لەوێدا . لەم کاتەدا هێشتا پارتی دیموکرات لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە چەپەکانی عێراقدا سەرقاڵی هاوکاری وکارکردن بوو. بەڵام ئەو ناکۆکیانەی کە لە وەختی خۆیدا لە نێوان حیزبی هیواو مەلا مستەفادا هەبوون، لە پارتی نوێی دیموکراتیشدا بەرچاو دەکەوت.

لەوکاتەدا عەبدولکەریم قاسم لە پاش ناکامی پیلانی عەبدولسەلام عارف و

---

[76] -جەمال عبدولناسر: (1918–1970) بەناوبانگترین سەرکردەی عەرەب بوو لە دەیەی پەنجاو شەستدا، بزاوتی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی دامەزران کە لە 1952 دا مەلیك فاروقیان لە کارخست، لە 1956دا کەناڵی سویسی خۆماڵی کرد ولە 1958دا بووە سەرۆك کومار.(و)

ڕەشید عالی گەیلانی، بە تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناسرییەکاندا ڕووی لە گرژی و ئاڵۆزی کرد ، هەوڵیدا لەم ململانێیەدا هەرچی زیاتر شیوعییەکان لە خۆی نزیک بکاتەوە. تا بەڵکو لەم ڕێگایەوە چالاکی ناسرییەکان، کە خاوەنی لایەنگرانی بێ ئەژمار بوون بە تایبەتی لە نێو ئەفسەرانی گەنجی سوپادا، لە کاربخات. ڕادیۆی (صوت العرب)یش دەستی کرد بە پڕوپاگەندەکردن لە دژی عەبدولکەریم قاسم وئەوی بە خائین بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دا.

لە 8ی مارسی 1959دا، لەشکری دووەمی عێراق، بە فەرماندەیی سەروان (شەواف)[77] لەموسڵدا، شۆڕشی بەرپا کردو یاخی بوو، گەرەکی بوو هێرش بکاتە سەر بەغدا، ئەم کارە پێگەی عەبدولکریم قاسمی خستە مەترسییەوە، ئەگەر لەشکری نیشتەجێی بەغدای بەکار بهێنایە بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی شەواف، دوور نەبوو لایەنگرانی ناسری لە پشتەوە پەلاماری لێبدەن و زەمینەی ڕوخانی ئەو فەراهەم بکەن، هەروەها دوور نەبوو ژمارەیەك لەم هێزانە لەکاتی ڕوو بەڕوو بوونەوەیاندا لەگەڵ دۆستانی خۆیاندا لە لەشکری دووەمدا، دەست لە جەنگ هەڵگرن وبچنە پاڵ ئەوانەوە. هەرچۆنێك بوویێت ، عەبدولکەریم قاسم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بیری لە ڕێگا چارەیەکی دی کردەوە، داوای لە مەلا مستەفا کرد کە لەگەڵ کوردەکانی لایەنگر بە خۆیدا هێرش بکاتە سەر موسڵ. لەهەمان کاتدا داوای لە شیوعییەکانی موسڵ کرد لە دژی شەواف ڕاپەڕن و، هەرچی خێراتریش بۆ ئەم چالاکییە دەستبەکاربن. چونکە ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو کە عەشیرەتی شەمەری عەرەبی نیشتەجێی سنوورەکانی سوریا بە هانای شەوافەوە بەرەو موسڵ بێن وبەرگری لێبکەن. کوردەکان شاری موسڵیان گەمارۆدا و بە

[77] –عەبدولوەهاب شەواف: (1916–1959)ئەندامی بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی عێراق بوو، لەنەتەوە پەرستانی عەرەب بوو. (و)

کۆمەکی شیوعییەکان لەشکری دووەمیان تێکشکان وشەوافیان کوشت.

لەپاشاندا دەستیان کرد بە کوشتاری کەسانی غەیرە کوردی وەك تورکمان و عەرەب، عەشیرەتی شەمەریش بە خێرایی بەرەو سنووری سوریاکشانەوە.

هاوکاری و پەیوەندی مەلا مستەفا بە شیوعییەکانەوەو، هەڵسوکەوتی توندڕەوانەی عەبدولکەریم قاسم لە دژی سەرانی بێ ئەژماری عەشیرەتەکان بووە مایەی ئەوەی کە لە کۆتایی بە هاری 1959دا، 12هەزار کەس پەنابۆ ئێران و 4هەزار کەسیش پەنا بۆ تورکیا بەرن.

بەشێك لەو کەسایەتی و عەشیرەتانە بریتی بوون لە:

1/داود جاف، برازای عوسمان پاشای مێردی (عادلە خانم) حوکمداری بە ناوبانگی هەڵەبجە. لەگەڵ چەند هەزار کەسدا هاتە ئێرانەوەو، تا ئێستا لە کرماشاندا نیشتەجێیە.

2/عەلی بەگ و عەشیرەتی شەرەفبەیانی، کە لە قەسری شیرین دا دالّدەیان دُرا.

3/عەشیرەتی تاڵەبانی کەرکوك، بەسەرپەرشتی شێخ نەجمەدین هاتنە کرماشانەوە.

4/بنەماڵەی شێخ مەحمود، بەسەرپەرشتی شێخ حسێن هاتنە مەریوانەوە.

5/براکانی محەمەد ڕەشید قادر خان، عێزەت و عەلی لە شلێرەوە هاتنە بانەوە، بەڵام محەمەد رەشید بە خۆی لە عێراقدا مایەوە.

6/عەشیرەتی سووراید لە چوارتاوە بە سەرپەرشتی عەبدولڕەحمان ئاغا هاتنە بانەوە.

7/عەشیرەتی پشدەری بەسەرپەرشتی بابەکر ئاغا و حاجی کوڕی عەباس ئاغا هاتنە سەردەشتەوە.

8/خێڵی شێخ (خەلان) بەسەرپەرشتی شێخ عەلائەدین هاتنە بانەوە.

9/عەشیرەتی مەنگوڕی عێراق بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن ئاغا.

10/شێخ عوسمانی نەقشبەندی بیارە، کە خاوەن دەسەڵاتێکی روحی گەورەیە لە نێو خەڵکێکدا کە نزیک بە دووسەد هەزار کەس دەبن، شێخ عوسمان لە ناوچەی هەوراماندا نیشتەجێ بوو .

11/شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی و بنەماڵەکەی هاتنە ئێرانەوە، بەڵام شێخ محەمەدی کوڕی لەگەڵ لایەنگرانی خۆیدا پەیوەندی بە مەلا مستەفاوەکرد.

12/شێخ محەمەد بەهائەدین نەقشبەندی لە هەڵەبجەوە هاتە ئێرانەوە و لە سنە دا نیشتەجێ بوو.

13/عەشیرەتی دیازی هاتە مەهابادەوە.

14/عەشیرەتی هەرکی بەسەرپەرشتی فەتاح بەگ.

15/عەشیرەتی برادۆست بە سەرپەرشتی مەحمود خەلیفە.

16/عەشیرەتی شێخ محەمەد ئەمین خان و خێزانەکەی.

17/عەشیرەتی لۆلان بەسەرپەرشتی شێخ ڕەشید.

18/عەشیرەتی زێباری بەسەرپەرشتی شێخ محەمەد لەگەڵ چوار هەزار کەسدا پەنایان بۆ تورکیا برد.

هەروەها ریکانییەکان و بەرواریيەکان لە ناوچەی شەمزیناندا نیشتەجێ بوون و دەوڵەتی تورکیا ئەوانی گواستەوە بۆ ناوچەکانی ناوخۆی تورکیا .

ئەم کەسانە بە کۆمەڵ بۆ عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفایان سەلماند، کە هێشتا کوردەکان ئامادەگی قبوڵکردنی سۆشیالیزمیان نی‌یە. لەبەر ئەوە ڕەوشێکی میانەڕەوتر لە پێشگیرا. گاردی بەرگری میللی هەڵوەشایەوەو بەرنامەکانی چاکسازی زەوی و زار بەبێ جێبەجێکردن دەستی لێهەڵگیرا. لە پاش چەند مانگ ،زۆربەی ئەو عەشیرەتانەی ئێران دالدەی دابوون گەڕانەوە بۆ عێراق، ژمارەیەکی کەم نەبێ تا ئێستاش نیشتەجێی ئێرانن، ئەم کارە بە ناوبژیوانی شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەنجام درا کە ڕەوشێکی بێلایەنانەی لە پێش گرتبوو، ناوبراو لەم کاتەدا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ

عەبدولکەریم قاسم دا هەبوو ، بەسەری گەورەی عەشیرەتی بارزانییەکان دادەنرا و گەلەك بەقەدریش بوو لای مەلا مستەفای برا بچوکی. لەم کاتەدا هەرچەند مەلا مستەفا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا هەبوو، بەڵام بە ئاگابوو لەوەی کە سیاسەتمەدارانی عێراقی ئامادەنین ئۆتۆنۆمی کوردەکانیان پێقبوڵ بێت، ژمارەیەك لە کرێکارانی بەغدادیش ڕەفتارێکی توندڕەوانەو دوژمنکارانە تریان سەبارەت بە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە پێش گرتبوو. لەبەر ئەوە مەلا مستەفا سەد چەکداری بارزانی هێنایە بەغدا و لە بارەگای پارتی دیموکراتدا داینان تا بەرگری لە خودی ئەو و لە پارتیش بکەن.

لە دیسەمبەری 1961دا، مەلا مستەفاو سەرکردایەتی پارتی دیموکرات داوانامەیەکیان پێشکەش بە دەوڵەتی عێراق کرد و داخوازی ئۆتۆنۆمییان لە ناوخۆی عێراقدا کرد، بەم شێوەی خوارەوە:

1/زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، بە زمانی ڕەسمی بناسرێ.

2/هێزەکانی پۆلیس و سوپا لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە گشتی لە کورد پێکبێن و، خوێندنی نیزامیش بەزمانی کوردی بێ.

3/حکومەتی ناوخۆیی کوردستان مافی بەڕێوەبردنی کاروباری کولتوری ، تەندروستی و، کاروباری نێو خۆی شارەکان و گوندەکانی هەبێت.

4/بەشێکی شیاو لە دەرامەتی نەوتی موسڵ وکەرکوک بۆ ناوچە کوردنشینەکان خەرج بکرێ.

5/کاروباری بەرگری و سیاسەتی دارایی حکومەتی ئۆتۆنۆمی لە ئەستۆی دەوڵەتی مەرکەزیدابێ. بەڵام جێگری سەرۆك وەزیر و یاریدەدەری ئەرکانی سوپا و یاریدەدەرانی وەزارەتخانەکان هەموویان کوردبن.

6/بەکارهێنانی کەسانی کورد لە سوپای عێراقدا لە دەرەوەی سنووری ناوچە کوردنشینەکاندا، بەڕەزامەندی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان بێ،

جگە لە کاتی گرژی و ئاڵۆزی وەك مەترسی و هەڕەشەی دەرەکیدا.

ئەم داخوازیانە لە ئەنجومەنی شۆڕشی عێراقدا تاوتوێکرا و سەرەنجام ڕەتکرایەوە. لە بەر ئەوەی پێدەچوو یەکپارچەیی خاك و سەربەخۆیی سیاسی عێراق بخاتە مەترسییەوە. بە تایبەتی کە دەکرا شیعەکانی باشوری عێراقیش هەمان داخوازی بخەنە ڕوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان سەر لەنوێ وەك ئاگادارکردنەوە، داوا نامەیەکی دیکەیان دا بە دەوڵەتی عێراق. بەڵام لە ئاکامی دنەدانی کاربەدەستانی حکومەتدا، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی عەرەب لە بەردەم بارەگای پارتی لە بەغدا دا کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و دەیانویست بە زۆر بچنە نێو بارەگاکەوە و تالانی بکەن. بە ناچار پاسەوانی چەکداری بارزانی تەقەیان لێکردن و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن.

هەلو مەرج ڕوو لە تەقینەوە و قەیران بوو ، مەلامستەفاو ژمارەیەك لە هاوڕێیانی و ئەندامانی پارتی لە ڕێگای کەرکوك وموسڵەوە گەڕانەوە بارزان. لوقمانی کوڕی بە فەرمانی عەبدولکەریم قاسم دەست بەسەر کرا. شێخ ئەحمەدیش لە بەغدا دا مایەوەو هەوڵیدا لەم نێوەدا نەخشی ناوبژیوانی ببینێ، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێك چووە بارزان.

مەلا مستەفا بەکۆمەکی عەشیرەتی بارزانی وگشت عەشیرەتە هاوپەیمانەکانی، نزیك بە حەوت هەزار چەکداری کۆکردەوە ودەستیکرد بە داگیرکردنی ناوچە ستراتیژییەکان، پردەکان، شەقامەکان، چیا بەرزەکان و، بنکەکانی سەرسنووروسەر بازخانە بچووکەکانی لە چەك داماڵی و، وەك ساڵی 1945 مۆڵەتیان بەسەربازەکان دا بگەڕێنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە بارەی ڕاپەڕینی شەوافەوە باسکرا، لەم بارەشەوە عەبدولکەریم قاسم هەوڵیدا زیاتر سوود لە چەکدارانی جاش وەربگرێ لەشەڕی دژ بە یاخیبووانی کورددا، هێزەکانی سوپا پتر لە

دەوروبەرو نزیكی خۆیدا بهێڵێتەوە.

عەشیرەتی لوّلان بە سەرۆكایەتی شێخ ڕەشید، دوژمنی دێرینی مەلا مستەفا، عەشیرەتی هەركی بە سەرۆكایەتی فەتاح بەگو، عەشیرەتی برادۆست بە سەرۆكایەتی مەحمود خەلیفە و ژمارەیەكی دیكە بە مەبەستی جەنگ لەگەڵ بارزانییەكاندا چەكدارو ئامادەكرانو ، شەڕی خێڵەكی وەك ساڵی 1945 دەستپێكردەوە . بەڵام هەرچۆنێك بێ، لەم كاتەدا هەلومەرج زۆر جیاواز وڕوو لە گۆڕان بوو، چیتر عێراق لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا نەبوو، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی كوردەكانیش گەلەك گەشەی كردبوو. زۆر لە لاوانی عەشیرەتی سەربە دەوڵەتیش چوونە پاڵ یاخیبووانەوە، هەروەها ژمارەیەكی زۆر لە كوردەكانی نێو سوپاش . رادیۆی قاهیرە، كە بۆ ماوەیەك دژایەتی عێراقی دەكرد، بەشێوەیەكی فراوان لایەنگری لە كوردەكان دەكرد، وایدەردەبڕی كە چیتر ئەم شەڕە، شەڕی خێڵەكی نییە، بەڵكو خەباتی گەلێكە لە پێناو بە دەستهێنانی سەربەخۆیدا.

بەفەرمانی قاسم بۆردومانی توندی گوندو ڕەشماڵەكان، تەنانەت شارە بچوكە كورد نشینەكانیش دەستپێكرد. ژن و مناڵ، مەڕو ماڵات، كێڵگە وجەنگەڵ و بێشەچڕەكان،كەسانی چەكدارو بێ چەك كەوتنە بەر بۆردومانی توندو نیشانەی فڕۆكەوە. بەڵام كوردەكان كۆڵیان نەدا، دارایی وخاوو خێزانی خۆیان لە پەناگەو ئەشكەوتە قووڵەكاندا حەشارئەدا، هەر بەو جۆرەی كە چەندین جار سەلمێندراوە،فڕۆكە لە جەنگی نێو چیاكاندا بە هۆی تاشە بەردی گەورە و سەختی كوێستانەوە، ئامرازێكی بە سوود نییە، چونكە ناتوانن بەڕادەیەكی تەواو خۆیان نزیك بكەنەوە و ئامانجەكانیان بپێكن . وێڕای ئەم دژواریانەش ، بۆردومان زیانێكی قورسی بەخەڵكی كوردی باكوری عێراق گەیاند ، لەئاكامی ئەم ڕووداوانەدا مەڕو ماڵاتێكی زۆر تیا چوو ، كێڵگە وجەنگەڵ و لەوەڕگاكانیش بوونە خۆراكی ئاگری بۆمبابارانی سوپای عێراق.

یاخیبووانی کورد، بێ داوودەرمان وئامرازی تەندروستی بوون و لەسەرتاسەری ئەو بەرانەدا تەنها چەند دکتۆرێکیان هەبوو. شیرازەی ژیانی سروشتی ئەوان لەبەریەك هەڵوەشابۆوە ، زۆزان و کوێستانە دوور دەستەکان بووە پەناگەیان، بەمجۆرە توانییان درێژە بە شەڕ بدەن و بەرگری لە خۆیان بکەن.

پارتی دیموکرات هەولێدا بە یەکجارەکی پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا نەپچڕێ، بۆ ئەم مەبەستەش حیزبە چەپەکان درێژەیان بە ناوبژیوانی خۆیان دا، سکرتێری گشتی پارتی دیموکرات (ئیبراهیم ئەحمەد) کە کەسایەتییەکی یاساناس و پارێزەری دادگایە، خۆی بە کەسێکی لیبرال دیموکرات دەناسێنێ وسیمای ڕاستەقینەی خۆی دەرناخات، ئەو کەسانەی کە هەلیان بۆ ڕەخساوە لەگەڵ ناوبراودا کۆببنەوە دەڵێن کۆمۆنیستێکە وەك (فیدل کاسترۆ)، چونکە بۆ قبوڵکردنی کۆمۆنیزم لە قاسم و جەمال عەبدولناصر وتەنانەت لە خودی مەلا مستەفاش شێلگیرترە، بەڵام وەك کاسترۆ بیروباوەڕی خۆی دەشارێتەوە، تا نەبێتە مایەی نارەزایی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە لە شۆڕشدا بەشدارن، وێڕای ئەوەش دەرهەق بەجەنگی دژ بەقاسم لەگەڵ هەموو شیوعییەکاندا دیدوبۆچوونی جیاوازە. شیوعییەکان بەرگری و پشتیوانییان لەقاسم دەکرد لە بەرامبەر عەبدولناسردا، هەرچەند ناسر بە خۆی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت نەیدەویست میسر و سوریا پێکڤە کۆماری یەکگرتوو پێکبێنن. لەبری ئەوە دەیویست سوریا ڕاستەوخۆ ببێتە وڵاتێکی سەربە بەرەی کۆمۆنیستی وحکومەتیش بکەوێتە دەست شیوعییەکانی وەك (خالد بەگداش) و(ژەنراڵ بلندری)یەوە، مەسەلەی چوونە ڕیزی عێراقیش لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا، بەهەمان شێوە بە دوور لە نیاز و خواستی سۆڤیەت بوو. لە تێڕوانینی سۆڤیەتەوە وڵاتانی پەرت وبڵاوکە لە بەردەم مەترسی و

هەڕەشەی ئیمپریالیزم و فیودالەکانی ناوخۆ دا بن زۆر زووتر و ئاسانتر ڕوولە کۆمۆنیزم دەکەن، تا کۆمارێکی یەکگرتووی بە هێز.

ئیبراهیم ئەحمەد چاك دەیزانی ئەگەر بە پێی داخوازی کۆمۆنیستی جیهانی ڕەفتار بکات لە پشتیوانی زۆربەی ناسیۆنالیستەکان مەحروم دەبێت . لەم نێوەدا مەلا مستەفا وەك تاکە قارەمانی خەباتی نەتەوەیی کورد دەمێنێتەوە، پارتی دیموکراتیش سیمای نەتەوەیی خۆی لە دەست ئەدا و دەبێتە لقێك لە حیزبی شیوعی عێراق، مەلا مستەفاش ئەوکات دەتوانێ پارتێکی ناسیۆنالیستی نوێ دابمەزرێنێ و زۆربەی خەڵکی عەشیرەتەکان و گوندنشینان و تەنانەت کوردانی شاریشی بەگەڵ دەکەوێ ، جگە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی کرێکاری کورد کە لە پیشەسازی نەوتی کەرکوکدا کاریان دەکرد.

لەدیسەمبەری 1961دا، بە هۆی ئەو کوێرەوەری و زیانە قورسەی کە لە ئاکامی بۆردومانی دڕندانەی ناوچە کورد نشینەکاندا پەیدا ببوو، ئاشکرا بوو کە چیتر پارتی دیموکرات ناتوانێت وتووێژی بێ سەمەر لەگەڵ حکومەتی عێراق و پارتە چەپڕەوەکاندا درێژە پێبدات، بەمجۆرە ئیبراهیم ئەحمەد و هەموو سەرانی دیکەی پارتی بە شێوەیەکی نهێنی بەغدایان بەجێهێشت و چوونە پاڵ یاخیبووەکانی کوردستانەوە. ئەم هەڵاتنە توانای ئەوەی بە یاخیبووەکان بەخشی کە ڕەوشێکی ئیداری تۆکمە بە چالاکییەکانی خۆیان بدەن. لە سەرتاسەری ئەو ناوچانە دا فەرماندیی و لقی پێشمەرگەی پارتی دامەزرا و دەستکرا بە چالاکی ڕاگەیاندن و پەروەردەیی حیزبی لە پێناو پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی توانای سیاسی و جەنگیدا. لەهەمان کاتدا بە مەبەستی دوورخستنەوەی بەدگومانی سەرۆك عەشیرەتەکان خۆیان لەهەر شێوە پڕوپاگەندەیەکی سۆسیالیستی وریفۆرمە کشتوکاڵییەکان لائەدا، ئەم جۆرە کێشانەیان سپارد بە قۆناغی کۆتایی شەڕو سەرکەوتنی یەکجارەکی، کە

لە ڕیفراندۆمی گشتی گەلی کوردا یەکلایی بکرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن پێنج کەسەوە بەڕێوە دەبرا کە هەرکام لەوان لێپرسراویی ناوەندێکیان لەئەستۆدا بوو، هەر یەکەو وەك وەزارەتێك لەبەرامبەر چالاکییەکانی خۆیدا بەرپرسیاربوو، ئیبراهیم ئەحمەدیش سکرتێری گشتی پارتیو چاودێری ڕێکخستنی ناوخۆی پارتییەو لە پاش مەلا مستەفا بەکەسی دووەمی پارتی دادەنرێ. دەکرێ بڵێین مەلا مستەفا چالاکترین فەرماندەی لەشکری شۆڕشی کوردە، بەڵام لە کاروباری ڕێکخستندا، توانای ئیبراهیم ئەحمەدی نییە . ئەرکو دەسەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد وەك ئەرك و دەسەڵاتی فراوانی سەرۆك وەزیری وایە. پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بە پارتێکی (مارکسیست-لینینیست) دەزانێ، بەڵام بە ئاشکرا ئەم دروشمە بەکارناهێنێت، هەرچەندە حیزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژگاری قاسمدا وەك پارتێکی بۆرژوازی ڕەخنەی لە پارتی دەگرت، بەڵام لە پاش ڕوخانی قاسم وهاتنە سەرکاری بەعسیەکانەوە لە هەشتی شوبات دا پەیوەندی ئەوان بە پارتییەوە ڕووی لە گەرمی و پتەویی نا . مەلا مستەفا بارزانی بە هۆی کارنامەی ڕابردووی خزمەتی خۆیەوە بە شۆڕشی کوردان بۆتە ڕابەری ئێستای ئەم خەباتە. تێکۆشانی ناوبراو لە دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق و بەریتانیا لە ساڵی 1945دا، بەشداری چالاکانەی لە ڕووداوەکانی کۆماری مەهاباد و لە ڕاپەڕینی دژ بە ئێران و یازدە ساڵ ئاوارەبوونی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ئەوی کردووە بە قارەمانی نیشتمانیو نەتەوەیی کورد.

ڕوناکبیرانی کورد، بارزانی (وێڕای یانزە ساڵ نیشتەجێبوونی لە یەکێتی سۆڤیەتدا) بە پیاوێکی دیکتاتۆرو تەنانەت کۆنەپەرستیش ناو دەبەن. وەك ئەندامانی حیزبی هیوا لە ساڵەکانی 1944–1945دا، ناوبراو بەوە تاوانبار دەکەن کەلە حاڵەتی وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیدا، توانای ڕێکخستنی کاروباری

پارتی و ئامادەکردنی بەرنامە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی نابێ، لە لایەکی دیکەوە سەرۆک عەشیرەتەکانیش بارزانی بە توندڕەوتر لە وە دەزانن کە وەك فەرماندەی خۆیان پەسەندی بکەن. بەڵام هەرچۆنێك بێ لە بەرئەوەی ئەمێستا هیچ کەسێك بەکردەوە ڕابردوو وئەزمون و چاوقایمی ئەوی نی یە، هەمووان دان بەڕابەری ئەودا دەنێن. سەرباری ئەوەی کە ئەندامانی پارتیش دیدو بۆ چوونی باشیان سەبارەت بەناوبراو نی یە، بەڵام هەنوکە پێکەوە لە دژی دوژمنی هاوبەشیان، واتە دەوڵەتی عێراق خەبات دەکەن.

لە ماوەی شەڕی دژ بە قاسمدا، مەلا مستەفا دووجۆر هێزی چەکداری دامەزراند، هێزی پشتیوانی ناڕێکخراوی عەشیرەتی کە بەشێوەیەکی لە ناکاو لە شوێنێکدا کۆدەبونەوە و بنکە و هێزی دەوڵەتییان دەخستە بەر شاڵاو و پەلاماردانەوە، لە پاش شەڕ دەگەڕانەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان کە بریتی بوو لە شوانکارەیی وکشتوکاڵ. لەم کاتەدا چەکەکانی خۆیان لە حەشارگەیەکی بێترسدا قایم دەکرد. ئەمە هەمان ئەوڕەوشە بوو کە بارزانییەکان و هەموو عەشیرەتەکانی دیکە لە شەڕەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا لە دژی تورکەکان سوودیان لێوەردەگرت. لەبەر ئەوەی لەم ناوچەیەدا هەمیشە ئەو هێزە خێڵەکییە لە دەستڕەسدا نەبوو کە لە شوێن و کاتی لەناکاودا سوودی لێوەربگیرێ و، بۆ ئەوەی جارێکی تر چارەنووسی کۆماری مەهاباد دووبارە نەبێتەوە. پارتی داوای لە مەلا مستەفا کرد کە هێزێکی ڕێکخراوی تۆکمە دابمەزرێنێت.

هەرچەند هێڵی پێشەوەی بەرە هیچ کات بە شێوەی نەگۆڕ لەیەك شوێندا نەدەچەسپا ، چونکە پێشمەرگەی کورد، هێزو توانای ئەوەیان نەبوو، هێزێکی گەورە لە یەك شوێنی دیاری کراودا جێگیر بکەن تا وەك قەڵا وبەربەست سوودی لێوەربگیرێ. چیا بەرزەکان و کوێستانە دوور دەستەکانی باکور پەناگەی بێخەم بوون بۆ کشانەوە و خۆ ئامادە کردن بۆ زەبروەشاندنی دواتر.

هێزی هەمیشەیی کورد بە (لەشکری شۆڕشی کورد) وسەربازەکانیشی بە (پێشمەرگە) ناودەبران. پۆشاکی بەریان بریتی‌یە لە رانك و چۆغەی ئاسایی کوردی بە ڕەنگی خاکی وجامانەو بچوکترین یەکەی چەکداریشیان مەفرەزە، پەل‌و، سەرپەلە (واتە یەك گوردانە)، کە 150 تا 200 چەکدار لە خۆ دەگرێ. چەکەکانیشیان لە برنەو، پێنج تیری کۆنی عوسمانی، تفەنگی ئینگلیزی، روسی، ڕەشاشی سوك وقورس، بڕێك هاوەن وقازیفەو چەند تۆپی چیایی و نارنجۆك پێکدێ. زۆربەی ئەم چەکانە لە شەڕدا دەستی بەسەردا گیراوە.

مەلا مستەفا لە ڕێگای ئەم هێزەوە کە ژمارەی لە سنووری دە یا دوانزە هەزار چەکداردایە، توانی چەندین شکستی سەخت لەسەردەمی قاسمدا بەسەر سوپای عێراقدا بێنێت.

ئەو کوردانەی سەربەدەوڵەتی عێراقن ولەدژی مەلا مستەفا دەجەنگن تاڕادەیەك هەمان ئەو کەسانەن کە لە ڕۆژی هەوەڵەوە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا لە ڕکەبەری و دوژمنایەتیدا بوون.

هەرچەند ژمارەیەك لە وان بەهۆی هەستی نەتەوەییەوە ، یا لە ترسی ئەوەی کە گوندەکانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر ، ئامادەی هاوکاری کردن بوون لەگەڵ شۆڕشدا . ئەو عەشیرەتانەی کەلەشەڕەکانی ساڵی 1961دا هاوکاری دەوڵەتی عێراقیان کرد بریتی بوون لە : عەشیرەتی لۆلان بەسەرۆکایەتی شێخ رەشید، عەشیرەتی هەرکی بە سەرۆکایەتی فەتاح بەگ، عەشیرەتی برادۆست بە سەرۆکایەتی مەحمود خەلیفە، زێباری، ڕێکانی‌و، بەرادی بوون.

لە پاش شکستی سوپای عێراق لە ساڵی 1962دا، ئەم عەشیرەتانەش تێکشکان و ڕوەو ئێران وتورکیا هەڵاتن، بەڵام لە پاش ماوەیەك لە ئاکامی ناوبژیوانی (شێخ ئەحمەد)دا ، قاسم و مەلا مستەفا ڕێگەیان پێدان بگەڕێنەوە بۆ عێراق و لە دەووروبەری هەولێر دا نیشتەجێ بکرێن. قاسم بەڵێنی دا لە

شەڕی دژ بە کورد سوودیان لێوەرنەگریّ و مەلا مستەفاش بەڵێنی دا ئەوان بە هاتنە نێو ڕیزی لەشکری کوردەوە ناچارنەکات، لە هەمان کاتیشدا مافی ئەوەیان نەبێت کە دوو بارە بگەڕێنەوە بۆ شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان.

قاسم کە هاوکات، هەم لەلایەن شیوعییەکانەوە و هەم لە لایەن ناسرییەکانەوە کەوتبووە ژێر فشارەوە، وای بە باشزانی کە بۆ پاراستنی نفوز ولایەنگری خۆی سوود لە سیاسەتی دژ بە ئیمپریالیستی وەربگریّ، بۆ ئەم مەبەستەش مەسەلەی (کوێت)ی وروژاند کە لەسەردەمی (مەلیک غازی)یەوە لە عێراق جیاببۆوە. ئەم کێشەیە پێویستی بە جێگیرکردنی هێزێکی زۆر هەبوو لەبەسرە دا. کە ئەم کارەش ڕێی لە جێگیر کردنی هێزێکی گەورەی سوپا لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەگرت. کاتێك لەم هەلومەرجەدا، ستونێك لە سوپای عێراق توانی لە کوێستانەکانی کوردستاندا پێشڕەوی بکات، رادیۆو ڕۆژنامەکانی بەغدا هەراو زەنایەکی گەورەیان بەرپاکردو هەواڵی تێکشکانی شۆڕشی کورد و داگیر کردنی ناوچەی بارزانیان بڵاوکردەوە.

بەڵام هێزی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ چیاکانی دەوروبەری ئەو ناوچانەیان داگیر کردو گەمارۆی هێزی دەوڵەتیان دا، تەنانەت ڕێگای کشانەوەشیان لێگرتن. بەمجۆرە ئەو لەشکرە کەوتە گەمارۆوە وتەنانەت بۆ ماوەیەك لە ڕێگای فڕۆکەوە ئازوقەو پێویستیەکانی دیکەی خۆیان وەردەگرت. سەرەنجام لە پاش زیان لێکەوتنێکی قورس توانییان بەرەو پێگەی یەکەمجاری خۆیان بکشێنەوە.

ئەم شەڕە پەرت و بڵاوانە تاڕوخانی ڕژێمی قاسم لە شوباتی 1963دا درێژەی کێشا، کە حکومەتی نوێی عەبدولسەلام عارف هاتە سەرکار، هەلومەرج ڕوو لە گۆڕان بوو، پێشبینی ئەوە دەکرا بە هۆی پەیوەندی دۆستانەی حکومەتی نوێوە لەگەڵ ڕژێمی میسردا، دەوڵەتی نوێی عێراق ئامادە بێ بۆ وتووێژکردن لەمەڕ بەخشینی ئۆتۆنۆمییەوە بە کوردەکان.

بە ناوبژیوانی شێخ ئەحمەد، پەیوەندی لە نێوان ژەنراڵ بارزانی و حکومەتی عێراقدا بەدیهات، وەفدێکی نوێنەرایەتی کورد بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی بەمەبەستی وتووێژکردن چووە بەغدا. ئەم وتووێژانە دەپێشدا بە باشی بەرێوە دەچوو، بەڵام هاوکات لەگەڵ ڕوودانی کودەتای بەعس لەسوریاداو، هاتنە کایەی ئەگەری دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبدا. دەوڵەت وردە وردە بە بەهانە هێنانەوەی جیاواز، نەچووە ژێر باری بەڵێنەکانی و ئۆتۆنۆمی بەسەرەتایەك بۆ جیابوونەوە ناوبرد.

بەمجۆرە وتووێژ ڕووی لە تەنگەژە و ناکامی کرد وچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیان بەدامەزراندنیکۆماری یەکگرتووی عەرەبی سپارد.

ئەو کات دەوڵەتی عێراق ڕایگەیاند کە دەبێ شیوعییەکان، کە لایەنگری قاسمو نەیاری کۆماری یەکگرتووی عەرەب بوون، لەڕەگوڕیشەوە هەڵبکێشرێن. شۆڕشی کوردی ئاگادار کردەوە داڵدەی شیوعییەکان نەدەن لە نێو خۆیاندا. لەپاش ئەوە دەوڵەتی عێراق ئەوگوندو بارەگایانەی بۆردومان کرد کە بە پەناگەی شیوعییەکان ناودەبران، کوردەکان لەم بارەوە ڕەوشێکی بێلایەنانەیان لە پێش گرت، کەچەند هەفتەیەك لەوەوپێش، لە دژی دوژمنی هاوبەشی خۆیان، هاوکاری یەکدییان دەکرد.

کاتێك وتووێژ بە بن بەست گەشت و وەڵامێك بە خواستەکانی کورد نەدرایەوە، فەرمان بە جەلال تاڵەبانی درا بچێتە قاهیرە و مەسەلەکە لەگەڵ عەبدولناسر دا تاوتوێ بکات، کە هەمیشە بە سەرزارەکی سەبارەت بەم مەسەلەیە هاوسۆزی پیشان دابوو. ڕادیۆی قاهیرەش هەمیشە عەبدولکەریم قاسمی بە هۆی دژایەتی کردنی خواستەکانی کوردەوە سەرزەنشت دەکرد.

لە قاهیرەدا، عەبدولناسر بە خۆی هاوسۆزی بەرامبەر بە مەسەلەی کوردپیشان دا، بەڵام خۆی پابەست بە چارەسەری ئەم کێشەیە نەزانی، تەنها ئەوەی بە بیری جەلال تاڵەبانی هێنایەوە کە هەر جۆرە بیروباوەڕێکی جودا

خوازی لەسەر دەرکەن و لە هەمان کاتدا بەڵێنی دا کە لەم بارەوە داواکاری پێویست بدات بە عەبدولسەلام عارف. بەمجۆرە بەکردەوە وەڵامێکی شیاو بە داخوازی جەلال تاڵەبانی نەدرایەوە، عەبدولناسر داوای لێکردن تا دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دوابخەن و بەحەوسەڵەبن. دەنگ وئاوازی ڕادیۆی (صوت العرب)یش گۆڕاو ئیدی وەك سەردەمی قاسم، کوردەکانی بۆ شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هان نەئەدا. تاڵەبانی گەڕایەوە بەغدا و باس و خواسی وتوویژەکانی بۆ مەلا مستەفاو پارتی دیموکرات گوزارشت کرد.

بەڵام کوردەکان ورەیان بەرنەدا، هەرچەند تاڕادەیەك نائومێد ببوون، بەڵام گڕوتینی خۆیان لەدەست نەدابوو، لەهەمان کاتیشدا وتوویژ لە نێوان پارتی‌و دەوڵەتی عێراقدا بەردەوام بوو.

دەوڵەتی عێراق ئامادەبوو ئەو مافانە بۆ کورد بسەلمێنێت کە وەختی خۆی نوری سەعید بەڵێنی پێدابوون، وەك بەرەسمی ناسینی زمانی کوردی‌و، خوێندنی لە قوتابخانە و زانکۆ وخوێندنگا باڵاکانداو، بەکارهێنانی کارمەندانی کورد لە فەرمانگەکانی ناوچە کورد نشینەکاندا وچەند مافێکی دی، بەڵام ئەم وتوویژانە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی پێداگرتنی کوردەکانەوە لەسەر هەبوونی هێزی چەکداری سەر بە خۆیان وتەرخانکردنی 50٪ی داهاتی نەوتەوە، ڕوو بەڕووی شکست بۆوە، چونکە لێیان سوور بوو لە کاتێکدا کوردەکان مافی هەبوونی سوپای سەربەخۆ و وەرگرتنی تەنانەت 30٪ی داهاتی نەوتیان هەبێت، لە پاش ماوەیەکی کەم ئامادەگی درێژەدان بە وابەستەگییان لەگەڵ عێراقدا نابێ. لەم کاتەدا کوردەکان هێزی خۆیان بە چەکی نوێ، لە ڕێگەی قاچاخەوە یا لە ڕێگەی کوردەکانی نێو سوپاوە کە لەئەنبارەکانی سوپای عێراقدا دەردەهێنران، بەهێز دەکرد.

لەم نێوەدا وڵاتانی سۆشیالیستیش بەهۆی ڕەفتاری دڕندانەی ڕژێمی

بەعسەوە لەگەڵ شیوعییەکاندا، لایەنگرییان لە کورد دەکرد و رادیۆکانیشیان بە تایبەتی رادیۆی مۆسکۆ وئەڵمانیای رۆژهەڵات دەستیان کرد بە هێرش کردنە سەر دەوڵەتی عێراقو، ئەویان بە کوشتنی پێشکەوتنخوازان وکوشتاری خەڵکی مەدەنی وپێشێل کردنی مافی رەوای کورد تاوانبار کرد.

کاتێ پەیوەندی عێراقو کۆماری یەکگرتووی عەرەبی دووبارە رووی لە گرژی و ئاڵۆزی کردەوە، سیاسەتی ناسریش سەبارەت بە کورد گۆڕاو دووبارە کەوتەوە بەلایەنگری کردن لەوان، بەڵام هەرچەند سۆڤیەتەکان بە شێوەیەکی فراوان بەرگرییان لە سەربەخۆیی کورد دەکرد،میسرییەکان تەنها لە رووی بەرژەوەندی سیاسییەوە بایەخیان بەو کێشەیە ئەدا، ناسر لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامە نووسیدا رایگەیاند کە سوودی لە هەموو رێگا چارەیەکی ئاشتیانە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و رێگرتن لە شەڕ وەرگرتووە، بەڵام وەك جەلال تاڵەبانی پێیوتووە، داخوازییەکانی میللەتی کورد شتێك نییە کە نەتوانرێ لە رێگای ئەقڵ وگفتوگۆوە چارەسەر بکرێ.

بەرخودانی گەلی کوردی عێراق لەپێناو ئازادیدا، کاریگەری لە سەر رەوشی سیاسی تورکیاش هەبوو، لەململانێی ناوخۆیی تورکیا دا لە نێوان لایەنگرانی پارتی کۆماری خوازەکانی عیسمەت ئینینۆو پارتی (عەدالەت)ی ژەنرال کورش پالا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کۆنە ئەندامانی پارتی دیموکراتی مەندرسن بوون، پشێویو نائارامی سیاسی ناوخۆیی رژێمی تورکیای لێپەیدا بوو، کە بووە ساندانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ناوچەی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا تا لە پێناو بەرگری کردن لە مافەکانی کوردا راپەڕن، بەڵام تورکەکان سەرباری سەرجەم ناکۆکیەکانی نێو خۆیان، بەخێرایی لە مەسەلەکەوە ئاگاهاتن و رابەرانی رابوونەکەیان دەستگیرو دادگاییو زیندانی کرد. سنوورەکانی عێراق وتورکیاش بە خێرایی خرانە ژێر چاودێرییەکی تۆکمەوە.

هێشتا تورکەکان بیرەوەری شۆڕشی سالانی 1925و 1931 و1937ی

کوردەکانیان فەرامۆش نەکردبوو، نەیاندەویست دووبارە بزاڤێك لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی هاوسنووری یەکێتی سۆڤیەت وئێران وتورکیا دا گێرمەو کێشەیان بۆ بنێتەوە، کە دەوڵەتی سۆڤیەت بەو پەڕی تاسەوە چاوەڕوانی سەرهەڵدانی کارێکی بەوجۆرە بوو.

دیارە هەم پارتی دیموکرات و هەم دەوڵەتی عێراق لە وتووێژەکانی نێوانیاندا چاودێری لایەنی دووربینی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد. کوردەکان پێیان لەسەر هێنانەدی گشت داخوازییەکانی خۆیان داگرت و عێراقییەکانیش ئامادەبوون ئەو مافانەیان پێبدەن کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان نەخاتە مەترسییەوە. سەرەنجام وتووێژ بەشکست کۆتایی هات، تاڵەبانی و هەموو هاوڕێیانی دیکەی بەغدایان بەجێهێشت، بەمجۆرە پەیوەندی لە نێوانیاندا پچڕا، ئۆلتیماتۆمی دەوڵەت بە مەلا مستەفا ڕەتکرایەوەو، پێدەچوو شەڕێکی نوێ بەڕێوەبێ.

لەمانگی حوزەیراندا، دەوڵەتی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و یاخیبووانی کوردی تاوانبارکرد کە جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان نامومکینە، هەروەها ماوەیەکی دیاری کرد تا یاخیبووەکان خۆیان بدەن بەدەست هێزەکانی دەوڵەتەوەو بڕیاری بەخشین ولێبوردن بیانگرێتەوە و دووبارە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئیشوکاری خۆیان. لە پاش سێ ڕۆژ دووبارە مۆڵەتی ئەم ماوەیە نوێ کرایەوەو تەنانەت چەندین هەفتە درێژەی کێشا، بەڵام کارمەندانی دەوڵەت وسەربازانی هەڵاتووی سوپا نەگەڕانەوە سەرکاری خۆیان، کوردەکانیش چەکیان دانەنا، پاشان دەوڵەت ڕایگەیاند کە لەشکرکێشی دەکاتە سەر یاخیبووەکان وبێ هیچ بەخشین و لێبوردنێك لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تەفروتونایان دەکات.

دەوڵەتی نوێی عێراق دەستی لە پڕوپاگەندەکانی ڕابردووی سەبارەت بە داگیر کردنی کوێت هەڵگرت و هێزە جێگیرەکانی لە بەسرەوە بەرەو باکور

گواستەوە، بە شێوەیەکی هاوکات لەشکرکێشی لە دژی کوردەکان لەلایەن سێ لەشکری جێگیری ئامێدی و ئاکرێو رانیەوە دەستپێکرد و یەکە سوپاییەکانی دیکەش لە ناوچەکانی رانیە، کۆیە، قەڵادزێ، چوارتا، سلێمانی و ناوچەی خانەقینەوە هێرشێکی فراوانیان لە دژی کوردەکان دەستپێکرد. ئەم هێرشانە لەژێر سایەی بۆردومانی هێزی هەوایی بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون بەڕێوە دەچوو. نزیک بەدوو لەسێی سوپای عێراق لەم لەشکرکێشییەدا بەشدار بوون، پێشڕەوی لە نێو چیاو کێوەکاندا بە هێوری بەڕێوە دەچوو، لە پێکڕای ئەو ناوچانەدا، بنکەو ڕەبایە دادەنرا تا لە کاتی گەمارۆداندا توانای کشانەوەیان هەبێ، شەڕو پێشڕەوی کردن زۆر لەوە هێورتر بوو کە دەوڵەتی عێراق بە نیازبوو. هێزەکانی حکومەت شارو گوندە گەورەکانیان داگیر دەکرد، لە‌کاتێکدا کە چیاکانی دەوروبەریان هەروا لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دا دەمایەوە. ژمارەیەك چەکی دژە هەوایی کەوتە دەست کوردەکانەوە و بەمجۆرە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق نەیانتوانی وەك پێویست خۆیان لە زەوی نزیك بکەنەوە، وێڕای ئەوەش هێزەکانی دەوڵەت بە هۆی فرەیی ژمارەی هێزی سوپاو هێزی هەوایی تەواوەوە توانییان تەنانەت تا سنوری زێبار وبارزان بچنە پێش.

تاکتیکی شەڕی کوردەکان ئەوە بوو کە تا لە تواناداا بێ خۆیان لە مەترسی کەوتنە گەمارۆوە بپارێزن بە هۆی شارەزایی بست بەبستی کوێستان و چیاکانی خۆیانەوە هەمیشە هێزی حکومەتیان دەخستە گەمارۆوە وغافڵگیرییان دەکردن. لە کاتی مەترسیدا گوند وسەنگەرەکانی خۆیان بە جێدەهێشت وئەوانەیان بە موڵکی دوژمن دەزانی، چونکە بە باشی وە ئاگابوون لەوەی کە پێشمەرگە گرنگ وبەنرخە نەك زەوی و پێگەی جوگرافیایی‌و، نابێ هیچ ناوچەیەك بەدەر لە توانای زەوتکردن لەلایەن دەوڵەتەوە بزانرێ، تەنانەت زێبار و بارزانیشیان چۆڵ کرد و بەرەو کوێستان‌و

چیاکانی باکورو باکوری ڕۆژهەڵات کشانەوە.

دەوڵەتی عێراق، لە پاڵ هێزی سوپادا هێزێکی جاشی لە عەشیرەتی کوردی لایەنگر بە خۆی وەك (شەرەفانی، زێبار، برادۆست، لۆلان، بەرانی مەندان)، بەناوی (سوارەی سەلاحەدین)ەوە ڕێکخست، ژمارەی ئەم جاشانە خۆی ئەدا لە چواردە هەزار چەکدار. هەروەها لە عەشایری عەرەبیش هێزێکی بە ناوی سوارەی (خالیدی کوڕی وەلید)(فرسان خالد بن ولید)ەوە چەکدار کرد و ڕەوانەی شەڕی دژ بە کوردەکانی کردن.

لەم کاتەدا حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لەسەر ڕاونان و دەستگیرکردنی شیوعییەکان، سەدان کەسی لێزیندانی وگوللە باران کردن، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە تۆمەتی بەشداربوون لە کوشتاری موسڵی 1959ی ڕاپەڕینی شەوافدا تاوانبار کرابوون. لەم کاتەدا دەوڵەتی سۆڤیەت بەهۆی بۆردومانی ناوچە مەدەنییەکانی کوردەوە یاداشتێکی ناڕەزایی دا بە دەوڵەتی عێراق، هەروەها هوشیاری دا بەهەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا کە خۆیان لەهەر جۆرە دەستێوەردانێك لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا یا کۆمەك کردن بەو دەوڵەتە لە شەڕی دژ بە کوردا بەدووربگرن. دوو دەوڵەتی تورکیا وئێرانیش بە ڕەسمی ئەم پڕوپاگەندەیەیان بە درۆخستەوە وئاماژەیان بەوەکرد کە ئەوان سنورەکانی خۆیان بە ڕووی هەر جۆرە نفوزو دەستێوەردانێکی دەرەکیدا داخستووە.

لەم کاتەدا کوردەکان هەواڵی سەرکەوتنەکانی خۆیان بەسەر سوپای عێراقدا بڵاودەکردەوە، دەنگۆی ئەوەیان دەکرد کە لە تێکشکانی لەشکر کێشیو لەکوشتن و بەدیل گرتنی سەدان سەربازی سوپا و جاشی دەوڵەتدا سەرکەوتوو بوون.

لە ماوەی دوو هەفتەی شەڕدا، (1340)سەربازی سوپایان کوشت و (720) سەربازیشیان لێبەدیل گرتن، لە کاتێکدا کە (20) تانك، (164) ڕەشاش،

(9)چەكی بازوكاو هەزار پارچە چەك كەوتبووە دەست پێشمەرگەوە. كوردەكان دەیانگوت كە لەم هێرش و لەشكركێشییەدا تەنها (134) كوژراو، (273) برینداریان زیان لێكەوتووە، بەڵام سكاڵای ئەوەیان دەكرد كە لەئاكامی بۆردومانی فڕۆكە دا (167)گوند وێران و (634) ئاوارەی شارەكان (1309) ژن و منالْ گیانیان لە دەستداوە.

لە مانگی مایسدا، كۆماری مەنغۆلیا، داوای لە سكرتێری گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كرد كە كێشەی كورد بخاتە خشتەیكارو دانیشتنی ئایندەی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە. بەمجۆرە وڵاتانی سۆشیالیستی دەیانویست خۆیان لەم مەسەلەیەوە بگلێنن.

هەڵوێست و ڕەوشی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەم بارەوە ئاڵۆزتر بوو، لەلایەكەوە بیروڕای گشتی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریكادا پشتیوانییان لە خەباتی گەلی كورد دەكردو ئەوانیان بە گەلێكی مێرخاس و دلێر ناودەبرد، بەرخودانی كوردیان بە ڕەوا دەزانی كە لە ئاكامی كارەسات وڕووداوەكاندا لە نێوان سێ دەوڵەتدا دابەش كرابوون، هەر بەو جۆرەی كە پۆڵەنداش بۆ ماوەی 123ساڵ لە سایەی هەلومەرجێكی بەو جۆرەدا بوو، لە لایەكی دیكەشەوە دەوڵەتانی ئەمریكاو بەریتانیا بە هۆی پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ئێران و توركیادا و بەشداربونیان لە كاری سەربازی هاوبەش و پەیمانی سەنتۆدا، هەوڵیاندا كارێك نەكەن كە ببێتە مایەی نارەزایی ئەوان، كاتێك سۆڤیەت ناردنی چەكی بۆ عێراق ڕاگرت، بەریتانیا وەك سەردەمی پێش شۆڕشی 1958 ناردنی چەكی بۆ عێراق دەستپێكردەوە، هەروەها ئەمریكاییەكانیش ئەو كارەیان كرد. بەمجۆرە یەكێتی سۆڤیەت، ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوای بە بەشداری كردن لە كوشتاری گەلی كوردو دامركاندنەوەی خەباتی ئەوان لە پێناوی ئازادیدا، تاوانباركرد.

ماوەی ئەو مۆڵەتەی كە دەوڵەت دیاری كردبوو بۆ تەسلیم بوونەوەی

یاخیبووان تێپەڕی و جەنگاوەرانی کورد ئامادەی خۆبەدەستەوەدان نەبوون، دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕشی کورد بەمەبەستی بەهێزکردنی وورەی خەڵکی، ڕایگەیاند کە نە تەنها کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵکو چین و ئیسرائیلو ئەمریکا وتەنانەت کۆماری یەکگرتووی عەرەبیش (میسر) لە شەڕدا یارمەتییان داون، ئەم پڕوپاگەندەیە نەتەنها لە عێراقدا بەڵکو لە نێو کوردەکانی ئێران و تورکیاشدا بەشادییەوە پێشوازی لێکرا.

چەند ڕۆژێك بەر لە دانیشتنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەزارەتی دەرەوەی مەنغۆلیا، سکالانامەکەی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتەوە، ئەم کارە بووە هۆی نائومێدیو نارەزایی توندی کوردەکان، چونکە مەنغۆلیا بە شێوەیەکی لێبڕاوانە پەیڕەوی لە سیاسەتی سۆڤیەت دەکرد، بێگومان ئەم کارەشی بەرژەمەندی ئەو دەوڵەتە بوو. وەك ئاشکرایە، یەکێتی سۆڤیەت ئامادەنەبوو لە پێناو کوردەکاندا ولاتانی عەرەب لە خۆی بکات.

جەمال عەبدولناسریش ڕایگەیاند کە ئەو لەگەڵ پێدانی هەندێك ماف و ئیمتیازە بە کوردەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەرامبەر هەر جۆرە هەوڵێکی جوداخوازیدا بە توندی بەرهەڵستی دەکات.

کاردانەوە و وەڵامی مەلا مستەفا سەبارەت بەم لێدوان وهەڵوێستانە، نیشانەی سەرکەشی میللی ئەم ڕۆڵە چیانشینە بوو کە ڕایگەیاند (ئێمە ناخوازین مافی خۆمان لە ڕێگای وتووێژ کردنی نێو ژووره دەرگا داخراوەکانەوە بە دەستبێنین،بەڵکو بە جەنگ وسەرکەوتنی یەك لە دوای یەك ، بە هۆی چەکەکانی خۆمانەوە مافی خۆمان بە دەستدێنین).

پاشان مەلا مستەفا بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە هێرشی کردە سەر کوردە خائین و جاشەکان وئەوانی لە خاکی عێراقەوە بەرەو تورکیا هەڵبڕی، دەوڵەتی تورکیاش لەوێدا چەکی کردن و بۆ ناوچە ناوخۆییەکانی

گواستنەوە، بەمجۆرە بەشێكی گەورە لە هێزی عێراق لە مەیدانی شەڕ دەرپەڕێندرا.

شەڕ درێژەی كێشا، لە پاش یەكێتی نێوان عێراق و سوریاش پێنج هەزار سەرباز لە سوپای سوریا هاتن بە هانای سوپای عێراقەوە لەژێر یەك فەرماندەیی هاوبەشدا كە لە بەغدادا پێكهاتبوو لە لەشكر كێشی دژ بە كوردەكاندا بەشدارییان كرد.

لە 18 ی نۆڤەمبەری 1963دا حكومەتی بەعس ڕوخا[78] و عەبدولسەلام عارف بووە تاكە فەرمانڕەوای عێراق، لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆوە دژایەتی كردنی شیوعییەكان لە عێراقدا بەردەوام بوو، بەڵام سیاسەتێكی هاوكۆكی ڕژێمی میسری لە پێش گرت، سوپای سوریاش بە ناچار عێراقیان بەجێ هێشت.

بە ماوەیەكی كورت بەدوای ئەوەدا، لە سەرداوای (جەمال عەبدولناسر) و (ئەحمەدبن بلا) سەرۆك وەزیری جەزائیر دا، دەوڵەتی عێراق ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژكردن وبەڕەسمی ناسینی مافی ڕەوای گەلی كورد ڕاگەیاند.

وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی دوو لایەندا (سالح یوسفی- نوێنەری كورد)و (ژەنراڵ -عەبدولڕەزاق مەحمود- پارێزگاری سلێمانی) دا دەستپێكرد و ئاگر بەستیشیان ڕاگەیاند. ئەم وتووێژە لە بەرواری 10ی شوباتی 1964دا كۆتایی هات.

عێراقییەكان هێڵی گەمارۆدانی كوردستانیان لابرد، هەروەها دیلەكانی

---

[78] -لە پاش كودەتای 8ی شوباتی 1963، (ئەحمەد حەسن بەكر) ئەندامی سەركردایەتی حیزبی بەعس، كەیەكێ بوو لە بەشدرانی كودەتاكە بووە سەرۆك وەزیری عێراق، لە 18ی نۆڤەمبەری 1963دا عەبدولسەلام عارف بەعسییەكانی لە دەسەڵات دوور خستەوە لە ساڵی 1965دا ئەحمەد حەسەن بەكرو زۆر لە ئەندامانی حیزبی بەعسی خستە زیندانەوە. (و)

هەردوولاش ئازاد کران، ئەو کەسانەش کە بە تاوانی بەشداری کردن لە شۆڕشدا یا کۆمەك کردن بە کوردەکاندا گیرابوون ئازادکران. هەروەها دەوڵەتی عێراق ڕایگەیاند هێزی چەکداریی جاشەکانیش هەڵدەوەشێنێتەوە، لە لایەکی دیکەوە کوردەکانیش مۆڵەتی ئازادی هاتوچۆکردنی سەربازانی سوپای عێراقو گەیاندنی ئازوقەیان پێدان. هەر لەم کاتەدا دەوڵەتی عێراق ئامادەیی خۆی بۆ ئەوە ڕاگەیاند کە مافی (لامەرکەزی ئیداری) بە کوردەکان ئەدات.

هەواڵی ئاگر بەست بە شادییەوە لە ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراقدا، بە تایبەتی لە لایەن خەڵکی موسڵ وبەغداوە، پێشوازی لێکرا. هەرچەند کوردەکانیش بەرامبەر بە ڕاگرتنی بۆردومان و وەستانی شەڕو پشێوی ئاسوودە بوون. بەڵام گەلەك بە وریاییەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی ئایندەیان دەکرد ، چونکە تا ئەو کات هیچ مافێك لە بارەی ئۆتۆنۆمی کوردەکانەوە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە نەسەلمێندرا بوو، هەرچەند دەوڵەت بەڵێنی جێبەجێکردنی چەندین بەرنامەی فراوانی ئابوری لەسەرتاسەری عێراقدا دابوو، کە بەشێکی زۆری ئەو بەرنامانە بۆ ناوچە کوردنشینەکان تەرخان کرابوون ، وەك نوێکردنەوەی دامودەزگاو بینای شارەکان و ئەو گوندانەی کە لە ئاکامی بۆردوماندا وێران کرابوون، نوێ سازی شەقامەکانو قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکانو، چەند پرۆژەیەکی دی، هێندەی نەخایاند لابردنی دادگاسەربازیەکانیش ڕاگەیەندرا.

وەك پێشتر لێیدواین ، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات هیچ کات پەیوەندییەکی ڕێك وپتەویان لەگەڵ مەلا مستەفادا نەبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ، ناچار بوون کە بۆ حاڵی حازر بارزانی وەك تاکە ڕابەری شەڕی کوردایەتی وتەنها کەسایەتییەك کە جێی متمانەی سەرۆك عەشیرەتەکان بێ بۆ بەشدار بوونیان لەو شەڕەدا پەسەندبکەن . لەم کاتەدا کە بارزانی بە تەنیایی ئاگر بەستی قبوڵکردبوو، سەرکردایەتی دیکەی شۆڕش ڕەزامەندییان لەسەر ئەو

ئاگر بەستە نەبوو، ئەم كارە متمانەی نێوان بارزانیو مەكتەبی سیاسی بەرەو قەیران برد، ئەندامانی مەكتەبی سیاسی ئاگاداركرنەوەیەكیان بۆ مەلا مستەفا نارد و داوای دەست هەڵگرتن لە ئاگر بەست و درێژەدان بە شەڕ تاچۆك دادان بە دەوڵەتی عێراقیان لێكرد، هەروەها وەبیریشیان هێنابۆوە كە دەوڵەتی عێراق بەو نیازە ئاگر بەستی ڕاگەیاندووە كە سەر لەنوێ خۆی بۆ لەشكر كێشییەكی دیكە سازوئامادە بكات.

پەراوێزی ئەم ئاگاداركردنەوەیە ئیمزای هەریەك لەم ناوانەی سەركردایەتی پارتی پێوە بوو: ئیبراهیم ئەحمەد (سكرتێری گشتی پارتی)، جەلال تاڵەبانی (ئەندامی مەكتەبی سیاسی ونوێنەری تایبەتی پارتی)، عومەر دەبابە، حیلمی عەلی شەریف، سەرهەنگ نوری ئەحمەد تەها، جەمیل بەگ، عەلی عەسكەریو، مێجەر ئیسماعیل.

مەلا مستەفا وەك فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان خۆی چاكتر لەهەر كەسێك شارەزا بە هەلو مەرج وتەگبیر و ڕادەربڕین لەو مەسەلەیەدا دەزانی. ئەو پێی وابوو كە چیتر لە مە زیاتر شەڕكردن لە تواناذا نی‌یە، سەرجەم ناوچە كوردنشینەكان لە ئاكامی بۆردوماندا وێران بوون، كێڵگە ولەوەڕگاو خەلەو خەرمانی گوندنشینان وگشت ئەو ئامڕازانەی كە بۆ درێژەدان بە شۆڕش پێویستن لە ناو چوو بوون ، خەڵكی بڕستیان لێبڕابوو، لێشاوی ئاوارەكانیش كێشەیەكی گەورە تربوو، گەورەترین مەترسیش لاواز بوونی ورەی خەڵكی بوو كە یەكێك لە هۆكانی پشتگیری نەكردنی كۆماری یەككرتووی عەرەبی بوو لێیان.

لە مایسی 1964دا، جەلال تاڵەبانی وسەروان عەقراوی بەنوێنەری پارتی ومەلا مستەفا، بەمەبەستی كۆبوونەوە لەگەڵ جەمال عەبدولناسر دا، سەردانی قاهیرەیان كرد، تا بەڵكو لایەنگری ئەو سەبارەت بە قبوڵكردنی داخوازییەكانی خۆیان بەدەست بێنن و پاشان بە سەر دەوڵەتی عێراق دا بیسەپێنن . بەلام

ناوبراو وەڵامێکی ڕاشکاوی پێنەدانەوە، جگە لەوەی کە تێدەکۆشێ وداوا لە عەبدولسەلام عارف دەکات کە بەلێکحاڵیبوونێکی زیاترەوە لەگەڵ ئەواندا ڕەفتار بکات.

زۆر ئەستەمە بڵێین ئەندامانی (مەکتەبی سیاسی) پارتی بە ئاگانە بوون لە پەککەوتنی توانای درێژەدان بە شەڕ (بەسەرنجدان لەو کێشانەی کە لە سەرەوەدا باسکرا)، بەڵام بەدڵنیاییی دەکرێ ببێژین کە ئەوان بە دوای بەهانەو هەلێکدا دەگەڕان تا لە دەست مەلا مستەفا ڕزگاریان بێ و، وەك خائین لەبەر چاوی گەلی کوردی بخەن، بەو تۆمەتەی کە بۆتە ئامرازی دەستی دەوڵەتی عێراق، تا لە پاش ڕزگار بوونیان لە بارزانی بە خۆیان دەست بە وتووێژبکەن لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا .

مەلا مستەفا بە ئاگابوو لەوەی کە زۆربەی هەرەزۆری چەکداری عەشیرەتە یاخیبووەکان – کەنزیك بە نۆ لەدەی هێزی پێشمەرگەو لەشکری شۆرشیان پێکدەهێنا – لایەنگری لێدەکەن، دەقی ئاگادارکردنەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی نارد بۆ عەبدولسەلام عارف. لە پاش ئەوە عارف بەڵێنی دا کە لە ماوەی دوو سێ مانگدا داخوازییەکانی میللەتی کورد جێبەجێبکات ، ڕاشیگەیاند لە حاڵێکدا کە سەرانی پارتی دەست بدەنە شەڕو کاری ڕکەبەری لە دژی مەلا مستەفا، سوپای عێراق کۆمەك بە ناوبراو دەکات لەسەرکوتکردنی نەیارەکانیدا.

مەکتەبی سیاسی پارتی کە بارەگاکەی لە (ماوەت)ی نزیکی چوارتا لە باکوری ڕۆژئاوای سلێمانیدا بوو، دەستیکرد بە پڕوپاگەندەیەکی توند لە دژی مەلا مستەفاو ئەوی خائین بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ناوبرد.

لەم کاتەدا جەلال تاڵەبانیش کە لە فەڕەنسادا بوو بە فڕۆکەی پەیامنێرانی

فەڕەنسی هاوڕێی ژەنراڵ (دیگۆل)[79] هاتە تاران و، لەگەڵ چەندین کەسایەتیدا دیدارو کۆبوونەوەی سازکردو پاشان گەڕایەوە عێراق.

مەلا مستەفاش سوودی لەم هەلە وەرگرت و ڕایگەیاند ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خزاونەتە باوەشی سەنتۆوەو، دەیانەوێ شۆڕشی کورد بخەنە خزمەت ئەربابانی ئەو پەیمانەوە.

جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی، مەلا مستەفای ناچار کرد تا لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرۆك عەشیرەتەکاندا، کە هەڵسوکەوتی بێلایەنانەو تەنانەت دۆستانەشیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هەبوو، بسازێ وئەوان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ خۆیدا هان بدات، کە لەنێو ئەوانەدا ناوهێنانی شێخ لەتیفی حەفیدی کوڕی شێخ مەحمودو، محەمەد ڕەشید قادرخانی و سەرۆك عەشیرەتەکانی پشدەری پێویستە.

لە تەموزدا، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ ژەنراڵ تایەر یەحیای سەرۆك وەزیری عێراق و ژەنراڵ عەبدولڕەحمان عارفی برای سەرۆك کۆمار کە بۆ دیداری مەلا مستەفا هاتبوونە ڕانیە، مەلا مستەفا داوای لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کرد کە لە ماوەتدا کۆببنەوە تاچەك دابنێن وملکەچی فەرمانەکانی ئەوبن.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەرپێچییان کرد، لە ئاکامدا مەلا مستەفا فەرمانی بە لوقمانی کوڕی دا کە لە گەڵ 2000چەکداری بارزانی و 500چەکداری عەشیرەتی پشدەریدا بە سەرۆکایەتی ئەنوەری کوڕی محەمەد ڕەشیدا، بەرەو ماوەت پێشڕەوی بکەن. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کە لە وێدا لەگەڵ 630 چەکداری لایەنگر بە خۆیاندا توانای بەرگری کردن لە

---

[79] -ژەنراڵ دیگۆل (1890-1970) گەورە پیاوی دەوڵەتی فەڕەنسا، سەرکردەی بەرگری‌و خەباتی دژ بە ئەڵمانیای نازی بوو لە کاتی داگیرکردنی فەڕەنسا دا (1940-1944)، سەرۆك کۆماری فەڕەنسا بوو لە نێوان ساڵانی (1959-1969)دا. (و)

خۆیان نەبوو ، لـەزێی بچووك پەڕینـەوەو لـە نزیکـی سەردەشـتدا ئـاودیووی ئێران بـوون، ئـەوان ڕێگـەیان بـە کاربەدەسـتانی ئـێران نـەدا کـە چەکـەکانیان لێبسێنن، پێیان گوتن کە هێندە نامێننەوە و دەگەڕێنەوە بۆ عێراق.

ئیبراهیم ئەحمەد هاتە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هاوڕێیانی خۆیـاندا لـە (دۆڵـی کـانی) نزیـك سەردەشـت و 12 میلـی سنووری عێراقدا مانەوە.

شێخ ئەحمـەدی براگەورەی مـەلا مستەفا هـەوڵیدا لـە نێـوان پـارتی و مـەلا مستەفا دا ناوبژیوانی بکات و ئەوان پێکەوە ئاشت بکاتەوە، بەڵام سـەرکەوتوو نەبوو.

پاش چەند ڕۆژێك ئەم چەکدارانە بە هۆی دووسەد چەکداری لایەنگریانەوە کە لە ناوچەکانی خانەقین دا بوون وپشتیوانیان لێدەکردن، چوونـە نـاوخۆی سنووری عێراقـەوە و ویستیان خۆیـان بگەیەننـە چوارتـا. ژمارەیـەك چـەکداری بارزانی کـە چاودێری ئـەو دەورو بەرەیان دەکرد. ڕووبـەڕوویان بوونـەوە و لـە پاش پێکهەڵپژان و زیـان پێگـەیاندنیان ، دووسـەد چـەکداریان گەڕانـەوە پـاڵ هێزەکانی مەلا مستەفاو پاشماوەی ئەو چەکدارانەش سەر لەنوێ کرانەوە بە ئێراندا ، ئەم جارەیان لە ئێراندا چەك کران و خرانە ژێر چاودێرییەوە.

بەدوای چەند ڕۆژێکدا، لـە ئاکامی نـاڕەزایی دەوڵـەتی عێراقدا بەرامبـەر بـە داڵدەدانـی ئـەم یاخیبووانـە لـە نزیکـی سـنورەکانیدا، دەوڵـەتی ئـێران ئـەوانی سـەرەتا بۆ سـەقز و لـە پاشانیشدا بۆ هەمـەدان گواسـتەوە. بـەڵام لایـەنگرانی ئـەوان بـە تایبـەتی ئەوانـەی کـە لـە وڵاتـانی سـوریا و لوبنـان و ئـەورووپای ڕۆژهـەڵاتدا بـوون، پشـتیوانییان لـەم پەنابەرانـە کـردو نـاڕەزاییان لـە دژی مـەلا مستەفاو دەوڵەتی عێراق دەربڕی.

لــە ناوەڕاســتی ســپتێمبەردا، کۆنگرەیــەك لــە کوردەکــانی عــێراق بەسـەرۆکایەتی مـەلا مستەفا لـە ڕانیـەدا بەسـترا، ئـەم کۆنگرەیـە دەسـەڵاتی

تەواوی لە بارەی بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕشەوە بە بارزانی سپارد. لە هەمان کاتیشدا داوای لە ناوبراو کرد کە ئەندامانی پارتی لە ئێران بانگ بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (حەمە رەشید) ئەرکی ئەوەی پێسپێردرا کە لەگەڵ ئەو ئەندامانەدا وتووێژبکات، لە ئاکامی ئەم وتووێژەدا عومەر دەبابە گەڕایەوە بۆ عێراق ولەگەڵ ساڵح یوسفی نوێنەری مەلا مستەفادا کۆبۆوە، پاشان گەڕایەوە ئێران، بە دوای ئەوەدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بە مەبەستی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ مەلا مستەفادا چوونە ڕانیە.

سەرەنجام لە ئاکامی وتووێژو ناوبژیوانی محەمەد ڕەشید وشێخ ئەحمەدا، مەلا مستەفا قایل بوو بەوەی کە گشت پەنابەرانی نێو ئێران ، جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیزی شەمزینی، بگەڕێتەوە بۆ عێراق. پاشان ئەم کۆنگرەیە بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە پارتی بە پێی یاساکانی دەوڵەتی عێراق، لەمەڕ یاسای حیزبەکان، چالاکی خۆی سنوردار بکاتەوەو ڕێکخستنی گشت کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆی شۆڕش بە مەلا مستەفا بسپێردرێ. لە چواری ئۆکتۆبەری 1964دا، کۆنگرەیەکی تر بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفاو بە بەشداری چەندین کەسایەتی کورد لە ڕانیەدا بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بڕیار لە سەر ئەوە درا ئەگەر لە پاش تێپەڕبوونی حەوت مانگ بەسەر ئەو مۆڵەتەی کە دەوڵەتی عێراق بۆ پێدانی مافی گەلی کورد بڕیاری لە سەرداوە، هەنگاوی پێویست لەم بارەوە نەگرێتە بەر، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەرکارو هەنگاوێك بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بە پێویست بزانێت دەیگرێتە بەر. هەروەها بڕیار لەسەر ئەوە درا کەسێ لیژنە، بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان پێکبهێنرێت:

ئەنجومەنی پیاو ماقوڵان–بەسەرۆکایەتی شێخ لەتیفی حەفید (کوڕی شێخ مەحمود)

ئەنجومەنی تەگبیرو ڕاوێژ کردن–بەسەرۆکایەتی عەباسی مەمەند ئاغا (دۆستی دێرین وئەمەکداری مەلا مستەفا).

ئەنجومەنی شەڕو بەرگری کردن– بە سەرۆکایەتی خودی مەلا مستەفا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خۆپارستن وماف وەرگرتن.

هەر لیژنەیەك لە 16 ئەندام پێکهاتبوو (4ئەندامی لە عەشایر، 4ئەندامی لە ڕێکخستنی پارتی، 4 ئەندامی لە ڕوناکبیرانی شار، 4 ئەندامیشیان لە لەلایەن مەلا مستەفاوە ئیختیار دەکرا). بەمجۆرە لەم کاتەدا (کاتی نوسینی ئەم کتێبەدا) مەلا مستەفا توانیویەتی دوو لیژنە لەم سێ لیژنەیە کۆنترۆڵ بکات، بە هۆی هەڵبژاردنی شێخ لەتیفی حەفیدەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پیاوماقولان متمانەی پیاوانی ئایینی و پارێزکارانیشی بۆ خۆی زامن کردووە، کەسانی چەپڕەویشی لە ئاستێکی کەم و بێبایەخدا ڕاگرتووە. پێکهێنانی ئەم لیژنانەش بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی وەزیران بە سەرۆکایەتی خودی مەلا مستەفا کۆتایی هاتووە.

سەرەڕای ئومێد و چاوەڕوانی ناسرو عارف کە گرنگترین کەسایەتی عەرەبی خوازیاری یەکێتی نەتەوەی عەرەب و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیسرائیلدان. شەڕی ناوخۆی یەمەن[80] هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە و کوردەکانیش دەستیان لە داخوازییەکانی خۆیان هەڵنەگرتووە، ئەو داخوازییانەی کە بەهۆی ویستی ئۆتۆنۆمی فراوانەوە بۆ عێراقییەکان قابیلی قبوڵکردن نییە. بەمجۆرە هێز وتوانای سەرەکی سوپاکانی میسر و عێراق و لەڕێگایەکی بێهودە دا بە هەدەر دەدرێ. لێدوانە چاوەڕوان نەکراوەکانی

---

[80] –شەڕی ناوخۆی یەمەن لە 1962دا لە پاش کودەتای (عەبدوڵلا سلال) لە دژی ئیمام بەدردا ڕوویدا، لە نێوان کۆماری خوازەکان و لایەنگرانی ئیمام بەدردا، عەرەبستانی سعودی پشتیوانی لە هێزە خێڵەکییەکانی دژ بە کۆماری خوازەکان دەکرد، لەئاکامی ئەوەدا عەبدوڵلا سلال پەیمانێکی سەربازی لەگەڵ میسردا بەست هێزەکانی میسر لە یەمەندا پشتیوانییان لە کۆماری خوازەکانی دەکرد، دواتر هێزەکانی میسر لە یەمەندا کشانەوەو کۆتایی بە دەسەڵاتی (عەبدوڵلا سلال)هات.

(و)

سەرۆك (بورقێبە) دەربارەی فەلەستین و ڕەوشی مەزنخوازی ژەنرال (ئەمین حافظ) لە سوریا دا جارێكی دی بۆ توانایی گرتنە پێشی سیاسەتێكی دەرەكی هاوبەش وچوون یەكی سیاسەتمە دارانی عەرەبی سەلماندووە. كە تەنها لە سایەی یەككخستنی سیاسەتێكی بەو جۆرە دا دەتوانن لە بەرامبەر ئیسرائیلدا بەرگری لە خۆیان بكەن. كە لەم كاتەدا نە ڕێوشوێنی سەربازی ونە ڕەوشی سیاسی عەرەب بۆ گەشتن بەم مەبەستە هەموار نی‌یە. ئەم هەلو مەرجە دەوڵەتانی عەرەبی گەیاندە ئەوەی كە دەست لە سیاسەتی بەرەیەكی یەكگرتوو هەڵگرن كە لەلایەكەوە گوناهی یەكنەخستنی سیاسەتی دەرەكییان خستە ئەستۆی هەندێك لە فەرمانڕەوایانی ڕۆژئاواو لە لایەكی دیكەشەوە كەوتنە چالاكی كردن بۆ ئەوەی كێشەی یەمەن و كوردستان بەزەبری چەك چارەسەر بكەن.

عێراق لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاتیدا، دەستیكردووە بە بەهێز كردنی سوپا و داگیر كردنی ناوچە ستراتیژییەكان، لە لایەكی دیكەشەوە بۆ تەفرە دانی بیروڕای گشتی جیهانی لە زاری حیزبە چەپەكانەوە ئیدعا دەكات كە ئەم لەشكر كێشیانە لە دژی چەتە وڕێگرەكان ئەنجام ئەدرێ. كە لەڕاستیدا ئەم هێرشانە بە ئامانجی ڕاونانی كوردەكان بەرەو ناوچە شاخاوییەكان و، داگیركردنی شاروگوندەكان و كردنیانە بە مۆڵگەی سەربازی و ناوچەی شەڕ. هەروەها بە مەبەستی كۆنترۆڵ كردنی هاتوچۆی ڕێگاو بانەكان، لە زۆربەی ناوچە بەرزەكاندا خاڵی پشكنین و چاودێری دانراوە. لەم ناوچانەدا كە ئەم جۆرە لەشكركێشیانە پێویستی بەوەگەڕخستنی ژمارەیەكی زۆری سەربازە، نزیك بەسێ لە چواری سەربازانی سوپا بۆ زامنكردنی ئەم هێڵی چاودێری و كۆنترۆڵ كردنە بەكارهێنراون.

مەلا مستەفا بارزانی لە لایەكەوە دەستی لە داخوازی ئۆتۆنۆمی هەڵگرتووەو لە لایەكی دیكەشەوە داوای پێكڕای ئەو شتانە دەكات كە تەنیا لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا بەدیدێن . هەنوكە كوردەكان هەوڵئەدەن پەیوەندییەكی دۆستانەیان لەگەڵ لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا هەبێ وەك شیوعییەكان

و حیزبی دیموکراتی چادرچیو بەعسییە چەپڕەوەکان. هێشتا ئەوان بە هیوان کە ناسر بە فشار بۆ هێنانی سیاسی عارف ناچار بە قبوڵکردنی خواستەکانی کوردبکات. بەڵام لەم کاتەدا بە هۆی ئەوەوە کە سیاسەتی پێکەوەنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی ئیسرائیل بەکردەوە وەلانراوە ، عەبدولناسر پتر خوازیاری یەکپارچەیی خاکی عێراقە تا هێنانەدی داخوازییەکانی بارزانی ، دارو دەستەی ناسرییەکانیش پەیڕەوی لەم ڕەوشە دەکەن.

وەك هەموو دەستدرێژی و پێشڕەوییەکانی پێشتر، سوپای عێراق توانیویەتیلە قۆناغی یەکەمی شەڕدا زۆربەی ناوچە گرنگە کوردنشینەکانی وەك ڕانیە وبارزان داگیربکات، بەڵام هێشتا شەڕ لە ناوچەکانی قەڵادزێ، چوارتا، ماوەت و پێنجوێندا یەکلایی نەبۆتەوە و لەزۆر شوێنیشدا سوپای عێراق لە پاش زیانلێکەوتنێکی قورس ناچار بەکشانەوە کراوە ، تەنانەت ڕانیەش بە شێوەیەکی بەردەوام لە بن دەستی کوردەکاندا بووە.

عێراقییەکان لە پاش مەرگی شێخ ڕەشیدی لۆلان، دوژمنی دێرینی مەلا مستەفا، پیاوێکی بە متمانەیان لە دەستدا، بەلام عەشیرەتە نەیارەکانی ناوبراو هەروەها درێژە بە هاوکاری خۆیان ئەدەن لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. لە کاتێکدا سیاسەتی عێراق گیرۆدەی چەند دەستەگی وناکۆکی بۆتەوە، کوردەکان لەنێوخۆیاندا ئیرادەیەکی زیاتر یان بۆ یەکبوونێکی تۆکمەتر پیشانداوە.

لە کاتی نوسینی ئەم کتێبەدا (تموز 1965) پێ ناچێت کێشەی کورد لە عێراقدا زیاتر لە هەرکاتێکی دی (لە ساڵی 1919وە، کاتی دامەزرانی عێراقەوە تا ئێستا) لە ڕێگا چارەیەك نزیك بووبێتەوە. بێگومان بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخەش بە شێوەیەکی حەتمی سەرهەڵدانی چەندین گێرمە و کێشەی دیکەی لە ناوخۆی عێراقدا لێدەکەوێتەوە ، لە دۆخی پەرەگرتنیشیدا کاریگەری لەسەر سەرتاسەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبێت.

1350/1/15

بەشی پێنجەم
ئاکام گیری

لێردە ناخوازم پێکهاتەیەك لە چوار بەشی ڕابردوو فەراهەم بکەم بەڵام هەوڵئەدەم بە مەبەستی کۆمەك کردن بە خوێنەران بۆ پەی بردن بە بیروباوەڕو داخوازی و ئاواتەکانی گەلی کورد کە لە بەشێك لە ئێران وعێراق وتورکیادا دەژین ، چەند ڕاستییەك وێڕای ئەو پڕوپاگەندانەی کە لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە بڵاوکراوەتەوە، بخەمە ڕوو، ئەو سەرچاوانە چ کوردی بن یا غەیرە کورد ، بێ ئەوەی گیرۆدەی دەمارگیریو ڕەچاوکردنی نەژاد یا میللەتی خۆم بم.

هەرچەند کوردەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە ژێر ڕکێفی دوو دەسەڵات یا وەك هەنوکە لە بن دەستی سێ دەوڵەتدا بوون. بەڵام زمانی ئەوان، دابونەریتیان و ئەو هوشیارییە تایبەتییەی کە هەستی کوردبوونیان پێدە بەخشێ، ئەوان لە گشت میللەتانی دیکەی وەك تورك، عەرەب، ئەرمەنی وئاسوریش کە لە زۆر شوێندا لەگەڵیاندا هاوبەش وتێکەڵن جیا دەکاتەوە. هەمیشە کوردەکان بوونێکی سەربەخۆیان پێکهێناوەو تەنانەت لەسەردەمە کۆنەکانیشدا کە هێشتا بیری کوردایەتی پەیدا نەببوو لە نێویاندا، خۆیان بەرامبەر بەو ڕەگەزانەی سەرەوە بە بێگانە زانیوە.

ڕاگەیاندنی کوردەکان، بە وریایی چاودێری ئەوە دەکات کە شۆڕشی کوردی هەر پارچەیەك تەنها لە دژی دەوڵەتی داگیرکەری ئەوپارچەیە پیشان بدات و بەزادەی هەستی میللی کوردیشی ناوببات.

بەڵام ئەوانەی بە باشی لەگەڵ دنیای کوردەکانی بەر لەجەنگی ڕابردوودا ئاشنان، دەزانن کە ئەم ڕاپەڕینو شۆڕشانە لە هەرکات و بارودۆخێکدا

هۆکاری جیاوازیان هەبووە، کە زۆربەیان بریتی بووە لە ویست وئارەزووی میرو سەرۆك ئێلەکانی کورد ، یا خواستی رزگار بوون لە کۆت و بەندی حکومەتە دەرەکییەکان، یا مل ڕانەکێشان بۆ باج و زۆرە ملیێ، یا ئارەزووی تالان وبڕۆ بووە ، هەندێك جار لە پێناو بەرگری کردن لە ئاین و مەزهەبی خۆیاندا ڕاپەڕیوون، لە کاتێکیشدا کە هەستیان کردبێ لەلایەن دەوڵەتە کەیانەوە جەوروستەمیان لێدەکرێ شۆڕشیان بەرپاکردووە، هەندێك جاریش لە پێناو ڕێگرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە شەڕە خێلەکییەکانی نێوان خۆیاندا ڕابوون.

لە نێو چەندین ڕاپەڕینی کوردەکانی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، تەنها دەکرێ دوو ڕاپەڕین وەك تێکۆشانی میللی ناوببرێن.

یەکەمیان: شۆڕشی میر بەدرخان پاشا (1826–1847)، و دووەمیشیان ڕاپەڕین و هێرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکانی ئێران. تەنانەت ئەم دوو ڕاپەڕینەش لە چەندین ڕووەوە گەلەك بزوێنەری سەرەکی دیکەیان هەبووە . یەکەمیان بە هۆی مەزن خوازی شەخسی بەدرخان و دووەمیان زیاتر بەهۆی ڕك و کینەی کوردە سوننییەکانەوە بوو لە بەرامبەر تورکەکانی ئازەربایجانداو بە مەبەستی تالان کردنی جوتیارو گوندنشینانی زەوییە بە پیتەکانی ئەوان بوو لە دەشتەکانی ورمێ و میاندواو وەراغەدا.

هەستی ناسیۆنالیستی کورد بەم چەمکە نوێیە تەنها لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە سەریهەڵداوە. هەوڵدان بۆ سەر بەخۆیی لە لایەن عەرەب و ئەرمەنەوەو سەرهەڵدانی چینێکی نوێی ڕۆشنفکری کورد کە زۆربەیان لە وڵاتانی هەندەراندا خوێندبوویان و لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژی نوێی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بوون. زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم هەستەیان هەموار کرد.

ئەم کەسایەتیانە نیگەرانی ئەوەبوون کە گەلەکەیان ملکەچی دەوڵەتانی

بێگانە بووەو نەیانتوانیوە لە پێناو دەستڕا گەشتن بە ئاواتەكانی خۆیاندا تێبكۆشن. هەرچەند ئەم كەسایەتیانە تەنها سیمای هاوبەشیان لەگەڵ سەرۆك عەشیرەت و پیاوە مەزهەبییەكانی كوردستاندا بریتی بووە لە كینەی هاوبەشیان بەرامبەر بەو دەوڵەتە بێگانانەی كە بەسەرئەواندا فەرمانڕەواییان كردووە.

سەرۆك خێڵە كوردە دەمارگیرو ڕاستڕەوەكان، بە ئاگان لە وەی كە لە حاڵی حازردا بە دەستهێنانی سەربەخۆیی یەكجاری كورد دژوار و ئەستەمە، لەبەر ئەوەی لە دۆخی سەرهەڵدانی مەترسی جدی و ڕاستەقینەدا سێ وڵاتی خاوەن كەمینەی كورد پێكەوە سیاسەتیان یەكدەخەن و ڕێ لە بەدیهێنانی ئەو سەربەخۆییە دەگرن. كەوا بوو بەدیهێنانی ئەو خەونە پێویستی بە پشێوی و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەكجارەكی ڕژێمەكانی هەنوكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەم سیناریۆیەش تەنها لە سایەی هێرشی یەكێتی سۆڤیەتدا بەدی دێ، لە بەر ئەوە ئەو كوردانەی كە لایەنگر بە نفوزو باڵادەستی سۆڤیەت و ئایدۆلۆژی كۆمۆنیستی نین، خۆیان بە داخوازی ئۆتۆنۆمی لە چوار چێوەی وڵاتەكانیاندا قایل دەكەن.

لەلایەكی دیكەوە، ڕۆشنفكرانی كوردیش، كە نوێنەری بەرجەستەی ئەوان لە كوردستاندا (ئیبراهیم ئەحمەد) ولە دەرەوەی كوردستان (ئەورووپا)شدا (شەریف وانلی)یە، دركیان بە لە تواناادا نەبوونی دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی كورد لە هەلومەرجی ئێستادا كردووە، بەڵام باكیان نی‌یە لەوەی كەئەم دەوڵەتە لە ڕێگای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتەكانەوە دابمەزرێ. چونكە شتێكیان نی‌یە تا لە ڕژێمی سۆشیالیستیدا لێیان زەوت بكرێ. بەمجۆرە هەست بەوە دەكرێ كە لە تێڕوانینی كەسانی پێشڕەوی شۆڕشەوە، بەدەستهێنانی لانی كەمی حكومەتی میللیو لەهەمان كاتیشدا

پراكتيزەكردنی پرۆژەی ئابوری وشۆڕشگێڕانەی هاوشێوەی جەزائیر، داخوازی سەرەكی ئەوانە.

ناوەندە سیاسییەكانی دەرەوەو تەنانەت كەسانی واقیع بین لە نێو خودی كوردەكانیشدا پێیان وایە بەدیهێنانی وڵاتی سەربەخۆی كوردو جیابوونەوە لەو وڵاتانەی كە ئێستا چواردەوری داون، لە ڕووی جوگرافیاوە چەندین گێرمەوكێشەی بەرفراوان لە خۆ دەگرێت.

كوردەكان زۆربەیان لەكوێستانە دوور دەست ودەرەكاندا نیشتەجێن و دەشتە بە پیتەكانی دەوروبەریشیان موڵكی خەڵكانی غەیرە كوردە. وێڕای ئیدعای ناسیۆنالیستەكانی كورد، خاكی كوردستان وئەو سەرزەمینانەی كە كوردنشینن لە هەموو ئاڕاستەیەكەوە گەلەك بە دوورە لە دەریای ئازادەوە. لە هەمان كاتیشدا ناوچەی پڕ لە نەوتی باكوری عێراقیش كە كوردەكان ئیدعای خاوەندارێتی دەكەن، دانیشتوانی ئەم ناوچانەش یەكپارچە لە كوردەكان پێكنەهاتوون. كەواتە دیاریكردنی وڵاتێك لەسەر كاغەز بە پشت بەستن بە نەتەوەو چەند مەرجێكی ناهەمواری دیكە ئاسانە، بەڵام لە پراكتیك وكردەوەدا ڕووبەڕووی چەندین كۆسپ و گیروگرفتی بەرفراوان دەبێتەوە، لە ڕاستیدا بە بڕوای ئابوری ناسان پێكەوە نانی وڵاتێكی كوردنشین كە چوار دەوری بە دەوڵەتانی ڕكەبەر تەنرابێت ، بەشێوەیەكی سەربەخۆ توانای درێژە دان بە ژیانی خۆی نابێت، بەڵام بێگومان مرۆڤ تەنها بە نان نازی، نەك لە ڕابردوییەكی دووردا، بەڵكو لە هەموو سەردەمێكدا، چەندین سنوور لە ڕێگای نا ئاساییەوە بەدیهاتووە، كە هیچ جۆرە بەڵگەو بنەمایەكی مێژوویی و جوگرافیایی و ئابورییان نەبووەو لە ئاكامدا وڵاتانێك بە دیهاتوون كە مەبەست لە پێكهێنانیان ڕازی كردنی هەستی میللی دانیشتوانەكەیەتی، یا خود بە

مەبەستی بەربەست وكۆسپ دانانە لە بەرامبەر نفوزی هێزە گەورەكاندا بە هۆی پێگەی ستراتیژییانەوە وەك (چیكۆسلۆڤاكیا) و (كشمیر) .

هەنوكە هیچ جۆرە ڕێكخراوێك كە نوێنەرانی پێكڕای وڵاتانی كوردنشین لە خۆ بگرێ لە كایەدا نییە. كوردەكانی ئێرانیش لەچوار چێوەی ئێراندا خاوەنی ڕێكخستنێكی بەو جۆرەنین، هێندەی من ئاگاداربم لە دەرەوەی ئێرانیشدا هیچ جۆرە پەیوەندییەكیان لەگەڵ ڕێكخراوەكانی (خۆیبون) یا (كۆڕی هەڤاڵانی كورد) دا نییە، هەروەها لە نێو كوردەكانی توركیاشدا تەنها ژمارەیەكی كەمیان لە نێو ئەم ڕێكخراوانە دا كاردەكەن، كە دەكرێ لە نێو ئەوانەدا ناو لە (شەریف وانلی) ببرێ، كە بەم دواییە نارەزاینامەیەكی توندو تیژی لە دژی ئێران سەبارەت بە ڕێنەدان بە خوێندنی زمانی كوردی لە قوتابخانەكاندا بڵاوكرد بۆوە.

بە كورتی ڕەوشی ئەو سێ دەوڵەتەی كە كوردەكان لە نێو قەڵەمڕەوی ئەواندا ژیان بەسەر دەبەن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1/توركەكان دەڵێن: ئێوە توركن نەك كوردو، كوردێك لە توركیادا بوونی نییە (ئەوان بوونی كوردیان تەنها لە ئێران و عێراقدا پێ قبوڵە)، بەم شێوەیە بە هیچ جۆرێك لە وڵاتی خۆیاندا مۆڵەت بە خستنە ڕووی كێشەی كورد نادەن.

2/ئێرانییەكان، بوونی گەلی كوردیان پێقبوڵە ، بەڵام دەڵێن كە كوردەكانیش لقێك لە ئەقوامی ئێرانی پێكدێنن، كەواتە بە بەشێك لە ئێران دادەنرێن.

3/عێراقییەكان دەڵێن، ئێوە كورد و ئێمە عەرەبین، هەردوو پێكەوە بە عێراقی دادەنرێین، عێراقیش بەشێكە لە خاكی عەرەب. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێوە عەرەب نین ئێمە ئامادەین جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیتان پێبدەین بە مەرجێ یەكپارچەیی خاكی عێراق نەخاتە مەترسییەوە.

لەحاڵی حازردا پێشبینی کردنی ئەوەی کە شۆڕشی کوردستانی عێراق بە چ چارەنوسێك دەگات. دژوارە، بەسەرنجدان لە خواست و ئارەزووی ئەوان بۆ سەلماندنی هەبوونی خۆیان وپەرەسەندنی خوێندن و پەروەردەو، ڕوولە کزبوونی نفوزی سەرۆك عەشیرەت و موڵکدارە گەورەکان، گەشە سەندنی شارنشینیو ڕوو لە پەرەگرتنی نفوزی چەپرەویو ڕۆشەنگەرانە لە نێو خەڵکی کوردستانی عێراقدا، پێدەچێ زیاتر ئەم خەباتەی تۆکمەو پتەوتر کردبێ. ئەو کوردانەی کە لە هەندەران و بەدوور لە وڵاتانی ئێران وعێراق یا تورکیادا ژیان بەسەر دەبەن، لەبەر ئەوەی لە گێرمەوکێشەی ئەواندا بەشدارنین، بە شێوەیەکی هەمە لایەنە داکۆکی لە یەکبوون و سەربە خۆیی سەرجەم کوردەکان دەکەن.

کەواتە ئەگەر نکۆڵی لە بوونی کێشەیەك بە ناوی کوردیشەوە بکرێت، دیسان کێشەی کورد کۆتایی پێنایەو بە زیندوێتی دەمێنێتەوە.

★★★

سەرچاوەکان

ئەم کتێب و نامیلکانەی خوارەوە، وەك سەرچاوەی ئەم کتێبە سوودیان لێوەرگیراوە. کە بەپێی مێژووی چاپ کردنیان پۆلێن کراون.

سەرچاوە فارسییەکان:

1/جغرافیای نظامی ایران، ژنرال حاجی علی رزم آرا /تهران 1320.
2/کردستان، علی اصغر شمیم همدانی/تهران 1320.
3/فرمان ارتش در کردستان باختری، حسین رامین/تهران 1323.
4/اسرار بارزان، اسماعیل اردلان/تهران 1325.
5/ مرگ هم بود بازگشت هم بود، نجفقلی پسیان/تهران 1328.
6/تاریخ ریشه نژادی کورد، احسان نوری پاشا/تهران 1955
7/تاریخ هیجده سالەی آذربایجان، احمد کسروی/تهران 1340.

سەرچاوە کوردییەکان:

1/هەندێك زاراوەی زانستی/2757.
2/مەشاهیری کورد، محمد عەلی لوگ/1947
3/چوونی بارزانی قارەمان بۆ سۆڤیەت، محمد تۆفیق وردی/1961

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Persia and persian Question . G.N. curzon London 1826.
2. To Mesopotama and Kurdistan in disguise E.B. Soane .London 1912.
3. Encyclopaedia of Islam .V.Minorski .London 1915 Entries under Kurd and Kurdistan.
4. The Caliph's last Heritage. Mark Sykes. London 1915.
5. Our smallest Alley .W.A.Wigram. London 1920
6. The Adventures of Dunster Force .L.C. Dunsterville. London 1920.
7. A History of percy Sykes. Vol II.London 1921.
8. The Mohamadian Dynasties story. Lane Poole Paris 1925.
9. Survey of international Afairs 1925. Arenold Toynbe Vol I. London 1925.
10. Turkey .A.J.T oynbe and K.P.Kirkwood. London 1926.
11. The intimate paper of colonel House. London 1928.
12. Mesopotamia 1917-1920. Arnold Wilson. London 1931
13. The Iraq events 1915-1932. J.G Brown. London.
14. Tamurlane or timur the Great Amir. Ahmad Arabshah Translated by:J.H.Sanders. London 1936.
15. Iraq and the Persian Gulf .Naval Intelligence Division. London 1966.
16. Iraq 1900-1950 .S.H. Longrig 1953.
17. The Kurds and their Country. Shaikh Waheed . Lahore 1955.
18. Diplomacy in the Near and Middle East. J.C.Hurewits. Princelon. N.I.1956.
19. Kurds,Turks and Arabs .C.J. Edmonds. London 1951.
20. The Fall of the Safavi Dynasty. Cambridge. 1956.
21. Kurds Adivided Nation. Kamran Bader Khan . Paris 1958.
22. A Road through Kurdistan. A. Hamilton .London 1958.
23. Nuri-al-said . Lord Birdwood. London 1959
24. The Kurdish Republic of 1946. W.Egleton Jr. London 1963
25. Under Five shahs. Hassan Arfa. London.

سەرچاوە فەرەنسییەکان

1. Turqie. J.M .Joudnin. 1949.
2. Sharafnameh ou les eastes de la nation Kurdes.Sharfaldinkhan of Bitis. TV. By:F. Charmoy. St. petersburg. 1868.
3. Au Kurdistan en Mesopotamiae et en Perse . H.Binder. Paris 1882.
4. Les Tribulation Daune Ambulance Francaise en Perse Dr.P.Caujole 1922.
5. La Guerre Turque dans La Guerre Mondiale comdt Larcher. Paris 1926.
6. La Campagne de Perse 1514. Moukbil. bet Paris 1928.
7. Memorandam sur la situation des Kurdes et leurs Rewendications. Paris 1948.
8. L' Empire des steppes zagrousset. Paris 1952.
9. Les Kurdes. Etude sociologique et historique B.Nikitine. Paris 1956.
10. Aspects de la question Kurdes en Iran Pares vanli. Paris 1959.

سەرچاوە روسییەکان

/1Sovereignty Iran. Akademy a Nauk. S.S.S.R. Moscow 1951

./2Persidskiy Front .A.G.Emelianov.Berlin 1923

سەرچاوە تورکییەکان

/1Buyuknarpte Kafkaz. Bak.Istanbul. 1932.

/2Islam Ansiklopedisi. Vol 6. Istanbul 1955.

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ساڵی 2001

زنجیرە	ناوی کتێب	نووسینی	وەرگێڕ
94	خەونە ترسناکەکانی یوسف	بەرزان فەرەج	
95	سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا		شوان ئەحمەد
96	عێلی جاوان	د. مستەفا جەواد	م. جمیل رۆژ بەیانی
97	هێماگەریەتی		پێشڕەو حسێن
98	دەروازە		هەڵکەوت عەبدوڵا
99	زۆربا	نیکۆس کازانتزاکیس	رەووف بێگەرد
100	بینای هونەری چیرۆکی کوردی	پەرێز سابیر محەمەد	
101	دەڕۆم پێکەنینی دەریا ببینم	سەلاّح گوڵ ئەندامی	
102	بزوتنەوەی روانگەو شیعری نوێی کوردی	شادمان قادر حەسەن	
103	چیرۆکی وڵاتە دوورەکان		حەمە رەشید
104	زمان و زانستی زمان		د.محەمەد مەحویی
105	چەند شانۆنامەیەك بۆ منالآن		فاروق هۆمەر
106	شانۆگەریەکانی سلێمانی لە سالآنی (1926-1961)دا	یاسین قادر بەرزنجی	
107	گۆڤاری (دیاری کوردستان)	ئا: رەفیق ساڵح	
108	وا بەهار هات	حاجی جوندی	جەلال دەباغ
109	لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا		ئازاد بەرزنجی
110	زەردەشت وای گوت	فردریك نیێتشە	رەئووفیئەحمەدئالانی
111	پیاوە سپییەکە		خەبات عارف
112	دەفتەری شیعر	لەیلان سەعدەددین	مەهاباد صالح
113	بنەماکانی فسیۆلۆژی مرۆڤ	ئەکرەم قەرەداخی	
114	وانەی ئەم سەدەیە	کارل پۆپەر	شۆڕش جوانڕۆیی

نرخی (20) دینارە